
# دید و دیدگا

## بابەت و دیمانە



# دید و دیدگا

## بابەت و دیمانە

کەریم دەشتی

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٢

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

- **دید و دیدگا** (بابەت و دیمانە)
- **کەریم دەشتی**
- نەخشەسازی ناوەوە: **ڕێدار جەعفەر**
- بەرگ: **جێگر عبدولجەبار**
- نرخ: (**٢٥٠٠**) دینار
- چاپی یەکەم: **٢٠١٢**
- تیراژ: ١٠٠٠دانە
- چاپخانە: چاپخانەی **موکریانی** (**هەولێر**)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٥٦)ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٧٣)**

**هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com
**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# پێڕست


خوێنەری بەڕێز:..................................................... ٧

**بەشی یەکەم: دیمانە** ............................................ ٩

سەفەرێ بەناو ئەزموون و کولتوور و ژیان ........................................ ١١

میللەتی بێ کتێب میللەتێکی دیلە و ئازاد نییە، هەتا زووە باخۆمان لە کۆتی دیلێتیدا ڕزگاربکەین . ٣١

تاوێك لە گەڵ گۆڤاری "نووسەری نوێ"ی لقی هەولێردا ......... ٣٨

وەڵامەکانم بۆ برای شاعیر حەمە کاکە ڕەش ........................................ ٤٥

مرۆڤایەتی بێ بوونی ژن، هێزی بەردەوام بوونی نییە ........................................ ٨١

شعر بەگرییەکی کەو نییە، دەتوانێ نەکەوێتە چوارچێوەیەکی تەسکەوە ........................................ ٩١

ئەدەبی عیرفانی فراوانترە لە ئەدەبی تەسەوفی ........................................ ١٠٥

نووسەری کورد و ترس لە ڕەخنە ........................................ ١٢١

**بەشی دووەم : دید و دیدگا** ........................................ ١٢٩

زەوینی داشۆراو........................................ ١٣١

شکاندنی بەستەڵەك ........................................ ١٣٧

لەبەر ئاوازێك ناویەوێ ببێتە گۆرانی: ........................................ ١٤١

ئەزموونێکی بۆلیبۆنی........................................ ١٤٧

کۆکردنەوەی یاقود و وردوخاشکردنیان ........................................ ١٤٨

مەفیستۆ لیپۆکی شەیتان ........................................ ١٥٠

چەند سەرە قەڵەمێك سەبارەت بە نالی ........................................ ١٥٢

ناونیشانێك لە ئۆقیانووس........................................ ١٥٦

نیکرۆفیلیا ـ مەرگدۆستی ........................................................ ١٦٣
ئارکیۆلۆژیای هونەری گەورە ........................................................ ١٦٥
کوشتنی مۆتیڤی خود لەە ئەدەبییاتدا ........................................................ ١٧٥
ئەدیداس ........................................................ ١٧٩
خودایە ریم پێ بدە لە ئازادی بگەم ........................................................ ٢٠٧
ژیاندۆستی لە گۆرانییەکانی هاملێتدا ........................................................ ٢١٥
بەرد بەرد ئەی زێری بێنازی ولاتەکەم ........................................................ ٢١٩

**خوێنەری ئازیز...**

ئەم کتێبەی بەردەستتان دیاری منە بۆ ئێوە، بریتییە لەو چەند ووتارە ئەدەبیاتە و ئەو چەند دیمانانەی کە لەو سێ و چوار ساڵەی رابردوودا لەگەڵم دا کراوە، هەڵبەت هەموویان نین، لە ئێستادا هەر ئەوەندەم بۆ کۆکرانەوە، ئەگینا زۆرن، رەنگە لە ئایندەدا هەوڵێکی دیکەیان بۆبدەم، من تەنها مەبەستم ئەوەیە کە سوودێك بە ئێوەی ئازیز بگەیەنم، خۆ ئەگەر بە دڵشیتان بوو، ئەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم، پێموایە هەموو ئەوانەی کە ماوەییێکە خەریکی نووسین، ئەزمونێکیانە بۆ دروست دەبێت، کە گوزراشتی لێ بکەن و بیخەنە ڕوو، هەر بۆیەش ئەم دید و دیگایەم پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەم.

**کەریم دەشتی**

**هەولێر ـ ٢٠١٢**

# بەشی یەکەم

## دیمانە

# سەفەرێ بە ناو ئەزموون و کولتوورو ژیان

**دیمانە  زانا خەلیل**

**ئەگەر ژیانی مرۆڤی داهێنەر بە کتێبێك بشوبهێنین، ئەوا بێگومان فەسڵی یەکەمی ئەو کتێبە، سەردەم و ئەتمۆسفێری جیهانی منداڵی لێنووسراوەتەوە، چین ئەو وێنە و تابلۆیانەی کەوا لەسەردەمی منداڵییەوە تا ئێستا لە زاکیرەی "کاك دەشتی"دا  هەڵکۆلراون و بۆ هەمیشەیش بەشێکی دانەبڕاون لە رۆحی ئەو ؟**

+ منداڵی وەکو ئاوێنەیەك وایە لەناو زەینی هەموو نووسەرێکدا بە گۆشت و دەمار و خوێن داپۆشرابێ، ناوە ناوە بروسکەیەك، چەخماخەییێکی ئەم ئاوێنەیە هەموو گیانی دادەگرێ و دەیباتەوە ناو پاوانە دوورەکانی زاکیرە، لە راستیدا هەر داینەمۆی زاکیرەیە نووسەری راستەقینە دروستدەکات و دەیباتەوە سەر ئەو رەگە پتەوانەی داهێنان لە ژێر پانتاییە قووڵەکانی زەیندا بە هێمنی راکشاون و چاوەڕوانی ئاهو هەنسکی داهێنەر دەکەن، نووسەری بی زاکیرە هەموو بەرهەمەکانی دەبنە موقەبا، چاکترە بڵێم پەیوەندیی نێوان ئاوێنەکەی زەین و زاکیرە بریتییە لە نووسەر و داهێنان، لە دەرەوەی ئەم فەرمۆلەدا هیچ دەقێکی زیندوو نییە، لەنێو دەقی منداڵیدا وێنەو تابلۆی هێجگار  زۆر هەن وەکو شووشە هەپروون بە هەپروون بوون و تەتۆکەکانی ماونەتەوەو ناوە ناو دەنکێ لەو تەتۆکانە هاواردەکاو دەبریسکێتەوەو دەقێکی زیندووی هاوچەرخ دروستدەکات، کە دەبنە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی رۆحی مرۆڤی نووسەر، ئەمە لەناو لێکدانەوەی هەموو شاعیرێ هەیە، مەحاڵە شاعیرێ هەبێ لە دەرەوەی ئەم لێکدانەوەیە بتوانێ لە ناو دارستان دەقە جاویدانییەکانی دینامیکیەتی هەبێ و دەقەکانی کاریگەر بن، من خۆم لەگەڵ  ئەوەدام، بەڵام ئەم پرۆسێسە بە تەنها گوزەرناکا و هیچی لێ نایێتەوە، بەڵکو ئەم هەڵکۆڵینە دەبێ هەموو پێداویستییەکانی لەگەڵ دابی بۆ ئەوەی قووڵایی دروست بکات و دەقی گەورە گەورە مشتوماڵ بکات.

*** پەیوەندییەکانی مرۆڤێك کە هەموو ژیانی خۆی دابێتە رۆشنبیری و کولتوور، چۆن بە شوێنزاوە؟ ئایا ئێستا چۆن لە هەموو شتە زیندووەکان و مردووەکانی نێو ئەو بوقعە جوگرافییە دەڕوانیت، کە ناوی شوێنزا یا زاگەیە؟**

_ دوور نەڕۆین شوێنزا ئەو پانتاییەیە کە شاعیر لە شوێنێکی بڵندەوە سەیری دەکات و دەزانی زۆر زۆر دوورە، دەزانی ئەو زەمەنە ونبووەیە کە پروست بە دوایدا گەڕاوە، بەڵام بەقەد ئەم دوورییە کاریگەریی خۆی هەیە، چونکە شوێنزا یاخود زادگا هۆیەکە بۆ ئەوەی نووسەر هەڵگری شووناس و کولتوور دیسکرایبی ئەو شوێنە بی، چونکە زادگا دروستکەری خوێن و ئێسقانی نووسەرە، نووسەر بۆ یەکەمین جار لەو زادگایەوە سەیری جیهانی کردووەو جیهانبینییێکی چکۆلانەی بۆ خۆی دروستکردووەو وردە وردە گەورەی کردە و پەڕ و پۆی داوەتەوە و مامەڵەی لەگەڵ ژیان و نووسین پێکردووە.. کاتێکیش نووسەر دەزانی تا دێت لە یۆتۆپیك دووردەکەوێتەوە ئیدی کەڵبەی نامۆیی و غوربەت ژینی دەیهاڕی و هێندەی دیکە ئەڤینی بۆ ئەم شوێنزایە زێتر دەبێ.

بۆیەش ئەدەبی نامۆ یاخود نامۆگەرایی لە ئەدەب دروستبووە، کە بەشێکی گرینگی دەگەڕێتەوە بۆ دۆڕاندن و لەدەستچوونی زادگا، زادگا هیچ کاریگەرییێکی نابێ لەسەر دەق ئەگەر خاوەنی دەق زۆر زیرەك و وریا و کرێشمەباز نەبێ، چونکە گەڕاندنەوەی زادگا بۆ ناو زەین و مێشك پرۆسەیەکی زەحمەتە بە هەموو کەس ناکرێ، وەك ئەوەیە کە ئەدەب و دەقی داهێنان دووبارە بەرهەمی بهێنینەوە، بەرهەمهێنانەوەی زادگا وەکو خۆی خەونێکی خۆڵەمێشییە.. بەڵکو دەبێ بە ئێستاتیکا و پەڵە و گەورەیی و هێزەوە بەرهەمی بهێنینەوە، ئەو کاتە دەقی لەسەر دەخولقێ.

هەڵبەت تۆ لەو زادگایە جوانترین و خۆشەویستترین ئازیزی خۆت جێهێشتووە، کە تێکەڵی خاك و خۆڵی بووە، جوانترین نەشمیلت تەسلیمی ناو خۆڵی کردووە، پڕە لە نهێنییەکانی تۆ، پڕە لە ئەو خەونانەی کە تۆ بینیوتە و لە ناو پوش و پەڵاش و بەردەڵانەکانیدا هەڵوەریون و ئێستا وەك شووشەی بەر هەتاو دەبریقێنەوە، شەڕەکانت، دەست لە ملانێکانت، گریان و فرمێسکت... هتد هەمووت لەناو ئەو پانتاییە جێهێشتووە، کە پێی دەڵێن زادگا.. ئەمانە هەمووی دەبن بە بنەمای دەقە زیندووەکانی شاعیر.. سەیرکە مەولانا جەلالەدینی رۆمی لە

ئەڤینی شوێنزادا، چۆن ئەڤینێکی بۆ مەعریفە دروستکردووە لە عیشقی شەمسدا بە تایبەت لە نالەی نەیدا، هەرواش نالی لە ئەڤینی شارەزووردا.

*** من زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە، ئایا ئەوە خۆمانین، کە (پیشە) بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین لە ژیاندا، یاخود شتێکی تر هەیە لە سەرووی ئێمەدا ڕێڕەوی تێپەڕاندی زەمەنمان نیشان دەدات، بۆ نموونە : تۆ بۆچی بوویت بە نووسەر شاعیر و وەرگێڕ؟ بۆچی کارێکی ترت هەڵنەبژارد، خۆ بە هەزارەها پیشە هەن لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا؟**

_ ئایا کەسی هەیە پێت بلێ من پیشەی نووسینم هەڵبژاردووە؟ نووسەریی و کاری زەینی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو کەوتنە سەرە، چەقین و ئاسێبوونە وەك ئەوەی تۆ لەناو بایێکی سەخت ئاسێ ببێ و هەرگیز ڕەهایی نەبینی، نووسەرایەتی قەدەرێکە یاخود قەدەرە مرۆڤ تووشی دێت، ئایا چ شتێ لەوە سەختتر هەیە مرۆڤ بیربکاتەوە؟ ئایا لە بیرکردنەوە سەختتر هەیە؟

بۆیە من دەتوانم بڵێم نووسین و نووسەری ئەسڵەن پیشە نییە تا لە مەیداندا بە دوایدا بگەڕێین، بەڵکو ڕاوکردنی ئێستاتیکایە، ڕاوکردنی تەئەموله، ڕاوکردنی ئەڤین و ئەو ساتە ونبووانەیە کە مرۆڤ لە دەستی چووە، دەیەوێت بیگەڕێنێتەوە، ئایا هەڵبژاردنی ئازار و چەشتنی چاوەڕوانی و ئەشك و ئێشکگری پێی دەگوترێ پیشە؟ بۆیەش من پێم وایە کاری نووسین دوورە لەم جۆرە لێکدانەوەیە، چونکە یاریکردنە بە دڵ، یاریکردنە بە خڕۆڵکەی مێشك.. نووسین کتومت کاری ئەو مرۆڤەیە، کە دەچێتە ناو جەنگەڵێکی سەخت و دژوار و شەوەزەنگ، کاتێکیش هەنگاو بۆ ناو ئەو جەنگەڵە دەنێت ئیدی تازە گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەوسا لەوێ لەناو ئەو هەموو درەختە هەزارساڵیانە ئەگەر بتوانێ باس لە گەڵایێکی وەریو بکات.. یا لە بن سێبەری کاژێکا بیر لە بیابانە دوورەکانی ڕۆحی مرۆڤ بکاتەوەو دەقێك بنووسی.

**_ گریمان : گەر بگەڕێیتەوە سەردەمی بەر لە دەستکردن بە نووسین، هەمدیس نووسین هەڵدەبژێریتەوە بۆ ئەوەی تاهەتایی بەو هەموو عیشقەوە لەگەڵیدا بژیت؟ ئایا ئێستا تا چەند ڕازیت کە نووسەریت ؟**

_ مەرج نییە هەتا نووسەری زۆر راستەقینەش، دوای دابڕان لە نووسین یاخود دەستهەڵگرتن لە نووسین دووبارە بگەڕێتەوە سەری و هەمان ئەو میحنەتە هەڵبژێرێتەوە، چونکە عەشق هەر بە تەنها لە جاری یەکەمی سووتان و هەڵڕژانی هزردا وێڵبوونی بەدواوەیە، بە تەنها هەر عەشقی یەکەمە سەرچاوەی داهێنان و هەڵکۆڵینە هەر وەکو ﴿ ابن عربی ﴾ دەڵێت: تەنها یادەوەری یەکەم هەر ئەوە کە راست بێت.. هەر بۆیەش یەکەم پەیوەندی بە نووسینەوە هەر ئەوە داهێنەری گەورە دروستدەکات، کە یەکەمین ئەشقە، تەنها عەشقی یەکەم جاویدانییە و لەناو دڵ و خوێنی عاشقدا وەکو پشکۆی ئەزەلی دادەگیرسێ و کوژانەوەی بۆ نییە، جا بۆ ئەوەی نووسەر بۆ تاهەتایە لەنێو ئەو عەشقە ئەبەدییە بژیت دەبێ هەوڵی مانەوە بدات و لەناو دێرو وشەو رستەی ئەدەب و شیعردا جاویدانی و بەردەوامی بۆ خۆی بونیات بنێت و بۆ ساتێکیش بیر لە دابڕان نەکاتەوە، ئەگینا هەموو شتێکی لە دەست دەچێ.

شاعیر ئەو کاتە دابڕانێکی گەورە لە میانی خۆی و دەوروبەری دەکات، کە بەردەوامی بە هەڵکۆڵینە مەینەتییەکانی خۆی بدات و وردە وردە ئاورِ لە ئەزموونی خۆی بداتەوە تا بزانی ئێستا چۆنە و یەکەم عەشقی چۆن بووە.. نووسین سەردەمی عەشقێکی ئەبەدییە لە ئاگردانی بیرۆکەیێکی شیعری یا چرکەیێکی گریان یا ژیلەمۆی ناو دڵەوە دەست پێدەکات و هەتا دێت هەڵدەچێ و بەرەو تەبەقەکانی سۆفیستیانەی دانتی هەڵدەکشێ. یاخود وەکو قەقنەس دەسوتێت لە خۆڵەمێشی ئەڤینی خۆیدا زیندوودەبێتەوە تۆ سەیرکە نووسەری راستەقینە و شاعیری گەورەو تەواو وەکو ئەو باڵندە خورافیە وایە، کە ئاوەها گۆرانی دەچڕی و دەچریکێنی.. ئاگای لە خۆی نامێنیّ و هەر بەرزدەبێتەوەو بەرزدەبێتەوە تا ئەوەندە لە خۆر نزیك دەکەوێتەوە دەبێتە خۆڵەمێش.

جاویدانی کاری نووسین هەمدیس هەروەك ئەو باڵندەیەیە، کە بەر لەوەی ئەو گۆرانییە مەزنە بچڕی هێلکەکانی خۆی بەرهەڵای ئاسمان دەکا هەر لە ئاسمان دەبتەوە و نەوەی تازەیان لە ئاسمان لەدایك دەبیّ.

*** من لە بەرامبەرت دەوەستم و ماسك دەخەمە سەر روخسارم، تۆ دەتوانیّ پێم بڵێی من کێم..؟**

– **ماسکی ڕەش : من ناشرینترین و ڕەشترین مرۆڤ یا ڕووداو یا کارەساتم لە ژیانی تۆدا، من کێم؟ بۆچی؟**

+ تۆ خاوەنی ئەو دڵەی کە ڕەنگی ڕەشی خۆی داوەتە روخسارت و هێندە لە ناخەوە تووشی دڵەڕاوکی و بەدرەفتاری و وەسوەسەی نەفرەتی بوویت، کە ئیدی لەناو گیانت شوێنی نەماوە بۆ پەڵەیەکی سپی، بۆیە ناچار بەشێکت گواستۆتەوە بۆ ئەو ماسکە و خۆتی پێ دەشاریتەوە، خۆشاردنەوە لە پشت ماسکی ڕەشدا هەتا بۆ کاری هونەری و کەرنەڤالاتیش بێت، خۆشاردنەوەی ڕاستەقینەی پێکهاتەی روخسار و ناوەکییەکانی مرۆڤە، بۆیە ماسك ڕەتدەکەمەوە.

– **ماسکی شین : من ئومێدێکی شینم تۆ دەتەوێ ببینی و پێم بگەیت، من چ ئومێدێکم لە ژیانی تۆدا کە هێشتا هەوڵدەدەیت پێم بگەیت و پێشم ناگەیت؟ بۆچی؟**

+ تۆ خودانی ئەو دڵەی کە ڕەنگی خۆشەویستی خۆی داوەتە روخسارت و هێندە لە ناخەوە تووشی دڵنیایی و کرداری چاکی و دڵنەوایی بوویت، کە ئیدی لەناو گیانتدا شوێنی نەماوە بۆ پەڵەیەکی ڕەش، بۆیە ناچار بەشێکت گواستۆتەوە بۆ ئەو ماسکە و خۆتی پێ بەرمەلا دەکەیت ئاشکراکردنی خۆت لە پشت ئەو ماسکە شینە هەتا بۆ کاری هونەری و کەرنەڤالاتیش بێت ئاشکراکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتەی روخسار و ناوەکییەکانی مرۆڤە، بۆیە من ئومێدم بە تۆیە ئەی شین، کە تۆ بەشێکی لە ئاسمان و بەشێکی لە دەریاو بەشێکی لە پاوانی ئەڤین و خرخاڵی پێی منداڵانی.

لەبیرمە من خۆم پیرۆزەییم بۆ منداڵ دەکرێ و لە ڕستەیەکی بازنەیی جواندا لە پێی منداڵانم دەئاڵاندو دڵم هێوردەبۆوە، هەموو ئاواتە شین و جوانەکان دوورن لە ڕاوکردن و بەدەستهێنانی ئاسان.. دەبێ قوربانیان بۆ بدەین، زاتی خۆمانیان بۆ بکوژین تا بە دەستیان بهێنین و شەونخونی شیعرئامێزیان بۆ بکەین تا لە کەنارە شینەکانیان وچانێ بدەین.

– **ماسکی سوور: من کەسێکم یا شتێکم، تۆ تا ئاستی ڕژانی خوێن لە پێناوی مندا هەوڵدەدەیت، من چیم یا کێم کە تۆ تا ئاستی ڕژانی خوێن بەرگریم لێدەکەیت و دەمپارێزیت و خۆشت دەوێم؟**

+ ئاخ دیسان ماسك، بە تایبەت ئەی سوور تۆ تەنها بۆ ئەوە گەورەیت کاتێ لە جەستەمدا لە پێناوی ئەڤین و عەشقدا هەڵدەڕژێی، لە پێناوی بەهاکانی ژیان ئەڤینژینی، لە کاتی ئەوەی کە دوژمنانی خاکم هەوڵی کوشتنی هەناسە پڕ لە سۆزەکانی ماملێ دەدەن، هەوڵی تیرۆرکردنی گەنجە جوانەکانی وڵاتەکەم دەدەن، ماسك هێزی هەڵگرتنی چەمکی تۆی نییە ئەی سوور ئاخر کەڤری نەماوە بە تۆی نەنەخشێنم، ئەی سوور تۆ ئەو جۆگەلانەت لە کەناری قژ و باڵای خۆشەویستەکەم دروستکردووە، کە پڕن لە هەڵاڵە.. پڕن لە خەونی وچان و ژیلەمۆی گۆرانی.

**-  ماسکی خۆڵەمێشی: من حاڵەتێکم بی لە دەرگادان و پرسیارکردن روو لە ماڵی رۆحی تۆ دەکەم، من چ حاڵەتێکم کە هێندە بێزات دەکەم؟**

+ شیعر بەشێکی گەورە لە رۆحی شاعیر دروستدەکات، بەڵام ئەو شیعرە خۆڵەمێشیانەی بەبێ سووتان دروستبوونە ئەوانەن ئەو ماسکەم لەبەر چاو دەخەن و رۆحم پڕ لە خۆڵەمێشی بێزاری دەکەن، هەرگیز خڵەمێش ناتوانێ رۆحی مرۆڤ شاد بکات، تەنها ئەو ساتانە نەبێت کە دەبێت بە شیعری دوای هەزاران ئاگر دێتە کایەوە، دوای هەزاران پەڕینەوە لە تەڵبەند و سنوورەکانی ئەڤینە، دوای کوشتنی زات و خولڤاندنی کۆمارێك لە عەشق، هەرگیز دڵی خۆم بۆ شیعرە خۆڵەمێشییەکان ناکەمەوە، هەر بۆیەش هەموو ئەو ماسکانەی کە روخساری راستەقینە دەشارنەوە و بێهەیبەتن ماسکی خۆڵەمێشین.. ئەی ماسکی خۆڵەمێشی تۆ تاراییێکی ناحەزی، جوانییەکان دەشاریتەوە.

**-  ماسکی سپی: من کەسێك یا شتێکم، بۆ هەمیشەیی ئارامیی دەریا و فێنکیی نەسیمی بەیانیانت بۆ دێنم، من کێم یا چیم؟ کە ئاوا روو لە لافاوی هەڵچووی رۆحت دەکەم و هێورت دەکەمەوە؟**

+ نا هەرگیز لەوە ناوەشێتەوە ئەی سپی تۆ بۆ ماسکەکان بشێیت، تۆ سیمبۆلی پاکیت، تۆ رەمزی حیکمەت و هێمنیت.. بۆیە تۆ دەبێ رۆحی شیعر بیت، هاواری دڵنەوایی و بێدەنگی و سەفا بیت، هەموو شتە جوانەکان لە رۆحێکی سپی و بێگەرددا شەوقی خۆیان دەبەخشنە ئەم کەونە.. ئەوانەی رەنگی تۆ بۆ ماسکە قوولاییەکان هەڵدەبژێرن ئەوانە دەیانەوێ بەدناوت

بکەن و لە ریزی شیعری پاکدا لات بدەن، بۆ ئەوەی هەم ماڵی تۆ هەم ماڵی شیعر وێران بکەن، وەرە سەیری پاپۆڕە سپییەکانی سەر دەریا دوورەکان بکەن چۆن پەمۆی عەشق دەگوازنەوەو لە دوورەوە رۆحت پڕ لە هێمنی دەکەن، یا شیعری سپی پۆل ڤالیری یا فریشتە سپییەکانی هاودەمی دانتی.. هەموو بەهرەی خوداوەندی هەڵدەڕێژنە رۆحی مرۆڤەوە، کەواتە:

سپی: یانی خودا یانی سەفا

سپی: یانی نێرگزەجار

سپی: یانی مەلێك لە کاتی ئاوخواردنەوەدا

سپی: یانی لقێك کە چرۆ دەکا

مانگێگ کە لە لووتکە هەڵدی.

دەمێك کە دەچێتە دەمی ئافرەتەوە.

**- ماسکی پرتەقاڵی: من بۆنی پرتەقاڵی بەختەوەریم لێدەهات، هەمیشە بە دیتنی من بەختەوەر دەبوویت، ئێستا من نەماوم، جاروبار بۆنی منت لە خەونەکانتەوە بۆ دێ، دەتەوێ فرمێسکی درشتم بۆ هەڵبڕێژیت، من کێم؟ بیرەوەرییەکانت چین لەگەڵ مندا؟**

+ ئێستاش بوخچەکانی دایکم بۆنی ئەو پەلکە پرتەقاڵانەیان لێدی، کە بەر لە سەدەیەك بۆنی کراسی منداڵیمی خۆشدەکرد.. هەمیشە هاودەمی ئەو قەرنەفولە وشکەبووانەوە بووە، کە دەستی پیرۆزی دایکان بە موقەدەسیان دەزانی، ئێستاش ئەو شەڕە جوانەم نەبینیوە، کە لەوپەڕی تووڕەییەوە بە پرتەقاڵ وەشاندن دەستی پێکرد و بە بۆنی خۆشی تەوقە کۆتایی هات، ئای چەند خۆشی بوو، کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا پرتەقاڵ دەباری و ئێمەش لەو شەڕەدا تێر پرتەقاڵ بووین.. خودایە شەڕەکان هەر بە پرتەقاڵ بن، کە ئەمەش بۆتە هەوێنی شیعرێکم بە ناوی شەڕە پرتەقاڵ.

**+ من لە کاتی خوێندنەوەی ئەو نۆڤلێتانەی کە بەڕێزت نووسیوتن، هەستم بە زاڵبوونی زمانی شیعری دەکرد، ئایا دەکرێ بڵێین : شیعر سەنتەری ئەدەبە؟ شیعر خۆرە و لە نێو هەموو تێکستێکی ئەدەبیدا دەڕۆشنێتەوە؟ یان بە واتاییێکی تر، بۆچی شاعیران دەتوانن بە**

**سەرکەوتوویی کار لەنێو زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکانی تر بکەن، کەچی بە پێچەوانەوە چیرۆکنووس هەرگیز شاعیری داهێنەری لێدەرناکەوێ، دەگمەن نەبێ؟**

+ من پێم وایە هەموو رۆمانی یا هەر نۆڤلێتی خاوەنەکەی شاعیر بێت یا نا پێویستییێکی زۆری هەیە بە سەلیقە و زمانی شیعری، کاتێك دەڵێین زمانی شیعری مەبەستمان ئەوە نییە نووسەر شیعر بنووسی، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سۆز و ئەدای شیعرییەت جۆرە کەش و تەشقێکی تراکتیف ئامێز بۆ دەقەکە خەڵق بکات و ببێتە هۆیە کە بێزاری خوێنەر بکوژێت، تۆ کە لە رۆمان یا نۆڤلێت بتەوێ ببیتە جێی سەرنجی خوێنەران و راکێشانیان ئەوە دەبێ کەرستەییێکی وات پێ بێ، کە لە دوورەوە رایاندەیە لای خۆت، ئەگینا بە ستایلێکی موقەوایی ناتوانێت خوێنەر بۆ خۆت دروست بکەیت، ئەگەر سەیری پرۆسێسی نووسینی رۆمان و نۆڤلێتی جیهانی بکەین دەبینین ئەوانەی کە ستایلی شیعرییەتیان ـ نەك شیعر ـ بەسەردا زاڵە زۆرترین خوێنەری بۆ خۆی دروستکردووە، بۆ نموونە رۆمانەکانی ئایماتۆف، نووسینەکانی هاشم ساڵح، سۆنێتاکانی شەکسبیر و رۆمانەکانی کازانتزاکی و شولوخۆف و زۆرانی دیکە.. ئەوەش بەو مانایا نییە، کە دەبێ هەموو رۆمانێك رەچاوی ئەوە بکات، هەیە توانای بەرهەمهێنانی شیعرییەتیان نییە، لە پەخشانە رۆمان یا نۆڤلێتی خۆیان، بەڵام ئەمجۆرە مرۆڤانە لە خوێندنەوەیاندا ماندووبوونێکی دیکەیان دەوێت و هەڵسوکەوتێکی زۆرتریان گەرەکە، بۆ نموونە رۆمانەکانی دۆستۆیۆڤسکی نابێ وەکو رۆمانەکانی یەشار کەمال یا فلۆبیر بخوێنرێتەوە، بەڵکو ئاست و هەست و چەشەی جیاجیایان گەرەکە، منیش لەو نۆڤلێتانەی کە نووسیوومە هەوڵی دروستکردنی شیعرییەتم داوە، کە زاڵبێ بەسەر رووداوەکان، لە راستیدا بە دەستی ئەنقەست وام نەکردووە، هەر خۆی ستایلی نووسینی پەخشانم وایە و ناتوانم لێی رزگار بم، لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم شیعر سەنتەر نییە بەڵام پەساپۆرتی پەڕینەوەی هەیە بۆ ناو هەموو سەنتەرەکان.

*** بەهرە و پێناسەکردنی بەهرە جێگای مشتومڕێکی ئەبەدین، تۆ چۆن پێناسەی بەهرە دەکەیت؟ ئەی مەعریفە چ رۆڵێك دەبینێ لە پەرەپێدان و هەمیشە سەوز راگرتنی بەهرە؟**

+ هەرچەندە ئەم بابەتە زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوە، بەڵام هێشتا ئەوە هەڵدەگرێ کە باس بکرێت و شرۆڤە بکرێت، لە راستیدا هیچ شتێ لە مەودای ئەدەبدا پێناسەیەکی یەکجارەکی نییە،

بەڵکو را و بۆچوونی جیا جیا و پێداچوونەوەی جیا جیای بۆ دەکرێ و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، شتێك نییە لەناو زەین و دڵی مرۆڤدا پێی بگوترێ بەهرە، ئەوان دەڵێن بەهرە خۆڕسکەو هەندێ مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبووەنەوە خاوەنی بەهرەی خۆیانن، بەڵام لە راستیدا وا نییە، هەندێ کەس هەن زەین و هزر و مەژییان زیاتر گەرم و گوڕترە لە هی کەسێکی دیکەو زیاتر جولە دەکات و خوێنیان تێدا دەگەڕێ، بۆیە زیرەکتر بەدیاردەکەوێ و بەهرەمەندتر بەدیاردەکەوێ، پەیوەندیی نێوان بەهرە و مەعریفە پەیوەندییێکی لەگەڵ یەك گۆڕینەوەیە، واتە لە ئاوی یەکتر دەخۆنەوە، کە بەهرەی زیرەکیت هەبێ و مەژییت جوانتر کاربکات زیاتر سوود لە مەعریفە وەردەگری و دەیخەیتە بەردەستی خۆت، کە خودانی مەعریفەیەکی بەهێزتر بیت زیاتر بەهرەت بەگەڕ دەخەیت.

بەڵام ئایا شیعر بە تەنها بەهرە دروستی دەکات؟ نەخێر. هیچ شتێ یا راستتر هیچ ژانرێ ئەوەندەی شیعر سەخت نییە ئەوەی ئەزموونی خۆی بەهێز نەکردبێ نازانی شیعر چەند زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ گۆڤار و رۆژنامەکان لە جیاتی ئەوەی پاداشتیان دا با لە بڕی بڵاوکردنەوە پارەیان لە خاوەن شیعرەکە وەرگرتبا هیچ کەسی شیعری وا بە ئاسانی بڵاونەدەکردەوە! چونکە ئەوسا زۆر کەس شیعری بڵاودەکردەوەو پارەی خۆشی دەدا، کەسێکیش ئاوڕێکی لە شیعرەکەی نەدەدایەوە و بە ناچاری دەڵێت با پارەکەی خۆم بەفیڕۆنەدەم، ئەوکات شیعر هێجگار بەهێز بەدیاردەکەوت و خەڵکی دەیزانی شیعر چەند سەختە.

چونکە لە شیعردا تۆ کەسێك دروستدەکەی لە خۆت تەمەننات دەکرد وا بای، دەتەوێت جوانییێك خەلق بکەیت سەرنجی ژیان رابکێشی، بۆیە ئەزموون جوان و تێر و تەسەل نەبێ شیعرەکە جوان و تێر و تەسەل نابێ، ئەمە پەیوەستە بە عەقڵ و مەعریفە و سۆز و سووتان، پەیوەستە بە دیدگا و بینینی جیهان، پەیوەستە بە بیرکردنەوەی قووڵ و بی ئەمان.. نەك کەف و کۆڵ و سەردوولکە و لالانەوە.

*** وەزیفە و سەرنووسەرایەتی ستایل و وەرگێڕان و شیعر نووسین و وتار و نۆڤلێت و ماڵ و منداڵ و برادەرانی شەوان و...تاد، ئایا ٢٤ سەعات کەم نییە، بۆ رێکخستنی ئەو هەموو کارە؟**

ـــ نووسەری تژی عەشق و داهێنان لە چەند ساتێکی کورتدا شتەکانی خۆی دەڵێ و کارەکانی خۆی دەکا و دیالۆگی خۆی بەردەوام پێدەدا و ئەرکەکانی خۆشی ئەنجام دەدا..

گەورەترین دەقی شیعری لە چرکەساتی بیرۆکەی خۆی دادەڕێژێ.. ژیان پێویستی بە پێکەنین و قسە و ئەڤینی و نوکتەش هەیە.. نووسین و کاری نووسین عەشقێکە لەگەڵ غەیب، غەیبێکە لەگەڵ نووسەر، ئەوانە سیحر لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە.. ئەو سیحرەی بە مانای ژیان لەگەڵ یەکتری لە باخچەی ئەفسووندا.. حەزدەکەم ئەوە بڵێم من لە هەموو وەڵامەکانمدا دەمەوێ خوێنەر بە کێڵە بەفری هەڵڕشتنی مەعریفە خەریك نەکەم، دەمەوێ پێی بڵێم: ژیانی داهێنەر تەحەمولی قسەی پفدراو ناکات.. نووسەر دەبێ وا لە خوێنەر بکات، کە توانای ئەوەی هەبێ لەگەڵیدا بژیت.. خوێنەر قەرزباری نووسەر نییە، ئێمە قەرزی رۆحمان بە نووسین دەدەینەوەو بەوانیش دەڵێین: شایەدبن.

*** لە ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی گروپێك کۆبوونەوەو ناوی خۆیان نا گروپی ٤٧، ئەو گروپە کاریگەرییان بەسەر زمان و شێواز و تێکستی ئەدەبی و رەخنەی سەردەمەکەی خۆیان هەبوو، ئێوەش لە هەولێر نەوەیەکی شیعرین، بەڵام بەبێ گروپ و گروپکاری، جەلال بەرزنجی و دلشاد عەبدوڵڵا و هاشم سەڕاج و عەباس عەبدوڵڵا یوسف و چەندانی تر، ئایا ئێوە کاریگەریتان بەسەر زمان و شێواز و تیمە و جیهانبینی نەوەی دوای خۆتان چەندە؟ ئایا لە دوای ئێوە هیچ نەوەیەکی ئاوا دروستبووە، کە کاریگەری هەبێ؟ تا چەند بڕواتان بە کاریگەری نەوەیەك بەسەر نەوەیەکی تردا هەیە؟**

_ هەموو ئەو گروپ و گروپکارییەی بەر لە راپەڕین هەبوو، کاریگەری خۆیان هەبووە، چونکە ئەو سەردەم نووسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا و بازاڕی ئەدەب و رۆشنبیری گەرم بوو، هەروەها ئەدەب و رۆشنبیری ببووە پەنجەرەیەك بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە رووی زمان و شێواز و تیمە و فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ئیدی گەنجەکان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەدا و هەمیشە بە دوای ئەو بەرهەمانە دەچوون، کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا.. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئێستاکە هەموو شتەکان گۆڕاوە، ئەدەب و رۆشنبیری وەکو جاران بابەتێکی سەرەکی نەوەی تازە نییە و گەلێ داهێنراوی دیکە جێگایانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی دەرهاوێشتەکانی جیهانگەرایی کە هێجگار پەرش و بڵاوبوونەتەوەو سەراپای هێزو تواناکانی گەنجانی بەلای خۆیدا پەلکێش کردووەو لە زۆر جومگەی ئەو دەرهاوێشتانەدا گەنجەکانی دیل کردووەو لە هەندێ شوێندا سڕی کردوون، بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە گروپەکانی سەردەمی خۆی هەیانبووە، ئێستا وا نییە، جاری

بایەخدان بە زمان زۆر کەم بۆتەوە، ئەمەو جگە لەوەی نەوەی تازە عەودالّی زمانی تازەنە و لە هەمان کاتدا عەودالّی فێربوونی زمانی بیانین، کە پێشتر ئەم دیاردانە کەم بوون، هەروەها گەنجی ئێستا کەمتر بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، کە ئۆبالّی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاّتی سیاسی، کە هیچ کارێکی پەروەردەیی نەتەوەییان لەناو هزری گەنجان نەکردووە تا بایەخ بە بەرهەم و کولتووری سەردەمی خۆیان و نەتەوەکەیان بدەن،، بۆیەش کاریگەریی ئێمەش کەم بووە بەسەر نەوەکانی داهاتوو و ئەوانیش لەگەلّ مانا دەژین، بەلاّم سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش تا ئێستا بەرهەمی باش لە هەر بوارێك بێت کاریگەریی خۆی هەیە، هەرچەند لە نێوەندێکی کەمیش بێت.

*** سەفەری نێو کتێبەکان و گەشتی ئاسایی، کامەیان خەیالّ و مەعریفە و دنیابینی شاعیر فراوانتر دەکەن؟ یاخود کامەیان لە ئەویدی گرینگترن؟ ئایا دەکرێ مەعریفەی تیۆری بێ ڕۆشنبیری چاو (بەتایبەتیش ئەوەی کە چاو لە سەفەردا دەستی دەکەوێ) ببێتە مەعریفەیەك کە زەینی مرۆڤی داهێنەر بەرەو گەردوونێکی ئاوەلاّ ڕاپێچ بکا؟**

_ کتێب سەرچاوەی هەموو خەیالّ و مەعریفەکانە، لە رووی دەست نیشانکردن و ناساندن و کەشفکردن، سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانە، بۆیە سەفەر بەنێو کتێبەکاندا، سەفەرێکی وەهمییە بەناو دنیای واقیعدا، بۆ من کتێب سەرچاوەی هەموو شتەکانە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەش سەفەر و گەشتیش ڕۆلێکی گرینگ دەبینن لە رەنگرێژکردنی ئەو خەیالّ و مەعریفانەی زەین هەلّیاندەگرێ و کۆمەلّێ ئاسەواری گرینگ لە نێو یادەوەرییەکان جێدەهێلّن و لە هەمان کاتدا دەبێتە بەشێك لە ئەزموونی نووسەر، تەنانەت ئەدەبێك هەیە رەنگە ئەوەی بۆ راست بێت، کە پێی بلّێین ئەدەبی سەفەر، یاخود سەفەرنامەکان، هەلّبەت پەیوەندییێکی زۆر هەیە لە میانی هزر و چاودا، هزر ئەگەر داینەمۆی هەموو ئەندامەکانی دیکەیە، بەلاّم بۆ مەسەلەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری پێویستیان بە یەکتر هەیە، لەبەرداشی کۆتاییدا دەلّێم دوای هەموو ئەو شتانە تا زەین پرۆسێسی بیرکردنەوەی خۆی گەرم نەکات هیچ بەرهەمێك لە دایك نابێت، بە بێ گەرمبوونی زەین هەموو سەفەرەکان بێهودەدەبن، چاو هەرچەند تیژبین بێ و جوان بەدی بکات پێویستی بەوە هەیە بە فلتەری هزردا بڕوات، بۆ ئەوەی بشورێتەوەو رەنگرێژ بن.

هەلّبەت ئەو تەنها بۆ نووسەران و داهێنەران بایەخێکی هەیە، ئەگینا بازرگانی وا هەیە بە هەزاران هەزار سەفەر و گەشت بۆ جوانترین شوێنی دنیا دەکات، بەلاّم چونکە دیدگای بەسەر ئەدەبەوە ناشکێت هەمووی بە هەدەر دەڕوات.

- **دەکرێ لەسەر ئەو وێنە فۆتۆگرافیانە قسەمان بۆ بکەیت:**

## کتێب

+ نەتەوەییێکی خەوتووەو هاواری خوێندنەوەی دەکات، قاسەیەکی پڕ لە گەوهەری ئەڤین و مەعریفەیە، بانگی دەستی دەکات بیشکێنی و بازنە جوانەکانی هزری بفڕێنن.

## قەڵەم

+ تکایە ئەگەر بۆ نووسینی دەقێکی جاویدانی بەکارم دەهێنیێ گەردنت ئازا بی، ئەگینا دوعا دەکەم تا ئەبەد سەر پەنجەت داغ بێت.

**تابان**

+ بریا ئەو شەوە ئەی تابان ئاوا بە گوڕ هەڵنەهاتبای، چونکە من و ئەو ئێستاش بە دوامانداا دەگەڕێن.

ئاوێنەکان :

– **ئاوێنەی ئاسایی : لەبەرامبەر ئاوێنەیەکی ئاساییدا، بە وردی و هزرینێکی قووڵەوە بەرامبەر بە خۆت دەوەستی، چۆن خۆت دەبینی؟ تۆ کێیت؟**

+ ئەو کاتە وەك هەلەکۆکەی کە جوزەرە دەکا و بە درێژایی ژیانی لە چاوەڕوانی خۆرەتاودا گۆرانی بۆ ناخی زەوی دەڵێ، بەڵام کاتێك سەردەردێنی خۆرەتاو لە تاقی ئاسمانەوەیە ئەو کاتەش بەفرێکی خەستی بەسەردا دەباری و هێدی بە حەسرەتی خۆرەتاوەوە سەردەنێتەوە، هەرگیز نایبینی ئەمە نائومێدییێکی سیزیفیانەی حەقیقی ترە لە ئەفسانە، ئەو کاتە منیش کە لەبەر ئاوێنەوە دەوەستم دەمەوێ کەنارە دوورەکانی خۆم ببینم و بە هەزاران جار بە بوراقی شیعر بە باڵای ئاوێنەکانەوە رادەمێنم.. بەڵام ئاخ ئەوە سەرم هەموو سپی بوو، ددانەکانم یەکە یەکە ماڵئاواییم لێدەکەن، کەچی کاتێك دەگەمە ئەوەی ناخی خۆم ببینم ئاوێنەم لێ وردوخاش دەبێ و هاوار دەکەم:

داد هەی بێداد ئەمە چ وەرزێکی سەختە؟
داد هەی بێداد ئەمە چ تۆفانێکی پڕ حەسرەتە؟
داد هەی بێداد ئەمە چ شیوەنێکی گەرمە؟
ئەوسا ئاوێنە شکاوەکان لە ژێر لیتاوی عومردا تروسکەیەکم بۆ رەتدەکەن، پێم دەڵێن:
کە هات بەهار بوو
ئێستا خوناوەی بەفر بە سەر قژتەوە بارییەوە
پایز بەسەر پەرچەمی گەڵاکانەوە
جریوەی دی و
ها ئەوە ناخی تۆیە لە شەقەی باڵدەدا..
ماڵاوا..

**– ئاوێنەی شێواندن: ئەو ئاوێنەیە وێنەی تۆ دەشێوێنی، تۆ چی پێ دەڵێی، یا روونتر چی بەو کەسانە دەڵێی کە وێنەی کەسانی تر دەشێوێنن؟**

+ روخساری جوانەکان ناشێوێنرێن، مەحاڵە ئاوێنە تەڵخەکان بتوانن سیما پەپوولەییە سپییەکان بشێوێنن.. ئەوان ئەو ئومێدە لەگەڵ خۆیان بەرەو گڵ دەبەن..
خودایە ئەوەی هەوڵدەدا بمشێوێنی..
دڵی پاك بکەیتەوە، بەڵکو لە عەشق و
خۆشەویستی من.. شێت دەبێ..
خودایە ئەوەی بەردی کوێر دەگرێتە من
دەستی پڕ لە نەگز بکەن
تا لە بۆنی پاکی دۆستایەتی غەرق بی.

**– ئاوێنەی غرور: چی بە مەغرور دەڵێی؟ پەیامت چییە بۆ ئەوانەی کە شتێ کەمیان کردووەو مەغروریش بوونە یاخود دەبن.؟**

+ بەو مەغرورانە دەڵێم:
هل فرشت العشب لیلاً
منزلاً دون القصور

وتتبعت السواقی
و تسلقت الصخور؟

ئەوەش کە داهێنەرەو بەرهەمی جوانی هەیە هەرگیز مەغرور نابێت.. ئەوانەی تریش با مەغرور بن، خەڵك باس لە غرورەکەیان دەکات نەك بەرهەمەکانیان، ئەوانە دەبێ سەیری ئەو مۆمە جوانە بکەن کە وردە وردە لە پێناوی داگیرساندنی رۆحی خۆی هەموو رووناکییەکان دەبەخشێ بە ئەوانی دیکە.

## * دیوانی شیعری:

**ئەگەر ئێمە ئەو چەند کتێبە بۆ بەرێزتان دانێین تۆ لە توانات دابی تەنیا یەکێکیان بۆ خۆت ببەیت بە دیاری، کامەیان هەڵدەبژێریت؟ بۆچی؟**

**_ دیوانێکی لەتیف هەڵمەت**
**_ دیوانێکی شێرکۆ بێکەس**
**_ دیوانێکی عەبدوڵڵا پەشێو**

هەرسێکیانم دەدەیتی قبوڵمە، بەڵام سەرپشکم بکەی لە هەڵبژاردنی یەکێکیان ئەو پێشەنگایە رەت دەکەمەوە.

*** ستایل تاکە رۆژنامەیەکی ئەدەبی پرۆفیشناڵە لە هەولێر، ئایا ئەو تایبەتمەندییە هۆکارێکی گرینگ نابێ بۆ لێك جیاکردنەوەی ئاستی داهێنانی ئەدەبی؟ یان چۆن ئەو تێکەڵاوییە هەڵدەسەنگێنی کە لە رۆژنامەکانی ئەمرۆدا دەیانخوێنیتەوە؟**

_ لە سەرەتادا ئێمە بۆ ئەوە (ستایل)مان هەڵبژارد تا ببێتە رۆژنامەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی و بەس، تاوەکو ئێستاش هەر وامان کردووە، تەنها بابەتی ئەدەبیمان بڵاوکردۆتەوە، هەندێ بابەتی سیا رۆشنبیری و سوسیۆ رۆشنبیریش بڵاودەبێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە ئێمە گۆڤار ی رۆشنبیری و ئەدەبیمان هێجگار زۆرە و هەروەها رۆژنامەشمان هەیە پاشکۆی ئەدەبی هەیە، بەڵام رۆژنامەیەك تایبەت بی بە بابەتی رۆشنبیری و کولتووری نیمانە، بۆیە

دەستەیەکمان پێك هێنا و ئیدی لە ژمارە سفرەوە گەیشتووینەتە ئێستا و من پێم باشە ئەو رۆژنامەیە بەردەوام بێت، چونکە لایەنی کەم زوو زوو هەواڵە ئەدەبی و رۆشەنبیرییەکانی جیهان و ناوەوە دەخاتەڕوو و هەروەها بەرهەمی ئەدیب و نووسەرانیش زوو زوو دەگاتە دەستی خوێنەران.. هەڵسەنگاندنی ئەو تێکەڵاوییەی کە ئەمڕۆ لە مەیدانی رۆژنامەگەری کوردیدا هەیە کارێکی ئاسان نییە و زۆری دەوێ.

*** نووسینەکان یاخود شیعرەکانی کەسێکی تایبەت هەیە کە هەمیشە چێژی لێوەرگرێت و لێی بێزار نەبێت؟ بۆچی؟**

_ هەموو ئەو نووسینانەی کە هەڵگری شووناسی داهێنان و جیهانبینین من چێژیان لێوەردەگرم، ئەمڕۆکە لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا نووسەرگەلێکی زۆر سەریان هەڵداوە، کە شایستەی ئەوەن بەرهەمەکانیان بخوێندرێتەوە، چونکە بە قووڵاییێکی بڕشت ئامێز و بە پاشخانێکی جوانی مەعریفی و ئێستەتیکایی دەقەکانیان بەرهەم دەهێنن.. مەسەلەی بێزاربوون و بێزارنەبوون پەیوەستە بە ئاستی ئەو دەقەی کە مرۆڤ دەیانخوێنێتەوە، پەیوەستە بە ناوەڕۆکی هیومانیزمی ئەو دەقانەوە، کە تا چەند هەڵگری توخمی داهێنانن..کاتێك کە تۆ مەحوی یا حەمدی یا نالی یا مەولەوی و ئەراگۆن و ئەلیۆت و دانتی و شێرکۆ بێکەس و دلشاد عەبدوڵلا و بەختیار عەلی و محەمەد موکری و هاشم سەڕاج و ئەوانی دیکە دەخوێنیتەوە دەزانی ئەوانە خودانی ئەزموونی خۆیانن، لە هەوەنتەو بێ بنەمایی دەقەکانیان فڕێنادەنە مەیدانەوە، بۆیە چێژیان لی وەردەگرێت و لە بێزاری بە دوورن، بەڵام کاتێ بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەق دەبینی، ئەوا دەکەوێتە ناو بێزاری و چێژکوژییەوە.

## * گۆرانی:

**چۆن دەڕوانیتە ئەو ناوانە؟**

_ **تاهیر تۆفیق:** کتێبی ناو گیرفانی عاشقان و شۆڕشگێڕانە.
_ **مشکۆ:** مشتێ هێرۆیینی بێهودەییە.
_ **سێوە:** گەڕان و سوڕان بەناو ئەشکەوت و رووباری کڵێساکان و تابووت و جەنازەی مزگەوتەکان.
_ **ناسری رەزازی:** مەستی و بێدادییە لەدەست ژیان.
_ **شوان پەروەر:** کلیلی سەنگەرەکانە.
- **زەکەریا:** هاواری ناو گەرووی ئەو گەنجانەن کە ئەشقی بەریان داویەتە سەریان.

*** هەڵدانی کتێبێکی نوێ و کەوتنە بازاڕ لە لایەن نووسەرانی کورد، وەکو هەڵنەدان و نەکەوتنە بازاڕ وایە، هۆکارەکانی چین؟ بێ خوێنەری کورد ؟ یا لاوازی ئاستی تێکستی کوردی؟ یا شتێکی تر کە من نایزانم؟**

+ هەروەك دەڵێن کتێب حیکمەتی بوونی جیهانە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێ بوونی کتێب کۆمەڵگاییێکی نەزانە، کۆمەڵگاییێکە هزری بەتاڵە، توانای بەرهەمهێنانی مەعریفی نابێت، بۆیە دەبێ کتێب ئەلتەرناتیڤی هەموو شتەکان بێت، ئێمە لەناو کتێب فێری خۆمان دەبین و شووناسی دەوروبەر کەشف دەکەین و ئاستەکانی فیکری و مەعریفی شارەزادەبین، بۆیە دەبێ کتێب کۆڵەگەی سەرەکی تەلارەکانی بیرکردنەوەمان بێت، هەندێ جار هۆکاری ئابووری گرینگە بۆ وەلانانی کتێب بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتدا، بەڵام ئەم پێوەرە لە رۆژاوا کاری پێناکرێت، بە پێچەوانەوە بەهێزبوونی باری ئابووری دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی کتێب و زۆربوونی خوێنەران، بەداخەوە لە کوردستان دوای راپەڕین خوێنەر کەم بووە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێرشی جیهانگەرایی زۆر بە خێرایی لە کوردستان پەرەی سەندووەو شتێکی تازەشە لە

کوردستان کە زۆربەی ئامێرەکانی دەرهاوێشتەی ئەو هێرشەن جێگەی کتێبیان گرتۆتەوە، بەتایبەت لای گەنجەکان، لە سالآنی بەر لە راپەڕین کتێب هێزێکی گرینگی هەبوو، خەڵکانێکی هێجگار زۆر خەریکی خوێندنەوە بوون، تەنانەت کتێب لە ژێردەستایەتی دوژمناندا تاکە سەلوای مرۆڤی کورد بوو.

هەندێ جاریش ئاست نزمی کتێب ئەو پەرچەکردارە دەخولقێنی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاکەش کتێبی کوردی لە وەزعێکی مامناوەندی دایە، کتێبی باش خوێنەری باشی هەیە.

- **پێت وانییە رەخنەی کوردی ئێستا لە ئاستێکی لاواز و بنێسدا کاردەکا؟ هۆکارەکانی ئەو لەڕولاوازییە چین؟ لە ولآتاندا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کە بۆ کتێبێکی نوێ تەرخاندەکرێ و رەخنەگرێك ئاماژە بە گرینگی کتێبەکە دەدات، ئەوا بۆ بەیانی بە هەزارەها دانەی زیاد لەو کتێبە دەفرۆشری؟ بۆچی ئەدەبی کوردی دوورە لەو حاڵەتانە؟**

+ نەبوونی رەخنەیەکی بەهێزو فرە چەمك لەنێو ئەدەبی کوردیدا راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادییێکی راستەقینە و فرە مانا، لە هەر ولآتێك ئازادی بە مانا مرۆیی و راستەقینەکە هەبێت، لەو ولآتەدا رەخنە بەهێزدەبێ و دەبێتە سەرچاوەییێکی گرینگی مەعریفی و دەبێتە هۆکارێکی گرینگی سەرهەڵدانی پرۆژەی گەورە گەورەی مەعریفی و دەزگای بەرهەمهێنەری مەعریفی، لەنێو ئەدەبی کوردیدا هێشتاکە رەخنە و رەخنەکاریش لە خودی خۆیان ئازاد نین و دیلی دەستی کۆمەڵێك قەوانی سواو داب و نەرێتی سەلەفین، ئەمەش وای کردووە، بەرهەمی رەخنەیی لە ئاستێکی نزمدا سەقامگیربێت و نەتوانێ لەناو بەرهەمی ئەدەبیدا دەقی ئەدەبی جوان بخولقێنی، ئەگەرچی هەندێ تەوژمی تازە هەن لەنێو گەنجەکاندا، بەڵام ئەویش جیدییەتی بەردەوامبوونی کەمە، باشترین رێگەچارە بۆ سەرهەڵدانی رەخنەییێکی گەورە ئەوەیە دەور و خولی بەرهەمی گەورە بدەن و حسێب بۆ پەیوەندییەکان نەکەن و بە رۆحێکی ئازاد و رەها سەیری بەرهەمەکان بکەن.

- **بۆچی تا نووسەر یا شاعیرێ نەمرێ لەناو کورددا کەس قسەی لەسەر ناکات، بۆچی ئەو مردوودۆستییە، کە هەمووشمان دەزانین ژیان جوانترە، ئایا هۆکارەکان چین کە کولتووری کوردی کولتوورێکی دژ بە ژیاندۆستییە؟**

+ من ناتوانم بڵێم کولتووری کوردی کولتوورێکی مەرگدۆستە، چونکە کولتوور لەسەر بنەمای مەرگدۆستی دانامەزری، بەڵکو ئەوە ژیاندۆستییە وا دەکات کولتوور بێتە کایەوە و میللەتان بڕەخسێنی، بەڵام دیاردەی زیندووکردنەوەی دوای مردن لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویێکی دوور، ئەو رابردووەی کە کۆمەڵێك ئەدیب و شاعیرانی بەرهەمهێناو ئیدی تا قۆناغێکی زۆر درەنگ ئەدیب و شاعیر سەریان هەڵنەدایەوە، ناچار بۆ ماوەیەکی هێجگار زۆر ئێمە هەر خەریکی قسەکردن بووین لەسەر ئەو نەوەیە، چونکە بار و گوزەرانی خەڵکی کوردستان لە نزمترین ئاستی خۆیدابوو لەبەر دەستی داگیرکەراندا، بەڵام دوای ئەوەی ئیدی قۆناغی سەرهەڵدانی ئەدەب گەیشت ئەم دیاردەیە کەمتر بۆوە، بەڵام نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە دەبێ یادی ئەدیب بکرێتەوە و دوای مەرگیان فەرامۆش نەکری، بەڵام نەك بە شێوەی شێوەن و سەردولکە، بەڵکو بە شێوەی بەرهەمهێنانی مەعریفی سەبارەت بە بەرهەمەکانیان، بە مانای کەشفکردنی رەهەندەکانی ناو دەقەکانیان.

*** لە شیعرێکدا باس لە برادەرەکانت دەکەی کە بە نێو دنیا و مەرگ و پەرشبووندا پەرشبوونە، ئەگەر واز لە لایەنە فەلسەفییەکەی ئەو پەرشبوونە بهێنین، ئایا کێن ئەو برادەرە نزیکانەی کە تۆ کە حەزت دەکرد ئێستا لێت نزیك بووان، بۆچی؟**

+ لە راستیدا ئەم شیعرە باس لە هیچ یەك لە برادەرەکان ناکات وەك دەستنیشان کردن، بەڵکو باس لە زەمەنی تاعوون دەکات، زەمەنی داخوران و هەڵوەرین، زەمەنی نەناسینەوەی گەوهەرەکان و دارمانی بەها مرۆییەکان، ئەلەوێدا مەرگ سەرداری هەموو ئەو کولێرایایەیە، کە وردە وردە گیانی کۆمەڵ دەخاتە بەر مەترسی رەشەبا، رەشەبایێك ئیدی هێزی راگرتنیمان نامێنێ و هەموومان وەك گەڵادار پەرش و بڵاودەکاتەوە و فڕێمان دەداتە سەر سنوورەکان و یەکتر نناسینەوە، ئەو خاکەمان لەبیردەباتەوە، کە هەزاران ساڵە نەوە بە نەوە وەك نوشتوێکی موقەددەس دەیپارێزی و ناومانەتە سەر دڵمانەوە، سەرجەلەی شیعرەکە بۆ ئەوە رستەرێژکراوە یەکسەر بەرەو ئەو ئاژیرەت ببات، کە لە کەللە بدا و ئاگاهی بخولقێنی، شیعرەکە لە رێگەی تراژیدرێژییەوە وێنای بەختەوەرییەکان دەکات، لە رێگەی مەرگەوە باس لە هەستانەوەو دروستبوونی جوانی دەکات، لەم شیعرەدا ئێستەتیکا بەندە بە قووڵکردنەوەی چەمکی کارەساتەکان نەك وەدەرخستنی رووکارە جوانەکان.

**• یەکێ لە کارە گرینگەکانی تۆ وەرگێڕانی رۆمانی دوا وەسوەسەی کریستی نیکۆس کازانتزاکیسە بۆ سەر زمانی کوردی، ئایا تا چەند شانازی بەو کارەتەوە دەکەیت؟**

+ ئەو کارەی من لە ئێستێکەدا خۆی نانوێنێ، بەڵام دوای زەمەنێك دەبێتە جێگەی مشتومڕێکی زۆر، دوای ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لەنێو ئەدەبی کوردیدا ئاشکرادەبێ، ئەو کتێبە تا ئازاد بێت پێویستی بەو زەمەنە هەیە، کە ترسی سەلەفیەت لە ئارادا نەمابی، ئێستاش لای ئەوانەی لە کۆت و پێوەندی سەلەفیەت و ترسی تیرۆر رزگاریان بووە جێی خۆی هەیە، چونکە هیچ کتێبێکی دیکە ئەوەندەی ئەو کتێبەی من کردوومەتە کوردی لە ئەدەبی جیهانی گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو گرفتی نەناوەتەوە، تەنانەت ئەم کتێبە سەرچاوەی کتێبی (کۆدی داڤینشی)یە.

**• گریمان تەنیا کاتی ئەوەت مابێ لە ژیاندا دوو رستە لەسە ئەو کاغەزە بنووسیت، ئاخیر شتی خۆت چی دەنووسیت؟**

+ ئەگەر کاتی ئاوا هات ئەوسا پێت دەڵێم چی دەنووسم؟
بەڵام وەك پێشەکی ئەمەت بۆ دەنووسم:
(لای وایە کە ژین فانی نییە و رێگەیی دوورە
نایزانی کە هەر پەنجەیی لەم خاکی زەمینە
کوڵمی دە هەزار " لەیل " و دەمی سەد " مەم و زین "ە)

## میللەتی بی کتێب میللەتێکی دیلە و ئازاد نییە، هەتا زووە باخۆمان لە کۆتی دیلێتیدا رزگاربکەین

**هەڤپەیڤین: پێشەوا**

*** بە پرسیارێك دەستپێدەکەم کە بەشێکی بەرچاو لەنووسەران بەشێوازی جۆراو جۆر وەڵامیان داوەتەوە، بەڕێزت وەکو شاعیرێك بۆچی دەنووسی؟ ئایا بڕیاری نووسین یاخود نەنووسین لای خۆتە بۆچی دەنووسین؟**

ئەمەیان کێشەکەیە، سەختترین کێشە، دەتوانین و ئاسانیشە کۆمەڵێك بیانوو بهێنینەوە بۆ نووسین، وەك ئەوەی وەڵامی منداڵێك بدەینەوە لە پرسیاری ئاسماندا، یا لە هەزاران لاوە فۆرمی بۆ دروست بکەین، ناوەرۆکی تیا بئاخنین، شتی زل زل بڵێین، بەڵام هەمدیس هێزی ئەوەمان نابێت ناخی پی رازی بکەین، ئەنگیزەیەك هەیە بۆ نووسین هێجگار شاراوەو نادیار، رەنگە واهیمەیەك هەبێ مشتومالّی ئەو ئەنگیزەیە بکات، واهیمەیەك کە خودی نووسەر لە سەر پێیەکانی رادەگرێ و هێزی بەردەوامی نووسینی پێدەبەخشێ، نووسین وەسوەسەیەکە هەمان ئەم واهیمەیە رایدەژەنی، دەقەکانی پێ بەرهەم دەهێنێ، نووسەرێکی چینی هەیە — ماجین — دەڵێت بۆ ئەوە دەنووسم تا ژیان بگۆڕم — ئەوەیان درۆیەکی شۆڕشگێڕانەیە، هەڵگری هیچ شووناسێکی وەڵام نییە بۆ ئەم پرسیارە، چونکە وەڵامێکی تەولیدییە، پرسیاری تر دەورووژێنی، جورج ئەمادۆ دەڵێت بۆ ئەوە دەنووسم تا بمخوێننەوە، کاریگەریم هەبێ بە سەر خوێنەرانەوە، ئەمەشیان وەڵامێکی باوکانەی کۆمەڵایەتییە، چونکە خۆناساندن بە خوێنەران، کاری ئەدەب و نووسین نییە، نووسین غایەتێکە تێکەڵ بە هەزاران بیانوو دەبێت، دیسان مرۆڤ بەم وەڵامە دڵی ئاو ناخواتەوە، ئەلێرەوەیە دەڵێم کەس هێندەی خودی نووسەر نەشارەزا نییە،

لەمەڕ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، رەنگە بێن و نەبینی شەکسبیر وەڵامی بەشێکی ئەم پرسیارە بداتەوە، کە پێی وایە ئەوەیان کرۆکی مەسەلەکەیە، هێشتا لە گومانی پرسیارەکە رزگارمان ناکات، من بۆ خۆم باوەڕم وایە نووسین هۆیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر دەستەپاچەیی، هێزێکە بۆ کۆکردنەوەی ئەو رۆحەی لە میانی مەعریفەو و پرسیاردا هەلا هەلا بووە، لە هەمان کاتدا، هۆیەکە بۆ مانەوەی مرۆڤ و بەربەرەکانێی پرسیاری ماهییەت، هۆیەکە بۆ دژایەتی کردنی وەڕەسی لەم سەرزەمینەدا، نووسەری راستەقینەو ئاشق، بی نووسین هەڵناکات، رەنگە ئەم هەڵنەکردنە هۆیەك بیّ، بۆ خولقانی ئەم پرسیارە، کە بۆچی دەنووسین؟ هەموو وەڵامەکان ئەوەمان پیّ دەڵێن کە وەڵامان نییە، چونکە وەستانە لە بەرابەر غەیبانییەتێك هێزی ئەوەمان نییە بە دەست بیگرین. یا بە چاو ببینین، لە دواییدا قسەکەی بەرنادشۆ دەهێنمەوە، کە دەڵێت: هەموو نووسەری بۆ ئەوە دەنووسی ئەو شتانە بە دەست بهێنیّ کە نییەتی.

*** هێرتا مولەر لە یەکێك لە دیدارەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کاتانە کتێبی زۆر خوێندۆتەوە دایکی هەمیشە پێی گوتووە واز لەو کتێبانە بێنێت، پێی دەڵێت کە ئەو کتێبانە شێتی دەکەن، دواجاریش هێرتا مولەر دەڵێت: "دایکم ڕاستی دەکردو دەبوو بە قسەم بکردایە." پێمخۆشە جەنابت سەبارەت بەو شێتییە ڕای خۆتام پیّ بڵێن، کە هێرتا مولەر بە دەرەنجامی کتێب خوێندنەوەی دەزانێت؟**

_ یەکیّ لە هۆکارە گرینگەکانی بەرجەستەبوونی بلیمەتی، مەسەلەی بیرکردنەوەو ئەندێشەیە، چونکە بیرکردنەوەو ئەندێشە ئاسۆی روانینی مرۆڤ واڵا دەکات و دەیخاتە بەردەم لێکدانەوەو داهێنان، هەڵبەت هەمان ئەو ئەندێشەو بیرکردنەوە لەخۆڕا سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لە خوێندنەوەدا سەرچاوە هەڵدەگرن، ئەفلاتوون هەمیشە ئامۆژگاری خەڵکی ئەسینای دەکرد کە نەکەن لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا لاسایی ئەو بکەنەوە، مەبەستی ئەوە بوو بڵیّ رەنگە بە هۆی کتێبەوە شێت بن، چونکە کتێب هۆیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ نەتوانیّ وەکو دەوروبەر بیربکاتەوە، بۆیە زۆر جاران نووسەر تووشی دابڕان دەبێت، کە تووشی دابڕانیش بوو تووشی جۆرێك لەگۆشەگیریی دەبێت و سەرەنجام شێتی دایدەگریّ، تەنانەت فانکوخ لە ئەنجامی ئەو گۆشەگیرییە خەریك بوو بول غوهانی هونەرمەندی هاورێی بکوژێ، کاری خوێندنەوەیە مرۆڤ ناچاری ئەوە دەکات، کە بیر لە شتەکانی دەوروبەری بکاتەوە و ئەندێشەی هێزێك بکات لە

خۆی، بۆ ئەوەی کارێکی داهێنەرانە ئەنجام بدات، سەیرکە هەموو ئەوانە سەرچاوەی مەعریفی خۆیان هەیە، کە ئەویش کتێبە، تەنانەت ڤۆلتێر لە کاتی نووسیندا بە دە قەلەم شتەکانی خۆی دەنووسییەوەو پاشان هەمووی دەشکاندن، کەواتە کتێبە مرۆڤ بەرەو دۆزینەوەو جیهانبینی و داهێنان و بلیمەتی دەبات، کتێبە مرۆڤایەتی لە ژەنگ و ژاری نائومێدی رزگاردەکات، بێ کتێب ژیان بە قەد کونی دەرزی تەنگ دەبێتەوە، رۆماننووسی گەورە دیکنز شەوانە تا درەنگان لە گەڵ کتێب دەمایەوە، پاشان دەردەچووە دەرەوەو لە پەنجەرەوە دەچووە ماڵی هاوڕێکانی تا تووشی کت و پڕیان بکات، ئەمانە هەمووی ئەنجامی کتێب بوون، هەموو بلیمەتەکانی دنیا عاشقی کتێب بووینە، جا کام لە فەیلەسوفە زیرەکەکان بی کتێب دروست بووینە، خۆ فەیلەسوفی گەورەی رامان و کرێشمەی مرۆیی نیچە بەدەر نییە لەو بلیمەتییەی کە کتێب بەرەو شێتی بردبێ، هەتا دواساڵەکانی تەمەنی خۆی لە نەخۆشخانەی شێتەکان بەسەربرد، ئەوەیش لە ئەنجامی کتێب و بیرکردنەوە بوو رەنگە ئەو قسەی دایکی هیرتا مۆلەر بۆ ئێمە تازە نەبێت، چونکە ئێمە زۆرمان بیستووە بە تایبەت لە دایکانی کورد کە وایان بە کوڕەکانی خۆیان گوتبی، دیارە پەیوەندییەکی بە تین هەیە لە میانی بلیمەتی و شێتی، مرۆڤ کائینێکی خودان خەسڵەتی ئەنتروپۆلۆژی ناسکە، بە تایبەت ئەو دەمارە وردیلانەی زەین، کاتێك تژی مەعریفەی مرۆیی دەبێت و رووبەڕووی جەبرییەتی مێژوو دەبێتەوە، لە سیستمی خۆی دەکەوێ و بەرەو شێتی دەچێت، لە کۆتایی دا ئەوە دەڵێم کە تەواوی نووسەرو داهێنەرەکانی دنیا چەند رێبوارێکی رێگەی نێوان کتێب و شێتایەتین.

*** ئۆرهان پامۆك لە ڕۆمانی ژیانی نوێدا باس لە کتێبێك دەکات، کە هەر کەسێك ئەو کتێبە بخوێنێتەوە بە جۆرێك مەحکوومە بەوەی ژیانی دەگۆڕێت و وەك پێشتر نامێنێت. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئاخۆ کتێب ئەو هێزەی هەیە، کە ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت؟ ئایا بەڕێزت وەها ئەزموونێکت هەیە، کە کتێبێکت خوێندبێتەوە بە بەراورد بە پێش خوێندنەوەی کتێبەکە، گۆڕانکارییەکی بەرچاوت بەسەردا هاتبێت؟**

_ دەبێ باسی کتێب بکەین، باسی خوێنەری کورد بکەین، پایەی کتێب چییە لای ئێمە، تا هێزی ئەوەی هەبێ بمانگۆڕێ، ئەوسا لە کاریگەریی کتێب دەگەین سەبارەت گۆڕینی دیدی خوێنەر و هەڵوەشاندنەوەی هزرو زەین، لەمەڕ ژیانەوە، کتێب گرنگە، کتێب حیکمەتی مرۆڤە

له سەر زەویدا، ئەگەر کتێب نەبوایە دنیای ئەمڕۆکەمان بەو چەشنە روون و بەرچاو نەدەبوو، رەنگە لە نێو بی زانستی، بی ئەدەبیاتێکی تاریك و نوتەك ژیانمان ببردبایە سەر، هەڵبەت ئەوی دەمی ژیان زۆر ناخۆش و تەنگ دەبوو، خۆ کتێب نەبوایە، مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانێتی ئاوا لەسەر پنجی خێرایی و گەشی پەرەی نەدەسەند، جا ئەگەر کتێب نەبوایە، لە کی دەماندەزانی ئەفلاتون و ئەرستۆو و فەیلەسووفەکان چییان بەرهەمهێناوەو کێن؟ نەماندەزانی ئەحمەدی خانی کێیەو کی یەکەمین داستانی ئەوینی نووسیوە و ئەسکەندەری مەکدۆنی کی بووە؟ هەموو ئەوانەمان لە رێگەی کتێبەوە پێگەیشتووە، کەواتە کتێب سەرچاوەیەکی گرینگی زانین و مرۆڤایەتییە، دەبێ بە هەندێ هەڵگرین و هەمیشە بە رووناکی دیدو هزری خۆمانی بزانین، ئێمە لە سالانی رابردووی پڕ تراژیدیادا، کتێبمان هەر نەبوو، ئەوەی کە لە بەر دەستماندابوو هەر ئەوانە بوون، کە بە سەد حالّ و لە زەمانی زوودا ێنرابوون، ئەگەر لە سالێکدا چەند کتێبی چاپ بوایە ئەوە شاگەشکە دەبووین و دەمانگووت کوڕینە سالێکی هاتە، چونکە دوژمنە سەرسەختەکانی کورد، هەرگیز رێگەیان بەوە نەدەدا کە کورد ببێتە خاوەن کتێبێکی زۆر، هەتا رێگەی کتێبێکیان دەدا، سەدان کتێبی کۆنینەو مێژووییان دەسووتاند و قەدەغەیان دەکرد، ئەدی ئەوە نەبوو هەرچی مەختوتاتی کۆنینەو پڕ بایەخی کوردستانیان تالان و برۆ کردو نەیانهێشتن، چونکە ئەوان دەیانزانی کە ئەو کتێب و مەختوتانە، بۆ ساغکردنەوەی مێژووی نەتەوەکەمان چەند بە نرخن، لە هەموو روویێکەوە کەوتبوونە وێزەی کتێب و نووسەرانەوە، بۆیە لەوان سەردەماندا، خەڵکی کورد بە گشتی ئاشقی کتێبی کوردی بوون، ئاشقی هەر وشەیەك بوون، کە بە کوردی نووسرابوایە، کتێب لەلایان ئەوەندە پیرۆز بوو، ئەوەندە هەیبەت و هێزی هەبوو، کاتێ مرۆ بیر لەو سەردەمەی بە پیرۆزکردنی کتێب دەکاتەوە سەرسام دەبێ، بەوەی ئەدی لەبەر چییە ئێستاکی خەڵکی دوورکەوتوونەتەوە لە کتێب؟ لەپای چییە ئەمڕۆکە کتێبخانەکان چۆل بووینەو وەکو جاران سەرەیان بۆ ناگیری؟ ئەگەر پێشان سەرەڕای باری ئابووری خراپ، بەلام هەمیشە کتێبیان دەکری و لە رەفەکانی خۆیاندا دەیانپاراست، کەچی ئێستا خۆ ئەو بارە خراپەش تا راددەیەکی باش نەماوە، بەلام هەست دەکەم وردە وردە کتێبەکان بە تەنها دەمێننەوەو بی ناز دەکەون، وای لێهاتووە هەندێك کە کتێب دەبینن تووشی فۆبیا دەبن و دەڵێن کتێب زۆر چاپ دەبێ، راستە کتێب زۆر چاپ دەبێ، بەلام خۆ کتێب بۆ رۆژێك و دووان نییە قوربان، تا لێی بێزاربین، ئێمە زۆر مەحروم بووینە لە چاپکردنی کتێب، نەتەوەی ئێمە لە چاو نەتەوەکانی دیکە هەر کتێبی نییە، من لە راپۆرتی

یونیسکۆدا خوێندوومەتەوە، کە وڵاتی ئەسپانیا بە تەنها لە یەك مانگدا بە قەد هەموو وڵاتە عەرەبییەکان کتێب چاپ دەکات، جا وەرە بەراوردی ئێمەو ئەوان بکە، کە دەبێ بە قەد سەد ساڵی ئێمە بێت لە یەك مانگدا، کەواتە ئێمە نابێ لە کتێب بێزاربین، چونکە کتێبە لە وەیشوومەی رۆژگاردا دەمانپارێزی و شووناسمان بە دنیا نیشان دەدا، کتێبە وەسفی خەباتمان دەکا و عەتری مانەوەمان دەپرژێنی، دەبێ تا دەتوانین تۆڵەی ساڵانی بی بەشی و مەینەتباری بکەینەوە، ئاخر ئێمە زۆرمان لەدەستچووە و زۆر بە جێماوین، باوەڕبکەن تاوەکو ئێستاش ئێمە جگە لە کتێب بۆ نەوەکانی داهاتوومان، شتێکی گرنگترمان نییە، دەبێ زەخیرەیەکی زانستی و ئەدەبی زۆری کتێب دابکەین، بۆ ئایندەمان کە تاوەکو ئێستاش دیار نییە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیش وردە وردە دەوری کتێب ناهێڵی، خۆ من ناڵێم هەر کۆکرێتەوەو چاپ بکرێ، بەڵکو دەبێت هەوڵی چاپکردنی کتێبی باش و وەرگێڕانی باش و شیعرو چیرۆکی باش بدرێت، لە عەرەبی نەستەقی هەیە دەڵێت: برِی زۆر کوالیتی باش دروستدەکات، خۆ ئەگەر کتێبێکی زۆریش چاپ بێت ئەوە خراپی هەر تێدەکەوێ، بەڵام لە بەرداشی دیماهیدا کولتووری نەتەوەیی بەهێزدەکات، ئەلێرەوەیە دەڵێم: میللەتی بی کتێب میللەتێکی دیلە و ئازاد نییە، هەتا زووە باخۆمان لە کۆتی دیلێتیدا رزگاربکەین، هەر کاتێك لە چەمکی کتێب گەیشتین ئەو کاتە دەبێ بڵێین ئەلێرەوەیە کاریگەرێتی خۆی هەیە، ئەلێرەوەیە کتیێب سیحری خۆی هەیە بەسەر خوێنەرەوە، هەر کتێبی بیخوێنینەوە جۆرێك لە دۆزینەوەی شتی تازەی لێ بەرهەم دێت، هەروەها سەرنج و تێبینی تازەی لێ دێتە کایەوە، وادەکات کە ویستی مرۆڤ بۆ بەدواداچوون تازە ببێتەوە، من کتێبم زۆر خوێندۆتەوە، پرۆسیسی خوێندنەوە لای من هەر لە ساڵانی زووەوە بووە، زۆر جاران کەوتوومەتە ژێر کاریگەرێتی خوێندنەوەی کتێبێك، بەڵام بیروڕای گۆریبم، ئەوەیان پەیوەستە بە کۆمەڵێك خوێندنەوەی دیکە، من لەگەڵ ئەوەدانیم کتێبی بە تەنهاو بە یەك ئاراستەو مانا، بە یەك جیهانبینی بتوانێ ژیانی خوێنەر بگۆڕێت، ئەوە بەو مانایە دێت کە دیدگا بگۆڕێ، شێوەی دنیابینی بگۆڕێ، بە گشتی فەلسەفەی ژیانت بگۆڕێ، کە من پێم وانییە کتێبی هەبێ راستەوخۆ ئەم هەموو گۆڕانە لە خوێنەر دروست بکات لە یەك کاتدا، رەنگە بو ماوەیەك دیلی ئەو سەرسامییەی بکات، کە بە سەر هزرییەوە بەرهەمی هێناوە، بەڵام کتێبی تازەو بیری تازە دێتە کایەوە، ئەم کاریگەرێتییەی پێشوو دەسرِێتەوەو جۆرێك لە دابرانی مەعریفی دروستدەکات، هەر کتێبەو یاساو رێسای تازەی خۆی دەهێنێ، رەنگە هی بەر لەخۆی لەکاربخات لە رووی مەعریفییەوە،

دووبارەی دەکەمەوەو دەڵێم کتێب گرینگە بۆ گۆڕینی دیدی خوێنەر، ژیانی هزر تازە دەکاتەوەو ناهێڵێت سڕببێت، بۆیە کتێب حیکمەتێکی بەهێزە بۆ مرۆڤ.

*** گەرچی زۆرێك لە نووسەران تەئكید لەوە دەكەنەوە، كە لە كاتی نووسیندا بیر لە خوێنەر ناكەنەوە، بەڵام ئۆرهان پامۆك لە كتێبێكیدا باسی ئەوە دەكات هەرچەندە نووسەران بڵێن لە كاتی نووسیندا بیر لە خوێنەر ناكەینەوە، بەڵام دواجار نووسەر نییە بیر لە خوێنەر نەكاتەوە. بەڕێزت وەك شاعیرێك لە كاتی نووسیندا بیر لە خوێنەر دەكەیتەوە؟ پرسی بیركردنەوە لە خوێنەر لە كاتی نووسیندا لە كوێدا باشە و لە كوێدا خراپ؟**

_ پرۆسەی نووسین لە ساتەوەختی هەڵڕشتن و داڕشتندا، موڵکی زۆر نهێنیی ئامێزی شاعیرە، لەو ساتەوەختەی هەڵڕژاندا، شاعیر بۆخۆی دەژی، بۆ تەنهاییەکانی خۆی دەنووسی، بۆ دامرکاندنەوەی خانەکانی خەیاڵی خۆی دەنووسی، لەم جۆرە کاتانەدا مەرج نییە شاعیر هەر لە بنەڕەتەوە خوێنەری لەبیر بێت، بەو مانایە نا کە شاعیر بایەخ بە خوێنەر نادات، بەڵکو بەو مانایەیە کە شاعیر لە دەرەوەی مەدارەکانی وەعیدا کار لە ناو درەختەکانی وشە دەکات، واتە جۆرێك لە لاوەعی کۆنترۆلی ئەو شاعیرە دەکات، هیچ شاعیرێ نییە بیر لە خوێنەر نەکاتەوە، هەموو ئەوانەی ئەم جۆرە ئیدعایە دەکەن، کە گوایە بیر لە خوێنەران ناکەنەوە درۆ لە گەڵ خۆیان و شیعرەکەشیان دەکەن، هێزی شیعر کاتێك بەرجەستە دەبێت کە خوێنەر بەشداری تێدا دەکات و نهێنیی شیعرەکەی بۆ کەشف دەبێت، بەڵام بەهێزترین شیعر بنووسەو لەسەر رەفەی دابنی، هەزارساڵی دیکەش ئەگەر خوێنەری هەڵی نەگرێت و نەیخوێنێتەوە بە مردوو دەژمێردرێت، کەواتە شیعر دوو جەمسەری گرینگی هەیە یەکیان شاعیرو ئەوی دیکە خوێنەر، مەسەلەی شاعیرو خوێنەر و پەیوەندیی نێوانیان کۆنەو هەر لەو سەردەمەی کە بەرناسییەکان هاتنە کایەوە، ئەوان هەڵگری پەیامی هونەر بۆ هونەر بوون و پێیان وابوو کە هونەر و شیعریش لە گەڵیدا، جگە لە بەهایەکی ئێستەتیکی هیچ مەبەستێکیان نییەو نابێ تێکەڵی ئەرکەکان بکرێ و لە بەرابەریشدا رەمزییەکانی وەك مالارمی و بودلێر و هەروەها لایەنگرانی شیللی لە دژی کەتەگۆریای کانت وەستانەوە کە پێی وابوو، هونەر چێژێکی ئیستەتیکییەو بەس، کە لە ئەدیب و هونەرمەندەوە بۆ کۆمەڵ دەچێت، ئەو پێی وابوو ئەمە جوانییەکی پیرۆزە و غایەتێکە لە خود، پاشان سەرهەڵدانی دادائی و سوریالی، کە ئەوانیش هەڵگری نەزعەیەکی

ئوبژیکتی بوون، تا دەگاتە ئەوانەی وەك ئەلیوت و بتلر كە پێیان وابوو شیعر چێژو چێژبەخشینە، ئیدی ئەمە مەسەلەیەكی تاوەكو ئێستاش نەبڕاوەیە، بەڵام من پێم وایە كاری شاعیر لەو كاتە تەواودەبێت كە دەقی خۆی فڕێدایە دەرەوەی دەست و پەنجەكانی خۆی و ئیدی خوێنەر ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

*** جۆرێك گفتوگۆو ململانی هەیە لەنێوان ئەوەی ئایا شاعیر بە ئیلهام دەنووسی یاخود ئەوی دیان دەڵێت كەسێك بە ئیلهام بنووسی شاعیر نییە. گەرچی پرسیارەكە كۆنە، بەڵام بەردەوام خۆی دووبارە دەكاتەوە. بەبڕوای بەڕێزت وەك شاعیرێكی ئەزموونداری ئێمە، شیعر ئیلهامە شاعیر بۆی دێت یاخود شتێكی ترە؟**

_ هەمیشە لە خودی مرۆڤدا بەهرەیەك هەیە بەرەو شتێ هەڵێدەسووڕێنێ، ئەم بەهرەیە خۆڕسكە، لەگەڵ گەشەی جەستەی مرۆڤ گەشەناكات، چونكە بەشێك نییە لە مژادی ئەنترۆپۆلۆژی ئەو مرۆڤە، ئەگەر تۆ هەوڵی گەشەسەندنی ئەو بەهرەیە نەدەیت. بەهرەیەك لە بتهوفن دابوو، هەر لە منداڵییەوە گینگڵی پێدەدا، بەڵام ئەو هەمان ئەو بەهرەیەی بە خوێنی نۆتەی خۆی گەشە پێدا، بەهرەیەك هەبوو لە نێو پیكهاتەی زەینی رامبۆی شاعیر، بەڵام ئەو تەواوی كتێبە ئەدەبی و شیعرییەكانی كتێبخانەی ئەسكەندەرییەی دەخوێندەوە تا ئەم بەهرەیەی گەیاندە ترۆپك و مێژووی شیعری فەرەنسی گۆڕی، شیعر بۆ شاعیر نایەت، بەڵكو شاعیر هزری خۆی لە رێگەی كتێب و ئەزموونەوە ئامادەكات بۆ ئەوەی شیعر بەرهەم بهێنێت، ئەم وشەی ئیلهامە بە مانای ئەوە دێت، كە تۆ دەكەوییە ژێر كاریگەرێتی شتێكەوەو دیدێكی لێ وەردەگرێت و شتێكی پێ دەنووسی، بەڵام لای ئێمە وەك ئەوەی لێهاتووە، كە ئیلهام هێزی بی لە ناخی شاعیر وەك مەكینەیەك شیعر بەرهەم بهێنێت، ئەمە هەڵەیەكی زەقی لای ئێمەیە، نەك هەر شیعر هەموو ژانرێكی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی دیدو بیركردنەوەو تولانەوەیە، ڕەنگدانەوەی پرۆسیسی تێگەیشتنە لە ژیان و ماهییەت، جا ئەگەر بەهرەیەكی پێگەیەنراویش لە پێكهاتەی زەیندا مشتومالی بكات ئەوە باشتر، بەڵام ئەم بیرو بۆچوونە هەڵەیە، كە دەڵێت شیعر بۆ شاعیر دێت، بە پێچەوانەوە شاعیر بۆ شیعر دەچێت، ئەوەیش لە رێگەی وەرگرتنی مەعریفەی جوانی ئەشق و ئەوین مرۆڤایەتی، بۆ ئەوە بینای ئەندازەیی هزرو لێكدانەوەی خۆی لە ناو ئاوی ئێستەتیكدا بەرز هەڵێنی. بۆ نموونە لای ئەفلاتون شیعر بەرهەمی ئەقڵ و هۆش

نییە بەرهەمی مێژوو نییە، بەڵکو بی ویست و بیر دێتە کایەوەو جۆرێکە لە بەهرەو ئیلهام، کە لەلایەن خوداوەندەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام هەشە ئەمە بەراست نازانی و پێی وایە کە مەعریفەو رۆشنبیری و پەروەردەی مەدەنی داهێنان بەرهەم دەهێنێ.

## تاوێك لە گەڵ گۆڤاری "نووسەری نوێ"ی لقی هەولێردا

لەنێو ئەو هەڵکشانو داکشانەی کە ئەمڕۆکە شیعری نوێی کوردیمان بەخۆیەوە گرتووە، کەریم دەشتی_ی شاعیر بەتوانستو داهێنانە هەمەچەشنەکانییەوە.. بەشەپۆلە بەرزەکان هەڵدەزنیو هەمیشە خۆی بەرچاو نیشان دەدات، لە یەك پنتی داهێنانیشدا ناوەستیو بەدوای شتی تازەو دانسقە سەرقاڵەو بەردەوام لە سۆراغی خۆ نوی کردنەوەی خۆیەتی، کە ئەمەش هێمای بەرهەمی نویو زیندوویی تواناکانی دەردەخات، وەك شاعیر دەنگێکی دیاری بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردییە، لە کۆتایی حەفتەکانی سەدەی پێشوو بەدواوە لەڕێگای شیعرەکانییەوە ناسراوە، دەکری بە کەریم دەشتی بگوترێت ڕۆشنبیرێکی فرەڕەهەندو فرەداهێنان، چونکە جیا لە شیعر لە ڕۆمانو ڕەخنەو وەرگێڕانیشدا خۆی نزیك کردۆتەوەو بەرهەمی بەچێژی پێشکەش کردووین، بەڵام شیعرو کەریم دەشتی مەسافەی نێوانیان زۆر نزیکە، پێشدەچێت لە هەموو تەرحە ئەدەبییەکانی دیکەی زیاتر خۆش بوێت، بۆیە زیاتر کەریم دەشتی بە سیفاتو ڕەنگو بەرگی شیعرەوە دەناسرێتەوە، لەم دیمانەیەدا هەوڵ دەدەین گەشتێك بەنێو خەیاڵو بیرکردنەوەو بۆچوونە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە بەرزە ئەنجام بدەینو لە ئاکامی پرسیارو وەڵامەکاندا کەشوهەوایەکی سوودمەندانە بۆ خوێنەران بڕەخسێنین..

*** لە دواین بەرهەمە شیعرییەکانتدا بەرەو منداڵیو جاحێڵیو ساکاربوونەوە دەڕۆن، ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کۆتایی بە وێستگەکانت هاتووە، یان تێهەڵچوونەوەیەکی دیکەیە بەرەو پڕۆژەیەکی گەورەتر..؟**

_ من پێم وایە لە شیعردا هیچ جۆرە مەساراتێك بەرەو سەرەوە یاخود بەرەو خوارەوە لە ئارادا نییە، دەخوازم بڵێم لە شیعردا خەتی بەیانی بوونی نییە، تاکە شتێك لە مەودای داهێناندا هەبێت، بی ئەو هێڵە بەیانییە شیعرە. هەڵبەت من مەبەستم شیعری ئەو شاعیرانەیە

کە خودانی ئەزموونێکن لە شیعر، خودانی جیهانبینی تایبەت بەخۆیانن‌و دەزانن چۆن تەونی شیعرەکانی خۆیان لە هەموو دەمێکدا تازە بکەنەوە، تازەکردنەوە مانای ئەوە نییە تۆ بەدرێژایی ئەزموونی خۆت لەخۆت جیاببیتەوە، ئەوەیان وەکو من و منی بالآیە، ئەگەر لەیەك ببێتەوە دەمرێت. چوونەوە بەرەو منداڵی لە شیعردا چوونەوەیە بەرەو ئەزموونێکی قووڵتر لە ئەزموونی پێشتر، سادەیی بەو مانایە نییە کە ئەزموونەکە سادەتر دەبێتەوە، بەڵکو بەو مانایەیە کە زیاتر لەناو ئەزموونی نووسینی شیعردا قووڵ دەبییەوە، شاعیر هەمیشە دەبێ پرۆژەی بەهێزتر لەپێشووی خۆی لەبەر چاو بێت‌و هەمیشە لەگۆڕاندا بێت، گۆڕانێك دابڕانی ئەدەبی‌و شیعری دروست بکات‌و ببێتە خاوەنی خەسڵەت‌و دەربڕین‌و بینینی تازە، کە لەگەڵ هەموو خەسڵەت‌و دەربڕین‌و بینینەکانی پێشووی خۆی جیاوازبێت. شاعیر بەدرێژایی ژیانی دەتوانێ بەهەمان تێڕوانینەکانی سەرەتایی خۆی شیعر بنووسێت‌و هەمیشەش لە گۆڕاندا بێت، مانەوە لەسەر یەك نەمەت گرفت نییە، بەڵکو گرفت لەوەدایە کە لەنێو ئەو نەمەتە شیعرییە لوول بخۆیت‌و نەگۆڕێیت، وایتمان تا مرد یەك نەمەت شیعری نووسی، بەلآم پڕ لە گۆڕان بوو، هەردیی شاعیر یەك نەمەت شیعری نووسی، بەلآم جاویدان بوو.. ئیدی نموونەمان لەم جۆرە شیعرە زۆرن. لە بەرهەمەکانی دوایی خۆمدا، هەوڵم داوە خۆم بم، بەلآم خودێك کە هەڵگری پەیامێکی تازەترو لێکدانەوەیەکی قووڵترو بینینێکی ڕوونتر، هەڵبەت هەمیشەش بەرەو پرۆژەییێکی شیعریی جیاو جیاوازتر، ئەمەش هەمیشە دەنگی ناوەوەی داهێنانە کە بەرەو مەعالیمە گەورەکانمان دەبات‌و ئاسۆکانی دیکەی داهێنانمان پیشان دەدات. شیعری باش لەناو شەبەنگدا خۆی ڕەنگڕێژ دەکات کە بەهەموو ڕەنگەکان دروستیان کردووە.

ماوەتەوە بڵێم من هەوڵدەدەم شیعرێکی باش بنووسم، جا ئەو باشییە لەنێو هەر بڕگەیەکی تازەبوونەوەدابێت، گرنگ ئەوەیە هەڵگری شووناسی داهێنان بێت.

*** ڕێبازە ئەدەبییەکان یەك دوای یەك ڕابردن‌و ئێستا قۆناغی (دەقی کراوە)یە، لە شیعری کوردی ئەم ڕێبازە بە چاکی بەرجەستە کراوە، بەبیروبۆچوونی ئێوە دوای ئەو تەوژمە چی دیکە سەرهەڵدەدات؟**

_ لەخودی ئیقاعی سەردەمدایە کە هەموو شتێك بێتەکایەوە، ماوەیەك دەخایەنی‌و ئیدی بیرۆکەی تازەو ڕێبازی تازە جێیان پی لەق دەکاو لێکدانەوەی تازە دێتەکایەوە، ئەدەبیش

هەروایەو بەدەر نییە لەم حاڵەتە، لەڕاستیدا من تائێستاش نازانم دەقی کراوە چییەو دەقی داخراو چییە، ئەگەر یەکەم بەو مانایە بێت کە دەقی شیعری فەزایەکی ڕەهای هەبێت ئەوە هەر لە پاش قۆناغی کلاسیکەوە لە ئەدەبی ئەوروپیو ئەدەبی کوردی هەر هەبووەو هەمیشەش بەردەوام دەبێت، خۆ ئەگەر دەقی داخراویش بەو چەمکە بێت کە دەرگاکانی خۆی لە ڕووی فکرو لێکدانەوە دابخات، ئەوە پێی ناگوترێت دەق، بەڵکو ڕەهەندێکی بنبەستە، دەقی کراوە هەر لەو سەردەمەوە سەری هەڵدا کە شاعیران پاشینەی مەعریفییان زیادی کردو بەرەو ڕەهایی دەچوون، بەتایبەتی گرووپی جاك برێڤەرو ئەوانەی کە لەسەر دەستی ئەو کاریان دەکرد، ئەوکات زیاتر تێرمی دەقی سپی لە ئارادا بوو، کە هەموو دێڕەکان دێڕەکانی پێشوویان دەکردەوەو شێوەیەك لە ئینفینیتییان دەبەخشییە فەزای شیعرەکانیانو پەیوەست نەبوون بە ڕەوتێکی سیمبۆلیزمی، ئەفسانەییو پاشان ئایندەخوازەکان پەرەیان پێداو فۆرمالیستەکان تەواویان کرد، تا لە بەرداشی کۆتاییدا بەتایبەتی لەناو عەرەب بوو بەدەقی تەدویری. من لە دەقەکانی خۆمدا، زۆر بایەخ بەو زیادەکارییانە نادەم، چونکە من باوەڕم بەوە هەیە هەموو دەقێکی جوان هەموو سیماو خەسڵەتەکانی سەردەمی تێدایە، ئەمڕۆ لەدوای هەموو ئەو تەوژمانەوە، وردە گەڕانەوەیەك هەیە بۆ چوونەوە سەر خەسڵەتەکانی پێشترێی نووسینی دەقی شیعری، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مەشغەڵەتی خوێنەر کە هێزی ئەوەی نەماوە، هێندە بەدوای ئەو جۆرە دەقانەدا بگەڕێت لەکاتی خوێندنەوەدا، کە جۆرێك لە دژواری بۆ دروستدەکەن، زەمەنەکە خێرایە، دەبێ شیعریش گۆڕانی لەخۆیدا دروست بکات.

*** لە ئەورووپا شیعر بەرەو کزی دەچێت، لە ڕۆژهەڵاتیش ئەو بایەخەی سەردەمانی پێشووی زێڕینی نەماوە، ئایا ئایندەی شیعر لای تۆ ڕەوشەنە یان...؟**

_ بە کورتی ئەوە دەڵێم مادامەکی شیعر لەناو ناوەرۆکی جوانیو ڕۆحی ئەڤین کاردەکات، مادامەکی شیعر پەیوەستە بەڕۆحی داگیرساوی ئینسان، مەحاڵە کۆتایی بێت. شیعر مۆدێکی سەردەم نییە تا بەسەربچی، بەڵکو پەیوەندیی نێوان نادیارو مرۆڤ، جا هەمان ئەو نادیارییەیە وادەکات کەڵکەڵەی ناخی مرۆڤ ختووکە بداتو بەردەوام بێت، ئایا دەکرێت مرۆڤ دەستبەرداری ئەڤینو جوانی بێت؟

له ئەورووپا شیعر بەرەو کزی نەچووە وەك باوە وا دەڵێن نا، بەڵكو چەرخەڵەی تەكنۆلۆژی زۆر خێراو تیژپەڕە، تروسكەی شیعر لەناو تروسكەی ئاسندا هەردەمێنێ، بەڵام ڕەنگە هی ئاسن بەهێزتربێت، چونكە گوزارشت لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و ئابووری دەكات، بەڵام هەمان ئەو تروسكەیە هەر هەیەو دەمێنێ. شیعر گۆرانی بۆ ناخ‌و ویژدانی پواوەی خودەكان دەڵێت، كارێكی گرنگی خودێكی تاك‌و تەنهایە، لە كۆتاییدا دەڵێم: ئایا هەستی مرۆڤایەتی كۆتایی دێت؟

*** شیعری ئەمڕۆی كوردی بە بەراورد بە شیعری نوێی عەرەبی‌و توركی‌و فارسی لە كوێدایە؟**

_ شیعری كوردی هەیەو دەڕوات، بەڵام جیاوازیی نێوان شیعری كوردو میللەتانی دیكە لەوەدا دروستدەبێ كە ئەوان دەستیان دەڕواو شیعرەكانی خۆیان لەڕێگەی هەزاران دەزگای وەرگێڕانەوە بەدنیا دەناسێنن، بەڵام شیعری كوردی هەمان ئەو دەزگایانەی نییە، تا بە میللەتان بناسێنری، دەنا شاعیری باش‌و شیعری باشمان هەن.

ئێمەش بیردەكەینەوە، دەخوێنینەوە، ئەزموونمان هەیە، هەڵەیەكی گەورەیە بڵێین هەمان ئەو میللەتە هێزی داهێنانی نییە، من وای دەبینم، كە شیعر هەڵقوڵاوی ئەزموون‌و مەعریفەتە، هەڵقوڵاوی كتێبەو پرۆسەی بیركردنەوەیە، ئایا كەسی هەیە بلێ شاعیران بیرناكەنەوە، كەواتە سەرجەمی میللەتان خاوەنی وزەی نووسینن، هەڵبەتە جیاوازیش هەردەبێ.

*** زۆر كەم خۆتان لە شیعری سیاسی دەدەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە باوەڕتان بەجۆرە ستایلە نییە، یاخود متمانەتان بە سیاسەتمەداران نەبووە؟**

_ من لەو باوەڕەدام یەك جۆر شیعر هەیە كە هەموو بابەتەكان دەگرێتەخۆ، ئەویش شیعری باشە، ڕەنگە لە قۆناغێكدا شیعری سیاسی هەبێت، دیوانی شیعری واڵت وایتمان كە بەناوی_أوراق العشب_ە، سیاسییە، بەڵام دروشم نییە، گوزراشتێكی گەورەیە لە

تووڵانەوەی مرۆڤ، ناتوانین بڵێین وایتمان بە مەبەستی سیاسی شیعری نووسیوە، ئەو گوزارشت لە ئەمریکا دەکات، بەڵام بە ڕۆحێکی داهێنانەوە. شیعری سیاسی پەیوەست نییە بە سیاسەتمەدارانەوە، بەڵکو بە ژیانی مرۆڤ لەبن دەستی ئەو سیاسەتمەدارانەوە. من زۆرم نووسیوە کە گوزارشت لە میللەتەکەم دەکا، بەتایبەت لە دیوانی خاكو هەڵۆ، بەڵام باوەڕم بە دروشم نییە، هەمان ئەو دروشمانە زەرەرێکی زۆریان لە کولتووری شیعری کوردی داوە، کەڵەکەیەکی زۆری دروستکردووە بێ ئەوەی هیچ کاریگەرێتی هەبێت، شیعری (ئەی ڕەقیب) بۆ ئەوە نووسراوە کە هۆیەك بی بۆ بێدارکردنەوەی خەڵك لە ژیانو چۆنییەتیی ژیانی خۆیانو هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی ئەو خەڵکە لەدەست زوڵمو زۆرداری.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی شیعری کوردیش بەدنیا بناسێنرێت؟**

_ شیعری کوردی کە نەیتوانیوە سنوورەکان ببەزێنیو بگاتە دنیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ دەزگایەکی وامان نییە خەم لەم کارە بخوات، دەخوازم بڵێم ئەگەر دەزگایەك نەبێت لە خزمەتی ستراتیژییەتی ڕۆشنبیری کوردی بێتو بەرهەمەکان بۆ زمانەکانی دیکە وەربگێڕێتو بە دنیایان بناسێنی، ئەوا بەم زمانەی کوردیی خۆمان، ناتوانین بگەیەنە سنوورەکانی دنیا و ڕۆشنبیریی دنیا وەرمان بگرێتو بمانخاتە لیستی خۆیەوە، جا ئەگەر بەو زمانانە نەگەینە دنیا کی بە کوردی جگە لە خۆمان دەمانخوێنێتەوە!.

*** بە ڕای ئێوە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر دەقێکی شیعری چ لەڕووی هونەرییەوە بێت یان بابەتی، خۆی لەچیدا دەبینێتەوە؟**

_ بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەردەقێکی شیعری لەوەدا تۆکمە دەبێ، کە هەڵگری مانایێکی بەهێزو کاریگەربێتو لە فۆرمێکی جواندا خۆی بنوێنێو لەناو زمانێکی بەهێزدا مەلەبکات. بەمجۆرە سێگۆشەیماناو زمانو فۆرم دەقی بەهێز دروستدەکات. کە شیعر هێندە کارێکی سەختو دژوارە لە هەمان کاتدا هەموو دژوارییەکانی لەناو مانادا دەتوێتەوەو لە فۆرمدا دەبێ بە ئاوو لە زماندا بە هەڵم..

ئەم پرۆسێسە گەورەترین کاریگەرێتی بەسەر خوێنەرەوە هەیەو شاعیر دەبێ بایەخێکی گرنگی پێبدا، شیعری زۆر بڵاودەبنەوە، بەڵام کاریگەرێتییان نابێ لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو خاڵانەی کە دەبنە بنەما بۆ دەقی جاویدان لەو جۆرە شیعرانەدانین، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەیان هێزی مانەوە لەدەست دەدەن‌و لەبیردەچنەوە.

*** دیوانی (کتێبی ئاو) کتێبی موناجاتە..ئەو یارگەورێیە کێیە... کە لەهەموو وجووددا بەرجەستەیە؟!**

_ پرسیارێکی زێدە جوانەو تێگەیشتنێکی شاعیرانەیە سەبارەت بە کتێبی_ ئاو_، بەڵێ دیوانی_ کتێبی ئاو_ مۆتیڤی موناجاتێکی ئەوین قاڵبە، بەو پێیەی کە وێنە لەناو شێوازێکی خوازە ئامێزدا مەلەدەکا، ڕەنگە هەمان ئەو ئەوینەیە لەبەرابەر کەسێکی دیاریکراو نەبێ، یا لە بەرابەر جوانییەکی هەبوودا، ڕەنگە هەمان ئەو ئەوینە لەناو ئەتمۆسفیرێکی کراوەی غەیبیدا بێ، ئەمە شێوەی گواستنەوەی هەموو ئەو مانایانەیە، کە شاعیر بەدرێژایی بوونی خۆی بەدوایدا دەگەڕێ‌و لەتەك خۆشییەتی، بەڵام هەرگیز پێی ڕاناگا، هەر بۆیەش لە داڕشتنی دەقەکانی ئەم کتێبەدا، هەمان ئەو خوازەیە ئەوین ئامێزە، وای کردووە کە گوزارشتەکان هێندە کورت ببنەوە تاڕادەی سپی بوونەوە، چونکە کە دیدگاو جیهانبینی سەبارەت بەو بابەتە نادیارو غەیبییانە فراوان دەبن وەکو_ النفری_ گوتەنی گوزارشتەکان تەنگ دەبنەوە_ **کلما أتسعت الرؤیا ضاقت العبارة** _ تا ئەو شوێنەی هەندێ جار هەمان ئەو موناجاتە لەناو دێڕەکاندا هێندە سادەو ساکارو قووڵ دەبنەوە هەر ئەوەتا جێگەی خوێندنەوەیان دەمێنێ، موناجات لەنێو ئەدەبی هاوچەرخدا پەیوەندییەکی گرینگی نێوان شیعرو تەسەوفە، کە خۆی لە لێواری ئەگزیستانسیالیزم‌و سیریالییەت نزیك دەخاتەوە، کە ئەوە کارێکی سەخت‌و ئەستەمە لەنێو شیعری هاوچەرخدا، نموونەمان لە ئەدەبی کلاسیکیی ئەورووپی‌و کوردی زۆرن، کە هێشتا ڕەخنەگرەکان بۆ ئەم جۆرە بابەتە نەچووینە.. هەر بۆیەش لەوەڵامی ئەوەی کە ئاخۆ دەبێ جێ ئەوینی هەموو ئەو دەقە شیعریانە چ کائینێکی ئەم بوونەیە، دەبێ ئەوە بڵێم یەکێ لە دژوارییەکانی ئەوینی ڕاستەقینە لە شیعردا ئەوەیە، کە شاعیر دەستەپاچەیە لە بەرامبەر بەرجەستەکردنی ئەوجی ئەوینە، کەواتە تاکە ژانرێك کە دەبێ شاعیر کەمەندی خۆی پێ

بهاوێژی، هەمان ئەو موناجاتەیە کە جگە لە توانەوە لەناو فەیزو وەجدی ئەو ئەوینە هیچی تری داد نادات.

*** قەسیدەی (وەك قسەی منداڵان سادە) کە لە (ڕەخنەی چاودێر)دا بڵاوت کردۆتەوە... بەردەوامیی هەمان ئەزموونە؟**

_ بەڵێ من لەو شیعرەدا تەواو درێژبوونەوەی ئاوئاسای هەمان ئەم دیوانەی خۆمم، شیعر دەبێ ئەوەی بۆ بگوترێ، کە ساوی هەموو زەینێك نادا، شیعری قووڵ ڕەوتی ئەوەی هەیە کە بەسەر ئەزموونی هەموو شاعیرەکان درێژببێتەوەو بچێتە ناو کانگەی هەڵچوونەکانیان، لە شیعری وەك_ قسەی منداڵان سادە_ دا من شیعرم هێناوەتەوە ناو منداڵێتیی سروشتو لەپشتی لێکدانەوە ڕەخنەییەکان کارم لەسەر کردووە، لەڕاستیدا هیچ نێوەندێك نییە لە میانی ئاڵۆزیو سادەیی، هەردوو ئەو تێرمە سنووری شیعر لەبەرزیو نزمیدا بەیەکەوە دەبەستنەوە، دەخوازم بڵێم هەموو ئەو سنوورانەی کە لەنێو ئاڵۆزیو سادەیی دروستیان کردووە، ڕێبازە ڕەخنەییە دارینەکانن، ئەگینا کی دەتوانێ جیاوازیی نێوان کارە بەدیع ئامێزەکانی نالی لە دەق خوازە ئامێزەکانی شەکسپیر جیابکاتەوە، من لەو شیعرەدا هەمان ئەو بیرۆکەیەم بەرجەستە کردووە، هەوڵم داوە بە ئاستەم ئاستی ئاکتی شیعر بخەمە قسە.

*** لە هەردوو دیوانی (کتێبی ئاو)و (کتێبی نەی)دا زیاتر بەرەو بایەخدان بە مانا چوویت.. دەقەکان لە دەربڕینو هەڵقوڵاندا وەك کانیاو ڕوونن.. بەڵکو ئەم ئەزموونە نوێیە ڕوون بکەیتەوە؟**

_ بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوەو دەڵێم هەردوو کتێبی ئاو و نەی شەڵاڵکردنی دیدگای خۆمە بە ئاوی جاویدانیی مانا بەرزەکان، ئەو مانایانەی بەرزدەبنەوەو (سمو) دەکەن تا ئاستی قسەکردنو دواندنی عەرشە بەرزەکەی خودا، ئێستەتیکا کە لەوێوە دەبێتە موڵکی شیعری ڕاستەقینە، لەناو ئێمە زۆر شتیان کردۆتە موڵکی شیعر کە بەناهەق کردوویانو موڵکی شیعر نین، تاکە موڵکی شیعر جوانییە، ئەو جوانییە ئەبستراکتە نا کە لەناو تێمای تابلۆیەکدا کاندنسکی بەرجەستەی دەکا... نەء بەڵکو ئەو جوانییەی لە پشتی ئاوەکاندا ڕوونی

دەبەخشێ بە تەبەشی ئاو، دەنگی جاویدانی بە نەی دەبەخشێ بەچەشنی هەموو قامیشەڵانەکان بخاتەوە سەمای خۆیان کە ئەسڵ‌و بناغەی ئەو دەنگەن، تۆ وەرە سەیری دێڕەکانی ئاو شیعری_ مەحوی_ بکە کە چۆن شەلالّی دەنگ‌و ڕوونی بووینە کە موناجاتی خودایین، یاخود ئەو ئێستەتیکاو ئەبستمانەی لە شیعری نالی_دا هەن، چۆن لەناو موناجاتی بەلاغەتدا یاری دەکەن، هەموو ئەوانە ڕاستیی ئەو قسەیە دەسەلمێنن، ئەویش ئەوەیە تەنها شاعیری ڕاستەقینە دەزانی پیشە ئەندێشەییەکەی لەناو چ هەڵەموتێکدا سەرچاوەدەگرێ.

*** چۆن توانەوەی خود لە شیعردا گشتگیر دەکرێ؟**

_ بە گشتی کردن لەناو پرۆسەی شیعردا دروست نابی، بەڵکو شیعر پرۆسەیەکی بە تایبەتکردنی توانەوەی شاعیرە لەناو کۆبەندە ئاڵۆزەکانی ژیان، لەناو ڕەوەزە سەختەکانی دەروون، چونکە توانەوە دەبێ بەدوای ئەو ئاگرەوە بی، کە نە سیمای دیارەو نە دەنگ‌و نە ڕەنگی هەیەو نە زەنا، بەڵکو ئاگرێکە سەرچاوەی لەناو خەرەندە قووڵەکانی ڕۆحی مرۆڤە، بە کورتی توانەوە سەرەتای سەرهەڵدانی خەڵقبوونەوەی شیعرە لەناو بۆتە پڕ لە نهێنییەکانی شاعیر، کە ڕەنگە ئەو تایبەتترین کاری شاعیر بی.

*** زۆر دەقی جوان بەداخەوە هەروا بە بێدەنگی تێدەپەڕن.. کەچی ڕەخنە خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی ترە لە کەشفکردنی ڕەهەندە جوان‌و قووڵەکانی دەق.. هۆی ئەم بۆشاییە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

_ ڕۆژی دی هەموو ئەو شیعرە جوانانەی تۆ باسی دەکەی، ڕەخنەگرەکان لە بەرامبەر پرسیارەکانی خۆیان سەرسام دەکەن، من پێم باش نییە شاعیر خۆی بەم مەسەلەیەوە خەریك بکات، دانتی کە هەر سی بەشەکەی خۆی_ دۆزەخ‌و فیردەوس‌و پاکستان_ی نووسی، لە سەردەمی خۆیدا ڕەخنە بایەخێکی بەم بەرهەمانە نەدا، ئەوە نەبێ گوتیان بەزمانی لۆکاڵ نووسراون، بەڵام ئێستا دەبینی کە سەرچاوەیەکی چەند گرنگی هەموو ڕەخنەگرەکانن.

## وەڵامەكانم بۆ برای شاعیر حەمە كاكە رەش

*** دەمەوێ بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی، منداڵیی تۆ چۆن بوو؟ كەی هەستت كرد كەگەورە بوویت؟ چین ئەو وێنەو خەیاڵ و تابلۆیانەی كەوا لە سەردەمی منداڵییەوە تا ئێستا بە شێكی دانەبڕاون لە رۆحی تۆ؟ ئایا لە منداڵی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان تۆو شیعردا هەبوو؟**

_ من پێم وایە لە شیعردا هیچ جۆرە رەوتێك بەرەو سەرەوە یاخود بەرەو خوارەوە لە ئارادا نییە، دەخوازم بڵێم لە شیعردا خەتی بەیانی بوونی نییە، تاكە شتێك لە مەودای داهێناندا هەبێت، بێ ئەو هێڵە بەیانییە شیعرە. هەڵبەت من مەبەستم شیعری ئەو شاعیرانەیە كە خودانی ئەزموونێكن لە شیعر، خودانی جیهانبینی تایبەت بەخۆیانن‌و دەزانن چۆن تەونی شیعرەكانی خۆیان لە هەموو دەمێكدا تازە بكەنەوە، تازەكردنەوە مانای ئەوە نییە تۆ بەدرێژایی ئەزموونی خۆت لەخۆت جیاببیتەوە، ئەوەیان وەكو من‌و منی باڵایە، ئەگەر لەیەك ببێتەوە دەمرێت. چوونەوە بەرەو منداڵی لە شیعردا چوونەوەیە بەرەو ئەزموونێكی قووڵتر لە ئەزموونی پێشتر، سادەیی بەو مانایە نییە كە ئەزموونەكە سادەتر دەبێتەوە، بەڵكو بەو مانایەیە كە زیاتر لەناو ئەزموونی نووسینی شیعردا قووڵ دەبییەوە، شاعیر هەمیشە دەبێ پڕۆژەی بەهێزتر لەپێشووی خۆی لەبەر چاو بێت‌و هەمیشە لەگۆڕاندا بێت، گۆڕانێك دابڕانی ئەدەبی‌و شیعری دروست بكات‌و ببێتە خاوەنی خەسڵەت‌و دەربڕین‌و بینینی تازە كە لەگەڵ هەموو خەسڵەت‌و دەربڕین‌و بینینەكانی پێشووی خۆی جیاوازبێت. شاعیر بەدرێژایی ژیانی دەتوانێ بەهەمان تێڕوانینەكانی سەرەتایی خۆی شیعر بنووسێت‌و هەمیشەش لە گۆڕاندا بێت، مانەوە لەسەر یەك نەمەت گرفت نییە، بەڵكو گرفت لەوەدایە كە لەنێو ئەو نەمەتە شیعرییە لوول بخۆیت‌و نەگۆڕێیت، وایتمان تا مرد یەك نەمەت شیعری نووسی، بەڵام پڕ لە گۆڕان بوو، هەردیی شاعیر یەك نەمەت شیعری نووسی، بەڵام جاویدان بوو.. ئیدی نموونەمان لەم جۆرە شیعرە زۆرن. لە بەرهەمەكانی دوایی خۆمدا، هەوڵم داوە خۆم بم، بەڵام خودێك كە هەڵگری پەیامێكی تازەترو لێكدانەوەیەكی قووڵترو بینینێكی ڕوونتر، هەڵبەت هەمیشەش بەرەو پڕۆژەییێكی شیعریی جیاو جیاوازتر، ئەمەش هەمیشە دەنگی ناوەوەی داهێنانە، كە بەرەو

مەعالیمە گەورەکانمان دەبات‌و ئاسۆکانی دیکەی داهێنانمان پیشان دەدات. شیعری باش لەناو شەبەنگدا خۆی ڕەنگڕێژ دەکات کە بەهەموو ڕەنگەکان دروستیان کردووە. ماوەتەوە بڵێم من هەوڵدەدەم شیعرێکی باش بنووسم، جا ئەو باشییە لەنێو هەر بڕگەیەکی تازەبوونەوەدابێت، گرنگ ئەوەیە هەڵگری شووناسی داهێنان بێت، ڕابردووی منداڵێتی هەرچەند تفت وتاڵ و ون و نادیار بێت، بەڵام هەمیشە ئەو موچڕکە شیرین و پڕ حەسرەتەیە، کە هەوایەکی شادی و نۆستالیژی تژی حەنین بۆ مرۆڤ دروستدەکات. ئێستێشی لەگەڵدابی سەرچاوەی ئەشق بە ڕابردوو، کە منداڵێتی بەشێکێتی، کوێرنەبۆتەوە، پێشم وا نییە وەها زوو مرۆڤ دەستبەرداری خەزنەی ڕابردووەکانی خۆی بێ، مەرج نییە ڕابردوو شیرین بێ تا خەڵکی هێندە عەوداڵییان بێت، بەڵام داهاتووەکانی مرۆڤ وا دەکات کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ ئەو ڕابردووانە ئاوا هێندە بە گوڕ بێت. لەجیهانی هەر نووسەرێکدا منداڵی وەك لەشکرێکی پڕ جوانی ڕووپەرێکی گەورە داگیردەکات، زۆر جاران نووسینەوەی ئەو هێرشەی منداڵی دەقێکی لەززەتبەخش دادەهێنێ. شتەکانی منداڵی هەمووی سادەو ساکارن. بەڵام لەقووڵاییدا کاری خۆیان دەکەن و ئاسەوارییان لەناو پانتایی ئێستاکاندا وەدیاردەکەوێ.

ئەم چەند شتانەی کە دەیڵێم بەشێکی زۆر بچووکی ئەو دنیا سیحراوییەی منداڵی خۆمە، ناخی مرۆڤیش زیاتر بەوە دەکرێتەوە، کە ئەوانی دیکە لێی بخۆنەوە، ئەگینا لە گۆشەگیریدا ماناکانی ژیانی دەمری، بەڵام ئەگەر بابایێکی دیکەش بیبیستی دەها باشتر. لەو ژیانەدا ئازارەکان زۆریان هاوچەشن‌و هاوئاوازن.

وەك دایکم هەموو جارێك بۆم دەگێڕێتەوە دنیا هێندە بەرفراوان نەبوو، ئاسمان هێندە پڕ دوکەڵ نەبوو، بەڵکو گوندێکی تەواو بچووك بووە، پەیوەندییەکان سادەو ساکاربوون.. کۆڵانەکان تژی ئەڤین بوون، ژوورەکان پڕ لەسەفاو وەفا بوون، قسەی دایکانیش هەمیشەو تا ئەبەد لەناو ڕەحمی ئەفسانەکانەوە هەڵدەچی‌و جۆرێك لەقوماشی قودسییەت لەبەردەکات، من پڕ زیرەترین منداڵەکانی ئەو بوویمەو جار جارە هێندەم لێ پەست بووە، لە ڕقان منی فڕێداوەتە بەر پڕوشەی باران‌و خوشکەکانم دەگێڕنەوە، دەڵێن ئەوکات لە هەموو دەمێك جوانتر دەبووی، چونکە کە باران لەدەم‌و چاوتی دەدا بەدەست‌و قاچ لە جولەیێکی سەیردا دەبووی بە تەماتە، کەواتە باران یەکەم هاوڕێ‌و میوانی من بووە لە ژیاندا، ئای ئێستێکە من چەند لەگەڵ باراندا دۆستم، چۆن چۆنی دەمگەڕێنێتەوە منداڵی_ بە هەر حاڵ من مایەی هیلاکییێکی زۆری دایکم بووم، هەڵبەت پاییزێکی درەنگوەختیش گێژەلووکەی خۆی دەکرد بە ژووری ساردوسڕی

ماڵەکەمان، کە ئێستا ئەوەندە دڵم بە پاییز دەکرێتەوە ڕەنگە هی ئەوە بێ لەگەڵ لەدایك بوونمدا با چۆتە ناو موخی ئێسقانەکانم... هەمیشە زەنگێکم بەرەو رابردوو بۆ لێدەدات.

زۆر جاران بیر دەکەمەوە کە منداڵێتی ئێمەمانان چەمکێکی جیاوازی هەیە دەگەڵ منداڵێتی دنیاو نەوەکانی ئێستامان، بەوەی کە هەرگیز وەك چۆن ئێستا بۆ منداڵان بیردەکرێتەوە بۆ ئێمەمانان بیر نەکراوەتەوەو وانەبووە، دنیای منداڵێتی ئێمە دنیاییێکی خوڵەمێشی بووە وەکو ئێستا ڕەنگاوڕەنگ نەبووە، ئامانجی منداڵبوون بەوەی کە نەبڕانەوەی نەسلو میراتگری بووە، بۆ نەبڕانەوەی نەسلیش هێندە بەخەم نەبوون ئەوەندەی لە پشتی میراتەوە کاریان کردووە، بەرهەحاڵ من دەمەوێ باسی منداڵێتی خۆم بکەم ((خوایە کارێکی چەند سەختو دژوارە، تاکە شتێکە درۆ قەبوڵ ناکات، ژیانیش بێ درۆی شیرین دژوارە...

**((لایلا کوڕم لایلایی**

**ئاخر لۆ خەوت نایی**

**رووقەندی قەندەهاری**

**بنوو هەتا بەهاری))**

ئەمە لاوانەوەی دایکم بووە بۆ من، هەڵبەت زۆرجاران کە ئەوەشی دەگێڕایەوە دەیگوت تۆمان بردبووە ئەو ژوورەی کە دوور بوو لەحوجرەی باوکت کە پێشتر شوێنی دەواران بووە. هەڵبەت زۆربەی دایکانی کورد کە کوڕەکانیان دەلاواندەوە وردە وردە فرمێسکی یادەوەریشیان دادەباراندو دەگەڕانەوە ناو دنیای جاری جارانییانو رابردووی خۆیان بیردەهاتەوە، چونکە بێ ئەسەر نییە ئێستاشی دەگەڵدا بێ لەهەر شوێنی لایلایەو لاوانەوە بۆ منداڵ بکرێ، فرمێسك جێ بە بزە چۆڵدەکا... هەمان ئەو دڵۆپە فرمێسکانە ئارامی دەبەخش بە دایکان. منداڵی من لەناو گێژاوی رۆژگارو سەختەندازیدا بە ئاستەم دیاردەدا، وەك تاوسێکی خێراو تیژپەڕ بوو، کە بەرەو دۆڵەکان بچیو لەناو تەمێکی خەستدا ون ببێ ئاوایە، بەم پێیە من تەنها لەدوور دوورەوە ئەم سیمایە دەبینمو لێم بەدووردەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی من کە باوکم کۆچی کردووە ئەوەندە بچووك بوویمە تا ئێستا ناتوانم روخساری باوکم بهێنمە بەرچاو، لەو بچووکییەوەش بینیبێتم ئەوە ئاسەواری لەناو مێشكو زەینمدا نەماوە، کە کەوتوومەتە سەر پێکانیشم تەنها

دایکم‌و سی خوشك‌و چوار برام بینیوه، هەندێکیان بچووك بوون... تەنها برا گەورەکەم نەبێ، کە لە دەوری هەرزکاری بوو، ئەگەر دایکم نەبوایە هەرگیز ئەو پیاوە نەدەبووم، وەك ئافرەتێکی هەڵۆ باڵی پڕ لە سۆزی بەسەر ئێمەی منداڵدا داهێناوە، سەرەڕای هەموو سەختییێکی ژیان ئێمەی یەکەیەکە لە پردە دژوارەکانی ژیاندا پەڕاندۆتەوە، بۆیە هیچ شتێکی خۆشی منداڵێتیم پێ نییە بیگێڕمەوە، ئەوە نەبێ، کە منداڵی خۆی لەخۆیدا خەونێکە خۆش، هیچ شتێکم نەبووە وەك منداڵانی دنیا پێیەوە خافڵابووبێتم، هەمیشە لەناو جلێکی هەژارانەوە پێ خاوست بوویمە، کۆڵانەکەمان لە هەولێر هەمیشە لەژێر هەڕەشەی لافاو دابووە، جۆگەلە ئاوێکی هێجگار پیس‌و پڕ لەزبڵ‌و سیاناوی لەناوەندی کۆڵاندا بوو، سەیرە من هەمیشە لەکەناری ئەو جۆگەلەیەدا یاریم کردەوە، کە ملیار ملیار ڤایرۆسی تیا بووە، تۆپێکم نەبوو دایکم بە پەڕۆ بۆی دروستدەکردم، قوناغی سەرەتاییم نیوە لەسەر ئەو جۆگەلەیەو نیوەش لە قوتابخانەی هەولێری سەرەتایی بەسەربردووەو تەواو کردووە، من زۆر زوو چوومەتە خوێندن، پاشان گوازراینەوە بۆ قوتابخانەی_ مەولەوی، کە ئەو دەم دەوامەکەی دیکە قوتابخانەی_ مستەوفی_ بوو، لەبیرمە لەساڵۆنی قوتابخانەکەماندا وێنەییێکی گەورەی مەولەوی کرا بوو لەسەر دار نەخشێنرابوو، بەراستی هەمیشە بەدیار ئەو وێنەوە دەوەستام و بیرم لێ دەکردەوە، بۆیە ئێستا وێنەی مەولەوی لەناو زەینمدا بۆ ئەبەد ناسڕێتەوە، هەروەها کە ئێمە لە دەوام بەردەبووین، قوتابیانی_ مستەوفی_ بە هەموو هێزیانەوە هاواریان دەکرد: ((مەولەوی بەوەی وەبی))، کە ئەوانیش تەواودەبوون ئێمە هاوارمان دەکرد:

((مستۆفی کەرەکەت تۆپی)) ئیدی دەبوو بە هەڵڵا، ئێستێکەش قیژەو هاواری منداڵانم لە گوێدا دەزرینگێتەوە، خودایە ئەوە چ قیامەتێك بوو؟ خودایە ئەوە چ لەززەتێك بوو، کە هیچ فیلمێکی ئێستای دنیا هێندە زاکیرەم تیژناکاتەوە. گەورەترین زبڵخانەی مێژوو لە گەڕەکی تەیراوە بوو، کە هەرچی زبڵ و پاشماوەی پیسی‌و خواردن‌و پۆخڵی شاری هەولێر بوو لەو کەندەدا رووباندەکرد، کەندێکی گەورەی قووڵ بوو، ئێمە لەمنداڵی ناومان نابوو کەندی قووشە شێتی، لەتەك جادەکەی سی مەتری بوو نزیك مزگەوتی حاجی عەبدوڵڵا، کەچی ئێمەی منداڵ کاتێك بەرەو ئەو زبڵدانە دەچووین وەك ئەوە وابوو، کە بەرەو یوتیبیێکی گەورە بچین، بەرەو باخێکی رەنگاوڕەنگ بچین، سەیر ئەوە بوو پێخواست بووین رەنگە یەك ملیار شووشەی شکاویشی تیا بووبی، زبڵخانەییێکی هێندە گەورە بوو کە دەچووینە ناوییەوە تەنها بۆ نیوەڕۆ لێی دەبووینەوە، ئیدی بە دڵخۆشی دەگەڕاینەوە ماڵەوە، نازانم چیمان لەو زبڵدانە دابوو؟ چیمان دەست دەکەوت؟

هێندە عەودالّی ئەو شوێنە پیسە بووین؟ کابراییێکی زبلّڕێژیش هەبوو ناوی عەولا پۆخچی بوو. ئێمە پێماندەگوت ((زبۆ)). کاری ئەو پیاوە پاککردنەوەی تەوالێتەکان بوو و هەر لەو زبلّخانەیە هەلّیدەڕشت. لە منداڵیدا شتێکم وەبیردێتەوە تەزوویێکی خۆش دەدا بە گیانم، ئەویش ئەو ڕۆژانە بوو کە نماییشی سەربازی دەبوو لە ئۆردووی هەولێر. ئەوکاتە بە سەربازگەیان دەگوت ئۆردی، هەلّبەت وەکو ئێستا ترسناك نەبوو، خەلّك بۆ سەیران دەچوونە ناو ئۆردی و کەس پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو، یاخود مالّە هەژارەکان بۆ کۆکردنەوەی سەموونو خواردن دەچوونە ناو ئۆردی. ئیدی لەوێ نماییشی سەربازی خۆش خۆش ئەنجامدەدرا، ئەوکات ئۆردی لە دەرەوەی هەولێر بوو وەك بەهارستانێك وابوو، بەلاّم داخی گرانم کە گەورە بووم خوێنی ڕۆلّەکانی نەتەوەکەی خۆم بینی چۆن لەو بەهارستانەدا هەلّدەڕژاو بەسەریە لەسێدارەیان دەدان. ڕۆژێکیان هەموو منداڵانی گەڕەك کۆبووینەوە ((نایف تیوتیو و جەوهەرو پوتەو قەللاجو ڕەوفە درێژو عەبدوللاّ سلێمان و وەلید زاریو تەحسینە قوتو عارفە خیلّو عەلیکۆو یاسینو سەعۆو کامیلو سالاری کێشکەکوژ... هتد. بە ئەقلّی منداڵانەی خۆمان بڕیارماندا شار بەجێبهێلّینو ڕووبکەینە ناو شاخان، ئەوکات هەولێر زۆر چۆلّ بوو بەهەمان ئەو کەسانەیان دەگووت_ ئەشقیا_ کە لەدژی ڕژێمی ئەوسا ڕوویان لەشاخ دەکرد یاخود دەیانگوت چووینە ناو کۆمەرەی، ئیدی بەڕێکەوتین تا گەیشتینە ناعوری زەمینێکی کشتوکالّییەوە، زۆر چۆلّ بوو.. بۆ ماوەیەك ماینەوە، ئێوارە داهات بە ناچاری گەڕاینەوە، گوایە شارمان جێهێشتووە، ئیدی ئەشقیاکان گەڕاینەوە شار، کە هەرگیز نەچووبووینە دەرەوە. من هەر لە منداڵییەوە هاودەمی گۆڕستان بووم، چونکە گۆڕستانێکی گەورە بەناوی_ قەبرستانی مەلا ڕەشید_ لە نزیك مالّی ئێمە بوو، چەندین بەهاری عومری منداڵێتیم لەو قەبرستانە بەسەربردووە، هەر بۆیەش قەبرستانەکانم خۆشدەوێن، وەك بلّێی لە مێژە هاوڕێمن و هاوسۆزییێکی زۆرم لەگەلّیاندا هەیە، هیچ نووسینێکی سەرکێلّی ئەو گۆڕستانە نییە من نەمخوێندبنەوە، لەم گۆڕستانەدا دوو گومەز هەبوون کە بە چەندین دارودرەختی چڕەوە دەورەدرابوون، ئاوبارێکی خۆشی هەبوو، دارتوویێکی زلی لێ بوو، لەژێر سێبەری ئەو درەختانەوە دادەنیشتین، خۆشترین ڕۆژانی ژیانی منداڵێتی خۆم بەسەربردووە، ئێمە پێمان وابوو کە شوێنی واخۆش لەسەر زەویدا نییە، هەر لەنزیك ئەو گومەزانەوە چەندین کوپەی گەورە گەورەی سەر بە قەوزەی کەسك هەبوون، کە بۆ چەندین سالّ لەمەوپێش دەگەڕانەوە، ئاومان تێدا دەخواردەوە.. ئای لەو ئاوە شیرینە... ئای کە ئاوێکی شیرینو خۆش بوو، پێمان وابوو ئەو ئاوە لە بەهەشت هاتووە، ئێمە هەمیشە لەتەك ئەو

کوپانەوە دادەنیشتین، ئەو گومەزانە بەوەی کەچەند گۆڕێکیان تیا بوو زۆر موقەدەس خۆیان دەنواند، هەمیشە لەبەر چاوی ئێمەدا وەك ئەفسانە وابوون، کە نەماندەوێرا بچینە ژووریانەوە، بەدرێژایی ماوەی منداڵیمان وەژووریان نەکەوتین، مام سەعیدیش، کە مجێوری ئەم گومەزانە بوو یاخود زێوان بوو، ئەویش هەر پیاوێکی ئەفسانەیی بوو.. پیاوێکی پیری خوداپەرست بوو، هەمیشە بەدوای ئێمە دەکەوت، نازانم بۆ ئەوەندە سایەدی ئێمە بوو، ئەم گومەزانە جێگەی زیارەتی خەڵك بوون، جێگەی گەلەکۆیی منداڵان بوو، کە ئێستی بیری لێدەکەمەوە تێدەگەم چەند خۆشبوو خودایە، ئێمە کە دادەنیشتین (یاسین) کە هاوڕێی منداڵیم بوو هەمیشە جگەرەی عارەبی لە باوکی دەدزی، ئێمەش بە دزییەوە دەمانکێشا، ناوەناوەش پیاوانی وەك مام برایم، کە هەمیشە دارجگەرەو شتی دیکەی لەدار دروستدەکردو حاجی سۆر کە تەبیبێکی میللی بوو حەسەنە گەورەو درێژ(لەشیعرێکمدا بەناوی غۆما باسم کردووە) هێدی هێدی دەهاتنە بەر سێبەرەکەو ئیدی کۆڕی قسە گەرم دەبوو، ئێمەش بەدیاریانەوە دادەنیشتین، مەلا سابیر پیاوێکی شەلەی قورئانخوێن بوو رۆژانە خاوەنی گۆڕەکان دەهاتنو مەلا سابیریان رادەسپارد تا بەسەر گۆڕەکان بخوێنی، ئیدی هیچ کاتێ ئەو کابرایەمان بەبێ خوێندن نەبینیوە... لەو سەردەمەدا دایکم کارێکی باشی کردووە کە هەمیشە سەری منی سفر کردووە هەرچەند موعاناتێکی زۆرم بەو سەرە سفرەوە بینیوە، هەر کات دەچوومە ناو منداڵان یەکسەر دەیانگوتو هاواریان دەکرد. ((کودیلەی ئاوی باوێمە ناوی))

یاخود: ((کەچەڵ... کەچەڵ قاقا سەری بەسماقە))

باشترین جوێنی هەمان ئەو سەردەمەی منداڵیم ئەو نەزمە بوو، کە تەواوی منداڵان بە کۆرس دەیانگوتەوە:

**هەڵت دەگـرم دات دەنێم**
**لەناو جۆڕکی کات دەنێم**
**هەتـا دەمرم تێت دەنێـم**

یەکێ لەو شتانەی کە هەمیشە داخی بۆ دەخۆم ئەوەیە، کە من لە منداڵێتی لە گەڕەکێك بووم، منداڵان جگە لە (دار لاستیك) هیچ شتێکی دیکەیان نەبوو، منیش یەك لەوان بووم ــباران بڕەییێکیــ هێجگار زۆرم بەردباران کردووە، ئێستاش وەبیرم دێتەوە ئەو باران بڕانە

هەموو لە ئاسمانی سەر قامیشەڵانی _مام خاڵند_ کە ئەویش تەبیبێکی میللی خەڵکی موکریان بوو، پەڕیبۆوە هەولێرو ئەم قامیشەڵانەی چاندبوو، کۆدەبوونەوەو کاتێك وەبەر گوللەبەردینی منداڵان دەکەوتن چۆن چۆنی لەو تاقەوە سەراو سەر دەکەوتنە سەر زەوی و باڵی رەشی خۆیان لە تاوان پان دەکردەوە، خودایە لەمنداڵان ببوورە ئەوان گوڵی نێو مەلەکوتی تۆن.. ئەوان بێگوناهانە لەززەتیان لەو تراژیدیایە وەردەگرت...من نازانم بۆچی بەرائەتی منداڵی بەو هەموو پاکییەوە هەڵگری ئەم هەموو زوڵمە بوو بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن. ئێمە خانوویێکمان هەبوو لە قوڕ، پەڕپووت، شەوانی هاوینان کە دەچووینە سەربان، ئێواران زوو دەیانڕشاند، بۆنێکی هێجگار خۆش لووتی دەپژاندم من ئەوەندە شەیدای ئەو بۆنو بەرامەیە بوو بووم ئەمێستاش کاتی باران یەکەم پەڵەی بەرخاك دەکەوێ دەگەڕێمەوە ناو کیشوەری هەمان ئەو بۆنە ئەزەلییەی خاكو هەمان ئەو لەززەتە پڕ شەوقەی، کە لەسەربانەوە هەستم پێدەکرد، ئیدی شەو دادەهاتو هەموومان بە ریزە دەنووستین، ئەوەشم لەبیر نەچی هەمیشە شەربە ئاوێکی سارد بەسەر لێواری ستارەوە بوو، ژیان سادەو ساکاربوو، بەر لەنووستن خۆشترین یاری منو براکانم، کە سەیری ئاسمانی شینو زیوینمان دەکرد ئەوە بوو دەمانگوت: ((ئەستێرە پەنگەستێرە، ئاگرەکی باوی ئێرە)).

بەڵام ئێستاش لەوە نەگەیشتووم مەبەست لەو عورفە منداڵییە چی بوو، ئەو ئاگرە چی بوو داوامان دەکرد، پێمان وابوو ئەگەر ئەو ئاگرە بکەوێتە سەربانی ئێمە خانووە قوڕەکەمان دەبێتە کۆشکێکی خۆشو رووناكو رەنگاوڕەنگو شانەشین... ئێمە وامان لێکدەدایەوە.

ئەمە جگە لەوەی هەمیشە چاوەڕوانی بەیەکداچوونی هەردوو ئەستێرەی (لەیلو مەجنون) بووینو پێمان وابوو ئەگەر ئەودەمی، کە خۆیان لێکدەدەن هەر دوعایی بکەین خودا قەبوڵی دەکات... ئای کە خەیاڵیی خۆشی بۆ دروستدەکردین... جگە لەوەش یەکێکمان دەیگوت ئەستێرەیەك بۆ لای چیا دەچێ ئەوەی بیبینێتەوە نۆرەی ئەوە پرسیار بکات ئیدی تا خەوتن هەر ئەوە بوو... بەڵام لێتان ناشارمەوە لە هاتوچوونی ئەو ئەستێرانە لێکدانەوەم دەیبردمە خەیاڵێکی شیرینەوە. خەیاڵێك ئەگەر ئێستاکی هەمبێ وەلێ بەهەمان ئەو گوڕو قووڵییەوە داهێنانی گەورەی لێبکەوێتەوە. من لە منداڵی زۆرم حەز لەتۆپانی بوو، هەموو ئێوارەیەك لەبەر تۆپانی من درەنگ وەختان دەچوومەوە ماڵو هەموو ئێوارەیەکیش چینە لێدانێکی باشم دەخوارد، هەڵبەتە هەر لەبەر خاتری ئەوە بوو، کە من بخوێنم، بەڵام هەمیشە بۆ ئێوارەی داهاتوو دەچوومەوە تۆپانی دەشمزانی کە دەچمەوە جەمێك ئازار دەخۆم... بیرم دی زستانێکی

تووش بوو، من هەمیشە زوو دەچوومە قوتابخانە کە دەچووم هێشتا کەسێك نەهاتبوو بۆ دەوام، رۆژێکیان کە گەیشتمە پۆلەکەی خۆم دنیا هێجگار سارد بوو، کرێوە بوو، بینیم کەوێکی زۆر جوان هاتۆتە ناو پۆلەکەوە، ئیدی منیش کتێبەکانم تورهەڵداو دەرگام داخستو کەوتمە دوای کەوە جوانەکەوە... هێندە بەدوای کەوتمو سوڕامەوە بە ناو رەحلەکاندا، ئیدی سەرما نەما... هێندە هیلاك و شەکەت بووم کەوتمو کەوەکەش لە من هیلاکتر بوو، لە ئاخیری کەوەکە کەوتە ناو تەنەکەی زبڵەکەوەو گرتم، لە باوەشی خۆم نا، گوێم لە خورپەی دڵی دەبوو، ماوەییێکی باش دانیشتم، بیرم دی کەوەکە زۆر بەهێز بووو خۆی رادەتەکاند، کتێبەکانم هەڵگرتو گەڕامەوە ماڵ، کە گەیشتم لەناو بۆڵەبۆڵی دایکمو هاتو هاتی منداڵان خۆم کوتایە ژوورەوەو دەرگام پێوەدا، کەوم بەرهەڵڵای ژوور کرد بێئاگا لەوەی کە کەوەکە باڵی هەیەو دەفڕی، هەر ئەوەندەم زانی لە شەققەی باڵیداو لە کونێکی گەورەی سەر دەرگادا چووە دەرەوە رامکردو رامکرد، بەڵام بی فایدە بوو، رووەو شاخ ئاسمانی شەق دەکرد، تا لە هەتەری چاو ونبوو... ئێستاکەش دڵم لەگەڵ ئەو کەوەدا چووو نەگەڕایەوە،، ئەو دڵەی کە ئێستا هەمە هەمان ئەو دڵەی جاران نییە، کە کەوەکە بردی هەر بە یادی ئەم کەوەوە دوای سی و دوو ساڵ شیعرێکم نووسی بەناوی_ بریقەی زیوی_ کە لە گۆڤاری رامانی ساڵی: ٢٠٠٥ بڵاوکردەوە.

ئێستێش نازانم لە سۆنگەی چی بوو شەڕێکی ئاوا پڕ لە رق تووڕەیی لەمیانی تەیراوەو منداڵانی قەڵا روویدەدا، کە هەموویان منداڵی ئەو شارە خەمگینە بوون، ئایا جیاوازی شوێن بوو، جیاوازی ئابووری بوو، یا جیاوازییێکی شاراوە کە ئێستە دیاردەکانی بۆتە واقیعێکی سەخت خەریکە گرفتاریمان بۆ دروستدەکات!!! ئەسکەندەر ناوێك کە سەرپەرشتی تەواوی منداڵانی تەیراوەی دەکرد، بەڕاستی ئەسکەندەری مەگەدۆنی بوو، لەبەر چاومە تا نیوەی قەڵا خۆیو چەکە قوڕسەکەی کە بەردەقانی بوو هەڵدەکشا، ئیدی ئێمەش هەموومان بەدوای دەکەوتین، هێزێکی سیحراوی لەناو جەستەی هەمان ئەو ئەسکەندەرە بوو، هەمان ئەو هێزەش وای کرد ئەسکەندەر بە گەورەیی لە شۆڕشدا شەهیدبێ، ئەوانەی سەر قەڵا کاریان ئاسان بوو هەر بەردی هەڵیاندەگرت ئەوەندە بەس بوو لەدەست رەهای کەن ئیدی وەك بارانی بەهار دادەبەزێتە سەرمان، لەهەموو شەڕەکان ئێمە بەناچار بەزیو بووین، خودایە زۆر دەترسم بە گەورەییش لەحاڵی حازر لەبەامبەر ئەو سیحرە هەر ببەزین، ئەم شەڕە هەفتەی سی تا چوار جار روویدەدا، هەڵبەت لە هەموو دەوروبەریش... لە گەڕەکەکانی دیکەش هێزی یەدەگی منداڵانمان بۆ دەهات، بەڵام ئەسکەندەری مەگەدۆنی خۆمان هەر نەیتوانی ئەهرامەکانی قەڵا

بگری هەر بەم یادەوەش دوای سی و یەك ساڵ شیعرێکم بەناوی، (بەیەکەوە پیر بووین قەڵا) نووسی لە گۆڤاری بارش بڵاوکردەوە.

دایکم پیاوێکی مەزن بوو، لەهەمان کات ژنێکی مەزنتر بوو، هەمیشە داوای لە ئێمە دەکرد کە کاربکەین، ئەو دەیزانی برینەکە لە کوێیە، خوا قەبوڵ ناکاتیش کە مەکتەب دادەخرا دەستم بەکارکردن دەکرد... زۆربەی کارەکانی من بەو منداڵییە هەڵگرتنی زەمبیلێکی بچووك بووە، یا سینییەك پاقلاوە، یا سەبەتەیەك سەموونی بەکونجی یا سینییەك کێکی عەینەگ یا سابوونی حەلەب، فرۆشتەنییەك و کاسبیی نەماوە من لە منداڵیدا نەیکەم، بۆیاغچی بووم، گوڵەبەرۆژەفرۆش بووم، لەوزینەو گەزۆم فرۆشتووە، سی گەز لاستیك بە درهەمێك، سی پیاڵە بە دینارێك دواجاریش فرۆشتنی شەکرلەمەو پندرلی... لێتان ناشارمەوە لە فرۆشتنی خواردەمەنی لەبەر نەفسنی خۆم هیچ قازانجم نەدەکرد، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو زۆر لەزەتم لەوە دەکرد، کە دەچووم بۆ عەنکاوە، یا ناو کۆڵانە تەنگو تریسکەکانی قەڵات، من بە منداڵی عاشق بووم، کچی هێند جوانی لێبوو، کە لەو تەنگستانە دەهاتنە سەر سینیو زەمبیلەکەم، منداڵیان لێ دەستاندمو شەوانە لە عیشقی هەرزەکارانەی ئەوانە هەر زوو دەکەوتمو لە خەونا تۆڵەم لێدەکردنەوە، هیچ کۆڵانێکی عەنکاوەو قەڵا نەماوە من شارەزای نەبم، ئێستاش نازانم بۆ هەمیشە لەبەر ماڵی کچی کە نە سیمایم لەبیرەو نە ناویشی تەنها شوێنی ماڵەکەی نەبێ، دەوەستام و هاوارم دەکرد... المدرسە الخالدیە... نەجاری نەدوان نەسەدان، خودایە ئەم_ المدرسە الخالدیە دەبێ چ مەبەستێکی منی لە خۆیدا هەڵگرتبێ؟ ئاخر عەشقی منداڵانە لە کوێو دەستەواژەی_ **المدرسة الخالدیة**_ لەکوێ؟!... لە هەمووی سەیرتر شەوانە کە دوای هەموو ماندووبوونێك جێگایان بۆ رادەخستین، بە تایبەت زستانان لەبەر دڵۆپەی باران ژوورەکەمان هەمووی دەکردە قاپو قاچاغ.. تکە تکی دڵۆپە گوێییێکی موزیقی بۆ من پەیداکردبوو، چونکە ریتمی دڵۆپەی بن ساپیتەش ئاوازی بوو، دایکم هەموومانی لەیەك ژوور دەخەواندو ژوورێکی گەورەمان هەبوو، بەڕێکی رەقی گەورەی بەسەر هەمووماندا دادەدا، جا سەیرەکە لەوەدا بوو، ئەم بەڕە وەك تەلەفۆن وا بوو هەرکە لەو سەرەوە یەکێکیان نینۆکی پێدا دەهێنا ئیدی دەنگەکە دەگەیشتە ئەو سەری، هەر یەکەش لە شوێنی خۆی ناوە ناوە ئەم کارەی دەکرد ئیدی تا درەنگە شەوان خەومان لی حەرام دەبوو... باوکم لەنێو پانتایی ئەو دەشتە غەریبەی قەرچوغ دایکمی لەسەدە زۆر دوورەکانی ناو کورددا لە چاو ئێستا بە عاشقی هێناوە، کە بندیان بووەو بە ئەسل وەك تەواوی کورد موسڵمان نەبووینو بوونەتە ئیسلام،

تەنانەت تا ماوەیەك تەواوی بندیانەکان میانەیان لەگەڵ باوکم نەبوو، هەر خۆی ئاشقی عیلمو مەعریفەت بووە، کە دایکیشم زۆر پڕ لە مەعریفەت بووەو کوردی زانیوەو خۆی فێری تورکییەکی باشیش کردووەو تەواوی قورئانیشی لە هەوەڵەوە تا ئاخیر ئەزبەرکردووە... سەیرە باوکی دایکیشم پیاوێکی نورانی پڕ لە حەکایەت بوو، لە بەنی قەومی خۆی نەدەچوو، کە ناوی عەولای کارەسول بووە (عەبدوڵڵا کارەسول)، لەبیرمە کە دەهات ئێمە چەند دڵخۆش دەبووین، بەو ردێنی سپیو سافو نورانییەی ئەو هەموو شتە جوانانەی دەگێڕایەوە، خەزنەیەك بوو بۆ کورد، بەڵام ئاخ مردو هەمووی لەگەڵ خۆی بردە گۆڕ، سەیرە باوکم هەتا مابوو وەك دەگێڕنەوە بەشەوو رۆژ زیاتر لەدوازدە سەعات موتالای دەکرد، کە ئەوی دەمی موتالاکردن بەو مەودا درێژەی هیچ مانایێکی بۆ خەڵك نەدەدا، من کە ناتوانم باسی باوکم بکەم لەبەر ئەوەیە من هەستی بینینی باوکم نییە، دەتوانم بڵێم نەمدیوە، شێوەی، ئادگاری، رۆیشتنی، دانیشتنی، خواردنو تووڕەبوونی، دڵخۆشیو شادیو خەمباری... هیچی لێ نازانم... کەسەرێکی گەورەیە کەسێك باوکی خۆی نەبینی_ بەڵام ئەوەی کە دەیگێڕنەوە سەبارەت بە باوکم ئەوەیە مرۆڤێکی هەتا بڵێی زیرەك چاونەتەرس و دژە ئاغا بوو.

بەراستی منداڵێتی من خۆڵەمێشی بووە.. دیارە نوقمی ئەو بارو زروفە بی رەنگورەنگاورەنگیی بوو، کە منداڵ ئاشقێتی. رەنگ گرینگە لە ژیانی منداڵدا، من لەو رەنگانەم نەدیوە، هەر بۆیەش هەمان ئەو رەنگە خۆڵەمێشییە لە زەینمدا چەکەرەدەکات و لە ئێستامدا رەنگە جوانەکانم بۆ دروستدەکات، هێزوگوڕی ئەوەم لا دروستدەکات، کە رەنگێك بخولقێنم لە توانای کەسدا نەبێت بیخولقێنێ، بۆ ئەوەی جێگەی منداڵێتیم بگرێتەوە، ئەوەیان بە شێکی دانەبڕاوە لە رۆحی ئێستاکەمدا، پەیوەندیی منداڵێتی بە شیعر چەمکێکی نادیارو ئاڵۆزە، کە پەیوەندی لە میانی منداڵێتی و شیعر هەبێت، ئەوە بەو مانایە دێت، کە هەر زوو لە منداڵێتی خۆت دابڕاوی و کەوتوویتە ناو سەرەتاکانی بیرکردنەوەو تێڕامان.

*** قۆناغی نوێی شیعری کوردی بۆ چەند قۆناغ دابەشدەکەن؟ گەلێك راوبۆچوونی جیاواز دەربارەی دەست نیشانکردنی سەرەتاکانی تازەگەری شیعری کوردی نووسراون، بە رای تۆ ئەو دەستنیشانکردنانە تا چەند تەواوو بی هەڵەن؟ ئەی تۆ چۆن دەستنیشانی دەکەیت؟**

_ تازەبوونەوە رۆحێکی دیکە نییە وەبەر جەستەی مرۆڤێك یا درەختێك یا هەر نیهادێکی دیکەدا بێت، بەڵکو لەرزینێکی پڕ لەجۆش و خرۆشی بیرکردنەوەو داڕمانی بونیادەکانی ئەو

نیهادانەیە، کە بۆ یاساو ڕێسای زەمەنێك کاریان کردووە و ئێستاکی بڕستی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بوویەرو مەرجەکانی هاوچەرخ نەماوەو دەبێ بە دوای بابەتگەلێك بگەڕێن، کە مەودای دووبارە ژیانەوەیان پێ ببەخشێ، یاخود بە مانایێکی دیکە تازەبوونەوە هاوکاتە لەگەڵ لەکارکەوتنی دیدگاو جیهانبینییەك، کە توانای ژیانیان نەماوە لە ناو پرۆسێسی بیرکردنەوەی تازەدا، ئەوە لەکاتێکدا کاری بۆ دەکرێ ئەگەر بمانەوی لەگەڵ دەرهاوێشتەکانی پەرەسەندنی تەکنەلۆژی و هێرشی بەربڵاوی گلۆبالیزەیشن بژین، یاخود لانی کەم بمانەوی بەرگەی کاریگەرییەکانی بگرین، بە ئۆپۆزیتی ئەم ئاراستەیە ناتوانین چرکەیەك لە نێو شاشەی تازەگەریێتیدا نمایشی دەق بکەین، کە مەبەستی ئێمە لەم تازەنۆشییە جەستەی دەقە یا بە گشتی تێکستە ئەدەبییەکانە، هەفتاکان کانگەی بەڵاو کانگەی سەرهەڵدانی فەوزاییێکی ئێستەتیکی ئەو بەڵایە بوو، بۆیە دەڵێم بەڵا، چونکە ئەودەم هەمان ئەو بەڵایە خەرەندێك بوو، دەبوایە ئەدەبی کوردی بە خۆهەڵدانە ناوییەوە پرۆسێسی خۆکوژی نمایش بکات، کەیسی سیاسی لەلایەك کە لەناو چارەنووسێکی نادیاردا هەنگاوی دەهاوێشت و هێشتاکەش لەناو منداڵێتی خۆیدا دەژیا و هێزی بڕیاردان و دابڕانی نەبوو، لەلاییێکی دیکەدا کۆمەڵگەی کوردی لەنێو ئەوپەڕی دواکەوتوویی دەژیاو لەهەموو ڕوویێکەوە نەشارەزایی و دوورەپەرێزی لە ژێدەرە بەرهەمهێنەرەکانی مەعریفی و فیکری پەنگاوەی دابۆوە، بەتایبەت ڕەوتێکی زمانەوانی وا هەڵێدەسوڕاند، کە هیچ پەیوەندییێکی نە بەزمانی داڕشتنەوە هەبوو نە بە زمانی دیالۆگەوە، بەجۆرە گوتاری سیاسی وگوتاری سۆسیۆلۆژی گوتاری زمان سی بەربەست و سی زیرۆی بی بونیادی هەوڵەکانی تازەگەریی بوون، بۆیە نەیانتوانی بەدرێژایی ئەزموونی دە ساڵ ببن بە پرۆژەییێکی زیندوو، کە داهاتوو ئێستای لەسەر بونیاد بنێین. ئەوەی ئاشکراو بەڵگەنەویستە ئەوەیە تێکستی پەیوەست بە داهێنانی تاك، کە بەری ڕەنجی بیرکردنەوەو داهێنانی تاکەکەسییە بە تەنها ناتوانێ پرۆسەی دروستکردنی کەلتوور بەڕێوەببات ئەگەر هاتوو کاری تیۆربەندی و تیۆریزەکردنی لەگەڵدا نەبێت، ئەوە بیروڕایەکی کوشندەیە کە تێکەز لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کەی ئێمە پێویستیمان بە پرۆسێسی تیۆریزەکردن نییە، هەر ئەوەشە وای کردووە، کە زۆربەی داهێنەرەکان لە هەموو بوارەکانی تێکستدا دوورەپەرێز بوەستن، لەمەڕ مەسەلەکانی خستنەڕووی بیروبۆچونەکانییان، بۆیە گۆشەی ئەم جۆرە نووسینانە لە نێو پانتایی ئەدەبی کوردیدا خاڵییە و ڕەنگە ڕۆژانێك دابێت نەوەکانی داهاتوو پرسیاری ئەوە بکەن: بۆچی نەوەکانی پێش ئەوان لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بووینە؟ بۆیە ئەلێرەوە دەڵێم بەداخەوە شاعیرەکان

جگە لە شیعر چیرۆکنووسەکان جگە لە چیرۆك  شتێکی دیکەیان نەداوەتە دەست، کە رەنگە ئەمەش ئەوە بسەلمێنێ ئەوان بە سوتفە چووبنەتە سەر ئەم دوو ژانرە ئەدەبییەوە، رەنگە هەمدیس ئەوە بسەلمێنێ، کە هۆی نەبوونی شاکاری زۆر هەر ئەو دوورەپەرێزییە بێت لە کاری بەرهەمهێنانی تیوربەندی. بە درێژایی  چەندین دەیەساڵ شیعریی کوردی نەیتوانیوە کاریگەرێتی خۆی ئەکتیف بکات، بەو مانایەی کە برِێکی کەم بە تەنها ناتوانێ بە ئەکتیفکردنی کاریگەرێتی شیعری کوردیی بگرێتەئەستۆ، داهێنانی شیعری کارێکی تاکخوازە، بەڵام کارایی ئەم کاریگەرێتییە پەیوەستە بە چەندێکی زۆرەوە، شیعری کلاسیکی کوردی بە درێژایی چوارسەد ساڵ و بەبوونی چەندین شاعیری گەورەی وەك جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و مەحوی و وەفایی و حاجی قادرو مەولەوی و تەیران و نەوەی دووەمیان، ئەنجا توانییان کاریگەری خۆیان زاڵ بکەن و جاویدانی ببەخشن بە تێکستەکانی خۆیان، هەرواش نەوەی سێهەمی دوای ئەوان، کە توانییان لەکاری نوێکردنەوەدا جۆرێك بە شوێن پێی رەوتی چۆنییەتی کارکردنی ئەواندا برِۆن. هەر بۆیەش ئەو تۆزە داهێنانەی کە بۆ ماوەی ئەو سی ساڵەی دواییە هەیە رەنگە لەنێو تەپوتۆزی ئەو بێهودەییەوە کاریگەرێتی نەمێنێ و  لەبیربچن. دەخوازم بڵێم شیعری ئەم سی ساڵی دوایی نەیتوانیوە بەردەوام لە بەر دیدو بۆچوونی خوێنەرانێکی زۆر بێت وەك شیعری کلاسیك، کە تاوەکو ئێستاش شوێنێکی زۆری لە زەینی خوێنەر دروستکردووە و هەمیشە دەخوێندرێنەوە. ئەمەی رابردوو نائومێدمان ناکات، چونکە داهاتوو کاری ئارکیۆلۆژی خۆی دەکات، رەنگە ئەوە پەنجا ساڵ بێت شیعر کەوتبێتە ژێر باری وەڵامدانەوەی هەندێ پێداویستی رۆحی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، کە ئەمە هەڵەیێکی گەورەیە دەرهەق بە شیعر، چونکە شیعر بەدوای خولقاندنی فەزای جوانی و مەعریفەی ون و فەلسەفەی کاریگەرێتیدا دەگەرِێ و ئاڵۆزییەکانی دەنووسێتەوە، کە پەیوەستن بە هەراسانکردنی رۆحی مرۆڤی هاوچەرخ و هەرگیز رێنیشاندەر نەبووە، ئەم حاڵەتە بەهەمان ئاراستەو بەهەمان شێوە بەردەوام بوو، بەڵام لە ناوەرِاستی هەشتاکان شێوەی بیروبۆچوون و لێکدانەوەی شاعیران خوێنێکی تازەی هەڵسورِاندە ناو جەستەی شیعری کوردی و بابەتەکان بەرەو مەعالیمی تازە دەچوو، بەڵام بەداخەوە لەوێش هەمدیس نەچووە ناو قوماشی تۆمارکردن، ئەگەرچی فۆرمی جیا جیاو قسەو جیهانبینی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، کە دەکرێ لە چەند خاڵێکی گرینگ گەڵاڵەی بکەین:

_ سەرهەڵدانی کۆدەنگی لە رووی چوون بەرەو هەرێمە شاردراوەکانی شیعر.

_ بەجێهێشتنی قۆناخی لالانەوەو شین و شەپۆڕ.
_ سەرهەڵدانی دیالۆگێکی رۆژانەی گەرموگوڕ لەمەڕ مەسەلە گرینگەکانی شیعر.
_ پەیوەستدانی هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان بە تەوژمی تازەکردنەوە.
_ سەرهەڵدانی ترس لە بڵاوکردنەوەی شیعر بە شێوەیێك کە شاعیران لەبەر خوێندنەوەی زیرەکانەی ئەوانی دی زۆر بە وریایی و ئاگالەخۆبوونەوە شیعریان بڵاودەکردەوە.
_ هاتنەکایەوەی رەخنەی تازە کە بابەت و بۆچوونەکان و هەڵگری جیاوازی بوو.
_ شاعیرەکان کەوتنە ئەوەی کە جیهانبینی تایبەت بەخۆیان هەبێ.
_ لەهەمووی گرینگتر دارِمانی میتۆدی سەلەفیەت بوو لە شیعر.

هەر لەدوای کۆتایی هاتنی هەشتاکانەوە و سەرهەڵدانی قۆناخی رزگاری نەتەوەیی، وەك چۆن لەسەرەتای ساڵانی هەفتاوە، کە قۆناخی وچانی سیاسی، وەستانی کاتی تفەنگ بوو، شیعری کوردی کەوتەسەر ئاوازی حەماسەت و درووود و لالانەوەو پیاهەڵگوتن دووبارە شیعری کوردی تازە کەوتە سەر ئاوازی مۆد و پۆرترێتی رابردوو و لاسایی و گەمەی سەقەتی زمان و رەتابەتەوە، زۆربەی شاعیرەکان خۆیان گۆشەگیرکردو نەوەی تازە دەستی بە نمایشی گەنجانەی خۆی کرد، بێ ئەوەی زەحمەتییەك بدەنە بەر خۆو هەوڵێك بدەن بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی تازەی خۆیان، لەمەشدا تێکڕای میدیاکان و رۆژنامەکان رۆڵێکی نێگەتیفیان بینی لە کوژاندنەوەی سەرهەڵدانی شیعرێکی بەهێزی هیومانیزمی، کە هاوشان بێ لەگەڵ تەواوی پەرەسەندنەکانی ئەو قۆناخە، بۆیە هەمدیس ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی بەر لەوەی گەورە بێ پیربوو، بەمجۆرە لە نێو ئەم قۆناخە شیعرییەدا دەنگی جیا جیا و دوور لەیەکگەیشتن سەریهەڵدا، نەوەیێك لەسەرەتای زەحمەتی و خۆرۆشنبیرکردن و بەشداریکردنێکی ئەکتیف لە قۆناخی خەباتی چەکداریدا، لەگەڵ نەوەیێك، کە بەرهەمی شکست و تێکشکانی شۆڕش و نائومێدییەکانی نەتەوە و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم و هەڵگری شووناسێکی رۆشنبیری و کتێب، لەگەڵ نەوەیێك کە بەرهەمی ئەو دوو نەوەیە بووە و نەوەیێکی کەمئەزموون و گەرم، کەچی گەورەترین کتێبخانەو بڵاوکراوەو میدیای لە بەر دەستایە، هەرسی ئەم نەوەیە لە ناو رەوتێکی خاوی دوور لە گەرموگوڕی ساڵانی پێشوو لە جولەدان، بێ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ لە بوارەکانی تۆمارکردنی شاکارو داهێنانی بەپێز لە ئارادابێ، جگە لە

هەوڵی چەندانێك نەبێ، كە ئەوانیش لە ناو هەراو زەنای ئەم رەوتە سڕبووەدا خەریكە دەخنكێن یا ئەوەتا بە ناچار پەناگیردەبن.

_ ئایا لەنێو كۆمەڵگەییێكی دواكەوتوودا داهێنەری گەورە دروستدەبێ تا ئێمە باس لە تازەبوونەوەو تازەگەرایی بكەین ؟

_ ئایا ئێمە دەتوانین باس لە پرۆژەی مودێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتە بكەین لە سەر زەمینێك كەتا تەوقی سەری نوقمی حەكایەتە گەورەكانی پیرۆزی و قودسییەت بووە ؟

_ ئایا هاتنەكایەوەی شاكاری گەورە گەورە بەندە بە پەرەسەندنی باری سۆسیۆلۆژی و ئابووری و سیاسی و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەبوونی كولتوورێكی لە پێشینەی لێوانلێو لە داهێنان و شاكار یاخود داهێنان بەندە بە هەوڵی تاكەكەسی و بەس یا هەبوونی كولتوور و هەوڵی تاكە كەسی بەیەكەوەبەندن؟

_ ئایا پێشكەوتن و سەرهەڵگەڕانی بزاوتی شیعریی پەیوەستە بە فڕێدانی هەمیشەیی پرسیار یا بە شێوەییێكی دیكە ئایا شیعری كوردی بەدرێژایی ساڵانی هەفتاكانەوە بەرهەمهێنەری پرسیار بووە ؟

ئەمانە هەمووی كۆمەڵە پرسیارێكن دەبێ وەڵامیان بدرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە سێ دەیەی رابردووە تاوەكو ئێستا هیچ كارێك لە سەر خودی ئەم پرسیارانە نەكراوە، هەر بۆیەش تا ئێستا هیچ كولتوورێكی رەخنەییمان لە بەردەستدا نییە تا ئەوانەی دواییش كاری لە سەر بكەن.

ئەگەرچی لەم سی ساڵەی دواییدا دەنگی جیاجیای شیعری كوردی سەری هەڵداوە و هەریەك لە ئاوی میتۆدێكی شیعری دەخۆنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییە دیسان بە بێ خوڵقاندنی كاریگەرێتی گشتگیر هاتوەو زیاتر گەمەكردنە لە فۆرمی جیاجیای زماندا، كە پێویستیان بە شارەزاییێكی زۆری ناو زمان و فیكر و مەعریفە و ئێستەتیكاوە هەیە، كە كەمتر بەرچاودەكەوێ، ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێڕامان ودامان لەو ناوەرۆكەی، كە دەیانەوێ بیكەنە تێزی شیعری خۆیان، هەر بۆیەش لەم سی ساڵەی دواییدا ئەوانەی، كە هەوڵیانداوە شیعری باش و خودان كاریگەرێتی گشتگیر بڵاوكەنەوە بە پشت بەستن بە زمانێكی پتەو و خوێندنەوەی فیكر و مەعریفەییێكی زۆرەوە، توانیویانە هەڵگری قەدەرێك لەو پێداویستیانەی شیعر بن و لە ناو رەوتی شیعر بەدیاركەون.

*** تۆ سەرەتا بە شیعر دەستت پێکرد لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری گفتوگۆ جیددییەکانی نێوەندی رۆشنبیری ئێمەت کردووە، دواتر هاتیتە سەر نووسینی نۆڤلێت دوای نۆڤلێت چەند کتێبێکی ناوازەت وەرگێڕاوە، وەك دوا وەسوەسەی کریست، دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایا ئەم هاتن و چوون و گەڕان و گۆڕین و لەو دەرگادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دنیای شیعر یان ئاسمان و پانتایی شیعر جێگای خەون و بینین و خەیاڵەکانی تۆی تێدا نابێتەوە یان چەمکێکی رۆشنبیری وات لێدەکات هەر لە وێستگەی شیعردا نەمێنیتەوەو دەست بۆ ژانرەکانی تر ببەیت؟**

_ سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە یەکەمین ئەزموونی شیعری من لە دیوانی — خاك وهەڵۆ_ دا دەست پێدەکات و دیوانی تەمە سپییەکان دووەم ئەزموونی منە لە شیعر نووسیندا، هەموو ئەو بەشداریکردنانەی من لەمەڕ تیوریزەکردنی شیعر لەو ماوەیەدا سەر بە درێژبوونەوەی هەمان ئەو دوو ئەزموونە شیعرییەم بووە، هەموو ئەو نووسینانەی کە بەدوای ئەمانەدا هاتووە چ لە شیعر و چ لە وەرگێڕان و چ لە نووسینی نۆڤلێت هەر هەموویان لەدایکبووی یەك موعاناتی شیعری بووینە.

من پێم وایە هەموو رۆمانێ یا هەر نۆڤلێتێ خاوەنەکەی شاعیر بێت یا نا پێویستییێکی زۆری هەیە بە سەلیقە و زمانی شیعری، کاتێك دەڵێین زمانی شیعری مەبەستمان ئەوە نییە نووسەر شیعر بنووسێ، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە سۆز و ئەدای شیعرییەت جۆرە کەش و تەشقێکی تراکتیف ئامێز بۆ دەقەکە خەڵق بکات و ببێتە هۆیێ کە بێزاری خوێنەر بکوژێت، تۆ کە لە رۆمان یا نۆڤلێت بتەوێ _ببێتە جێی سەرنجی خوێنەران و راکێشانیان ئەوە دەبێ کەرستەیێکی وات پێ بێ، کە لە دوورەوە رایاندەیە لای خۆت، ئەگینا بە ستایلێکی موقەوایی ناتوانیت خوێنەر بۆ خۆت دروست بکەیت، ئەگەر سەیری پرۆسێسی نووسینی رۆمان و نۆڤلێتی جیهانی بکەین دەبینین ئەوانەی، کە ستایلی شیعرییەتیان ـ نەك شیعر ـ بەسەردا زاڵە زۆرترین خوێنەریان بۆ خۆیان دروستکردووە، بۆ نموونە رۆمانەکانی ئایتماتۆف، نووسینەکانی هاشم ساڵح، سۆنێتاکانی شەکسپیر و رۆمانەکانی کازانتزاکی و شولوخۆف و زۆرانی دیکە.. ئەوەش بەو مانایا نییە، کە دەبێ هەموو رۆمانێك رەچاوی ئەوە بکات، هەیە توانای بەرهەمهێنانی شیعرییەتیان نییە، لە پەخشانە رۆمان یا نۆڤلێتی خۆیان، بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤانە لە خوێندنەوەیاندا ماندووبوونێکی دیکەیان دەوێت و هەڵسوکەوتێکی زۆرتریان گەرەکە بۆ نموونە رۆمانەکانی دۆستۆیۆڤسکی نابێ وەکو رۆمانەکانی یەشار کەمال یا فلۆبیر بخوێنرێتەوە، بەڵکو

ئاست و هەست و چەشەی جیاجیایان گەرەکە، منیش لەو نۆڤلێتانەی، کە نووسیومە هەوڵی دروستکردنی شیعرییەتم داوە، کە زاڵبێ بەسەر رووداوەکان، لە راستیدا بە دەستی ئەنقەست وام نەکردووە، هەر خۆی ستایلی نووسینی پەخشانم وایە و ناتوانم لێی رزگاربم، لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم شیعر سەنتەر نییە، بەڵام پەساپۆرتی پەڕینەوەی هەیە بۆ ناو هەموو سەنتەرەکان.

هەرچەندە ئەم بابەتە زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوە، بەڵام هێشتا ئەوە هەڵدەگرێ کە باس بکرێت و شرۆڤە بکرێت، لە راستیدا هیچ شتێ لە مەودای ئەدەبدا پێناسەیەکی یەکجارەکی نییە، بەڵکو را و بۆچوونی جیا جیا و پێداچوونەوەی جیا جیای بۆ دەکرێ و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، شتێك نییە لەناو زەین و دڵی مرۆڤدا پێی بگوترێ بەهرە، ئەوان دەڵێن بەهرە خۆڕسکەو هەندێ مرۆڤ لەگەڵ لە دایکبووەنەوە خاوەنی بەهرەی خۆیانن، بەڵام لە راستیدا وا نییە، هەندێ کەس هەن زەین و هزر و مەژییان زیاتر گەرم و گوڕترە لە هی کەسێکی دیکەو زیاتر جولەدەکات و خوێنیان تێدا دەگەڕێ، بۆیە زیرەکتر بەدیاردەکەوێ و بەهرەمەندتر بەدیاردەکەوێ، پەیوەندیی نێوان بەهرە و مەعریفە پەیوەندییێکی لەگەڵ یەك گۆڕینەوەیە، واتە لە ئاوی یەکتر دەخۆنەوە، کە بەهرەی زیرەکیت هەبێ و مەژییت جوانتر کاربکات زیاتر سوود لە مەعریفە وەردەگری و دەیخەیتە بەردەستی خۆت، کە خودانی مەعریفەیەکی بەهێزتر بیت.. زیاتر بەهرەت بەگەڕدەخەیت.

بەڵام ئایا شیعر بە تەنها بەهرە دروستی دەکات؟ نەخێر. هیچ شتێ یا راستتر هیچ ژانری ئەوەندەی شیعر سەخت نییە، ئەوەی ئەزموونی خۆی بەهێز نەکردبێ نازانی شیعر چەند زەحمەتە، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ گۆڤار و رۆژنامەکان لە جیاتی ئەوەی پاداشتیان بدایە لە بڕی بڵاوکردنەوە، پارەیان لە خاوەن شیعرەکە وەرگرتبا هیچ کەسێ شیعری وا بە ئاسانی بڵاونەدەکردەوە! چونکە ئەوسا زۆر کەس شیعری بڵاودەکردەوەو پارەی خۆشی دەدا، کەسێکیش ئاوڕێکی لە شیعرەکەی نەدەدایەوە و بە ناچاری دەڵێت با پارەکەی خۆم بەفیڕۆنەدەم، ئەوکات شیعر هێجگار بەهێز بەدیاردەکەوت و خەڵکی دەیزانی شیعر چەند سەختە.

چونکە لە شیعردا تۆ کەسێك دروستدەکەی کە خۆت تەمەننات دەکرد وا بای، دەتەوێت جوانییێك خەڵق بکەیت سەرنجی ژیان رابکێشی، بۆیە ئەزموون جوان و تێر و تەسەل نەبێ شیعرەکە جوان و تێر و تەسەل نابێ ئەمە پەیوەستە بە عەقڵ و مەعریفە و سۆز و سووتان، پەیوەستە بە دیدگا و بینینی جیهان، پەیوەستە بە بیرکردنەوەی قووڵ و بێ ئەمان.. نەك کەف و کۆڵ و سەردولکە و لالانەوە.

نووسەری تژی عەشق و داهێنان لە چەند ساتێکی کورتدا شتەکانی خۆی دەڵێ و کارەکانی خۆی دەکا و دیالۆگی خۆی بەردەوام پێدەدا و ئەرکەکانی خۆشی ئەنجام دەدا.. گەورەترین دەقی شیعری لە چرکەساتی بیرۆکەی خۆی دادەڕێژێ.. ژیان پێویستی بە پێکەنین و قسە و ئەڤینی و نوکتەش هەیە.. نووسین و کاری نووسین عەشقێکە لەگەڵ غەیب، غەیبێکە لەگەڵ نووسەر، ئەوانە سیحر لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە.. ئەو سیحرەی بە مانای ژیان لەگەڵ یەکتری لە باخچەی ئەفسووندا.. حەزدەکەم ئەوە بڵێم من لە هەموو وەڵامەکانمدا دەمەوێ خوێنەر بە کێڵە بەفری هەڵڕشتنی مەعریفە خەریك نەکەم، دەمەوێ پێی بڵێم: ژیانی داهێنەر تەحەمولی قسەی پفدراو ناکات.. نووسەر دەبێ وا لە خوێنەر بکات، کە توانای ئەوەی هەبێ لەگەڵیدا بژیت.. خوێنەر قەرزباری نووسەر نییە، ئێمە قەرزی رۆحمان بە نووسین دەدەینەوەو بەوانیش دەڵێین: شایەدبن.

هەموو ئەو گروپ و گروپکارییەی بەر لە راپەڕین هەبوو، کاریگەریی خۆیان هەبووە، چونکە ئەو سەردەم نووسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا و بازاڕی ئەدەب و رۆشنبیری گەرم بوو، هەروەها ئەدەب و رۆشنبیری ببووە پەنجەرەیەك بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە رووی زمان و شێواز و تیمە و فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ئیدی گەنجەکان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەدا و هەمیشە بە دوای ئەو بەرهەمانە دەچوون، کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا.. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئێستا کە هەموو شتەکان گۆڕاوە، ئەدەب و رۆشنبیری وەکو جاران بابەتێکی سەرەکی نەوەی تازە نییە و گەلێ داهێنراوی دیکە جێگایانی گرتۆتەوە، بە تایبەتی دەرهاوێشتەکانی جیهانگەرایی کە هێجگار پەرش و بڵاوبوونەتەوەو سەراپای هێزو تواناکانی گەنجانی بەلای خۆیدا پەلکێش کردووەو لە زۆر جومگەی ئەو دەرهاوێشتانەدا گەنجەکانی دیلکردووەو لە هەندێ شوێندا سڕی کردوون، بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە گروپەکانی سەردەمی خۆی هەیانبووە، ئێستا وا نییە، جاری بایەخدان بە زمان زۆر کەم بۆتەوە، ئەمەو جگە لەوەی نەوەی تازە عەودالّی زمانی تازەنە و لە هەمان کاتدا عەودالّی فێربوونی زمانی بیانین، کە پێشتر ئەم دیاردانە کەم بوون، هەروەها گەنجی ئێستا کەمتر بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، کە ئۆباڵی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە هیچ کارێکی پەروەردەیی نەتەوەییان لەناو هزری گەنجان نەکردووە تا بایەخ بە بەرهەم و کولتووری سەردەمی خۆیان و نەتەوەکەیان بدەن،، بۆیەش کاریگەریی ئێمەش کەم بووە بەسەر نەوەکانی داهاتوو و ئەوانیش لەگەڵمانا دەژین بەڵام

سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش تا ئێستا بەرهەمی باش لە هەر بوارێك بێت کاریگەریی خۆی هەیە، هەرچەند لە نێوەندێکی کەمیش بێت.

کتێب سەرچاوەی هەموو خەیاڵ و مەعریفەکانە، لە رووی دەست نیشانکردن و ناساندن و کەشفکردن، سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانە، بۆیە سەفەر بەنێو کتێبەکاندا، سەفەرێکی وەهمییە بەناو دنیای واقیعدا، بۆ من کتێب سەرچاوەی هەموو شتەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەفەر و گەشتیش رۆڵێکی گرینگ دەبینن لە رەنگرێژکردنی ئەو خەیاڵ و مەعریفانەی زەین هەڵیان دەگرێ و کۆمەڵێ ئاسەواری گرینگ لە نێو یادەوەرییەکان جێدەهێڵن و لە هەمان کاتدا دەبێتە بەشێك لە ئەزموونی نووسەر، تەنانەت ئەدەبێك هەیە رەنگە ئەوەی بۆ راست بێت کە پێی بڵێین ئەدەبی سەفەر، یاخود سەفەرنامەکان هەڵبەت پەیوەندییێکی زۆر هەیە لە میانی هزر و چاودا، هزر ئەگەر داینەمۆی هەموو ئەندامەکانی دیکەیە بەڵام بۆ مەسەلەکانی ئەدەب و رۆشنبیری پێویستیان بە یەکتر هەیە، لەبەرداشی کۆتاییدا دەڵێم دوای هەموو ئەو شتانە تازەین پرۆسێسی بیرکردنەوەی خۆی گەرم نەکات هیچ بەرهەمێك لە دایك نابێت، بە بێ گەرمبوونی زەین هەموو سەفەرەکان بێهودە دەبن، چاو هەرچەند تیژ بین بی و جوان بە دی بکات پێویستی بەوە هەیە بە فلتەری هزردا بڕوات بۆ ئەوەی بشورێتەوەو رەنگرێژ بن.

هەڵبەت ئەوە تەنها بۆ نووسەران و داهێنەران بایەخێکی هەیە ئەگینا بازرگانی وا هەیە بە هەزاران هەزار سەفەر و گەشت بۆ جوانترین شوێنی دنیا دەکات بەڵام چونکە دیدگای بەسەر ئەدەبەوە ناشکێت هەمووی بە هەدەر دەڕوات.

یەك ستایلی لە نووسین جۆرێك لە بێزاری بۆ خوێنەر دروستدەکات، تا ئەو رادەیەی ئیدی نایخوێنێتەوە چونکە دەزانی چۆنی دەنووسێ و چی دەنووسێ.

فرە ستایلی بۆ نووسەر زۆر باشە، چونکە خۆشی تووشی ئەو حاڵە سەقامگیرییە لە تەمەنێك نایەت ئەم تەك ستایلییە وا لە نووسەر دەکات خۆی لاسایی بەرهەمەکانی پێشووی خۆی بکاتەوە..

*** تۆ لە تەمەنە سپییەکانی رۆح وەك یەکەمین ئەزموونی شیعریت بوو تا ئەمڕۆ بەردەوام لە چڕبوونەوەیەکی جواندا دوور لە تەم ومژی دەستکرد لە بالآکردن و دەنگ زولآلیدای، خەیالّ و وێنە و دەربڕین لە شیعرەکانتدا تووشی چەقبەستن و دووبارەبوونەوە نەهاتوون، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە پشتی شیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە یان رۆشنبیرییەکی فرەرەهەند؟**

_ دیوانی ( خاك و هەلّۆ) یەکەم ئەزموونی خۆشەویستی منە، هەموو شیعرەکانی لەو چرکانەدا نووسراون، کە نەتەوەکەم لەژێر تەپ و تۆزی هێزی بێ رەحمیدا غەرق بوو بوو. بۆیە هەر پارچەیەك لەو شیعرانە وەرگریت لەنێو نائومێدییەکی گەورەدا غەرق بووە، نائومێدییەك لەوەدا سەری هەلّداوە، کە رۆحی نەتەوە بە پۆلای داگیرکەران گەمارۆدراوەو مەودای یەك تاکە جرپیوەی نەماوە. من گوزارشت لەو بێدەنگییە مێژوویییە دەکەم کە نەتەوەکەمی نوقمی ونبوون کردووە... باس لەو هاوارە دەکەم کە لەسەدەکانی زۆر دوورەوە دەگاتە گوێم و هیچ وەلآمێکمان بۆ نییە، باس لەکۆشتنی جوانی دەکەم. باس لەمەرگی مرۆڤ دەکەم، بەلآم نەهاتووم دروشم دارێژم... بەلّکو شیعرم دارشتووە و لەژێر پەردەی ئێستەتیك تانوپۆم پێداوە، من پێموایە دروشم لەشیعردا چ جیاوازییەکی لەگەلّ خودی داگیرکەر نییە. هەر ئەو دروشمەو دروشمکارییە بوو سالآنێکی دوورودرێژ ئەدەب و شیعری کوردی کوشت و توری هەلّدانە ناو مەرگ، خەباتکردن لەپێناو داهێنانی پوختی شیعری سەختە وەکو خەبات لەپێناو رزگاربوون... رزگارکردنی شیعر لە پۆخلی رزگارکردنی نەتەوەیە نابێ بە کەمبایەخی وەرگرین، من لەدیوانی خاك و هەلّۆدا وام کردووە، هەلّبەت ئەزموونی سەرەتاییە نالّێم کاملّە، بەلآم بۆ ئەو سەردەم کە هەمووی دروشم بوو من توانیم ئەو دروشمانە بەدوورخەمەوە لەخۆم.

من هەر لەسەرەتاوە لە یەکەم ئەزموونی شیعری خۆم باوەڕم بەوە هێناوە، کە ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی پێویستیان بە هەموو عومری ئەدیبە یا شاعیرە، تۆ بۆ ئەوەی هەمیشە لە هەلّکشاندا بیت، دەبێ تەمەنی خۆت هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەم کارە مسۆگەرکردبێت، داهێنان پێویستی بە خودی داهێنەرە و لەم رێگەیەوە قوربانییێکی زۆری دەوێ، بەبێ رەچاوکردنی ئەم حەقیقەتە شاکار دروستنابێ، سەرچاوەی هەموو داهێنەرەکانی دنیا لە سەر چەند کۆلّەگەیەکی گرینگ دامەزراوە کە بەتەئکید یەکەمیان هێزێکی ئەبیستمییە، کە خودی نووسەر دەکاتە ئەو چاوە سیحراوییەی هەموو بلێسەکانی داهێنان لە

ناو گلکۆی پشکۆکانی ناو خۆڵەمێش دەبینی هەمان ئەو هێزە مەعریفییەیە، کە شارەزای ڕەهەندەکانی ترت دەکات، ئەمە هەموو حەقیقەتی نووسینەکانی من و ئەزموونی منە و هەر بەو پێودانگە ئەدەبی خۆم بونیات ناوەو من جارێکی تریش گوتوومە و دەیڵێمەوە پرسیارەکەشت ناچارم دەکات من باس لە ئەزموونی نووسینی خۆم بکەم، کە لایەنێکی زۆری مەبەستی تۆ ڕووندەکاتەوە، نووسین بۆ من ڕەزمی مانەوەیە، ڕەزمی ناوەوەی ژیانە بۆیەش هەمیشە لە هەر شوێنێك بم بیر لە نووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین ڕۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بە هیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم، تەنانەت ئەو کاتانەی کە نانووسم هەست بە بوونی تەواوی خۆم ناکەم، ڕەنگە هەبن ئەوە بە حەقیقەتێك نەزانن، بەڵام ئەوان خۆیان وان و هێشتاکە شارەزای ئەم لۆگۆسە نەبووینە، کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێك جگە لە خودی نووسەری ڕاستەقینە کەسی دیکەی تێدا نییە، جیهانێك زێتر لە شەوق و سیحر دەچێ، لە فەریکی ئەو گوڵە گەنمە دەچێ، کە شیری ژیانی تێدا دەجمێ و دەکەوێتە سەماوە، بۆیە نووسین لەدیدو بۆچوونی من ئەنجامدانی فەرزەکانی ئایینێکە لە هی ئایینێکی دیکە ناچێ، کە ئەمە درامای نووسین بێ دەبێ نووسەر بە چ درووودێکەوە بچێتە نێو ئەوپەرستگا پیرۆزەوە، چۆن لەبەردەم ئاگری نێوییەوە بنوشتێتەوە؟ ئەمەیان نهێنییەکە تەنیا ئەو کەسانە پەی پێدەبەن کە لە ناوەوەی پەرستگەکانی خۆیان سرووتی داهێنان بەڕێوەدەبەن.
کاتێك قەڵەم دەگرمەدەست ودەچمە ئاوایی شیعر تەکانێکی بەهێز دەدەمە بەر خۆم وخوێنێکی هێجگار زۆری جەستەم دەخەمە خرۆش، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگەی ئەو هەموو پۆلییە ئاگرانە بگرم کە لە نادیارەوە دەبارێتە سەر ڕۆحم، زۆر جار لەخۆم دەپرسم و بەنێو کتێبەکانەوە دەگەڕێم، دەچمە قووڵایی هەمووکێشەکان، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەم هەموو ئاگرە لە کوێوە دێ وهێندە بە لەززەت هەڵدەپڕژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودەن، مەحاڵە دەرك بەو سەرچاوانە بکەین کە ئاگری نووسین بەرپا دەکەن، چونکەدڵنیام بە دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە هەرچی بەهاو ئیستەتیکای نووسین هەن وردوخاش دەبن و هیچ بەهاییێك بۆ نووسین نامێنێتەوە، ئەلێرەوەیە پرۆسێسی نووسین بۆ من چۆنییەتی پێشوازیکردن لەم ئاگرانە، یاخود پرۆسێسی دووبارە خەڵقکردنەوەی پرۆمیتۆس وکاری ئاگردزینە لە خوداوەندەکان، کە ئەمەشیان قوربانیدان و چوونەژێر باری قەدەرە، ئەو کاتەی قەڵەمم گرتە دەست و خۆم ئامادەکرد ئەوە هێشتا نەچوومەتە نێو ئەو میحرابە موقەددەسەی کەنووسەر تیایا هەموو جوانییەکانی ڕۆحی خۆی بۆ دەقێکی جاویدانی لەدەست دەدا لە پێناوی ئەم

جوانییانەی کە لەنێو دەرگاو پەنجەرەو کەوانەی ئەم میحرابەدا خۆیان حەشار داوەو هاواری قەڵەمی نووسەر دەکەن زگاریان کات لەونادیاری و نهێنیانەوە، هەر بۆیەش لەگەڵ یەکەم ساتی تێکەڵ بوونم بەو زەمەنە نادیارو ئەو جوانییە نادیارانەو ئەو فەزایە بخورییە، هەموو وجودی خۆم ون دەکەم و بەناچاری دەبێ خۆم لە نووسینی شیعر خەڵق کەمەوە، کەواتە نووسین هەمدیس بۆ من ئەنجامدانی سرووتەکانی قەقنەسە لەسووتان و دووبارە زیندووبوونەوەی لەخۆڵەمێشەکەی خۆیدا، کتومت نووسینی شیعر سرووتێکی ئەفسانەیی سیحر ئامێزە، ئەلێرەوەیە کێشە سەختەکەی شیعر دێتە ئاراوە، ئیدی ئەو لافاوە دەست پێدەکاو هەڵدەچێ، کە ئامان و بوار بە هەموو نووسەرێ نادات، نووسەر دەکەوێتە ژێر سرووتی شمشێرەکەی دیموکلیس هاکا بە جوانییەکان کۆتایی پێدێت. ئەلێرەوەو لەهەمان ئەو فەزایە تراژیدی و لەززەتبارەوە من قەڵەم بە کاغەزدا دەهێنم و بێ باکانە، یەکە یەکەی دەمارەکان و تەڵە تەڵە ئیحساساتەکانی خۆم پێشکەش بە جەڵلادەکانی جوانی دەکەم، ئەو جەللادە شەرمنانەی، کە بە ئاستەم دیارن و دیارنین، بەمجۆرە شیعر نووسین لەلای من لەدەستدانی بە ئەنقەستی هەموو رۆح و بۆن و بەرامەی خودە، ئەو خودەی کە بەم کارەوە خاڵی دەبێت لەهەموو ئەوشتانەی کە بەر لەهاتنە نێو ئەو مەعبەدە پڕی بوو لەجووڵەو خرۆش، پڕی بوو لەو هۆکارانەی ژیانیان بەهیواوە لە ئامێزگرتبوو، ئەو مەعبەدەی لە دوورەوە فیردەوسێکی هێجگار غەریبو جێ مەبەست بوو، یاخود یۆتۆپیایەك بوو بۆ (من)ی شیعر، بەڵام کە دەچیتە ناوییەوە بەڕاستی گۆڕستانێکی گەورەی جەستەی (من)ی شاعیرە، بەمجۆرە بەدرێژایی ساڵانی نووسینی شیعر هەمیشە چوونم بۆ نووسین، چوون بووە بۆ نێو ئەو یۆتۆپیایەو هاتنەوەشم هەمیشە گەڕانەوە بووە لەو گۆڕستانە، لەمیانی یۆتۆپیاو گۆڕاستاندا من ئەزموونی نووسینی شیعری خۆم پەرەپێداوەو هەمیشە سیزیف لەناخمدا دەستی بە رەگی بەردەوامیم گرتووە. مەعبەدی شیعر نووسینی من، لە هی هیچ کەسێ ناچێ، تەنانەت دەتوانم ئەوە بڵێم و دەشتوانن لەشیعرەکانمدا ئەوە بدۆزنەوە، کە من شاعیرێکم خودانی مەعبەدێکی وام نموونەی قبووڵ نییە، نە لەدەرو دیوارەکانی دەرەوەی، نە لەشێوەو سیمای کۆشك و تەلاری، نە لەتاق و پەنجەرەکانییەوە، مەعبەدی شیعر نووسینی من نە کەس دیویەتی و نە کەسیش دەیبینێ، پێتان سەیرنەبێ، کە من بۆ خۆم مەعبەدی وام هەڵبژاردووە، لە شووشەی شکاوی مرۆڤایەتی دروستم کردووەو بە کریستاڵی داڕژاوی فرمێسکی مرۆڤایەتی ئاوم داوەو بەپارچە پارچە بوونی جەستەی خۆم ئاڵ و واڵام کردووە، بۆیە ئەوەی قبولێتی خودی خۆی یا خودی شاعیر خۆی بکاتە قوربانی، دەتوانێ مەعبەدێك ئاوەها

بۆ خۆی بونیات بنێ و له نووسینی شیعردا تییێدا فەنابێت و حەللاج ئاسا لەکاتی رشتنی خوێنیدا بۆ ئەوەی خەڵك پێی نەڵێن ترساوەو رەنگی زەرد بووە، بە دەستەکانی خۆی خوێنی جەستەی خۆی لە روخساری هەڵسویوە.. ئاوەها دەبێ بە خوێنی خۆی روخساری خۆی سووربکات. ئەمە مەعبەدی نووسینی منە، کاتێك لە پرۆسەی نووسینی شیعردا لەژێر ستوونەکانی ئەو مەعبەدە دەوەستم خۆم تاقە کەسێکم سەلیبی خۆم لە دەستەو بیر لە پاڵەوانەکانی مێژوو دەکەمەوە (نیچە) کە بە کوشتنی خواکان کۆتایی مێژووی راگەیاند، مەسیح کە بە چوونە ژێرباری سەلیبەوە ترۆپکی هەموو قوربانییەکانی دارشت، کەواتە داهێنانیش بوارێکی دیکەیە بۆ دروستبوونی پاڵەوان، ئەوەی شیعریش دەنووسێ دەبێ سڵ لە چارەنووسێکی ئاوا نەکاتەوە، هەر بۆیەش جاروبار سەر بەرزدەکەمەوەو لە بەرزی ئەو ستوونانە دەگەرێم کە نایابینم... رەنگە سەریان لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا بێ، رەنگیشە سەریان هەر لەلای خوادا بێ، کەواتە من لەژێر سێبەرێکدا مەعبەدم تەی کردووە، کە لە هێزو قودرەتی مرۆڤ نەبێ بەبالآیدا هەڵگەرێ، بەڵام دەبێ پێیدا هەڵگەرێ جا یا سەردەکەوێ یاخود دەبێ بکەوێتە بنەوە، من لەژێر ئەو ستوونانەوە بەدوای رۆحی بەردەوام بوونی شیعرێك دگەرێم جاویدان بێت. کاتێکیش دەچمە بەر ئەو پەنجەرانەی کە لەنێو ئەو مەعبەدە دایە، هەموو رووداوەکان دەبینم، تراژیدیاکانی ئەم سەرزەمینە، ئاگری سووتانی رۆماو پرووشکی فرننەکانی هیتلەرو کارەساتەکانی تزارو تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی.. گەلێ گەلێ لەو تراژیدیایانە دەبینم کە هەرگیز کۆتاییان نایەت، بۆیە هەندێ جار لەبەرامبەر ئەوانەوە هەر لەبەر ئەم پەنجەرانەوە، قەڵەمم وشك دەکاتو ناتوانێ بگاتە ئاستێك لە داهێنان، باسکردن تێیدا گەورەتربێ لە حەقیقەتی ئەو رووداوانە... هەندێ جاریش هەر لەبەر ئەو پەنجەرانەوە فریشتەکانی جوانیو ئۆپێراو سەماکان و فرینی مەلە جوانەکانو مەلەی کچانی بەهەشت، دیالۆژی عاشقەکان دەبینمو ئیدی قەڵەم دەبێـە ئەو ئاسمانەی کە لە باران ناکەوێ، لەبەر ئەو پەنجەرانەوە هەندێ جار شیعرەکانم ئاوی جاویدانی مەلحەمییەت دەخۆنەوەو هەندێ جاریش زەربەی تۆماری خێرا لێدەدەن، ژیانی نووسین لە بەرابەر ئەو پەنجەرانەوە بە راستیو سەختو نهێنی ئامێزە بۆ شاعیر. لەنێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەی مندا ژیانی نوسین بریتییە لە هەڵگرتنەوەی ئەو رۆحەی کە بەدوای وەدەسهێنانی جوانیدا وەك گەوهەری عومر هەڵدەرژێ، ژیانی نوسین بریتییە لە گەران بەدوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەردا دەبێتەوە لەو کاتانەی لەژێر ستوونو پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆرو هەڵوەرینی گەڵاو دروستکردنی هێلانە دەکات، بەم

جۆرەی هەموو شتێ لەو مەعبەدەدا قوربانی دەوێ، هەموو جوانییەك بەشێك لە دارمانی جەستەی دەوێو هەموو داهێنانێك هۆیەكە بۆ خاڵیبوون لەو ئەزموونانەی كە بۆ ساتێكی نووسین كۆیان دەكەیتەوە، ئەم مەعبەدەی من رێگە بە هەموو كەسێكی داهێنەر دەدات، بەڵام هەرگیز زامنی داهێنانیان بۆ ناكات.

من هەر لەهەوەڵەوە تەك تەك خشتم لەمەزارە دوورەكانی رۆحەوە بۆ ئەو مەعبەدە هێناوە، ئاوی جاویدانیم بۆ لە جۆگەلە نادیارەكانی بەهەشتەوە راكێشاوەو قورقوشمی جوانیشم لە سەرچاوەكانی ئاگری دۆزەخەوە بۆ هێناوە، تەنانەت بە نووسینی چەندین و چەندین شیعر نەمتوانی سیمای دەرگایەكی بچووك بۆ ئەو مەعبەدە لەبەر چاوم بەرجەستەبكەم، بەڵكو عومرێكی درێژم بردەسەر تا لەچەند قەسیدەیەكدا ترووسكەی ئەو مەعبەدەم وەك نوورێكی خودایی بۆ بەدیاركەوت، شەوانە لەبەر رۆناهی ئەو تروسكانەوە دەچوومەوە ئاگردانەكەی زەردەشت و وردە وردە ئەو مەعبەدەم بۆ مشتومال دەبوو... گەلێ سات و وەختان مەستانە دەچوومە بەر ئەو قاپییەی لەژێر تروسكایی ئەو مەعبەدەدا بەدیاردەكەوت، سەیری ناوەوەی ئەو دنیایەم دەكرد، هەر هەمووی سیحرو خورافات بوو، ئەفسانە بوو، گێرمەو كێشەی خواكان بوو، ون بوونی ئۆلیس و گومانی هاملێت بوو، دنیایەك بوو تا ئەو ساتەشی لەگەڵدابی، من لەسیحری ئەو مەعبەدە نەگەیشتووم، هەر رۆژەو نهێنییەكم بۆ ئاشكرا دەبێ و هەرساتە لەبەرابەر چڵە نەرگزێكی شیعرەكانم ئاوی ژیان دەخۆنەوە.

رۆژە باراناوییەكانی نێو مەعبەد ئەو ساتانەن لە نووسینی شیعردا لەژێر كڵاورۆژنەی گومەزی ئەو مەعبەدە سەیری دەرەوەی ئەو مەعبەدە دەكەم، چونكە مەعبەدەكەی من كاستالیای هێرمان هیسەو ژوورە گۆشەگیراوەكەی پرۆستە، تەنانەت هەندێ جار گوێم لەقوتابییەكانی مەعبەد دەبێ، كە چۆن چۆنی دوعا بۆ ئەو سەفەرەم دەكەن، سەفەرێك كە لەمیعراجی دانتی دەچێ، دەرەوەی ئەو مەعبەدە بۆ من جەنجاڵێكە لە شیعر، هەن دەنگیان زۆر بەرزەو بەقایم قسەدەكەن، بەڵام هەرگیز لێیان حاڵی نابن، لێرە بۆنی ئەو شیعرانەی دەرەوە لە ویزەی كۆمەڵە هەنگێك دەچێ بەناو یەكدا دەسوورێنەوە، هەندێكی دیكە دەبیستم كە نایانەوێ بچنە نێو ئەو گەرەلاوژەیە و نەرم نەرم كەوتوونەتە سەر جەستەی شیعرەكانی خۆیان و بەهێمنی گەوهەرەكانی شیعر بەسەریەكەوە دادەرێژن، ئەوانە بانگ دەكەمە مەعبەدەكەی خۆم و زۆران جار بەیەكەوە لەنووسینی شیعرو وەدەستهێنانی داهێنان سەفەردەكەین. (نالی و مەحوی) فەرجیلی (دانتی)ین بۆ هەمیشەو بێ وچان رابەرایەتیم دەكەن لەو میعراجە سەختەی نێو

مەعبەدەکەی خۆم وەك دوو ئیمامی گەورەو نوورانی نهێنییەکانی نێو مەعبەدم بۆ بەرمەلا دەکەن، ئەمە چەند نهێنییەکی زۆر بچووکی چۆنییەتی نووسینی منە لەشیعرو تەنیا چەند ساتێکی ئاشکرای نێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەیە.

*** کورد ئەدەبێکی هەیە بەناوی ئەدەبی تاراوگە یان مەنفا، ئەدەبی کوردی تاراوگە ئەگەر هەبێ لەچ ئاستێکدایە، ئەگەر نییە بۆ؟**

_ لەدوای نیوەی سالآنی هەفتاکان بە هۆی بارودۆخی سیاسی، کورد تێکشکاو کەوتە بەر شالآوی داگیرکەران و خاك و نیشتمانەکەی بە تەواوی داگیرکرا، هەر بۆیە کۆمەڵێك خەڵك بە هەموو چین و توێژەکانەوە ئاوارەی وڵاتانی دنیا بوون و بەشێکی زۆریان کەوتنە وڵاتانی ئەورووپی، لە ناو ئەو چین و توێژانەشدا گەلێ لە ئەدیب و نووسەرو شاعیران ئاوارەبوون ئیدی بۆ ئەبەد ساتەوەختی دەرگای سنوورەکانیان لە سەرداخرا و تووشی کۆمەڵێك قەتیعەی کۆمەلآیەتی و قەتیعەی سیاسییان بۆ دروستبوو و بەتەنها مانەوە لە غوربەتدا، کە هەر ئەوەشە ئەدەبی تاراوگە دروستدەکات. ئەدەبی تاراوگە رەنگدانەوەی ئەو رۆحە تەنهایە کە پەنجەرەیەك نییە بەسەر نیشتمانەکەیدا بیکاتەوە، هەر بۆیەش تا کۆتایی هەشتاکانیش هەندەران بۆ نووسەران ئەو غوربەتە بوو، بۆیە جۆرێك لە ئەدەبی تاراوگە دروستبوو.

لەراستیدا من پێم وانییە شیعری تاراوگە بە مانای راستەقینەی خۆی تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا سەریهەڵدابێ، حەزدەکەم ئەوە بزانی کاتێك شیعری تاراوگە دروستدەبێ، کە شاعیرێکی کورد کەوتبێتە وڵاتێکی غەریبیو ئیدی دەرگای لەسەر داخراو بێتو ببڕای ببڕای نەتوانێ بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، بەلآم زۆربەی شاعیرەکانی ئێمە کە چوونەتە دەرەوە، هەمیشە کەم تا زۆر رێگەیان هەبووە بێنەوە وڵاتی خۆیان. شاعیر لەتاراوگە بۆیە دەتوانی شیعری تاراوگەیی بنووسێت ئومێدبڕاو بێ لەگەڕانەوە، تا دێت نیشتیمان لەناو خوێنو رۆحیدا گەورە دەبێ، بەلآم لەهەمان کاتدا بە حوکمی زەمانەو زاکیرە تا دێت سیماکانی لەبەرچاو کالدەبنەوەو گۆڕانەکان چاوی دەگۆڕن ئیدی شیعر دەکاتە بەدیلێکی راستەقینەی نیشتیمانی خۆی، لەو کاتانەدا شیعری تاراوگە سیماو خەسڵەتی خۆی هەڵدەگرێ و جیاواز دەبێ لەگەڵ شیعری ناو نیشتیمان، بەلآم بە بەراوردکردنی بەرهەمی شیعری شاعیرانی دەرەوەو ناوەوە تائێستا هیچ جیاوازییەك نابینم، بەلآم شتێکی دیکە هەیە زۆر بەرهەمی ناوەوە دەخوێنمەوە

زیاتر بوونی غوربەتیان لێدەکەم، شاعیر وەك تاکێکی ئەو کوردە لەبەر باری ئالۆزی ژیانی نەتەوەکەی هەمیشە جۆرێك لەغوربەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە هەمان ئەو دوو نموونەیە دەتوانم بڵێم خەسڵەتی شیعری تاراوگەیان تارادەیەك لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، دیارە نەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان، نەگەڕانەوەی ئەبەدیو قەناعەتکردن بەوەی کە تازە گەڕانەوە نەما شیعری تاراوگە دروستدەکەن. بۆ نموونە جیلی جوبران خەلیل جوبران و میخائیل نعێمە لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەدەبی تاراوگەیان هەبوو، جیلی بەدرخانییەکان توانیان رۆژنامەگەریی تاراوگە دروست بکەن و جیلی پەشێو بەر لە هەشتاکان و جیلی شێرکۆ و رەفیق توانیان هەندێ نموونەی ئەدەبی تاراوگە پێشکەش بکەن دوای ئەوانیش هەندێ لە گەنجەکان بەشدارییان لەم پرۆسەیە کردووە.

*** لورانس پیرین دەڵێت: دەبێ ئەوە بزانرێ شیعر هێورکەرەوەو ئارامبەخش نییە، بەڵکو ئامانجی وروژان و بە ئاگاهێنان و جۆشدانی مرۆڤەکانە، ناکرێ شیعر بکەینە دەرمان و دەرمانی هێورکەرەوە، ئەی تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟ مەبەستی چییە لە بەئاگاهێنانەوەو جۆشدان بۆچی؟**

_ لە راستیدا شیعر جگە لە سەلوایەك زیاتر شتێکی دیکە نییە بۆ شاعیر، شیعر لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەنووسرێ، کە خودی شاعیر بە پێداویستییەکانی رۆحی خۆی بزانی، تا ئێستاش نەزانراوە و ناشزانرێ سەرچاوەی ئەو ئینیدیفاعە چییە شاعیر والێدەکات بەجۆرە خەریکی نووسینەوەی ناوەوەی خۆی بێت، بەڵام ئەوەی کە زۆر لێی دڵنیام ئەوەیە کە هەوڵدەدات تۆزی لە شڵەژانە دەروونییەکانی خۆی کەم کاتەوەو برێك گوزارشت لەو غوربەتە رۆحییە بکات، کە خۆی لە ناو ئافاتەکانیدا دەژیت، رەنگە لەمەیشدا حەزی ئەوەی لا دروست ببێت، کە خوێنەریش لەو ئازارە رۆحییەی خۆی پێ بەشداری بکات، بە دڵنیاییەوە دەڵێم شاعیر بۆ خودە خەمگینەکەی خۆی شیعر دەنووسێت، بەڵام ئەگەر کەسانێکیش هەبن لەززەت لەو نووسینانەی ئەو وەرگرن ئەوە بۆ ئەو مایەی خۆشییەکی بێ کۆتاییە، بۆ نموونە کاتێ من دەمەوێ شیعرێ بنووسم دەمەوێ هەرچی هێزو برستم هەیە لەو شیعرەدا بەخەرجی بدەم، شیعر دیوار هەڵچنین نییە بڵێی ئیمرۆ چەند ریزێکی دەکەمو بەیانیش باقییەکەی، شیعر حاڵەتێکی غەیبییە هەندێ جار لەناو خوێنت بەرجەستە دەبێتو لەگەڵت دەکەوێتە کێشەوە، ئەو دەم

کۆڵی دڵی بۆ هەڵنەڕێژی ئیدی دەڕواو بەسەر دەچێ، جا لەبەر ئەوە دوای نووسینی شیعرێك ئەو گومانە لای من دروست نابێ، چونکە دەزانم شەیتانی ئەو شیعرە لە هەندێ ساتی دیکە خۆم پێ نیشاندەداتەوەو گەفم لێدەکات، هەر بۆیەش دنیامیکیەتی شیعرنووسین جاویدانییە جاری وا هەیە مەودای نێوان شیعرێك و نووسینی شیعرێکی دیکە چەند ساتێکە، هەندێ جاریش هەیە ساڵێکە. هەندێ لەساتێکی دەست پێدەکات تا چەند سات‌و سات بەردەوام دەبێ، لەمیانی ئەو ماوەیەدا، شاعیر لەناو سەرخۆشییێکی سەیردا دەژێت. من پێم وایە راستگۆیی لەشیعردا هیچ چەمکێکی نییە، شیعر خۆی حاڵەتێکە لە پشتی واقیعەوە، لە پشتی راستگۆییەوە، هەر کاتێك شاعیر بیەوێ رەگەزەکانی راستگۆیی بخاتە ناو شیعر، دەبێتە کەسێك کە وەعز بنووسێت‌و خەڵك بە پەندو عیبرەت گۆش بکات. لە سەرەتاوە گوتم شیعر وەهمێکە لەوەهمە جوانەکان کە شاعیر تەسەڵلای دڵی خۆی پێدەکات، من ناڵێم ئەدەب درۆیەکی جوانە، دەڵێم وەهمێکی جوانە لای شاعیر ئەو وەهمەش حەقیقەتە، گومانە. پێشتر باسم کرد کە شیعر کات‌و ساتی تایبەتی خۆی هەیە کاتێك بیرۆکەی شیعر لەناو کرێشمەو رامانی شاعیر دەرسکێ، خودی شاعیر گۆڕانێکی عەجیبی لێ بەردەکەوێ، بە شێوەییێك کە دادەبڕێ لە هەموو شتێك. شێوەی هەڵڕژانی ئەو بیرۆکەیە وەسف ناکرێ، بۆیە تائێستا نەزانراوە چییە ئەم عەوداڵییە بەدوای داڕشتنی شیعری، یان شیعر چ پارسەنگێکی بابەتی بۆ ژیان دروستدەکات، هەر ئەوەشە وا دەکات پرۆسێسی شیعرنووسین.. شیعر وەك تەقینەوە وایە کە ئاگرەکەی هەڵچوو ئیدی بورکانێکەو کات‌و ساتی دیاریکراوی نییە، باوەڕیشم بەوە هەیە کە ئیلهام لەناو هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام پێویستی بەدەستێکی کارامە هەیە بیشێلێ‌و گەوهەرەکانی بدۆزێتەوە. شیعر نیشتمانێکی تایبەتی شاعیرە، زۆر شاعیری بێ نیشتمان لەناو نیشتمانی تایبەتی شیعری خۆیاندا ژیان‌و مردن، بەڵام هەمیشەو تا ئەبەد نیشتیمانی راستەقینەی شاعیر خاکەکەیەتی، کە بۆن‌و بەرامەی دەچێتەوە ناو رەگی شیعرەکانییەوە، هەموو شیعرەکانی گۆرانی بۆ نیشتیمان دەچڕن، بەڵام بە شێوازو ناوەرۆکی جۆراجۆر، من کە بەسەر تەونی بەردێکەوە رامانی بۆ جوانی دەچنم، نیشتیمانی خۆم دەدوێنم، کە باس لەوەرگەڕانی رۆحی مرۆڤێك دەکەم گوزارشت لەباخێکی نیشتمان دەکەم. هەر خۆی چنینەوەی داهێنان‌و پێشکێشکردنی شاکارێکی شیعری با بەسەر لێواری نەرسۆسیەتیش بێت گەورەترین رۆحی نیشتمانییە، (لۆرانس) کە (ژنانی عاشق)ی نووسی پێوەندی بە گۆرانی گوتن نییە بۆ نیشتمان، بەڵام گەورەترین نیشتمانپەروەرێتی مومارەسەکردووە، بەوەی ئەو داهێننانە گەورەیەی

داوەتە وڵاتی خۆی هەرواش (دانتی) لە شاکارەکانی خۆیدا کازانزاکی (زۆربای) نووسی، بەڵام نیشتمانی خۆی زیندوو راگرت بەو بەرهەمە، نیشتمانپەروەریی شاعیرانو ئەدیبان لەوەدایە شاکاری گەورە گەورە بۆ نەتەوەکان جێبهێڵن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم داهێنان کارێکە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، تایبەت نییە بەجوگرافیاییێکی دەستنیشانکراوەوە.

### * پاشەرۆژی شیعرت چۆن دێتە بەرچاو؟

_ قسەکردن لەمەڕ شیعر پێویستی بەدوورخستنەوەی چەمکی حەقیقەتە، کاری شیعر بەرهەمهێنانی حەقیقەت نییە، ئەوە لە مەودایەکی دیکە کاری بۆ دەکرێت، بەڵام پەیوەندیی نێوان شیعرو وەهم پەیوەندییەکی ئەزەلییە، شیعر جگە لەوەهم شتێکی دیکە نییە، وەهمێك، بتوانێ حەسانەوە بدا بە رۆحو پێیەوە بژیتو بەردەوام بێت. میللتن، لە_ فیردەوسی ون_ جگە لە داڕشتنی ئەو وەهمە هیچی دیکە ناڵێت، وەهم لەمنداڵدانی هەمان ئەو مەحاڵە لەدایك دەبێت، کە پێشتر باسمان لێوەکرد، لەهەمان ئەو چرکە خێرایە، کە زەینی شاعیر بەرهەمی دەهێنێ، هەموو شاعیرەکان ئەگەر بەڕاستی دەقی زیندووی شیعر بەرهەم دەهێنن، ئەوە هەڵگری گەورەترین بڕی وەهمن، هەمان ئەو شاعیرانەی پێیان وایە شیعر وەهم نییە هەوڵی بەرهەمهێنانی حەقیقەت دەدەن لەشیعر بۆیە دەقەکانیان هەموو شتێك بێت شیعر نییە، سیحری شیعر لە بە وەهمکردنی ناوەرۆکییەتی، هەمان ئەو رایە، نەك هەر بەسەر شیعرەوە دەچەسپێ، بەڵکو تەواوی ژانرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر دانتی بەهەمان ئەو وەهمەوە نەچووبایە ژێر باری باسکردنی هەقیقەتەکانی ئەو میحراجەی کە کردی_ دۆزەخو فیردەوسو پاکستان، ئەوا هەموو ئەو دەقانەی کە لەو کتێبەدا نووسیویێتی دەبوون بە شتێکی دیکەی دەرەوەی دەقی ئەبەدی، بەڵام قەدەرێکی گەورەی لە هونەری وەهم بەخشیوە بەم شاکارەی خۆی، بۆیە تائێستاش جاویدانی بەخۆیەوە گرتووە، وەهم کاری وەهم بەرهەمهێنانی میوزمێنتە لەشیعر، کە خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێ، شیعر حەقیقەت نادا بەدەستەوە، بەڵکو لە هەقیقەتەکانی رادەکاتو دەشتاییەکانی هەڵدەبژێرێ، سەنتەرەکان جێدەهێڵێو پەراوێزەکان دەکاتە موڵکی خۆی، کاری شیعر چ لە خۆێندنەوەو چ لە نووسیندا کە کردنێکی سیحراوییە لەناو ساتەوەختەکان، مەودای هەڵگرتنی حەقیقەتی نییە، سووربوونی گوڵە کێوییەکان حەقیقەتی سروشتە لە شیعر باسی بکەیتو باسی نەکەیت هەیە، بەڵام کاتێك گوڵێك لەبن

تاشە بەردێ لەتاو سەدان هەزاران باراندا یەکجار نمە بارانێکی بەردەکەوێ، بەڵام لە هەموو گوڵەکان جوانتر دەبێ، ئەمە کاری شیعرە، چونکە تێپەڕی حەقیقەت دەکاتو سەرسامی وەبەردێنی، ئەوە وەهمی شیعرە.

*** ئەو هۆیانە چین کە زمانی لۆژیك و زانست جیادەکەنەوە؟ ئایا جیاوازییان ئەوەیە کە زمانی لۆژیك لە چەند رەگەزو توخمی جۆربەجۆرو زامنکراودا پێکهاتووە و ماوە بە زمان نادات بە ئارەزووی خۆی یاری بکات؟ بە پێچەوانەوە زمانی شیعر لە چەند رەگەزێکی تێکەڵاو و بە یەکداچوو پێکدێت کە تا یاری پێبکرێت دەدرەوشێتەوە؟**

**یاخود ئەرکی شاعیر کەشفی بەردەوامە؟ تۆ لە شیعرەکانتدا دەتەوێ کەشفی چی بکەیت ئایا ئەو کەشفکردنە یارییەکە تەنها قووڵایی زمان خەیاڵ و وێنەو دەربڕینی شیعر بەرگەی دەگرێ یان دەکرێت نووسینێکی ئاساییش بتوانێت ئەو کەشفە بکات؟**

_ هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بە چەند بابەتێکی هەمەلایەن بدەمەوە، کە بەرایی هەموو شتێ دەبێ ئەوە بڵێم لۆژیك لە سەر هەموو ئاستەکان لە دەرەوەی ئەندازەی ریازی و هاوکێشەیی کاردەکات، مەودای نێوان خۆی و زانست لە رووی ئەنجام و بەرەنجام دروستدەکات، کە خودی خۆی ئەنجامی حەقیقەت و نەرێت و رووداو و لێکدانەوەی ئینسانە، لەرێگەی بۆچوونەکانییەوە، ئەو بۆچوونانەی لەمەدارەکانی فەلسەفەوە نزیك دەکەوێتەوە و هەندێ جار دەخزێتە ناو پێوانەیی و هەندێ جاریش دەخزێتە ناو مەوداکانی وێنەیی، لەکاتێکدا زانست و زمانی زانست لەدایکبووی حەقیقەتە و سەلماندن و ئەزموونکاری و ماتماتیکییە، واتە زمان لە لۆژیکدا بە دەراوەکانی تەکنیککاری رانابورێ و بۆ زانستی بە جێدەهێڵێ، کە بەشێکی گەورەی ئەپستمۆلۆژییە. تیۆری ئەبستمۆلۆژیا واتە پێگەیشتنو دەرك پێکردنو ئەندێشەو ئاشکراسازی، کە لە مەیدانی فەلسەفەدا لە تەئەمولی زیندوو بەخشەوەڕا دەست پێدەکات بەرەو بیرکردنەوەی رووت و لە پراکتیك کۆتایی دێ، هەر لەم روانگەیەوە بایەخ بە مەسەلەی ئیدراك و دڵنیاییو مەزەندەکاریو پرسو ئەندێشەو کرێشمەبازی و پراکتیك بەخشین دەدات، جگە لە پەروەرشی خەیاڵو خەوبینینو هەستو چەند شتێکی دیکە، تێرمی (eipisetmology) لەگریکەوە بزافتی وەبەر خۆی داوەو پەرەی سەندووە، هەڵبەت ئەزموونگەری و ئاوەزگەری دوو شالقی ئەو قەدە کۆنە ساڵەیە، کە یەکەمیان بایەخ بە

زەخیرەی کارامەیی و چنینەوەی هەست دەدا و دووهەمیان بە ئەقڵ، لێرەوە دەچینە نێو بازنەی باسەکەوە، کە پەیوەستە بە چەمکی ئەو شتانەوە لەمەودای شیعردا.

_ چونکە تاکە سامانی منیش لە دنیادا هەر ئەو بازە ناودارەیە (بورخیس).

لەیەکەم بەرەبەیانی خەلیقەوە تاوەکو ئیمڕۆکە زەمینو ئاسمان ئاوێنە روخساری یەکدین، نە بەیەکەوە تەبان و نە لە یەکیش دەترازێن، خۆ ئەگەر زانست هەموو نهێنییەکانی ئاسمانی ئاشکراکردبێو هەمووی بەفەزا ناسیبێ، ئەوە لە دنیای شیعردا چەردە رووداوێکی دیکەن، ئەگەر بوونەوەری سەر رووی زەوی بەهۆی کێشی موگناتیسییەوە هەرچەند ئاوارەی ئاوێنەی دووەمی بکەیت ئەوە هەر ناچارە هەمان سێوی ئەزموون باری (نیوتن) بخوات، ئایا ئەمەیان لەسەرەتاوە یاسایێکی دیاریکراو بووە؟ دەبوایە ئەم یاسایە دارێژرێت یاخود نا؟ ئەی ئەستێرەکانی ئەم گەردوونە، کە هێشتاکە لە بازنەی نهێنیدا دەسووڕێنەوە جگە لە مرۆڤ کەسی دیکە یاسای بۆ داناون؟ من دەڵێم ئەزەلی ئەو شتانە لەناخی بووندا پنجیان کردووە، گەردوون بە گشتی لە شەرابی خەستی سەرسامیدا مەستە، ناچارە پەنابەرێتەوە بەر خۆی یاساو خەیاڵو ئەندێشەو بۆچوون بکاتەوە چەکی مانەوەی خۆی، شیعریش یەکێکە لەو شتانە، کە هەندێ کەسانی ناو کۆمەڵ یاسای ئەم سەرسامیو مەستییەی پێ دادەڕێژنو بەدوای رۆحانییەتی ئەم نهێنیانەدا دەگەڕێن، ئەلێرەوە دەبێ بڵێین شاعیر بوونێکی_ئورفیوسییە_ کە هەمیشە شێوەی تازە دەگرێتەخۆی، هەندێ جار لە مەودای مەستی خۆیدا درەختو رەگو گەڵایە، یا خۆڵەمێشە بریقەو رووناکییە، ئاووهەواو قەقنەسە، واتە شیعر لە سرووتێکی ئەفسانەیی ئورفیوسیدا دەخولێتەوە_ ئەم ئاوێنەی مەستییە پوختە لە رۆمانی_گاتسبی مەزندا بە جیلوەی غوربەتو تەئەمولی قووڵو ئەبستمی رەنگرێژدەبێو لە دوو چاوی_دیزیدا تیشکی دنیای رۆمانسی جێی دەهێڵا قاوغێك دروستدەکات دۆزینەوەو هەڵێنجانی رووناهییە (لەنێو گەڕەلاوژەدا، لەنێو توندوتیژیدا ئایا دەتوانین تۆزێ بوەستینو بیرکەینەوە) مەحاڵە سەرەداوی ئەو پرسیارە لە گلۆڵەی ئەو کەونەدا بە ئاسانی دەستەبەر بێت، تەنیا لە مەودای شیعرو ئەدەبیاتی دیکەوە نەبێت، چونکە مرۆڤ بە تایبەتی لە شیعردا بەقوولایی دەرك پێکردندا دەچێتو زەمەن دیل دەکات، ئەمەشیان مەحاڵێکی دژ بە ئەزموونگەری گەردوونە، بەڵام لە شیعردا چەمکی ئەبستمی دەخولقێنێ، واتە بە دواداگەڕان و پرسشو پەروەرشی خەیاڵو ئەندێشە، بەراستی لە مەودای شیعریشدا ئاوێنەی موجیزەی مەستی لەم کەونەدا یەکجار زۆرە، کە دەسەڵاتی دیلکردنی زەمەنیان گرتۆتەدەست، کە هەر هەموویان ئەو یاسایانەن

شاعیرێ لەبری شکاندنی موعاناتی خۆی دایڕشتوون و لە بەرامبەر یاساکانی دیکەدا کەحێلانە تاودەدا، کە تاویشیدا ئیدی لە مەودای_بیر_دا ترس دەخولقێنێ ئەم ترسەش مایەی دروستکردنی ترۆپکە لە داهێنان، مایەی تەکاندانە لەخوێنی شاعیردا، هەندێ جار ناوی دەنێن (نیگەرانی).

**چـــۆن وانـــاچـارو مانـــدوویـــن**

**هەتا کاڕکاڕەی بنەوە دابەزین**

**کـەواتە ســـەرکـــەوتن سانایـــە**

**بەڵام لە ئاکامیـــا (دەترسیـــن)**

**(ملتون)**

بە لەدایکبوونی پیتۆلێکی وەکو دیکارت، بیروبۆچوونێکی تازە لە مەودای فەلسەفەو لێکۆڵینەوەو رەخنە وەك دژێکی تەنها هاتەکایەوە، ئەو بیرو بۆچوونانە هەر هەموویان تەعبیریان لە بەردەوامی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکرد، بە جیاوازی بیروڕا لەمەڕ لێکدانەوەی کۆسمۆلۆژیاو فەلسەفە، ئەوا لەگەڵ سەرهەڵدانی دیکارت ئەقڵانییەت رێچکەی هاتنەکایەوەی گرتە بەرەو خۆی سەپاند، ئەقڵ وەك مەودایەکی فراوانی فەلسەفەرێژ لە یاساکانی (دیکارت) جێگەو شوێنی شیکردنەوەی زۆربوو، ئەو پێی وابوو ئەقڵ لە سروشتی خۆیدا لای هەموو کەسێ یەك شتە، ئەقڵ بۆ فەیلەسوفێکی وەك دیکارت مایەی پەرەسەندنی هەموو هەوڵو تەقەلایەکی زانستی بوو، دەرگا کردنەوەی هەموو بابەتە شاردراوەکان بوو، رێگەیەکی پڕ لە ناوەرۆك بوو بۆ گۆڕینی هەموو زانستێك لەرێگەی پەرەسەندنی ئاسایی ئەقڵ.

مەسەلەی هزر داینەمۆی هەموو لێکدانەوە پڕ کێشەکانی دیکارت بوو، دیکارت هەوڵیدەدا هەمیشە یەکەمینی بدات بە (کائینە هزرمەندەکان) بۆ ئەوەی بتوانێ دەرکی ئەنتۆلۆژی بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی، لەم رێگەوە دەبوا ئەقڵ بەکاربێت، سەرجەم بۆچوونەکانی دیکارت پشتی بە شیکردنەوە دەبەست، شیکردنەوەی دەوروبەر، شیکردنەوەی شتەکانو دیاردەکان بۆ ئەوەی بتوانێ هۆکارە راستەکان بدۆزێتەوە، لە پێناوی بەهزرهێنانی (بە پێوانەی بەدەستهێنانی) شتێك.

کائینەکان لای دیکارت بناغەی مەعریفە بوون، چونکە بە تەنها نێوەرۆکە هەستییەکان بەس نەبوو بۆ مەعریفەی زەین تیژی یاخود بیرتیژی یا تخوب برینی هزر لەلای ئەو بریتی بوو لە (ئەندێشەییێکی پڕ لە یەقینەوە) ئەندێشەی یەقینی هزرێکی بێدارو ئاگاو ساف، کە تەنها لە رووناهی ئەقڵی سروشتیدا لەدایك دەبێت. سەبارەت بە ئەنجامدانی کارێکی فەلسەفی بۆ ئەو سەردەمەی مرۆڤ تیایا دەژیت _دیکارت_ هەمیشە هەوڵی دەدا مەعریفەیەك بخات، واتە یەکخستنی هەموو شتێ کە پەیوەست بێ بە_رێکیو پێوانەییو هۆیەکان_ بۆئەوەی بتوانێ لێتۆژینەوەی ماهیەتی مەعریفەت بکات، ئەمەشیان تەنها رێگەی گەڕان بەدوای ئەو حەقیقەتانەی کە ئەقڵی مرۆڤیان بەسەرا دەشکێ، کۆژیتۆی دیکارت بەناوبانگترین کەتەگۆریای سەردەمی خۆی و ئێستاکەشە، کە توانی بەهۆی ئەو کۆژیتۆیە لەبەرابەر هەڕەشەکانی گومان بوەستێ، بەم کۆژیتۆیەی دیکارت و تەواوی فەلسەفەی دیکارت کەوتە بەر لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوە، ئەم کۆژیتۆیەش بریتی بوو لە رستەیەکی سادە، بەڵام شتی گەورەی لەناخدا لەرووی لێکۆڵینەوە گرتبوو، ئەویش بریتی بوو لەوە: (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم.) بەجۆرە تەواوی بوونی خودێك لەسەر بیرکردنەوە وەستا، هیچ رێگەیەك بێگومان لای دیکارت نەما، جۆری ئەو بیرکردنەوەیەش لەوەدا سەقامگیردەبوو، کە بریتی بێ لە ئیدراکێکی ئەقڵیو تێبینی پەیوەندییێکی زەروری بکات لە مەوداکانی مەعریفەی حەدسیدا، مەبەستی هەرە سەرەکی دیکارت لەم گوتەیە ئەوەیە کە سیفەتە سەرەتاییەکانی میتۆدی ئەقڵی بەخۆوەبگرێ، کە لە مەودای ئەو (من بیر دەکەمەوە) بە ئەقڵ توانای (گومانی) نامێنێ بەجۆرەی کۆژیتۆی دیکارت ئامادەگی مرۆڤە بۆ زاتی خۆی، بەڵام هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو هەوڵیدا بزانێ تا چەند ئەو بیرکردنەوەیە بەردەوام دەبێت، چونکە ئەگەر بیرکردنەوە بڕایەوە ئەوە وجودیش دەبڕێتەوە، ئەو_من_ە لای دیکارت_ هزرمەندە، هەرچەندە (کانت) پێی وابوو دیکارت هەوڵی داوە لە پەیوەستکردنی چەمکەکانی هزری بپەڕێتەوە بۆ سەلماندنی گەوهەر، چونکە گەوهەر (بە ئەقڵ ئیدراك ناکرێ، بەڵکو بەو کارانە ئیدراك دەکرێ کە لە ئەقڵەوە سەرهەڵدەدەن وەك ئیرادە، خەیاڵ، هەست، کە تەعبیر لە عەقڵ دەکەن، بەجۆرە (کانت) بنەڕەتی فەلسەفەی دیکارتی کردووە بەوەی، کە چۆن دەکرێ دیکارت لە سەردەمی خۆیداو دوا بەدواش_کانت_ بۆ وەدەرخستنی تازەگەری لە رووی لێکدانەوەو بۆچوونو لێتۆژینەوەی فەلسەفەو کۆزمۆلۆژیا پشتیان بە جوڵانەوەی_هزرو ئەقڵ بەستا بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم پرۆسەی نوێخوازی سەردەمی خۆیان رێگەبگرن. تیمای هەردوو بابەتی کۆزمۆلۆژیاو فەلسەفە سەرچاوەی

کتێبەکانی (کانت)ن نوێخوازی یاخود بەرەو نوێچوون لای (کانت) تاکڕەهەند نەبوو، کە بەتەنها لەسەر فەلسەفەی کلیل بدات. گرنگترین هەردوو کتێبی (کانت) ڕەخنەی ئەقڵی ساف‌و ڕەخنەی ئەقڵی پراکتیکی لەوەدا خۆیان دەنوێنن، کە بابەتێك تەواو دەکەن ئەویش ڕزگار بوونە لە لێکدانەوەی فەلسەفەی کۆن. ئەو لێکدانەوەیەی کە لە سەر گرێمانی ئەو گوتەیە وەستابوو کە سەبارەت بەسەر یەکەوە پیادەکردنی زاتی زاناو بابەتی مەعریفییەوە بوو، بەم جۆرە ئەڵقەکانی فەلسەفەی پێشینەی لەدوا خۆیەوە جێهێشت، کە بڕست‌و هێزی بەرهەمهێنانیان نەماوە، لە نەزەر (کانت)دا گەورەترین نەهامەتی فەلسەفەی پێشینە بوو، کانت هەوڵی ئەوەی دا، کە لەڕێگەی ڕەخنەی ئەقڵی بێگەردو سافدا ئەوە بسەلمێنێ، کە ئەقڵ چۆن هۆیەکە بۆ مەسەلەی مەعریفەت کاریگەرێتی ئەقڵ‌و ئاکتیفی ئەقڵ چییە؟ بۆ ئەوەی بزانین کە ئەقڵ بابەتێکە بۆ مەعریفەی ڕەخنەیی، هەر بۆیەش ڕەخنە لەلای ئەو وەك —قازی_ وابوو، چونکە ئەقڵ بە بیروڕای ئەو (ئەقڵی ئینسانی دەتوانی کۆمەڵێ پرسیارو وەڵام بەرهەم بهێنێ، بەڵام بڕستی وەڵامدانەوەیانی نییە، چونکە ئەو پرسیارانە تخوبی هێزو بڕستی ئەو ئەقڵە دەشکێنن، ئەو مەبەستی لە ڕەخنەگرتنی ئەقڵ ڕەخنەگرتن بوو لە (مەلەکەی)ی بۆ ئەوەی بزانی ئایا میتافیزیك ئیمکان دەبێ یان نا؟ هەموو مەبەستەکەش لەمەدا ئەوەبوو ئاخۆ چ ئەقلێ دەتوانێ بەکاهێنانی (حەقیقەتی تێگەیشتن) وەدەست بهێنێ، لە مەسەلەی ئەوەی کە ئاخۆ میتافیزیك ئیمکان دەبێ یاخود نا؟ ئەوە پێی وابوو ئەقڵی ڕووت دەتوانێ پێوانەی هێزی خۆی بکاو نەخشەیەکی هەیکەلی دابمەزرێنێ بۆ مەنزومەیێکی میتافیزیکی. (کانت پیلەی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ بابەتەکانی ئەزموون بچنەوە سەر (ئەندێشە) لە پانتایی ئەو کات‌و شوێنەی، کە دوو وێنەی رووتن لە وێنەی (هەست)و شوێن (روخساری دەرەوەی هەستە و هەموو موعتەیاتەکانی لەپاڵ یەکدا ڕێك دەخات و پڕۆسەی هەستی ناوەکی تەیاردەکات و کاتێکیش روخساری ناوەوە هەموو موعتەیاتەکان یەك لەدوای یەك ڕێکدەخات‌و پڕۆسەی هەستی ناوەکی تەیار دوکات، چونکە شوێن وێنەیێکی رووتی هەستە دەرەکییەکانە مەرجێکی وێنەیی پێشینەییە بۆ هەموو هەستێکی دەرەکی.

(کانت) پێی وابوو میتافیزیك زانستێکە ناتوانێ تا ئەو رادەیە بڕوا کە شوێنی هەستی رووت دەیگاتێ، هەر ئەوەش بوو بەبناغەی دانانی کتێبی_دامەزراندنی میتافیزیکای رەوشت_ دیارە کانت پێی وایە چەند پێوانەیێکی مۆراڵی هەیە بەر لە هەموو ئەزموونێك‌و کاریگەرێتی ئەو ئەزموونانەش بەسەر هەموو مرۆڤێك دادەچێت بەیەکسانی هەروا بەدرۆی

خستەوە کە هەموو هەوڵی مرۆڤ بۆ بەختەوەری بریتییە لە سلوکێکی ئەخلاقی، چونکە زۆر لەوە دڵنیا بوو کە مرۆڤ غایەتێکە لە زاتی خۆی.

رەخنەی ئەقڵی پراکتیکی (کانت) بە گشتی، پابەندبوون بە قەدەغەکردنی ئەقڵی مەرجێنراو بە ئەزموون، کە ئیدعای بکات کە تەنها بەوە هەڵدەستێ، بناغەرێژی ئیرادەبکات، واتە ئەقڵ ناتوانێ بناغەی ئیرادە بێت.

دارشتنی هەموو بیرۆکەییێکی ئەدەبیو هونەری ئەلێرەوە دەست پێدەکا، کە نووسەر گەرەکی بێ گوزارشت لە هەڵچوونەکانی ناوەوەی خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو تەقسێك ئەزموون دەکاو بە هەموو پەنجەرەییێکی والآو ناوالآی هەستو نەستدا تێپەڕدەبێت، تا ئەو رادەیەی هەندێ جار چەند لەمپەرێکی ترسناك هەمان ئەم تەقسو هەمان ئەو پەنجەرانەی بۆ دروستدەکەن، هەر لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ بە پرۆسەی دارشتنی دەقی ئەدەبیو هونەری بڵێین داتاشینی جەستەیەك کە تەنها بەهرەمەندانی دەقو خالیقەکانی دەق دەزانن، ئەم جەستەیە چەند ئەستەمو دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێك دارێژین، کۆمەڵێك ئاگری گەشو باوەشێك بای ئەفسانەو چەندین کەرەستەی موعاناتو هەڵچوونو عاتیفەو عیشقو خۆشەویستی پێ نەبێ، بەمجۆرە لە دارشتەیەکی فۆکۆیانەدا دەق دەبێتە کۆڵەگەی چەند دامەزراوەییێکی پڕ لە نهێنی، کە هەر هەموویان خۆیان لەو جەستەیەدا دەدۆزنەوە کە بەهرەمەندی دەق مەبەستێتی، بۆ نموونە جەستەی هەر رۆمانێکی (برۆست) بەتایبەت لە (گەڕان بەدوای زەمەنێکی ونبوودا) بریتییە لە مەحرومکردنی جەستەیەکی حەقیقی خۆی لە پێناو خولقاندنی جەستەییێکی دیکەی ئەدەبیو هونەری، کە لە کۆتاییدا کۆمەڵێك ئاگردانو دۆزەخو بەهەشتو ئەفسانەی کۆکردۆتەوە، جەستەییێکی وای خولقاندووە کە لەهی کەسێکی دیکە ناکات. بنەمای دەق پەیوەستە بە خەونو خەیاڵی خودان دەق، جا ئەو خەونو خەیاڵە تا چ رادەیەك دەستنیشانی بیروبۆچوونی سەرەکی دەکەن لە هێنانەکایەوەی ئەو دەقەی کە ئەدەبو هونەر مەبەستێتی ئەلێرەوە دەتوانین بڵێین: با نموونەیەك لە رەوتی سەرهەڵدانی بنەمای دەق دەستنیشان بکەین لە (هاملێت)ی شکسپیردا بنەمای دەق (دەقێکی هونەری کە جەستە بتوانێ جووڵەی تیا بکات، لە رێی نمایشکردنەوەی هەمان رەوتەکانی ئەو کارە هونەرییە) بریتییە لەو مەودا قووڵەی، کە شکسپیر هەموو گومانو بەدگومانی خۆی تێدا شاردۆتەوە، بەمجۆرە گومان بنەماییێکی گرنگی دەقێکی وەك هاملێتە، هەرواش لەبیرو بۆچوونێکی فەلسەفیدا بۆ دیکارت کۆژیتۆکەی دەبێ بەبنەمای سەرهەڵدانی دەقێکی فەلسەفی گوزارشت لە

بیروبۆچوونی ئەو بکات، لە رۆمانی زۆربای کازانتزاکی بنەماکانی دەقێکی ئەدەبی خۆی لە قەرەی روالّەتێکی ئەفسانە ئامێز دەدا، دەگاتەوە سەر فینۆمینۆلۆژیای ئەو رستانەی لە بڕستیاندا هەیە سەمایێکی پڕ لە چەمكو نهێنی بخەنە بەر دڵو دیدەی خوێنەران، کە خۆیان هەڵسنەوەو هەوڵ بدەن هەمان ئەو سەمایە لە نائاگاهی خۆیاندا مومارەسەبکەن.

هەندێ جار بنەماکانی دەق ئەم مەودایەی خودی داهێنەر جێدەهێڵنو دەچنەوە سەر ئەو خالّە نادیارانەی، کە وا لە خوێنەر دەکەن بە دوایاندا بگەڕێتو بیکەن بە دەستووری تێگەیشتنیان بۆ ئەم دەقە، وەك چۆن لە رۆمانی (نانو شەراب)ی تسیۆ سلیونەو کۆمەڵە شیعری (گیا)ی (والت وایتمان) لە کاتی خوێندنەوەیاندا بەدوای ئەو گرێیە دەگەڕێی، کە لێت ونبووە، هەموو رووداوەکان بەم گرێیە بەندن، ئەگەرچی لەرۆمانەکە خۆی لە رۆحانییەتی نووسەر دەبڕێتەوە، کە خودی کەسێك بوو باوەڕی بە مارکسیزم هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی لەم رەوحانییەتە بیبێتەوە، بەڵام (والت وایتمان) هەر لە بنەڕەتەوە پەیوەست بوو بەم رۆحانییەتە، بۆیە خوێنەر ناچاردەکەن، کە بەدوای گرێکاندا بگەڕێن، ئەڵێرەوە بنەماکانی دەقی ئەدەبیو هونەری بریتین لە:

خەونو خەیاڵەکانی، کە داهێنەر خۆی دەزانێ لە ژێریانەوە چ ئافاتێو گرکانێ هەن.

_ مەودا نادیارەکان کە نهێنییەکانی داهێنەر لە خۆیاندا دەشارنەوە.

هەردوو ئەو کۆڵەگەیە لە دەستنیشانکردنی بنەماکانی دەق دەمانبەنەوە سەر ئەو شتە هەمووارانەی، کە تا چاو هەتەر دەکا هەن، بەڵام نابینرێن.

بنەمای دەق هیچ گۆڕانێکی لەرووی نەبینراوی تێناکەوێ لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێك و لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێك، بەڵام دڵنیاین لەوەی، کە دەوروپشت یاخود (شوێن) داینەمۆی هەردوو ئەو کۆڵەگەن، کە بۆ بنەمای دەق رامانخستن، ئێمە تا ئێستا لە چەمکی (شوێن)دا غەوارەین، هیچ نووسینێکمان تەرخان نەکردووە بۆ دەربڕینی ئاسەوارەکانی شوێن لە خودی دەقدا، ئەگەرچی هەندێ نووسین خراونەڕوو، ئەویش هەر بە کاریگەرێتی (جوانییەکانی شوێن)ی باشلارە، واتە ئێمە لەروانگەی (باشلارەوە) شوێنمان پێ زانیوە لە دەق، بەڵام تەنها لەرووی جوانییەوە باسکراوە، باشلار بەدرێژایی کتێبەکەی خۆی باس لەو نوختە نیگایانە دەکا، کە بوونەتە مایەی ئەوەی بایەخ بەو شوێنە بدەین، چونکە جوانی تیایە. هەر بۆیەش کە لە کتێبەکە دەبییەوە هەست بەوە دەکەی (جوانی) وەك چەمکێکی/عاتیفە/ بەهێزترە لە (جوانی) وەك چەمکێکی (مەعریفە)..... ئەلێرەوە دابڕانێکی ئەنقەست هەیە لە نێو رۆمانسییەتی دەق ئەو دەقانەی لە رێچکەیەکی ئەنتی رۆمانسییانەدا پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێن، بۆئەوەی بەدوایاندا بکەوێ.

# مرۆڤایەتی بێ بوونی ژن، هێزی بەردەوامبوونی نییە

**سازدانی: محەمەد گۆران**

کەریم دەشتی، لەهەولێر لەساڵی ١٩٥٥ لەدایکبووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەهەولێر تەواوکردووە. دەرچووی بەشی یاسایە لەزانکۆی بەغدا. لەکۆتایی هەفتاکان و سەرەتایی هەشتاکانەوە خەریکی کاری ئەدەبییە و شیعر دەنووسێ و ئەو دیوانانەی بەچاپ گەیاندووە: (خاك و هەڵۆ، تەمە سپییەکانی رۆح، وردەگەڵا، پیانۆی رۆژهەڵات، دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە، درەختی حیکمەت، بورجی بەلەك، کتێبی ئاو، کتێبی نەی)

*** دەکرێت لەو پرسیارەوە دەستپێکەین کە ئاخۆ کاریگەریی قۆناغی منداڵی بەسەر قۆناغی گەنجێتی و کاریگەریی قۆناغی گەنجێتیش بەسەر ئێستای ژیانتانەوە چییە؟**

_ هەموو قۆناغەکانی زیندەگی مرۆڤ پەیوەستن بەیەکتری، هەڵبەت قۆناغی منداڵی قۆناغی ئەرخەوانی مرۆڤە، قۆناغی ئەو باخە جوانانەیە کە سێوەکانی شیری ژیانیان هەڵگرتووە، یادەوەری تاڵ و شیرینیان تۆمارکردووە. هەموو نووسەرانی دنیا بەتایبەت شاعیران، هەوڵدەدەن ئەو منداڵێتییە لەدەقەکانی خۆیان دووبارە زیندووبکەنەوە، یەکێ لەگەورە شاعیرانی دنیا کە (بودلێر)ی ناوە، دەڵێت: "بلیمەتی بریتییە لەدووبارە دروستکردنەوەی منداڵێتی بەدەستی ئەنقەست"، منداڵێتی منیش وەکو هەموو منداڵێتی دەورووبەرم لەهەناسەسواری و هەڵکشان و داکشان بووە، خۆشی و ناخۆشی بووە، لێتان ناشارمەوە منداڵێتی من کە بیری لێدەکەمەوە زۆرناخۆش بووە، بەڵام بەرهەمهێنەری خۆشییە بۆ من، ئەوەی ناخۆشی نەچێژێ تام لەخۆشییەکان وەرناگرێت، ئەوەم بەدرێژی لەکتێبی "بەرەو منداڵی بەجلی پایزەوە" باسکردووە.

*** دەڵێن سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی شاعیران عەشقە، دەشڵێن دەشتی کوڕە قۆزەکەی هاوتەمەنەکانی خۆی بووە لەشاردا، ئایا دەکرێ باس لەیەکەم عەشقی خۆت بکەی؟**

_ خۆ ئەگەر لەم سەر زەوییەدا، هەموو کێشەکان بڕێتەوە، ئایا جگە لەعەشق و خۆشەویستی هیچی دیکە بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە؟ کەواتە خۆشەویستی تاکە بابەتێکە کە بەردەوام لەسەر زەویدا دەمێنێتەوە و جاویدانییە، بۆیە من باوەڕم بەوەیە کە شیعری گەورە، شیعری نەمر تەنها لەناو عەشق و خۆشەویستی لەدایك دەبێ، هەموو بابەتەکانی دیکە بەسەر دەچن، بەڵام عەشق و خۆشەویستی نەمرە. وەك هیچکەس ناچار نییە، باسی یەکەمین ئەوینی خۆی بکات، منیش ناچارنیم باسی یەکەمین عەشقی خۆمتان بۆ بکەم. هەموو شتەکان یەکەمین عەشقی منن، هەموو ئەوانەی فرمێسکم بۆ رشتوون، ئازاریانم چەشتووە یەکەمین عەشقی منن، هەرگیز ناکرێ عەشق لەناو بۆتەی یەکەمیندا دیل بکەین، بەڵام دیارە یەکەمین ئاگر یا یەکەمین پروشکە ئاگر ئازاری زۆرە. (ئیبن عەرەبی) دەڵێت: "تەنها یەکەمین یادەوەری راستەقینەیە".

*** ژن بەشێکی زۆر لەبابەتی شیعری شاعیرانە، یان زۆرترین شیعری شاعیران بۆ ژن گوتراوە. ژن لای دەشتی چی دەگەیەنێ؟ ئایا جیاوازییەك لەنێوان ژنی شار و ژنی لادێدا هەیە؟**

_ گۆرانی شاعیر دەڵێت: "بەڵام تەبیعەت هەرگیزاوهەرگیز - بێ روناکییە بێ بزەی ئازیز"، هیچ شیعرێکی مەزن نییە لەدنیادا کاریگەرێتی ئەو مەخلوقە مەزنەی بەسەرەوە نەبێ، دەخوازم بڵێم مرۆڤایەتی بێ بوونی ئەو مرۆڤە مەزنەی پێی دەڵێن ژن، هێزی بەردەوام بوونی نییە. ژنانی سەرتاسەری زەوی چ لەگەزنەی هەولێربن، یا لەسابوونکەرانی سلێمانی، یاخود لەشندوخای دهۆك، یا لەشیکاگۆ یا پاریس بن، شایانی ئەوەن کە گەورەیی کاریگەرێتی ئەوان تۆماربکرێ، چونکە ئەوان بەراستی ئێستەتیکی سەر زەوین، بەداخەوە لەکوردستان ئەو بایەخە بە ژن نەدراوە، یا هێزی تێگەیشتنمان کزە سەبارەت بەسەرچاوەی دروستبوونمان.

*** ئەزموونی تایبەتی ژیانی شاعیران، چەندە رەنگدانەوەی بەسەر هەست و هۆنراوەکانییەوە هەیە؟**

_ ژیانی شاعیران بریتییە لەژیان لەگەڵ دەقەکانیاندا، ئەوان جگە لەدەقەکانیان، هیچ ژیانێکی دیکەیان نییە. مەبەستمە بڵێم، ئەوان لەدەرەوەی ژیانی ئاساییدا، ژیانێکی دیکەیان هەیە، ئەویش ژیانی نووسینی دەقە شیعرییەکانیانە، شیعر لەناو رەحمی وشە و کتێب و خوێندنەوە و رامان دروستدەبێ، نەك لەناو شێوەی ژیاندا. مرۆڤگەلێکی زۆرهەن لەسەر زەویدا، کە تووشی نەهامەتی زۆر بوونە، بەڵام چونکە ئەو هەست و نەست و کتێب و خوێندنەوە و خوێندنەوەی دنیایان نەبووە، ئیدی نەیانتوانیوە، نەمرییەك بۆ خۆیان دروستبکەن، بەڵام مرۆڤی شاعیر بەجیا ئەو کارە دەکات. کاتێك ئەزموونی تایبەتی ژیانی شاعیران رەنگدانەوەی بەسەر بەرهەمەکانیان دەبێ، کە ئەو ئەزموونە بەشێك بێت لەرۆحی ئەو مەبەستەی دەیانەوێ لەشیعرەکانیاندا هەبێت.

*** جان جاك رۆسۆ، بۆچوونی وایە بۆ بەهێزبوونی کەسایەتی مرۆڤ، وا پێویستدەکا کە قۆناغی منداڵی لەدەشت و چۆڵی تێپەڕبکات، ئایا ئەم بۆچوونەی رۆسۆ چەندە لەخۆتان هەستپێدەکەن و پاشناوی (دەشتی) چەندە پەیوەندیی بەو خاڵەوە هەیە؟**

_ کاتی خۆی باوکم لەدەشت ژیاوە، هەمیشە خەریکی خوێندنەوە بووە، لەشیرازەی شیعرێکیدا باسکراوە کە دەشت پەیژەیەکە لەپەیژەکانی مۆزیك، لەهەمانکاتدا گەڕاندنەوەیە بۆ دەشت. کەواتە دەشتی لەناو رەحمی دەشت و مۆزیکدا هەڵێنجراوە، گرنگ ئەوەیە ئەو (لەقەبێکی) هەڵبژاردووە کە کوردییە، کە بۆ ئەو سەردەم گرینگە. مەرجیش نییە ئەوەی مام رۆسۆ دەیڵێت سەد لەسەد راستبێت، رای جیاواز هەیە لەمبارەیەوە، دەشتایی هێزێکی فراوانی ئاسۆییە، رەنگە زەین بەئاراستەی ئاسۆیدا ببات و هێزی فراوانبوونی پێ ببەخشێ. دەزانی چۆنە ئەو مەسەلانە، هەریەکە و رای خۆی هەیە، جان جاك رۆسۆش، شەکری خواردووە ئەگەر وای گوتبێ، چونکە لەسەرخۆی پیادە ناکرێ.

*** (مەلا خدر)ی باوکتان یەکێ لەشاعیرە باشەکانی سەردەمی خۆی بووە لەم شارەدا، چ لەرووی فیکر و چ لەرووی کارکردنی ئەدەبیاتەوە، رەنگدانەوەی باوکت چەندە لەخۆت دەبینی؟**

_ "چەند ئەرزییە ئەم دەرزییە لەم بەرزییە برزێ"، بەم دێرە شیعرەی باوکم دەتوانم بڵێم ئەو لەسەر رێبازی کلاسیك شیعری نووسیوە، هەمووی رەوانبێژی و بەدیع و جیناسە، غەزەلی نووسیوە، شیعری نیشتمانی نووسیوە، شیعری ئایینی نووسیوە، بەداخەوە لەیەکەم چاپیدا شیعرەکانی تەواو ساغ نەکراوەتەوە، هیوادارم بتوانم لەچاپی دووەمدا کە ئێستا لای شارەزایەکە هەموو ئەو شیعرانەی ساغ بکرێنەوە. من باوکی خۆم نەدیوە، ئەگەر دیبێتیشم لەزاکیرەم نەماوە، هەڵبەت زۆریش کاریگەرێتی هەبووە بەسەر پێکهاتەی مندا، لانیکەمماڵی ئێمە پڕ کتێب بووە لەسایەی ئەودا، کتێبیش حیکمەتی مانەوەیە.

*** بەشێکی زۆر لەئەدیبان، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، هاوکات بەردەوام لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان حزوور و قسەی خۆیان هەبووە؟ ئێوە وەکو ئەدیبێکی هەولێر، بۆچی ئەو شتە کەمتر لەئێوە بوونی هەبووە؟**

_ من کەسێکی نووسەرم، بە قەڵەم کارەکانی خۆم دەکەم، بە قەڵەم وەڵامی ناوەوەی خۆم دەدەمەوە، ئەدەب و رۆشنبیری کارێکی پیرۆزە، ناکرێ بەسەر مایکرۆفۆنەکانەوە بیبەشییەوە. ئەوەی دەیەوێ لەبیر و بۆچوونەکانی من بگات، تەنها لەرێگەی نووسینەوەیە دەتوانێ لەقووڵایی بیرکردنەوەی مندا دیالۆگم لەگەڵ بکات. زۆرجار مایکرۆفۆن و کۆڕەکان قسە لەپێناوی قسەیە، ئەودەم تەواودەبێ، بەڵام نووسین نەمرە. من نووسینم کردۆتە ئەلتەرناتیفی خۆم و ئەو قسانە، ماوەیەکی درێژ منیش لەوەی تۆ باسی دەکەی کارم کردووە، تەنانەت بە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەم لەمەڕ شیعر و ئەدەبیات گێڕاوە و بڵاوم کردوونەتەوە، بەڵام ئێستا کەسانی دیکە هاتوونەتە پێش و نۆرەی ئەوانە، ئێمە دەبێ هەندێجار خۆمان ناچاربکەین کە گوێبگرین، گوێگرتن گرنگە.

*** کاریگەریی ئەو ترسەی دەسەڵاتی بەعس کە لەسەر دەروونی نەوەی ئێوەی جێهێشتووە، چەندە رەنگرێژبووە لەرەنگدانەوەی بەسەر کەسێتی ئێوەوە؟**

_ ئەوە ترسێکی کوشندەبوو، ترسێکی بێسنوور، بەتایبەت بەسەر ئەدیب و رۆشنبیرانەوە، دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری بێشەرم و شارەزابوو، لەبواری کوشتن و برین، زۆربەی نووسەران بەیەك بیروباوەڕ بەگژ ئەم دەسەڵاتەدا چوونەوە، خەباتی خۆیان لەرێگەی نووسین دەکرد ئەگەر لەشار بووان، ئەگینا دەچوونە ریزی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لەشاخ بانگەشەی ئازادییان دەکرد و ئێستا زەندەقیان لەئازادی چووە، بەڵام ئەو ترسە کۆتایی هات. کاریگەرییەکانی نەما، دەبێ هەوڵبدەین جارێکی دیکە ترسێکی ئاوا دەستەویەخەمان نەبێتەوە.

*** لەهۆنراوەکانتدا، جارێك وەکو عاشق و جارێکی دیکە وەکو نەتەوەپەرستێك، ئینجا سەرسامی بە سروشت و دواتریش هۆنراوەی عیرفانی و سۆفیگەری، وێستگەی ئۆقرەگرتنی ئێستات بەرەو کوێیە؟**

_ من شیعر دەنووسم، هەست بەوە دەکەم گوزارشت لەرۆحی خۆم دەکەم، ناتوانم ناو لەجۆری ئەو شیعرانە بنێم. من هیچ رەگەزێکی شیعری نەتەوەیی و سروشتی و عیرفانیم نییە وەکو ناو، من تەنها شیعر دەنووسم جا خەڵکی مافی خۆیەتی چی ناو لێدەنێت. هەموو ئاستەکانی داهێنان لەناو یەك رووباردا ئاو دەخۆنەوە، ئەویش رووباری تیژپەڕ و تیژڕەوی هزری مرۆڤایەتییە. من ناتوانم دەست بدەمە قەڵەم و بڵێم شیعرێکی نەتەوەیی دەنووسم یا شیعرێکی عیرفانی، چونکە ئەگەر بەم پرۆسێسە شیعر بنووسم مانای وایە دەبێتە پیشەی دەستی، بەڵام شیعری گەورە ئاوها نانووسرێت، بەڵکو پێداویستییە رۆحییەکان هەڵیدێنن و دەیرسکێنن.

*** ئێوە بەهۆنراوە دەستتان پێکرد و پاشتر نووسینی (نۆڤلێت)یشی هاتەسەر، ئەمەیان بۆ؟ ئایا بە شیعر نەتانتوانی قەرەبووی ئەو کەمدووییەی ژیانی رۆژانەتان بکەنەوە، یاخود هۆکاری دیکەی هەبوو؟**

_ لەراستیدا من بە شیعر دەستم پێنەکردووە، جیا لەشاعیران من بە رەسم دەستم پێکردووە، ماوەیەکی باش خەریکی نەخشی تابلۆ بووم، بەشداریم لەپێشانگای قوتابخانەکان کردووە، بەڵام داخەکەم سەرکەوتنم بەدەست نەهێنا، پاشان کەوتمە سەر شیعر و لەمێشکی دام، ئێستاشی لەگەڵدابێ نەهاتوومەتەوە سەرخۆ و لەناو رۆحی وێرانمدا دەژیت. من تایبەتمەندێتی خۆم لەشیعر دەپارێزم و هەر شیعر یەکەم ماڵ و دوامالْمە، بەڵام جارجارە ئەگەر نۆڤلێتێ یا وەرگێڕانێ بەرهەم دێنم، ئەوە دیارە وای خواستووە و گوزارشت لە زەوقێ دەکات. شیعر دەتوانێ لەرێگەی مانا بەرزەکانەوە هەموو شت بدرکێنێ، دەتوانێ بچێتە ناو وردترین باخەکانی خەیاڵ و رووداو.

*** زۆرجار گازاندەی ئەوە لەشاعیرانی کورد دەکرێت، کە لەزۆر قۆناغی سیاسی و کۆمەڵایەتی میللەتەکەیان، نەیانتوانیوە بەهۆنراوەکانیان هاوسۆزی خەڵکەکەیان بن، ئایا دەکرێت شیعر بە وەزیفە بکرێت؟**

_ یەکێ لەگرفتەکانی تێگەیشتن لای ئێمە ئەوەیە کە دەبێ شیعر لە خزمەتی گەل و نیشتمان دابێ، یاخود هاوسۆزی خەڵك بێت، کە ئەمە تێگەیشتنێکی باش نییە بۆ شیعر و بۆ ئاستی داهێنان. شیعر کارێکی ئێستەتیکی و زاتییە، هەوڵێکە لەلایەن شاعیرەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بەهۆیەوە بەرگەی ژیان بگرێت و لەهەمانکاتدا سەلوایەکی رۆحی و واهیمەیەکی شیرینە، ناکرێ بکرێ بە جبەخانە و چەکی بەرگری لێ باریکەین، یاخود بە وەزیفەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە تەیاری بکەین. هەندێجار شیعر لەهەندێ قۆناغدا دەچێتە ناو قاوغی بەرگریکردن، بەڵام ئەمەشیان نابێ فەرزبکرێت بەسەر شیعرەوە. شیعر دەقێکی ناسك و دەستوپێ سپییە توانای هەموو شتێکی نییە، بۆ خستنەڕووی مانا و جوانی دروستبووە، بۆ ژیان و ویژدان دروستبووە.

*** قسەیەك هەیە و دەگوترێت كە مێژووی ئەدەبی شارۆچكەكانی كوردستان، مێژووی ئەدەبی شارەكانیان دەوڵەمەند كردووە و گەر ئەوانی لێدەركەیت، شارەكان هیچیان بۆ نامێنێتەوە؟ وەكو هەڵەبجە و سلێمانی، كۆیە و هەولێر، ئامێدی و دهۆك، بۆچوونی تۆ لەسەر ئەم قسەیە چییە؟**

_ زۆر باوەڕم بەوجۆرە قسانە نییە، ئەوە رۆحی شارچێتی دایهێناوە، هەر شار و شارۆچكەیەك تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئاشكرایە و ناكرێ سەرپێچی لێبكرێت ئەوەیە هەموو شارۆچكەیەك رووناكی لەشارە گەورەكەی خۆی وەردەگرێ، چونكە سەنتەر گرنگە بۆ دەوروبەر، كاریگەریی شارستانی و كولتووری خۆی دەگەیەنێتە هەموو دەوروبەری خۆی، ناكرێ بڵێین (تاكستان) شارێكی بچووكە لەنزیك تاران كاریگەربێت بەسەر (تاران)، ئەوە پێچەوانەی پرانسیپی پێشكەوتنی شارستانییە، بەڵام دەكرێ بڵێین هەندێ شاری بچووك هەن لەتەك شارە گەورەكاندا كولتوورێكی رۆشنبیری باشیان تێدایە.

*** ئەگەر لەسەر قۆناغی كلاسیكەوە قسەبكەین، كامانەن ئەو شاعیرانەی هەولێر كە كلاسیك بوونە و لەو قۆناغە شیعریان نووسیوە؟ ئەو قسەیە راستە كە دەگوترێت ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەولێر شاعیری نەبووە؟**

_ ئێمە بەر لەسەد ساڵ لەهەولێر نووسەر و شاعیرمان هەبووە، بەڵام زۆربەیان بەزمانی عەرەبی نووسیویانە، ئەو شتانەشی كە نووسیویانە پەیوەست نەبووە بە كورد و ئەدەبی كوردی، بۆیە ناكرێ لەسەر كولتووری كوردی حسێبیان بۆ بكەین. لەراستیدا من ناتوانم وەڵامی پرسیارێكی ئاوا بدەمەوە، ئەوە كاری دەزگا مەعریفییەكانی وەك كۆلێژ و زانكۆیە، چونكە پێویستی بە هەڵكۆڵینی مەعریفییەوە هەیە، پێویستی بە مێژوو هەیە، ناكرێ بەبێ بەڵگە دەست بۆ كاری ئاوا ببەین، بەڵام بۆ هەمیشە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ رابردوو؟! ناكرێ لەئێستاوە دەستپێبكەین و رابردوویەكی چاك بۆ ئاییندە داڕێژین؟.

*** بۆچی شاعیران لایان خۆش نییە باس لەلایەنی کۆمەڵایەتی ژیانیان بکرێت؟ (ئەحمەدی ناڵبەند) کە یەکەم شاعیری کوردە بەدەستی خۆی، خۆی کوشتبێت، ئەمەش نەوەك بەهۆی جەدەلی فیکری، بەڵکو بە هۆکاری سیاسی، بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەمە چییە؟**

_ جا ئەگەر لایان ناخۆشبێت بۆ پرسیاری لەوجۆرەیان لێدەکەن، خۆ ئێوە رۆژنامەنووسن نەك ژووری (استنتاق) تا ئیعترافیان پێبکەن، پێشنیاردەکەم ئەگەر چوونە لایان و وەڵامی پرسیارێکی ئاوایان نەدایەوە، تەلەفۆن بۆ ئاسایش بکەن تابێن ئیعترافیان پێبکەن، چونکە هەموو شتەکان تێکچووە با ئەوەش وابێ. برا لەدنیادا نەبووە تۆ ناچاری شاعیر بکەیت ژیانی تایبەتی خۆی بۆ تۆ باسبکات و تۆش بە مانشێت بڵاوی بکەیتەوە، ئەمە لەرووی یاساییەوە نابێ، بۆیە پێموایە پرسیاری گرنگتر هەیە ئێوە کاری لەسەربکەن.

*** ئەو پەرش و بڵاوی و بێ بەرنامەییەی چاپەمەنی کوردی چۆن دەبینن؟ ئێستا هەرکەسێك دەتوانێت چەند قسەیەك بەناوی نامیلکەی شیعری و نۆڤلێت بەو خەڵکە بفرۆشێتەوە و هیچ سنوورێك لەنێوان کاری باش و خراپ نەماوە، بەبۆچوونی ئێوە ئەو رەوشەی ئێستا تەندروستە؟**

_ ئەم حاڵەتە لەناو هەموو میللەتێك روودەدات، بەتایبەت ئەو میللەتانەی کە لەزروفێکی سیاسی ژێردەستییەوە دەگەن بە زروفێکی سیاسی ئازادەوە، ئیدی یەکەمجار هەوڵدەدەن تینوێتی چەند ساڵەی ژێر دەستایەتی بشکێنن، لەهەموو روویێکەوە ئەو کەفوکوڵە هەیە، بۆیە رووبەرووی کەلەکەیەکی زۆری کتێب و کاسێت و چاپەمەنی و گۆرانی بێکەڵك و نامیلکەی بێمانا دەبیت، بەڵام بە رۆشتنی زەمانە و وردە وردە گەڕانەوە بۆ ناخ و شێنەیی و بێدەنگی، ئیدی ئەو کەفوکوڵە دادەکەوێ و سەردەمی داهێنانی راستەقینە دەستپێدەکات، بۆیە نابێ بەم حاڵەتە تەنگاوبین، چونکە جاریێ چارەسەری ئەو دیاردەیە زەحمەتە، ئاگرێکی گەورەی داگیرساوە ناتوانرێ بە هاسانی خامۆشی بکەین، چونکە ئاگری دڵی میللەتێکی هەزار ساڵەیە کەوتۆتە ناو باخی ئازادی، کەبتی هەموو ساڵەکانە دەتەقێتەوە. ئەمە رەوشێکی دروست نییە، بەڵام رەنگدانەوەی رابردووە، سەرەتا تاچەند ساڵێکی دیکەش هەر وادەبێ، بەڵام وردە وردە خامۆش دەبێتەوە.

*** ئێستا بە چەند زمان بەرهەمە ئەدەبییەکان دەخوێننەوە؟ کاریگەری فێربوونی زمانەکان لەسەر ئەدیب چییە؟**

_ من خۆم زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تارادەیەکی باش ئینگلیزیش دەزانم، زۆربەی خوێندنەوەکانم بە عەرەبی و فارسی و کوردی و هەندێجاریش بە ئینگلیزییە، بەتایبەت هێندێ دەقی شیعری هەن دەبێ بەئینگلیزی بخوێندرێنەوە. زمان گرنگە بۆ شاعیر و ئەدیبان، بەراستی کە لە وڵات دەچییە دەرەوە، ئەگەر زمان نەزانی ئەوجا دەزانی کە چەند دەستەپاچەی، بۆیە مرۆڤ هەتا لەژیاندا مابێ، دەبێ هەوڵی زمانەکان بدات، چونکە لەرێگەی زمانەوەیە دەتوانی دنیا بخوێنیتەوە.

*** ئێمە چاوەڕوانی شەڕی شارستانییەکان بووین لەنێوان ئەو میللەتانەی کە ئاینیان جیاوازە، بەڵام ئێستا ئەو شەڕە لەهەولێر، لەنێوان پیاوانی ئایینی و کەسایەتییە رۆشنبیری و رێکخراوە مەدەنییەکان، خەریکە دەستپێدەکا، کە زۆربەی جار لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی شەڕەکە هەڵگیرساوە، مانای ئەمە چییە؟**

_ ئێمە میللەتێکی بەدبەختین، هیچ شتێکمان پێ نییە تا رووبەڕووی ئایینده ببینەوە، هەمانە و نیمانە رابردووە، بۆیە هەمووومان لەسەر رابردوو دەژین، رابردووەکەشمان پڕیەتی لەنەهامەتی، جگە لەمێژوویەکی لەبیرکراو و تۆمارنەکراو، جگە لەکولتوورێکی کلاسیکی شیعری و چەند بەستە و بالۆرەیەکی فۆلکلۆری و هەزاران هەزار شەڕی یەکترقڕی و وێرانبوون و راگواستن و خیتبوونەوە، نازانم چیمان هەیە. ئەو وەزعەی کە ئێستاش دەیبینی درێژبووەوەی سەر ئەو رابردووە تاڵەیە، هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێ. شەڕی شارستانییەکان لەلای میللەتانی پاشکەوتووی وەك ئێمە هیچ چەمکێکی نییە و ڕوونادات، ئەمە کاری میللەتانی بەهێزە کە هێزی دیالۆگ و گفتوگۆ و ڕۆشنبیرییان هەبێ. کاتی خۆی لەسەردەمی رێنیسانس دیالۆگێکی بەتین هەبوو لەمیانی پیاوانی کەلێسا و ئەنتلگینسیا، کە هەموو ئەقل و مەعریفە و باوەڕبوو، تائەو رۆژەی کە رێنیسانس دەستپێیکرد، بەڵام لای ئێمە دیالۆگ ناکەن، ئەوان هەتا هێزی ئەوەیان نییە وەکو پیاوانی کەلێساش بکەن، چونکە باوەڕیان نە بەخۆیان و نە بەدیالۆگ هەیە. سەیرەکە لەوەدایە ئامادەن لەسەر چەند دێرێکی شیعر تەقیمی ئاسۆی باوەڕی شاعیر بکەن، ئاخر ئەوان نازانن شیعر لەمەجازدا جۆرێك لەخوداپەرستییە، چونکە بە دوای پاکی و جوانیدا دەگەڕێت.

# شیعر بەرگرییەکی کەونییە، دەتوانیٚ نەکەویٚتە چوار چیٚوەیەکی تەسکەوە

**هەڤپەیڤینی: عیسا چیایی**

((گفتوگۆیەکە، لەخالێکەوە دەستی پێکردووە، کە پێش ئەو قسەی لێکراوە، پاش ئەویش قسەی لەسەر بەردەوام دەبیٚ، ڕاستەوخۆ بەشداریکردنێکە، لە زۆر وێستگەدا گرێنەدانی کەوانەی دووەم، بواری بۆ بەشداریکردنی تر بەجێهێڵاوە))

* لەدوا لاپەڕەی ژمارە(٨٦)ی گۆڤاری ئایندەدا شتێکتان لەسەر پاشەکشیٚ و پەراوێزکەوتنی شیعر نووسیبوو، ئەوە گومانە، یان ڕاستییە لە زۆر جێگای تریشەوە دەورووژیٚ، بەڵام دیارە ترس و گومانی ئێوە ترس و گومانێکە لانی کەم بۆ ئێمە مایەی تێڕامانە.! شایەنی لەسەر وەستانی جدی و گفتوگۆ لەسەر کردنە. لەسەرەتاوە ویستم ئەو پرسە بکەمە پرۆژەی پرسیارێك و لە زۆر کەسی بکەم.دواتر لەگەڵ کاك (دڵشاد)دا واڕێك کەوتین ببێتە گفتوگۆیەکی تایبەت بەو خاڵە لەگەڵ ئێوەدا. لای خۆمەوە وتیشم ئەگەر بوو بە بابەتێکی زیندوو وجدی بەویستی هەردووکمان هەرکێمان پیٚ خۆش بوو با لەوجومگانە یان ئەو خاڵانەی، کە پێویستمان بە بەشداریکردن هەیە بەشداریمان بکەن. دەڵێم ڕەنگە شتێکی تازەو جوانی لیٚ دەربچێت..

سەرەتا، ئەم ترسە بیٚ تخووبە چییە لە پەراوێزکەوتن و پاشەکشێی شیعر؟

ئەم ترسە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.؟ لەکاتێکدا شاعیرێکی وەکو ئۆکتاڤیۆباز ئەو وتەیەی شاعیر و ڕەخنەگر(بیر جمفیریر) دووبارەدەکاتەوە، کە دەڵیٚ: یەکێك لەسیما دیارەکانی شیعری تازە ئەو سووربوونەیە لەسەر ئەوەی، کە هەمیشە هونەری کەمینە بیٚ.

_ من لە چەندین بواری دیکە ئاگری شیعرم خۆش کردووە و گوتوومە، کە ئەوە شیعر نییە لەزەمەنی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، پاشەکشەدەکات، ئەوە شیعر نییە لەسەردەمە جەنجاڵەکاندا بێدەنگ دەبێ و ڕێ بۆ کەفوکوڵ چۆڵ دەکات، یا بە تەنها لەپەراوێزەکان دەژێت، بەڵکو ئەوە بەهاکانی شیعرە دەکەوێتە دەست نەهامەتی و مەودای هەناسەیان لەبەردەم تەنگ دەبێتەوە، بەهەموو لێکدانەوەیەك پاشەکشێی شیعر پاشەکشێی مرۆڤە لەبەردەم لەمپەرەکان، پاشەکشێی ئەڤین و خۆشەویستییە، پاشەکشێی گریانە ڕۆحییەکانی ئینسانە، بەکورتی پاشەکشێی شیعر پاشەکشێی هەموو ئەو سەلوایانەیە کە مرۆڤ لە تەنهایی خۆیدا بەدوایاندا دەگەڕێت، شیعر هونەری کەمینەو زۆرینە نییە تا بکەوێتە ژێر کاریگەرێتی هەڵبژاردنەوە، شیعر هونەری هیومانیزمییەتە، کە ناکرێ لە هیچ چاخ و زەمانێکدا پاشەکشێ بکات، لەڕاستیدا خودی نووسەری شیعرە پاشەکشێ دەکا و جێدەمێنێ و واز لەنەغمەی خۆی دەهێنێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانەکان، هیچ ترسێکی بێ تخووب لە ئارادا نییە سەبارەت بە شیعر، بەڵکو تخوبێکی ڕەها لە ئارادایە ئەگەر زۆر چالاك نەبێت لەبواری شیعردا، ئەوا لەناو ماناکانی ئەم تخوبەدا نوقم دەبیت و جێدەمێنێ، ئەو شاعیرانەش کە باس لەو کەمینەیە دەکەن، ئەوە مەبەستیان ڕەنگە لە نوخبە بێت، ئەگینا شیعر بە پێوانەی جەماوەر حیسابی بۆ ناکرێت.

* زۆر جار کە نووسینێك بەژێر پەردەی بێ دەنگیدا تێپەڕدەبێ، دەبێ دوو حیسابی بۆ بکرێ، یەکەم: ئەوەی دەوترێ ڕاستە و ئەو وەڵامانەی پێچەوانەکەی دەسەلمێنن هێندە نین یان: ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەی کە ئەو نووسینەی تیا بەرهەم دێت لەئاستێکی لێپرساوێتیدا نییە. ئەو وەڵامنەدانەوە هەڵاتنە لە مێژوو. لە ڕاستیدا پاشەکشەی چەندایەتی و چۆنایەتیش هەیە لە کاروانی شیعری ئەمرۆدا، شیعری باش کەمتر دەبینرێ.

من ناتوانم لەکاتێکدا کە زۆربەی چاپخانەکان مەرجیان بۆ هەر بڵاوکردنەوەیەك ئەوەیە، کە یاخوا (شیعر نەبێ) بە قەیرانی شیعری دانەنێم. ئەو وتەیەی سەرەوە وتەی ئۆکتاڤیۆبازە و مەبەستی لە نوخبەیە بێگومان نوخبەش هەمیشە کەمینەیە.

* دروستکردنی پرسیار کارێکی ئەستەم و سەختەندازە، لەهەمان کاتدا وەڵامنەدانەوە هەڵاتن نییە لەمێژوو، لەڕاستیدا، بەڵکو تەواو پێچەوانەیە، چوونە ناو قووڵایی مێژووە، چوونە ناو کەنارەکانی ڕاستییە، هەموو ئەو شتانەی کە بۆت نووسیوم، لە پێگەی دەست پێکردنی تۆوە دروستبوون، بۆیە یەکەمجار دەڵێم تۆ خالیقی بابەتگەلێکی گرینگی، تۆ لەناو گەڕەکێکی گرینگدا باسی شیعر و ئەو مەسەلانە دەکەیت، کە پەیوەستن بە شیعر، من لەمێژە تۆ

دەخوێنمەوە _ئەگەر شتێکیشم گوتبێ _بەو مانایە نەبووە، کە لە ناوەڕۆکی تۆ ڕابکەم، ڕەنگە من دەسەڵاتم پێ نەشکابێ _ئەگینا کە ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە با هەموو دنیا لەتاریکیدا نوقم بێت، جگە لەوەش من لای خۆم پێم وایە پرسیارەکانی تۆ یاوەکو لە کوڕێکی ناو نەتەوەیەك هاتووە بەبەراورد لەگەڵ قسەکەی ئۆکتا فیۆباز، رەنگە من هی تۆم لاگرینگتربێت، دەبێ ئەو ڕۆحییەتە بەسەر تەواوی پیر و گەنجەکانمان زاڵبێت هێندە نەنووشتێینەوە بەرامبەر بە گوتەزایەك، کە گوایە مارکس یا ئۆکتا فیۆ باز، یا کامۆ، یا ستندال گوتوێتی، ئەوانەیش هەموویان مرۆڤن وەکو ئێمە کتێبیان خوێندۆتەوە و بیریان کردۆتەوە، ئەگەر کار وا حسێب کرێ، کە ئێمە پلەی زەینمان شایانی ئەوە نەبێ و خودی ئەزموونی خۆمان بە هەوەنتە تێ بگەین، ئەوە لەگەڵتدام، بەڵام باوەڕ بکە، کارێکی باش نییە، مەعریفە بۆ هەموومان وەکو یەکە، مەعریفەیەك نییە تایبەت بە ئەندرێ جید بێ مەعریفەیەك تایبەت بە وەفایی، هەموو مەعریفەکان دەرگایان لەسەر پشتە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە ماهیەتی شتەکان بگەن، بۆیە من کە سەرنجەکانی تۆم پێگەیشت هێجگار خۆشحاڵ بووم، من زۆر درەنگ دەچمە سەر مەداری تووڕە بوون و پەرچەکردارەوە، بەڕاستی من لە وەڵامەکانمدا بۆ بەڕێزتان و بەر لەوەش کە تۆ ئەو پرسیارانەم بۆ بنێری تۆم ناسیوە، هەرگیز هەوڵم نەداوە لە شتێك ڕابکەم، بەڵام هەوڵم داوە بۆ شتێك ڕابکەم، هەمان ئەو ڕاکردنە کێشەی بوون و مانە سەبارەت بە مەعریفە، من زۆر پەیوەست نیم بە ئۆکتا فیۆباز، کە باس لە مەرجەکانی بڵاوکردنەوە دەکات، من پێم وانییە داهێنان لە ژێرەوەی مەرجەکانی چاپخانەکان بێت..ئەو بۆ خۆی وا دەڵێ کە من بەڕاستی ئەم قسەیە بە هی مرۆڤێکی داهێنەر نازانم، ئەو جەبریەتە کاری داهێنەران نییە، بۆیە ڕەنگە من بڵێم قسەکانی کاکە عیسا ڕێکترە لە قسەی ئۆکتا فیۆباز، ئەمە عەیب نییە، بەڵکو ئەمە ڕاستەقینەی مرۆڤە داهێنەرەکانە، کە نە زەمان، نە کەسەکان، نە ئەزمەکان کاریان تێ ناکەن، ئەمە زۆری دەوێ ئەگەر بکەوینە سەر نموونە و مێژووی داهێنان، بەڵام بۆ پرسیاری یەکەمت هەر ئەوەندە دەڵێم..

*** لەڕاستیدا من لەدەستەواژەی هەڵاتندا، مەبەستم تاکەکەسی دیاریکراو نییە، بەڵکو مەبەستم لە ناوەندی ڕۆشنبیرییە، لەبەرئەوەی وتنی هەر وتنێکیش بەقەد خۆی سەلماندنی دەوێ، بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەلماندنە دەست بۆ زۆرترین ژێدەر دەبرێ، ڕەنگە ناوهێنانی (باز) یان هەر ناوێکی تر یەکێك بێت لەو ژێدەرانەی من دەستم بۆ بردوون.**

_ زۆر ئاساییە هەندێ جار مرۆڤ لەبەردەم پرسیارێکدا بوەستێ، یاخود ناوەندێکی رۆشنبیری لەبەرامبەریدا سەرسام بێت، چونکە پرسیار گرینگە، دەتوانم ئەوەش بڵێم، کە سەلماندنی بۆچوونە ئەدەبییەکان جیاوازە لە سەلماندنی کارە ئەزموونگەرییەکان، دەخوازم بڵێم لە زانستی تەجریبیدا سەلماندن شتێکە و لە بۆچوونی ئەدەبیشدا شتێکی دیکەیە.

*** ئایا شیعر خۆی هەرلەسەرەتادا هونەرێکی پەراوێزی نییە تەریب بەو بۆچوونەی ئەدۆنیس، کە دەڵێ: شیعر و هونەر بە گشتی دەتوانن پەراوێزیی بن و بە پەراوێزیش بمێننەوە، شیعر وەکو ڕووناکییەك وایە، کە پێویستی بەجێگا نییە؟**

_ حەزدەکەم ئەوە بزانین ئەو کاتەی ئەدۆنیس وشەی پەراوێز بۆ مەسەلەکانی شیعر بەکاردەهێنێ، مەبەستی ئەوەیە شیعر بکاتە پارسەنگی بابەتی کەونیەت، نەك ئەو پەراوێزەی کە بە مانای شیرازەو ژێر خەتییەکان بێت، هەمان ئەو موفرەدە لایەنی فەلسەفی خۆی هەیە، ئەدۆنیس لەڕوانگەی سۆفیگەرەکانەوە سەیری دنیای شیعر دەکات، بەوەی کە داهێنەران بەتایبەت شاعیران هێندە لە دنیا دەگەن بەناچار لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانی دی بچنە پەراوێزەوە و بەرەو کەشفکردنی نادیار بڕۆن، چونکە فەلسەفەی مانەوەی شاعیران لە تێگەیشتنە لە زەمان و زمان و دەوروپشت، کە بریتییە لە تێگەیشتن لەماهیەتی کۆمەڵگا، ئاین، ئەمە گوتەیەکی سۆفیگەرییەکانە_کە خودا مادامەکێ ڕووناکییە پێویستی بەجێگای تایبەتی نییە_ئەدۆنیس هەوڵی داوە، کە شیعر بهێنێتە مەداری خوداوەندەکان و پیرۆزی بەسەردا ببەشێتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە هەموو تیشکەکانی داهێنان لە پەراوێزەکانەوە قسەیان لەگەڵ دنیا کردووە، شیعری گەورە ترسی گەورە وندەکات، وەك حەلاج کەئەوکاتە لێیان پرسی ئەوە بۆچی بەدەستی خۆت ئەو خوێنە لە ڕوومەتت هەڵدەسووی، کە خوێنی خۆتە ڕژاوە؟ گوتی من خوێنم لەبەر ڕژاوە ورەنگم زەرد بووە، جا بۆ ئەوەی وانەزانن من لەترسانە ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە بە خوێن سورفلی دەکەم، لەشیعرا ونی دەکەم، شیعر وخوێن یەکتری تەواوناکەن، کۆتاییی بەیەکتری دەهێنن وترس دادەپۆشن.

*** ئەدۆنیس لەچاو ڕەخنەدا شیعری بەپەراوێزی سەیرکردووە، بە مەبەستی نزیك خستنەوەی شیعر لە شیعر، لای ئەو یان لەو وێستگەیەدا مەبەستی لە دەروێشیی و ڕەوتەنی شیعرە، کە بە پێچەوانەی ڕەخنەوە بەشێك بووە دەزگاو ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان.**

_ دیسانەوە من زۆر مەبەستم نییە، ئەو چی دەڵێ یا مەبەستی چییە؟ ڕەنگە من لە زۆر بیروڕادا جیاواز بم لەگەڵ ئەدۆنیس، ئەویش نووسەرە و منیش نووسەرم، ئەو جیهانبینی خۆی هەیە بۆ شیعر و منیش جیهانبینی خۆم هەیە بۆ شیعر، من هەرگیز لەناو قاڵبی ئەوانی تر کار بۆ ئەزموونی خۆم ناکەم، بەڵام لەمەڕ مەسەلەی (پەراوێز) من زۆر شتی ئەدۆنیسم خوێندۆتەوە و پێم وایە ئەو باس لە پەراوێزە گەورەکانی کاریگەرێتی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات دەکات و زیاتر لە ژێر کاریگەرێتی نووسینەکانی داریوش شاهینە سەبارەت بەم بابەتەوە، بەتایبەت لە کتێبی (أسیا در برابر غرب) ئێ ئەویش نووسەرە وەك تۆ و وەکو هەزارانی وەکو من، خۆ وەحی لەئاسمانەوە بۆ نەهاتووە، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، کە ڕەخنە مەبەستم ڕەخنەی راستەقینەیە، هەرگیز بەشێك نەبووە لە دەزگاو ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان، بەڵکو هەمیشە تەوقێك بووە بەسەر ئەو دەزگا و ڕێکخراوە فەرهەنگییە فەرمیانەوە، ناکرێ بڵێین رەخنە گرینگەکانی ترۆتسکی بەشێك بووە لە دەزگاو ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی ئۆکتۆبەر، هەرواش ناکرێ بڵێین ڕەخنەکانی (مەسعوود محەمەد) لە کۆمۆنیستە عیراقییەکان بەشێك بووە لە فەرهەنگ و ڕێکخراوەکانی ئەوان سەردەمان، ئایا دەکرێ بڵێین ڕەخنەکانی (**جلال العظم**) بەشێك بووبێ لە فەرهەنگی ئێستای عەرەبییەوە بەو تەقلیدەی کە ئێستا هەیە؟ یاخود دەکرێ بڵێین ئەو سەرنجانەی (عیسا چیایی) بەشێکە لە دەزگاو ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن، ئایا ئەدۆنیس بەو هەموو ڕەخنانەی، کە ڕۆژانە لە ئەقڵی عەرەبی دەیگرێ، بەشێکە لە دەزگا و ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی عەرەبی ؟ ئەگەر وابێ ئەمە نمایشکردنێکی فریودەرە، نابێ بایەخی پێ بدەین. ئێمە ناتوانین شیعر لە شیعر نزیك کەینەوە ئەگەر هێزی بونیاتنەری شیعر دەست نیشان نەکەین، ئەدەبی کوردی بەداخەوە لەمجۆرە بابەتانەدا دیالۆگی زۆر کەمە، دەبێ بەم شێوەیەی کە گوتوومە بەرهەمهێنەری مەعریفە بین، بەرهەمهێنانی مەعریفە پێویستی بە گوتنی جیاواز هەیە. پێویستی بە سەرکێشی و دروستکردنی گومانەوە هەیە.

* لەڕاستیدا ناتوانم تریفەی ئەو تێبینیانە بەهەند وەرنەگرم، ئەو بڕوابەخۆبوونەم خۆش نەوێ، بەڵام تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گۆشەیەی، کە من دەستم بۆ بردووە دەڵێم: ئەدۆنیس

لەدرێژەی ئەو وەڵامەیدا دەڵێ: (ڕەخنە نەیتوانیوە شان بەشانی شیعری تازە سەردەمی زێرین ڕێنیسانسی هەبێ، ئەوەش بەلای ئەوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕەخنە بەشێك بووە لەو موتنە ڕۆشنبیرییەی کە لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکاندا باو بووە. بەڕای من لەو جومگەیەدا ویستویەتی بڵێ: شیعر ئەو بزاڤە ڕەوتەنییە، ئەو ڕووناکییە سرکە لەگێران نەهاتووەبووە و ڕەخنەش دانیشتن و بەرجەستەکردنی دەوێ بۆ پێوانەو ئەندازەگرتنی هزریی ئەم کردارەی دووەمەش بەڕای ئەو بە پێچەوانەی شیعرەوە کردارێکی دامەزراوەییە، تەریب بەو شیعرەی شێخ ڕەزا، کە دەڵێ:

**پابەندی خەلاییق نییە تەبعم وەکو خەڵکی**
**بێکولفەتم و ڕەنـدم و سـەییاحـم وسـالـووك**
**مــن خــواجــەیی ئــەحرارم و ئــامێزشــی دنیا**
**هێشتاکە نەمیکردووەتە بەندەیی مەملووك**

(مەرج نییە ئەمە وەکو هەر پرسیارێکی تر وەڵامی بوێ، دەکرێ وەکو ڕوونکردنەوەیەك بێ، ئەگەریش تێبینییەکتان لەسەر هەبێ ئەوا باشتر.)

* ئەویش هەر مەبەستێتی بڵێ، کە زۆر جاران رەخنەی ئێستا دەکەوێتە ژێر باری هەندێ باوەری ترەوە کە پەیوەست بە کرۆکی شیعرەوە نییە، واتە لە دەرەوەی منی شیعردا کاردەکات، بۆیە ناتوانێ هەڵگری دۆزینەوەو کەشفێکی گرینگ بێت.

*** ئایا ئەو وەرزە ئاڵتوونیانەی شیعر، خەڵك لە شیعر کۆدەبوونەوە یان لەو نامە نەتەوەیی کۆمەڵایەتییانەی، کە شیعریان وەك بەردەبازێك بەکارهێنابوو؟ ئایا شیعر بەدەر لەو نامانە ئەرکی تری هەیە؟**

_ لەهەندێ قۆناغدا شیعر بە دەنگێکی نەشازەوە بۆ ڕاپەڕاندنی خەڵك دەبێ بە دروشم، کە ئەمەیان بانگی خوێناوی شیعرە، گەورەترین تاوان ئەوەیە شیعر بکرێ بە بانگ و هاواری خوێن، بانگ و هاواری قوربانیدان، ببێ بە خوێنی گوڵەکان، داهێنان لەنێو ڕەحمی مرۆڤایەتیدا دەژی، مرۆڤایەتیش ناکۆکە لەگەڵ خوێن، هەموو ئەو شیعرانەی بە ئومێدی دروشم نووسراون

دەبێ لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی مەبەستەکان، خودی ئەو شیعرانە دادگایی بکرێن و دەرگایان لەسەر کلۆم بدرێت، بەهەرحاڵ هەن باوەڕیان وایە شیعر دەتوانێ موقاوەمە بکات و شیعری موقاوەمەش زۆرە، لە ئەدەبی کوردی شیعر زۆر لە پێشەوەی ئەقڵە، بەو مانایە تاکە پەیوەندییەکی ئەزەلی هەبووبێ لەمیانی شیعر و ئەقڵ، چونکە شیعر خۆی وەهمە و شاعیر خۆی دروستی کردووە و لەناو ئەو وەهمەدا دنیایەکی جوان بۆ مرۆڤ دروستدەکات، پیشەی ئەقڵ دروستکردنی وەهم نییە.

*** ئەو قۆناغانەی کە باست کردن، لە ئەنجامدا بە قازانجی شیعر تەواونەبوون، وەلێ ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لە ناساندی شیعر و گەورەکردنەوە و بەجەماوەری کردنی شیعریشدا، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر زۆریش هەیە لەنێوانیاندا، بۆ نموونە لەنێوان قۆناغەکانی ئەم دواییەی شیعری مەحمود دەروێش بە بەراورد لەگەڵ هەر ڕەمزێکی شیعری بەرەنگاری مرۆڤایەتیدا.**

_ هەرگیز شتێك ناڵێم بە قازانجی بوونێکی خراپ تەواوبێ، ئەمە کاری کەسانێکە کە نەیانتوانیوە شتێك بڵێن، من دەمەوێ سادەبم، بەشێوەیەك کە ئالۆزییەکانی گوتن لەبەرامبەری سەرسام بن، گرنگترین کاری شاعیر لەوەدایە کە هێزێکی گەورەی سەرسامکەر دروست بکات، یان لانی کەم سەرسامکردن بەشێکی گەورەی نووسینەکانیان بێ. کە باسی شیعری بەرەنگاربوونەوە دەکەم، من دەبێ شیعر لە سەنگەر دوورکەمەوە، شیعر شمشێری سەنگەر نییە، شیعر تێکشکێنی سەنگەرو شمشێرە، کە هاتە ڕیزی سەنگەر و شمشێر خۆی دەبێتە بەشێك لەو کەنارە خوێناوییە، شیعر پیشەی دروستکردنی هێما و ئاماژەیەکی هیومانیزمییە، ناکرێ تێکەڵی ئاگر و ئاسنی بکەین، هەموو ئەوانەی شیعریان خستە ئەو ئاستە، نەیانتوانیوە شاکارێك دروست بکەن گیانی جاویدانیان تێدا هەبێ، من مەحموود دەروێش لە ڕێگەی شیعرە بەرەنگارییەکانی ناناسم، بەڵکو لە ڕێگەی شیعرە ئینسانییەکانی دەناسم، لە دوا جاردا هیچ شیعرێك نییە بەرەنگاری بێ و مرۆڤایەتیش بێت، شیعر ئیشراقەیەکە دۆست و دوژمن خۆشیان دەوێ.

* زۆر وایە، بەڵام دیسان قسە لەسەر تاکە کەس نییە، من باس لەو قۆناغانە دەکەم کە تۆش بە نەرێ باست کردوون، بەڵام مەحموود دەروێش لە لیریکترین شیعریدا، ڕەمزێکی ئینسانی برینداری بەرگرییە. بەڵام بە جیاوازییەکانی خۆیەوە. شیعر بەرگرییەکی کەونییە

دەتوانێ نەکەوێتە چوارچێوەیەکی تەسکەوە، با وردتر و نزیکتری بکەمەوە، بۆ نموونە لەسەردەمی کۆتایی هەشتاکاندا ئێوە شیعرێکتان بەناوی (چاودێر)ەوە لە پاشکۆی عێراقدا بڵاوکردەوە، ئایا لەو قۆناغە گرانەدا ئەوە تەنیا شیعرێك بوو؟ ئەو شیعرە بەتایبەتی (ڕەنگە شیعری تریش هەبووبێ) بەرگرییەکی هێمن بوو لەناوەوە. جەنگاوەرێك لەحەسانەوەدا نووسیبووی..

_ من کە دەڵێم شیعری بەرگری بەمجۆرەیە کە باسم کردووە، مەبەستمە بڵێم هەموویان دروشمن، کە شیعر نابێ بە ئاراستەی دروشم بنووسرێ، بەڵکو دەتوانین شیعری بەرگریش لە ناو جەمالییەتێکی شیعری جواندا بنووسین، ئەگینا هەموو شیعرێك بەرگریکردن و سەرخستنی مرۆڤ و جوانی و ئەوینە، شیعری چاودێر وەك دروشم نەنووسراوە، بەڵکو بیرکردنەوەی دوای بەرگریکردنە، وردبوونەوەیە لە چارەنووسەکان، وەرچەرخانە لە ڕەوتی تەماو ئارەزوو و نەهاتنە دی ئەوەی کەمەبەستە، بۆ نموونە شیعری پەلکە گیای وایتمان و چیرۆکی نان و کەوەری خوێناوی حوسێن عارف و کاریتەی یەشار کەمال و پیاوە پیرەکەی هەمنگوای، ئەوانە هەمووی ئەدەبێکن بەرگری دەکەن، بەڵام لەرێگەی مەلەکردن لە ناو ئێستەتیکدا نەك لەناو دروشمدا، واتە هەڵگری هیومانیزمییەتن.

*** ئایا شیعرێك هەیە پەیامێکی تیا نەبێ؟**

_ زۆر جاران بیر دەکەمەوە، کە هەندێ جار نەبوونی پەیام لەناو دەقێکی شیعریدا پەیامێکی گەورەتر و پیرۆزتر دروستدەکات، من پێم وایە مەرج نییە شیعر وەك تەمایەکی ئینسانی پەیامێکی دیاریکراوی هەبێت، شیعر خۆی پەیام و نەویدە بێ ئەوەی شتێکت پێ بڵێ.

بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**هـــەرچەندە کە ڕووتم بـەخـودا مایلـی ڕووتم**
**بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە**

خودێکی بریندار بۆ ئێمە قسە دەکات، بۆ من هیچ پەیامێك نییە، لەناو پرۆسیسی دەقێکی شیعری مەزندا دەبێ بە پەیامی هەموو عاشقەکان، پەیامی هەموو ئەوانەی کە بەنەگەیشتن بە هیوا کەوتوون، بۆیە ناکرێ دەقی شیعری لە پەیامی صەمیمی خۆی دابڕبکەین،

تۆ سەیری ساموائیل بیکیت بکە لە شانۆگەری (گەمەی کۆتایی)و شانۆگەرییەکانی دیکە.. پەیامێك هەیە لە پشتی نووسینەکانییەوە بەڵام دیار نییە، لە بەرداشی کۆتایی ئەو پەیامە کۆمەڵێك لێکدانەوەی مرۆڤە بۆ ژیان و بوون و مان.. هەموو نووسینەکانی (کامۆ) کار لەناو (لاجدوی) دەکەن، دەکرێ ناو لەو نووسینانە بنێین کە پەیامێکی مرۆییان نییە؟ ناکرێ.

*** مەبەست لە پەیام ئەو پەیامەیە کە بۆ مەرامێکی تایبەت و پێشتر ئامادەکراو(ئایدیۆلۆژیا) نووسراوە، دەنا وەکی تر حاڵەتی دەروونی، نیگەرانیی و نائارامیی (نالی) لەچامەکەیدا بۆ (سالم)، ئەو حاڵەتەش هەر پەیامە، بەڵام بەگۆڕینیماناو دەلالەتی پەیام.**

_ شیعر پەیامێکی ئایدیۆلۆژی نییە، شیعر لە حەقیقەتی خۆیدا هەڵگری پەیامی ڕاکردنە لە ئایدیۆلۆژیا، چونکە سروشتی شیعر سروشتێکی خودایی و ئینسانییە، ئایدیۆلۆژیا سنووری گەڵاڵەبوونی مەبەستێکی دەستە جەمعی دیاریکراوە، هەموو ئەو شیعرانەی لە پاڵ یا لە سێبەری ئایدیۆلۆژیادا خەملێون نەیانتوانیوە خلود بۆ خۆیان دروست بکەن، چونکە لە بەرداشی کۆتاییدا هەمان ئەو شیعرانە بە دژایەتی کردنی هەندێك دەوەستێتەوە، لەکاتێکدا کە شیعر پەیوەندی بە ڕۆحییەتی هەموانەوە هەیە، شیعر لەناو پرسیارە خەمگینەکانی ئینساندا کاردەکات و لەناو جوانییەکاندا خۆی دەدۆزێتەوە، لە ڕاستیدا ئەو شیعرەی کە نالی بۆ سالمی نووسیوە، گوزارشتە لە غوربەتییەکانی نالی و ئاماژەیەکی نۆستالیژیە بۆ خاك ونیشتمانەکەی، کە گوتت جۆرێکە لە پەیام ئەوە دەچێتە ناو قاڵبی دروشم ودروشمکارییەوە، کە سەرجەمی شیعرەکانی نالی لەم ڕووەوە بە دوورن، هەرچەندە بە بەراوردێکی خێرا لە میانی شیعرەکانی نالی و ئەو نامەیەی بۆ سالم، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شیعرەی نالی لە چاو شیعرەکانی تری هەڵگری ئەو هێز و جوانییە نییە، کە لە شیعرەکانی تریدا هەن، بۆیە هەندێ جار مرۆڤ بە خەیاڵیدا دێت، کە ئەم نامەیە دروستکراوە، یاخود ئەم نامەیە بە مەبەستێك خەڵقکراوە، من بۆ خۆم پێم وایە، دروستکردنی ئەو شیعرە بۆ نالی پاساوێکە بۆ ئەوەی عەزابەکانی نالی لە دەست دەسەڵاتی ئەوان سەردەمدا، زێتر لە بەندەرە خەمگینەکانی مەولانا خالیدی نەقشی و کەیسی ئەو سیمبۆلە ئایینییە دەچێ، مەبەست داپۆشین و گومکردنی هۆیەکانی ڕاکردنی ئەوە.

*** ئەمەی دوایی گومانێکی زۆر جوانە، خۆزگە چەندین گومانی ئاوامان لا دروست بایە، ئەگەرچی ڕەنگە من نەشتوانم بەتەواوەتی لەم گومانەدا هاو ڕابم، چونکە بەداخەوە لای من بەقەد گومانەکان گەوهەری دڵنیاییشی تیایە، ئاخر زۆر گریان و وەجد و تاوسەندن لەو چامەدایە ناکرێ جگە لە نالی هی خەڵکی تر بن. خۆزگە ئەم گومانە بۆ نموونە (مەلا کەریمی مودەڕیس )ـیش بیکردبا. لە دەستەواژەی پەیامیشدا کە مانا و دەلالەتی (پەیام)ـمان گۆڕی، پەیام بە مانایەکی تر وەك ئەو پەیامەی لێ دێ، کە خۆت پێشتر وات باس کردووە: (ناکرێ دەقی شیعری لەپەیامی صەمیمی خۆی دابڕ بکەین.).**

_ ئەمە من وای بۆ دەچم، چونکە زۆر لەو شیعرە وردبوومەتەوە و لێکم داوەتەوە، رەنگە رای تریش هەبێت، بەم گومانەی خۆم بەرگری لە هێزی جوانکاری و بەلاغەتی نالی دەکەم.

*** شیعر پەراوێزدەکەوێ لەچاو کەیدا پەراوێزدەکەوێ؟**

_ پێشتریش باسم کردووە، بەڵام دووبارە دەیڵێمەوە، هەرکات توانیمان چاو لە خوێنی خۆمان بپۆشین، چاو لە جوانی دابخەین، گێرمەو کێشە ڕۆحییەکانی مرۆڤ بەهەند هەڵنەگرین، یا سەیری ڕێگاکان نەکەین بەدوای دۆزینەوەی سەلوایەکدا، ئەو کاتە زەمەنی پەراوێزبوونی شیعر بەو چەمکەی تۆ مەبەستتە دەست پێدەکات، ئەگینا شیعر پارسەنگی بابەتی ژیانە و ئەبەدیەتی پۆشیوە.

*** کە ئێوە دەڵێن: (ئایا بەهایێك بۆ شیعر ماوە بتوانێ مانەوەی خۆی پێ مسۆگەربکات؟) ئەم ڕستەیە زۆر دەلالەتی تیایە کە ئاماژەن بۆ زەمەنێکی لەدەستچوو، گومانن لەئێستا.. بەدڵنیاییەوە ئەمە نیگەرانییەکی تەواو مەشروعە، ئایا ئێوە بۆ نموونە لەزەمەنی (تەمە سپیەکانی ڕۆح)یشدا، هەمان گومانتان هەبوو لەو بەهایانە؟**

_ لەتەمە سپیەکانی ڕۆحدا، کە لە سەردەمێکدا نووسراوە شیعری کوردی غەرقی دروشم بووە، بەڵام لە ناوەندی دروشمەکان ئەو شیعرانە نووسراون کە یەك تاقە دروشمی تیا نییە و هەر هەمووان دژی ئەو دروشمانەن و لەوێشدا، باس لەو بەهایانە دەکەم کە مرۆڤی کورد لەدەستی داوە، تەمە سپیەکانی ڕۆح لوتکەی گومانەکانی منە، کە تەواوی یەقینەکانی ئەوان سەردەمان

دەڕووخێنیٚ، ئەو بەهایەی من باسی دەکەم بەهای جاویدانی شیعرە بەهای ئەخلاقی نین، کە ئەڵتەرناتیڤیان هەبیٚ، بەهای جاویدانی شیعر بریتییە لە پرسیارەکەی (شەکسپیر) ئەمە کێشەکەیە _بریتییە لە هەستانەوەی کافکا کە دەبیٚ بە (مەگەزێکی بچووك )بەڵکو بە گشتی بەها وجودییەکەیە، کە ئایا جەدوایەك هەیە؟ بەلام شیعر لە ناو ئەم داخستنە هیواکوژەدا وەهمێکی جوان دروستدەکات و دەڵی بەردەوام بە.

*** بەلای منەوە (تەمە سپیەکانی ڕۆح) وێستگەیەکی گرنگە نەك هەر بە نیسبەت ئەزموونی خۆتەوە، بەڵکو بە نیسبەت شیعری ئەو قۆناغەشەوە، کە لە زمان و میتافۆر و دنیابینییەکی تەواو جیاوازەوە دنیای ئەو زەمەنەی چاو کردووە، بەلاّم ئەم دنیابینییە زۆری نەبردووە. ئەزموونەکانی دواتر نەیانتوانیوە ئەومان لەبیر بەرنەوە. بۆ نموونە ئاسۆکانی چامەی (پیانۆی ڕۆژهەلاّت) نەیتوانیوە ئەو تولانەوانەی کە لە چامەی بیاباندا هەیە تێپەڕێنیٚ چ لەڕووی زمانەوە چ لەڕووی دنیابینییەوە چ ئەو هێڵە نیگەرانییەی لەسەرەتای چامەکەوە تا کۆتایی هەستی پێدەکریٚ. لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی شیعری کوردیدا هەناسەی شیعری فارسی (ئەمە نەك بەو مانایەی کەشیعری فارسی قووڵ نەبیٚ، بەڵکو قسە لەسەر ئەو جۆرە لێریکییەیە، کە وەرگێڕانی کوردی هێناویەتی و زۆر دووبارەدەبێتەوە) و تەواو زاڵە و کەمتر هەست بەتێڕامانی قووڵ دەکریٚ..**

_ ئەو کاتەی تەمە سپییەکانم نووسیوە من لە ئەدەبیاتی فارسیدا یەك تاکە کتێبم نەخوێندبۆوەو فارسیم نەزانیوە، بۆیە من دوای شارەزا بوونیشم لە ئەدەبی فارس هەوڵم داوە هەر خۆم بم و بەس، ئاسایی دێتە بەرچاوم ئەگەر ئەدیبان و شاعیران بکەونە ژێر کاریگەرێتی شاکارەکانەوە.

*** ئێستا ئامارێکم لەبەر دەستتدایە سەبارەت بە بەناوبانگترین کارە شیعرییەکانی جیهان، شاعیرە بەناوبانگە کانی جیهان بەبیٚ کەمکردنەوە لە بەهای گرنگی ئەو شاعیرانە و بەرهەمەکانیان دەرەنجامەکانی ئەو ئامارە ئەگەر بەهەمان پێوەر بپێوین کە ئەمڕۆ بۆ شیعر دەکریٚ تەواو سەرسووڕهێنەرە..!**

_ شاعیری فەرەنسی (فیرلین) سەرەڕای ئەو شۆرەتە فراوانەی لە هەموو ئەورووپادا لەساڵی (١٨٨٦)نەیتوانیوە تیراژی چاپکراوی یەکێك لە دیوانە شیعرییەکانی بگاتە (٦٠٠) دانە.
_ مالارمیە ساڵی (١٨٧٦) نەیتوانیوە تیراژی یەکێك لە دیوانە شیعرییەکانی لە (١٩٥) دانە زیاتر بەچاپ بگەیەنێ.
_ ڕامبۆ توانیویەتی تەنها (٥٠٠)دانە لەدیوانە شیعری وەرزێك لە دۆزەخی بەچاپ بگەیەنێ، کە ئەم دیوانە شیعرییە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شیعر لەسەدەی بیستەمدا، کەچی ژمارەکانی لەکۆگای چاپخانەدا دەمایەوە، گەر یەکێك لە ئارەزوومەندان نەبایە کە ساڵی (١٩٩٠) ڕزگاریکردن.
_ سروودەکانی مالدروری لۆتریامون، لەکۆگاکاندا مایەوە پاش چەند ساڵی دوای مردنی شاعیر دۆزرایەوە.
_ بابلۆ نیرۆدا سەرەڕای ناوبانگی فراوانی لەهەموو ئەو وڵاتانەی، کە بە زمانی ئەسپانی دەئاخڤن نەیتوانی ساڵی (١٩٢٦) زیاتر لە (٥٠٠) دانە لە یەکەمین دیوانە شیعری (نامەکانی یەکەم ئەڤین ) بەچاپ بگەیەنێ.
_ هەروەها شاعیری بەناوبانگی ئیتالی ئۆنگاریتی نەیتوانیوە زیاتر لە (٨٠) دانەی یەکێك لەدیوانەکانی بەچاپ بگەیەنێ..
_ والت ویتمەن سەرەڕای ئەو شۆرەتە زۆرەی نەیتوانیوە زیاتر لە (٨٠٠) دانەی دیوانە بەناوبانگەکەی (پەلکە گیا) بەچاپ بگەیەنێ..(بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتریش دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ کتێبی (دەنگی گەوهەر)ی نووسەری هیندی نزار بریك..

* من نازانم ئەم ئامارە دادێکە لەدەست حاڵی پەرپووتی شاعیران یان لەدەست حاڵی پەرپووتی شیعر؟ یان هەردووکیان.؟ چونکە ئەگەر گریمانی یەکەم بێت..کە شیعر ڕەواجی هەبێت. بۆچی نابێتە پاڵپشتێك لانی کەم بۆ بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانیان؟ ئەگەر گریمانی دووەمیش بێت، ئەوا ئەوانە ڕەمزە هەرە گەورەکانی شیعرن، کە بکرێنە پێوەر بۆ شیعر، کە شیعری ئەوانە هێندە بێ ڕەواج بووبێ شیعری ئەمڕۆ لە چاو چ شیعرێکدا بێ ڕەواجە..؟

وەڵامی دووەم بۆ گریمانی سێیەمیش هەر ڕاستە.

* هەموو ئەو ناوانەی هێناوتە کە لە (ڤرلین)ـەوە دەست پێدەکات و کۆتایی بە (والت ویتمان) دێت، نووسەر و شاعیر بوون، یەك دانە لە کتێبەکەیان چاپکرابێ یا یەك ملیۆن، گرینگ نییە هەندێ کتێب نووسراون و چاپ کران و سووتێنران، بەڵام خاوەنەکەی بە زیندوویی مایەوە و کراسی جاویدانی لەبەرکردووە، زۆری و کەمی لەچاپکردن و لەچاپنەکردن بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی بیکەینە دەستووری پەرپووتی شاعیران، من نازانم پەرپووتی شیعر و شاعیران مانای چییە؟ ئەوە بۆ سەدەیەك دەچێ هەموو لێتۆژ و لێکۆڵەرەوەکان خەریکی ڕامبۆن جا دیوانەکانی فرۆشرابن یاخود نەفرۆشرابن، کەم چاپ کرابن یا زۆر، نیرۆدا تا ئێستا بەجوانترین شێوە بەرهەمەکانی چاپدەکرێنەوە. لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم ڕەواج لەناو چاپدا نییە، لەفرۆشتندا نییە ڕەواج لەناو مانەوەی هێزو بڕستی دەق وبیرۆکەی ئەواندایە، شیعر لەجیهانی ئەمڕۆدا بێ ڕەواج نییە، ئەوە جیهانە لەچاو شیعردا بێ ڕەواجە..

لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێم، شاعیر کاری خۆی لەناو داهێنان دەکات، پەیوەست نییە بەوەی کارەکەی بەکام پێوەر حیسابی بۆ دەکرێ، من سەبارەت بە خۆم پێم وایە شیعر لە سەرووی هەموو هونەرەکانەوەیە، لە سەرووی هەموو سەلواکانە، لەسەرووی هەموو لێکدانەوە قەڵپەکانی کۆمەڵگایە، دەنگێکە لەسەرووی هەموو دەنگەکانەوەیە، هەر وەکو فروغیش دەڵێت تەنها دەنگیشە کە دەمێنێتەوە.

*** زۆرجار بۆ دواندنی کەسێك پێویستیت بەشێوازی جۆراو جۆر هەیە، من بەمانا باوەکەی ڕۆژنامەنووس نیم، پێم خۆشە بەو نموونە هێنانەوانە نەك تووڕەم کردبی، من ئەو هەموو نموونانەم تەنها بۆ ئەوە هێناوەتەوە، کە تۆ لە کۆتاییدا بڵێی: (ئەوە جیهانە لەچاو شیعردا بێ ڕەواجە )..! ئەمە تەنیا ڕستەیەك نییە..! هەمووی نا.. بەڵکو لەگەڵ زۆر دەلالەتی پشت ئەم ڕستەیەدا کۆکم.**

ـ لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم جیهانە بەبێ شیعر لانی کەم سەبارەت بە خۆم بێ ڕەواجە، چونکە من ئەزموونی چەند ساڵەی خۆم بە شیعر دروستکردووە، کە جیهانێك ماڵی شیعرم تێکبدات بۆ من هیچ ڕەواجێکی نابێ.

*** بەڵێ، بەدڵنیاییەوە ئەو جیهانە بەبێ شیعر ئەگەر هەشبێ ڕەواجێکی ناتەواوی هەیە. بەڵام هەر لە بەرژەوەندی شیعر دەبێ دان بەو ڕاستییەشدا بنێین، کە ئەم جیهانە بەتەنیا شیعر نییە.**

_ بەڵێ ئەم جیهانە هەر بە تەنها شیعر نییە، من دەڵێم سەبارەت بە شاعیرەکان رەنگە دنیا بۆ ئەوان وابێ، بەتایبەت ئەوەی عومرێکی لە ناو شیعردا بەسەر بردبێت، من مەبەستم لە رەواجێکە، کە مانا بە ژیان ببەخشێت بە دڵنیاییشەوە شیعرە.

## ئەدەبی عیرفانی فراونترە لە ئەدەبی تەسەوفی

### سازدانی: پەری عومەر

*** ئەگەر بە ئەزموونی جەنابت دەست پێ بکەین لەبواری شیعری تەسەوف چۆن بوو لەکەیەوە دەستتان پێکردووە؟ ئایا لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە، دەتوانین بڵێین: جەنابتان بە کردەیی چوونەتە نێو ئەم دنیای سۆفیگەرییە؟ دەکرێت پارچەیەك لە شیعری تەسەوفی جەنابت پێشکەشمان بکەی بۆ پڕ بەهاکردنی زیاتری دیمانەکەمان؟**

*** بناغەدانەری تەسەوفی ئەدەبیاتی کوردی کێیە؟ کێ لەم لایەنەوە کراوە بە پێشەنگ؟ ئەگەر بە نموونەوە باس بکەین؟ ئایا شاعیرانمان یان نووسەرانمان بەرلەنووسینی شیعر یان بابەت لەم لایەنەوە سۆفی بوونەیان عاریف بوونە؟ ئەگەر بە نموونەوە باسبکەین؟**

*** تەسەوف و عیرفان چین لەڕوانگەی ئەدەب و دنیا بەرفراوانەکەی شیعر یان چ بەمانایەك بە شیعر دەبەخشن؟**

*** ئایا دەتواندرێت بگوترێت کەوا (ئەدەب)دەروازەیەکی ترە بۆ ناساندنی تەسەوف؟یان بەجۆرێکی تر بڵێین ئاخۆ ئەدەب چ ڕۆڵێکی هەبووە لەپەرەسەندنی تەسەوف و عیرفان؟**

*** ئەگەربپرسین لەئیستادا تەسەوف لەئەدەب و شیعری کوردی دا لەچ ئاستێکدایە لەدرەوشانەوە؟بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو؟**

*** ئایا تەسەوف چ کاریگەرییەکی هەبووەلەسەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی؟**

_ تەسەوف لای من بریتی نییە لە هۆیەك بۆ چوونە ناو سرووتێکی ئایینی دیاریکراو، بەڵکو هۆیەکە بۆ پارسەنگێکی بابەتی دەگەڵ ئەو مانایانەی خۆیان لە ناو هەورازەکانی غەیبدا

شاردۆتەوە، بەم وەسفەوە تەسەوف لای من مانەوەیە لە ناو مەلەکوتی مانادا، لەراستیدا گەڕانە بە دوای ئەو حاڵەتە ڕەهاییانەی، کە ڕەنگە لە ئەوینێکدا خۆی بدۆزێتەوە یا لە ناو گەلاییێکی سەوزی پونگدا بدرەوشێتەوە، هەموو ئەو حاڵەتە تەسەوفیانە لەو کاتەدا کەڵکەڵەی شاعیران دەدەن، کاتێ کە ئەزموونی شیعریان گەیشتبێتە ترۆپك و شەلاّلی مەستییەك بووبن، کە دەبێ بەدوای ئەوینێکی ڕەهادا هەنگاو بنێن، بەو پێیە تەسەوف لای شاعیر دەبێتە تەریقەتێکی شیعری پالاّوتە، زۆرجاران ئەزموونەکانی دیکەی ئەدەبی و شیعری دەگەڵ تخوبی سیریالیزم و ئەگزیستانسیالیزمدا نزیك دەکەونەوە، بۆیە دەکرێ باس لە تەسەوف بکەبن لە ئەزموونی شاعیرانی وەکو بۆدلێر، ئالفرێد دی مۆسی، مالارمێ، چونکە ئەوانیش بەدوای ڕەهادا گەڕاون.

بە کورتی تەسەوف هەتا ئەگەر لە ڕوانگەیەکی شیعریشەوە بێت، دەبێ مەلە لە ناو — تەریقەت و شەریعەت و حەقیقەت و مەعریفەتدا بکات_کە ئەم چوار دەرگایە تەونێکی ئێستەتیکی جوان بۆ شیعر دەخولقێنن، کە یەکجار پەیوەستن بە یەکترییەوە، تەواو وەك تیۆرەکەی —ئەمبادوکلیس_ سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەرچوار ڕەگەزەکەی_ ئاو —هەوا_ ئاگر_ خۆڵ_کە چۆن بە ئەوین و خۆشەویستی بەیەکەوە پەیوەستن و هەر بە نەمانی ئەویشەوە پەرش و بلاّودەبنەوە.

جا تەریقەت وەهم و سیحرو ئەنلاشەو سەرەتای تەسەوفە و شەریعەت ڕێساو ئەزموون و ئەوین و لەززەت و ڕەوحانییەتی تەسەوفەو حەقیقەت کەشف و حەدس و ئامانج و ئەقڵی تەسەوفە، مەعریفەتیش هەست و دەروون و دڵ و ئاگری تەسەوفە.

ئامانج لە تەریقەتی تەسەوف دۆزینەوەی ڕێگاکانی گەیشتنە بە ڕەهایی و لە شەریعەت دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەیەو حەقیقەت ڕووبەڕووبوونەوەیە لە گەڵ ڕەهاو مەعریفەتیش گونجاندنە لە گەڵ ئاگری ئەو ڕەهاییە.

شیعر ئەگەر بەرەو تەسەوف چوو دەبێ شاعیر تێکەڵی ماناکانی فەلسەفە ببێت، نە بەو مانایانەی کە دەبێ فەلسەفە بنووسێ، بەڵکو بەو مانایەی کە ئاسۆکانی بۆ بێتەدی، بۆیەش لە شیعری کوردی مەلای جزیری پێشەنگی ئەم تەریقەتەی نووسینی شیعرە، هەرواش ئەحمەدی خانی، من بۆ خۆم ڕەنگە هەندێ لە ئاسۆکانی تەسەوف ببینم، بەلاّم ئەوە نیم گەیشتبێتمە ئاستە بەرزەکانی، هێشتاش تەسەوف بۆ من یا ئاسۆکانی تەسەوف بۆ من سەلوایەکەو هیچی تر نا.

هەموو ئەو تێرمانەی یاخود ئەو دەستەواژانەی گوزارشت لە و مەسەلەیە دەکەن وەك سۆفی_ عارف —رەبانی — ئیزەدی_ مەنانی_خەڵوەتکار...تاد، بریتییە لە چوون بەرەو رەهایی یا گەیشتن بە رەها تەنها لە چەمکەکانی گەیشتن جیاوازن، دەنا هەر هەموویان لە ناو دەریای ئەوینێکدا مەلەدەکەن، کە تەنها بوونی خۆیانەو ئاگرێك لەو خەڵوەتە دەدۆزنەوە، کە ئاگری ئیشق و ئەوین و ونبوونە لە ناو ئەم کەونە گەورەیەدا، لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم، کە شیعری تەسەوفی لای من دۆزینەوەی مانا بەرزەکانی ئیشق و ئەوینە، کە سەرسامیی و وەهم و سیحرو ئەندێشەی قووڵ دروستدەکەن...

ئەدەبی عیرفانی ئەدەبێکی پالآوتەی ناو ئەو زەینە یا هزرە پاکەیە، کە دەیەوێت لە رێگەی خەڵوەتێکی خودییەوە تێکەڵ بە ماناکانی وجودو پرسیارەکانی بێت، ئەدەبی عیرفانی فراونترە لە ئەدەبی تەسەوفی، کە بە قسەکردن لەگەڵ خودادا سنووردارە و بەس، بەڵام ئەدەبی عیرفانی گشتگیرە، بۆ نموونە مەولانا جەلالەدینی رۆمی لە مەسنەویاتەکانیدا بە تایبەت لە شیعری — بشنو از نی چون حکایت میکند_واز جدائیها شکایت میکند_ئەوپەڕی عیرفانیەت دەخاتەڕوو، بەڵام لە خۆشەویستی خاك و نیشتماندا، کەچی حافزی شێوازێکی تایبەتە بە تەسەوف، کە ئەدەبی شیعری ئەو بریتییە لە — خەڵوەتیانی مەلەکوت _

هەموو ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە تەسەوف و عیرفان خوێندوومانەتەوە، لە رێگەی ئەدەبیات بووە بە تایبەت شیعر، ئەمەو جگە لە لایەنە مێژووییەکەی بە پەخشان نووسراوەتەوە، بۆ نموونە_ نیفەری — لەکتێبی —المواقف_ دا کە لەرێگەی زمانێکی غەیرە شیعردا باس لە تەسەوف دەکات و — ابن عربی — لە —ترجمان الاشواق_ دا بە شیعر و هەرواش _حلاج_ و —رۆمی و حافز و سەعدی و سوهرە وەردی و جزیری و خانی و مەحوی، کە ئەمانە لە رێگەی ئەدەبیاتەوە هاتوون، کەواتە عیرفان و تەسەوف رێبازگەلێکی ئەدەبین نەك فەلسەفی.

هەروەك گوتم نووسینی دەقی ئەدەبی عیرفانی و تەسەوف، تەنها ئەو کات سەرهەڵدەدات، کە شاعیران ئەزموونێکی دورودرێژیان هەبێ لە ئەدەب و ئەندێشەیان تا سنووری مەلەکوت بڕوات، هەڵبەت ئەمەش پێویستی بە زمانێکی بە هێزو ئەندێشەیەکی قووڵ و مەعریفەتێکی بەهێزو خوێندنەوەیەکی زۆرەوە هەیە، ئەدەبی عیرفانی و تەسەوفی بە حەزی شاعیر دروست نابێ و بلێ من ئەو جۆرە ئەدەبە دەنووسم.

ئەگەر باس لە ئەدەبێکی کوردی بەهێز بکەین، ئەوە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی زیاترمان نییە کە شاعیرەکانی بە تایبەت جزیری و خانی و مەحوی ئەدەبێکی پوختی عیرفانی و

تەسەوفیان بۆ ئێمە جێهێشتووە، بۆیە دەکرێ بڵێین، کە ئەم تەرزە ئەدەبە ئەدەبی کوردییان دەوڵەمەندکردووە، نەك هەر ئەمە بەڵکو پەردەیەکی ئێستەتیکی و بەلاغەتێکی گەورەیان بە ئەدەبی کوردی بەخشیوە.

**ئەگەر هەمووان وەك یەك بنووسن، ئافەتێکی گەورەیە**

*** لە بارەی چاپکردن و چاپنەکردنی دیوانی شیعرەوە؟**

_ من باس لەوە ناکەم کە چ دەزگایەك خۆی لە قەرەی بڕیارێکی واداوە، بەڵام دڵنیام بڕیارێکی ئاوا هەڵگری دوو جۆر لێکدانەوەیە، یەکێکیان هەوڵێکە بۆ دروستکردنی شووناسێکی بەهادار بۆ شیعر، کە بڕیاردەرانی لە روانگەی دڵسۆزیان بۆ بەهای شیعری هەمان ئەو بڕیارەیان داوە، من لەم روانگەیەوە تەواو لە گەڵ بڕیاری ئەوانم، دووەمینیشیان کە هەر پەیوەستە بە هی یەکەم، ئەوەیە کە لە ئەمڕۆی بزووتنەوەی شیعری کوردی، دیاردەیەکی هێجگار ناشایستە سەریهەڵداوە لە رووی چاپکردنی دیوانی شیعر، بە بێ ئەوەی هیچ بەهایەك بۆ شیعر بهێنێتەوە، یا رەچاوی ئەم بەهایە بکەن، واتە کاری بە چاپگەیاندنی دیوانی شیعر وەها بێ لەززەت و کرێت بووە، کە مرۆڤ لە ئاستیدا تووشی شۆکی دەروونی دەبێت، بە تایبەت لەدوای ئەو گۆڕانەی بە سەر کوردستاندا هات، بۆیە بڕیارێکی ئاوەها لە سۆنگەی هیچەوە نەهاتووە، ئاخر ناکرێ تۆ هێشتا هێزی ئەوەت نەبێ دوو شیعری کلاسیك بخوێنیتەوە، دیوانی شیعر چاپ بکەیت، کار گەیشتۆتە ئەوەی کە دیوانی وا هاتۆتە چاپکردن، مرۆڤ لە بەرامبەریدا هەست بە ئەوپەڕی پاشاگەردانی نێوەندی رۆشنبیریی دەبێت، بە داخەوە هیچ جۆرە پەروەردەیەکی ئەدەبی لە ئارادانەماوە، کاتی خۆی وا نەبوو، گەنجەکانمان دوای خوێندنەوەو شارەزابوون لە ماهییەتی شیعرو دوای بە دەستهێنانی ئەزموونێك، ئەوسا وایان بە خەیاڵ دادەهات، کە لە ئاییندە کتێبێکی شیعری خۆیان چاپ بکەن، ئەویش بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە، کە ئاخۆ شتێکیان پێیە رووی ئەوەی هەبێ خەڵك بیخوێنێتەوە؟ بەڵام ئێستا لەوە چۆتە دەرەوە، کە ئەو سانسۆرە خودییە مابێت، بۆیە رەنگە هەمان ئەو بڕیارە لە سۆنگەی ئەم دیاردە ترسناکەوە هاتبێ، چونکە من دڵنیام، ئەو دەزگایەی ئەم بڕیارەی داوە بایی ئەوەندە شارەزایە و ئەزموونی ئەوەیان هەیە، کە شیعر ژانرێکی گرینگە لە مەودای ئەدەبدا، بەڵام شیعری باش.

*** لە بارەی ڕۆڵی میدیاکان و شیعرەوە؟**

_ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەمدیس دەبێ بیر لە پرسیاری یەکەم بکەینەوە، کە من پێموایە دەرەنجامی ئەو پاشاگەردانییەیە کە هەمان ڕاگەیاندن و میدیای کوردی لە بواری شیعر دروستیان کردووە، ئەوان بەرپرسی یەکەم و کۆتایین، ئاخر میدیا ئەوەندە زۆر بووینە، وایان لێهاتووە هەر بە خاتری ڕەشکردنەوە و پڕکردنەوە لە هیچ شتێ نەپەنگێنەوە، باش و خراپیان وەها تێکەڵی یەك کردووە، کە بە هیچ جۆرێ لەیەك نەکرێنەوە، پێوەری میدیاکانی کوردستان پێوەری بڵاوکردنەوەی ئەدەبێکی داهێنان ئامێزو پوخت نییە، بەڵکو پێوەری پڕکردنەوەیە، هەر بۆیەش ڕۆژانە بە دەیان بەرهەمی شیعریت بەرچاودەکەوێ، کە خوێنەر سەری سوڕدەمێنێ، کە کارسازانی ئەو میدیایانە چۆن ڕێگە بە وەها نمایشێکی گوناه دەدەن؟ جا ئەوە یا لەبەر ئەوەیە کە خودی هەڵسوڕێنەرانی بەشی شیعرو ئەدەب خۆیان نەشارەزاو دەستکورتن لەم بوارەدا، یا ئەوەتا هەست بە لێپرسینەوەو دڵسۆزی ناکەن بۆ ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیان، کە هیوادارم وا نەبێت، بەڵام بوویەری حاڵەکە وا دەخوێندرێتەوە، هەربۆیەش هەست بەوە دەکرێ کە هەر میدیایەك و کۆمەڵێك نووسەری خۆی هەیە، نەك کۆمەڵێ داهێنەری خۆی هەبێت، من پێم وایە ئەوەیش بۆ گەڕانی ماکینەی خۆیانە، گرینگ ئەوەیە بەشە ئەدەبییەکەیان هەبێت لە مەودای شیعرو چیرۆك و ئەوانی تر، جا باش یا خراپ بەلایانەوە گرینگ نییە، ئەرکی سەرشانی میدیای کوردییە لەمڕۆکەدا واز لە چێژی دەرچوون و بڵاوبوونەوە بهێنن و بەدوای چێژی بڵاوکردنەوەی داهێنانی باش بکەون، ئەگەر مەبەستیانە دوارۆژ قسەی خێریان بۆ بکات.

*** لە بارەی پەیامی ڕۆژنامەنووسییەوە؟**

_ پەیامی ڕۆژنامەگەری لە هەرشوێنێ بێت، هەر یەك پەیامە، چ لە ئاستی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیات بێت، چ لە ئاستی بابەتەکانی دیکەوە بێت، ئەویش پەیامی گەیاندنێکی ڕاستگۆیانەو پۆزەتیڤە، بڵاوکردنەوەی بابەتە گرینگ و داهێنەرەکان لە بواری ئەدەبیات لە پەیامی ڕۆژنامەگەریی کەم ناکاتەوەو ڕێگریشی نییە، ئەوەی کە دەبێتە هۆیەك بۆ نەگەیاندنی پەیامی ڕاستەقینەی خۆی ئەوەیە، کە بابەتی خراپ و کرچ و کاڵ بڵاوبکاتەوە،

ئەوەی کە پەیامی ڕۆژنامەگەریی دەکوژێت و هەتکی دەکات، نەبوونی پەیامی باڵایە، ئەو پەیامەی سەر هەموو شتەکان دەکەوێت و لافیتەکانی خۆی بە پێی ویست و ئارەزووی کەسان و لایەن نارازێنێتەوە، کار بۆ ئەو ئازادییە دەکات کە گیانی داهێنان و بونیاتنان دەپارێزێ، ئەو پەیامەی کە بەها ونبووەکانی مرۆڤ زیندوودەکاتەوەو ئازادی راستەقینەیان بۆ دروستدەکات، ناکەوێتە ناو داوی دیماگۆژییەت و واز لە فریودانی خەڵك و خوێنەر دەهێنێ.

*** لە بارەی دەسەلاَت و مەسەلەکانی ڕۆشنبیرییەوە؟**

_ لە کوردستاندا تەواوی دەسەلاَت و حیزب و راگەیاندنەکان و کاراکتەرەکانی راگەیاندن هەر هەموویان بە یەکەوە، بە کوللیەتێکی کۆنکریتییەوە، لە پرۆسەیەکی خەمگین و خەمباردا درێژە بە نەرجسییەتی خۆیان و کوشتنی داهێنان دەدەن، چونکە هەموو ئەوانەی باسم کردن، هیچ پەیوەندییێکی رۆحیان نییە بە مەسەلەکانی رۆشنبیران و کاری داهێنان، ئەوەندەی لە هەوڵی پەلکێشکرنیانن بۆ ناو مەدارەکانی خۆیان و رامکردنیان، ئەوەندە بە پەرۆشی ئەوە نین کە پرۆسەی داهێنان بە چ ئاستێکەوە کەوتۆتەرێ، لە راستیدا هەر نازانن بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە، بە شێوەیەکی تر، دەسەلاَت دەسەلاَتێکی رۆشنبیر و مەعریفی نییە، بەلاَم رۆشنبیریش نەیتوانیوە نمایشێکی وا بکات، کە دەسەلاَت خۆی تێدا بدۆزێتەوە، وەك ئەوەی لە سەردەمی سارتەر لە فەرەنسا ئەنجام دەدرا، دەخوازم بڵێم پرۆسەی رۆشنبیریی لە کوردستان پرۆسەیەکی کاریگەر نەبووە بەسەر دەسەلاَتەوە، تا بتوانێ بیگۆڕێت لە رووی زەوق و بیرکردنەوە، یا هەندێ جار لە پەلوپۆی بخات، یا بیوەستێنێ، بۆ نموونە، لەبەرئەوەی توخمی دەسەلاَت لە بنەڕەتدا توخمێکی ئاینییە، سەرەڕای ئەوەی کە خۆیان بە مۆدێرن و شارستانی و عەلمانی لە قەڵەم دەدەن، بۆیە دەبینین لە زۆر هەڵوێست ساتەوەختدا روشنبیریی ئایینی دەیانوەستێنێ و دەیانگۆڕێ، بە پێی ویستی خۆیان دروستی دەکەن، ئەو یاسایانەی پێ دادەڕێژن، کە خزمەتی ئەوان بکات، بەلاَم رۆشنبیرییە عەلمانییەکان هێزی ئەو گۆڕینەیان نییە، ئەمەش وای کردووە کە لە کوردستان هەموو پرۆژە گرینگەکانی ئایندەسازی و خەونی دەوڵەت و بە دەزگاکردنی وڵات و بە سیستەمکردنی ژیان بوەستێ و سەرنەگرێ، ئەمەش بێ باکییە لە وڵات بە گشتی، نەك هەر لە مەسەلەکانی رۆشنبیریی، کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم وەتیرە حەزینە لە نێو مێژووی ئێستاماندا غەرقی تەمتوومانێکی نادیارمان دەکات و رەنگە هەموو

شتەکانمان لە دەست بدات، ئینجا لە خەوی قووڵی بێ باکیدا رادەچڵکین و ئەوساش راچڵەکین دادمان نادات.

*** لە بارەی شارو دەشتەکانەوە؟**

من کوڕی شارم و لە شار گەورە بووم و پەروەردەی کولتووری شارم، لە دوای لە دایکبوونم ساڵێکی نەخایاندووە، هاتووینەتە هەولێر، هەر لە شاریش خوێندنی هەموو قۆناخەکانم تەواوکردووەو بۆ خوێندنی دانشگاش چوومەتە بەغدا، بەڵام لە مەدای کەونارو مێژوویی جەستەمدا، لە خوێنی گەرم و سەدای لەمێژینەی دایك و باوکێکی دەشتاییەکانم، لە دایکبووی خوێنی بەهێزی ئەو دەشتاییانەم کە سروشت لە ناو روانینێکی ئاسۆییدا شەفەقی دووربینی و رامانی پێ بەخشیون، هەر لە ناو ئەو دەشتاییە دوورانەوە بووە، کە باوکم لە ئاوی جاویدانی گەورە شاعیرانی دنیای خواردۆتەوە، بە تایبەت حافزو سەعدی و فەریدەدین و رومی، هەروەها لە باخە سەوزەکانی نالی و مەحوی و حاجی و جەزیری و خانیدا شەفەقی دیدو ئاسۆی دووری رنیوە، من لەو خوێنەوە هاتووم، کە لە بازرقەیەکی بەردەوامدایە، لە شیعرێکمدا کە بە ناوی — من لە دەشتاییەکانەوە هاتووم — هەمان ئەم چەمکەم دەربڕیوە و باس لە هەمان حەکایەتی ئەو خوێنە دەکەم، حەکایەتێك هەڵگری لێکدانەوەیەکی تراژیکی دوورودرێژە، هەڵگری شووناسی راڤەکردێکی کارەساتباری مرۆڤە لە نێو ئەو پانتاییە فەزاگرانەی، کە وێنای مێژوویێکی پڕ لە مەحرومییەت دەکەن، جا لە وەڵامی ئەوەیش کە بۆ کوێ دەچم و بەرەو کام ئاسۆ هەنگاودەنێم، دەڵێم ئەم سەر زەمینە موڵکی منە، هەمیشە بەرەو ئەو ئاسۆیانە هەنگاو دەنێم، کە بەهای مرۆڤی تێدا دەپارێزرێت و ئینسان تیایدا هەست بە بوونی خۆی دەکات، من بەرەو ئاسۆکانی داهێنان دەچم، بەرەو ئاسۆی ئازادی، من دەمەوێ هەموو ئاسۆکان و شێوەی روانینەکان شەڵاڵی یەکتر بکەم و تاکە ئاسۆی ئازادی خۆم و وڵاتەکەمی پێ رەنگرێژ بکەم.

*** لە بارەی ئازادی و هەولێرو پڕۆژەکانی ئەدەبییەوە؟**

من رای ئاوام نەبیستووەو نەخوێندۆتەوە، تەنها لەوانەم بیستووە کە دیمانەی رۆژنامەوانی دەکەن، یا لە دەمی هەندێ کە بە مەرامی سیاسەتەوە قسە دەکەن، لە بنەڕەتدا ئەوە بۆتە

بنێشتە خۆشەی سەرزاری ئەو رۆژنامەنووسە فەلامەرزانەی، کە هەموو شتێ دەزانن، کاری رۆژنامەگەریی نەبێ، سەرچاوەی ئەم بەندو بالۆرەیە لە جەهلێکی مورەککەبەوە ئاوی لەبەر دەڕوات، ئەگینا خۆ کوردستان لە نێو پرۆسەیەکی سەردەمی رێنیسانس ناژیت تا بلێین ئەها رۆشنبیرانی ئەم شارە دابڕاون و خۆیان دزیوەتەوەو و واو وا، ئەمە قسەی منداڵانیش نییە، ئێمە هەمانەو نیمانە دوو شار بە چەمکی شاری مەدەنی و چەمکی ئێستای شار، خۆ لەشکرێکمان لە رۆشنبیر نییە تا ئەم بنێشتە تاڵە بجووین، رۆشنبیری هەولێر کێیە و هی سلێمانی کێیە، من تا ئێستا نەمزانیوە رۆشنبیری شاری لە کوردستان سەری شای پەڕاندبێ، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە من هەمان رایەکەی جارانم هەیە، کە گوتوومە دەبێ لە چەمکی ئازادی بگەین تا لە چەمکەکانی ئازادی نەگەین لە قووڵایی پرۆسەی گوتاری ئەم پرسیارە ناگەین، لە هەولێر بێ یا لە شارەکانی دیکە جا ئایا مرۆڤی ئازاد لە کوێی کردارو رەفتارەکانیدا ئازادی راستەقینە دەنوێنێ؟ ئایا رەهاکردنی دەستەواژەی ئازادی لە هەموو بوارێکدا، مانای ئازادی راستەقینە دەگەیەنێ؟ یاخود دەمانباتەوە سەر تخووبەکانی ئازادبوونی تاك و کۆمەڵ؟ ئایا تا چەند پێویستیمان بە دیلکردنی بیروڕا بودەڵەکان هەیە؟ تا بتوانین ئازادی لە زەینی وێرانی خودانی ئەم بیروڕایانە زیندووکەینەوە و ماناو چەمکی راستەقینەی ئازادییان پێ ببەخشین، کە خۆیان لە رەهەندی بیروڕاکانی خۆیان ناگەن و بوونەتە دیلی دەستی نەفامی خۆیان! ئەمانە پرسیارگەلێکن پێویستیان بە تاوتوێکردن هەیە. نیشتمانی راستەقینەی مرۆڤی خودان هزر ئازادییە، لە هەمان کاتیشدا زیندانی هەمیشەیی مرۆڤی بێ هزر ئازادییە، بەم چەمکەوە ئازادی تیغێکی دووسەرەی هەیە، لەگەڵ فیکرو بیرکردنەوەو هزرو تێگەیشتنی راستەقینەدا بەرەو ئاسۆیەکی پڕ لە بەهرەو داهێنانت دەبات، رێگەی بوونەوە بە سەر دنیات بۆ واڵادەکات و دەرگاکانی ژیانی سەرفیرازیت بۆ دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ نەزانیو نەفامی و پوکیدا، لەگەڵ تێنەگەیشتن لە حوکمی مێژوودا، بەرەو هەڵدێرێکی ترسناکت دەبات، دووبارە بەرەو قەفەزی دیلێتی راپێچت دەکاتەوە، لە هی یەکەمدا ئازادی تیغێکی گەورەی خەباتی مرۆڤەو هەر بەو تیغەشەوەیە، ئامانجەکانی خۆی پێکاوەو پایەی خۆی لە نێو قووڵایی مێژوودا پاراستووە، لە هی دووەمیشدا چونکە هاوزای نەزانی و نەشارەزایی بووە، هاوزای دەرکنەکردن بووە لە بوویەری خۆی، هاودەمی بیروڕای نەخۆش بووە، بۆتە نەفرەتێکی قێزەون و جۆرێك لە کۆیلێتی، هەر بەو هۆیەشەوە بووە، کە مرۆڤ لە تەنکاییەکانی مێژوودا بە دەستەپاچەیی ماوەتەوەو بە تەنهایی سەرگەردان بووە، لێپا خەباتکردن لە پێناوی ئازادبوون لەو جۆرە ئازادییە بێ چەمك و

نەفامییەدا رەوایە، بۆ ئەوەی بگەینە ئازادی حەقیقی، جۆری یەکەم ترۆپکی ئازادبوونی یەکجاریی ئینسانە، لە پەککەوتەیی فیکری و هەڵێکی گرنگە بۆ ئەو تاکانەی دەیانەوێ رزگاریان بێت، لە کۆت و پێوەندی ئەسارەت و بەرەو ئاسۆیەکی پڕ لە ئازادی راستەقینە هەنگاوبنێن. بەمجۆرە ئازادی لە پێناسەی حەقیقی خۆیدا بریتییە لە مەسئولیەت، ئازادی و بەرپرسێتی دوو چەمکی بەرابەرن بۆ تەیارکردنی مرۆڤ بە دروشمەکانی پێشکەوتن‌و بنیاتنان‌و بەرهەمهێنانی فیکری و شاکارە ئەدەبییەکان، هەبوونی ئازادی بەبێ تێگەیشتن لە چەمکەکانی مەسئولیەت، هەبوونێکی بێ ناوەرۆکەو هەبوونی مەسئولیەتیش بەبێ چەمکەکانی ئازادی هەبوونێکی ئیفلیجە _ ئازادی دەرککردنە بە زەروورەت – بۆیە بەهیچ جۆرێ ناتوانین ئازادی لە هەستی بەرپرسێتی بەرامبەر بە کێشە چارەنووسسازەکانی میللەت دابڕین. هەر دەربڕینێکی لەم جۆرە کلۆڵکردنی کۆمەڵگەو لەکەدارکردنی پێناسەکەیەتی، خۆ ئەگەر لە نێوەندی ئەدەب و رۆشنبیریشەوە بێت، ئەوە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە دەقێکی مردوو، ئەگەر لە بواری سیاسەتیش بێت مایەی بەرهەمهێنانی گوتارێکە شەلە. پەیوەندیی نێوان ئازادیو رەفتاری ئینسان، پەیوەندییێکی دیالکتیکی بەهێزەو پارسەنگێکی بەهێزی یەکتری دەکەن، من باس لە چەمکەکانی ئازادی دەکەم لەناو چینێ، کە خۆیان بە رابەری فیکرو ئەندێشە دەزانن، ئەگینا شێوەی قسەکردنم لە ئازادی، چەمکێکی ئاڵۆز دەنوێنێ. قسەکردن لە ئازادی راستەقینە قسەکردنە لە وێرانکردن‌و تارومارکردنی هەموو ئەو بیرۆکانەی کە پێیان وایە ئازادی بە مانای گوتنێکی رەها ئازادییەو سنوور لە ئاسمانی ئازادیدا نییە. لە کاتێکدا خودی چەمکەکانی ئازادی راستەقینە سنوورە بۆ ئەم جۆرە ئازادییە. بە مانایەکی دیکە، ئازادی هۆیێکی مەزنە بۆ داماڵینی ماسکی هەموو ئەو ماسك پۆشانەی دەیانەوێ لەرێی ئەو فێڵ و تەڵەکانەی بە ناوی ئازادییەوە دەینوێنن تاك و کۆمەڵ فریوبدەن. من ناتوانم ئازادبم لە کاتێکدا رەوتی رەفتارەکانم بە پێچەوانەی ئاراستەی پێشخستنی کۆمەڵگا بێت، من ناتوانم ئەدیبێکی ئازادبم، لەکاتێکدا هەموو دەقەکانم هەڵگری رۆحێکی ئەنارشیستی راسیزمی بێت، کاتێکیش رەفتارەکانم بەو ئاراستەیە ناوزەددەکرێ، کە دەرك بە زەروورەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا نەکەم، ئازادی راستەقینە هەموو ئەو رەفتارانە رەتدەکاتەوە، کە هەمیشە پێیان وایە حەقیقەت مولکی ئەوانە، پێیان وایە ئەوان بە تەنها بەرهەمهێنەری راستین، کە لە راستیدا حەقیقەت مولکی کەس نییەو مولکی هەموو کەسێکیشە، لە کاتێکدا مولکی هەموو کەس نییە، کە نەتوانێ لە ئاستی هەڵگرتنی ئەرکەکانی حەقیقەت بێ‌و بەکاری نەهێنێ

له شوێنی خۆیدا، هەر ئەو کاتەش حەقیقەت موڵکی هەموو کەسێکە، کەلە ڕێگەی ئازادییەکانی خۆی ئەو حەقیقەتە بە ئەرك‌و زەرووڕەت لە قەڵەم دەدات، خەڵکی بەشداری پێدەکات‌و لەئاستی هەموویاندا بە یەکسانی و بە پێوانەیەکی ئێستەتیکی ڕێك بەکاری دێنیٚ، ئەلێرەوەیە پەیوەندیی نێوان ئازادی‌و ڕەفتار بەدیاردەکەویٚ، پەیوەندیی نێوان ئازادی‌و حەقیقەت دەبێتە سەنگی مەحەك، واتە ئازادی بەرهەمهێنەری ئەو ڕەفتارانەیە کە حەقیقەت بەرهەم دێنن، ئازادی بە پێی ئەمەوە مۆراڵ و ئیتیکێکە سەر بە هیچ مەزهەب‌و مەدرەسەیەك نییە، بەڵکو ئەوە کە ئەو مەزهەب‌و ئەقیدەو ئایین و تیمایانە بەرهەم دەهێنیٚ. زۆرن ئەوانەی ڕەهاکردنی دەستەواژەی ئازادی لە بوارەکانی نووسیندا بە مافێکی ڕەوای خۆیان دەزانن، بیٚ ئەوەی لە مانای گەرمی ئەو ڕەهاکردنە شارەزابن، ئەوانە پێویستیان بە لاواندنەوە هەیە، ئایا دەکریٚ لە پێوەندییەکانی کۆمەڵگادا ڕەفتارێك یا حەقیقەتێك بەناوی ئازادی ڕەگاژۆ بکەیت، لە کاتێکدا ئاکامی ئەو ڕەفتارە یا ئەو حەقیقەتەی بانگەشەی بۆ دەکەی و بە ڕەهایی هەڵی داوێیتە نێوەندی کۆمەڵگاوە، کە بریتییە لە وێرانکردنی هزرو زەینی خەڵك و بۆگەنی کردنی نێوەندەکە ژەهر بێت؟ لە کاتێکدا ژەهر دەبیٚ بە دەرمان، کە حەقیقەتی چارەسەرکردن بێت، بەڵام ژەهر پرۆسێسێکی کوشندەیە، ئەو چەمکەی کە من باسی لێوەدەکەم جیاوازی هەیە، ژەهر دەتوانیٚ نیشتمانی لە نەخۆشی ڕزگاربکات‌و ژەهریش هەیە نیشتمانی مرۆڤ لەبەین دەبات، بەکارهێنانی ئازادی بەو ڕەهاییە بیٚ چەمکە ژەهرێکی کوشندەیە. ئەلێرەوەیە کە دەکریٚ ئەو پرسیارە بکەین کە ئاخۆ ئێمە تا چەند پێویستیمان بەدیلکردنی هەندیٚ بیروڕای قەڵپ هەیە، دیلکردن بەو مانایە نا، کە هێمای تیرۆر ببەخشێت، بەڵکو بەو مانایەی کە بتوانین ماناکانیان بەتاڵ بکەینەوە، لەناو خودی مانای خۆیاندا، مانا بۆ خاوەنەکانیان بەرهەم بهێنن، یا بەشێوەیەکی ڕوونتر شووناسی ئەم بیروڕایانە لە ناوەرۆك بەتاڵ کەینەوەو شووناسێکی ئینسانیان پیٚ ببەخشین، کە ئەمەش جەنگێکە دوو جەمسەری جیاواز لە ڕووی فیکرو مەعریفە و لە ڕووی بۆچوونیان بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە هەڵیاندەسووڕێنیٚ، جەنگێکە یەکەمجار لە پێناو بنیاتنانی ئازادی ڕاستەقینە و دووەمجاریش بۆ بەتاڵکردنی ئازادییەك لە ماناکانی خۆی، کە جۆرێك لە دیلێتی‌و کۆت‌و پێوەند بە کۆمەڵگا دەبەخشیٚ.. هەوڵدان بۆ دیلکردنی ئەم جۆرە بیروباوەڕانە هەوڵدانە بۆ ساردکردنەوەیان لە قاوغی خۆیاندا، چونکە ئێمە ناتوانین لە پشتی دیوارەکانی باستیلەوە قسە لەگەڵ ئەواندا بکەین، کە لە دەرەوەی دیواری باستیلەکەوە خۆمان بە مرۆڤی ئازاد دەزانین، لە کاتێکدا دیلین، دیلێتی ئێمە زۆر خەمەنگێزترە لە دیلێتی ئەوانەی

لە ژوورەوەن، چونکە هی یەکەم بەرهەمی زوڵم‌و جەهالەتە، هی دووەم بەرهەمی جۆرێك بیرکردنەوەی ناتەواوە لە ڕەوتی ژیان‌و سیاسەت‌و کۆمەڵگا، تێنەگەیشتنە لە چەمکەکانی ئازادی. بەم جۆرە ماناو چەمکی ئازادی لەناو ئەو مرواریانەدا خۆی دەنوێنێ، کە لە بنی ئاوەوە شەوقی خۆیان دەبەخشنە ئەو تۆڕچیانەی دەیانەوێ ڕاوی حەقیقەت بکەن، بەڵام هەرگیز مانای شەوق‌و ڕوونایی چاوی ئەو ماسیانە ناگەیەنێ، کە ڕاوچییە بەتاڵەکان پێیان وایە لە ڕووی ئاوەوە نزیکن، کاتێکیش دەستیان بۆ دەبەن، ئەوسا دەزانن ئەو ئاقیق و شەوقانە زۆر دوورن، بۆیە خۆیان و تۆڕەکانیان دەبن بە نێچیری قیرشەکان و خەون و خەیاڵیان لە ئاوێ دەکەن، لە ڕاستیدا ئەو میللەتانەی کە هێشتا نەیانتوانیوە دەزگا مەدەنییەکانی خۆیان بەتەواوی ئەکتیڤ بکەن، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەکەونە گرفتی ئەو جۆرە ڕاوچییە نەفامانەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوانەشەوە جۆرێکی دیکە هەن، کە هەڵگری سەتارەکانی مەعریفین‌و دەتوانن هێمنانە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە هەوەسبازانە ببنەوە، کە بۆچوونەکانیان بە قسەی گەورە گەورە دەردەبڕن‌و لە ناوەرۆکیشدا دڵۆپێکن‌و ڕوودەچکێن. دەخوازم بڵێم مرۆڤی ئازاد، بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤێکی خاوەن شووناسێکی مەعریفی بووە، مرۆڤی هێمن‌و بێدەنگ‌و پڕ بەرهەم بووە، شاکاری نووسینەکانی خۆی بە شێوەیێك دەدا بە دەستەوە، کە کۆمەڵگە سەرسام بکات، بە ڕادەیەك دەتوانین بەوە پێناسەی مرۆڤی ئازاد بکەین کە سەرسامکەری کۆمەڵگەن. بەڵام کێن ئەوانەی مرۆ سەرسام دەکەن؟ خوێنەرانی ئازیز بگەڕێوە بۆ سەرەتا، ئەوەی تێبگات پێدەگات.

### * پرۆژە ڕۆشنبیرییەکان؟

هەرچەندە من نازانم مەبەستت لە پرۆژەی جیددی چییە، پرۆژەی جیددی لە چ بوارێك و لە کام مەودادا، بەڵام بە چەند دیرێك وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوەو دەڵێم پێدەچێت، تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێ بڕیاری خۆت لە سەرەتاوە دابێت، کە لە هەولێر هەموو شتەکان کۆتایی هاتووەو ئیدی زەمەنی وێرانە خاکی ئەلیۆتە و هیچ شتێ شین نابێ و گرانی ئەدەب و ڕۆشنبیری لەم شارەدا دەستی پێکردووە، پێدەچێت کە تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێك تازە لە ئەشکەوت هاتبێتەوەو هیچ شتێ نەزانێ لەو شارە، برادەری ئەزیز تۆ دەبێت وردبین بیت، هەڵسەنگاندنی ئەدەب و ڕۆشنبیری وا نابێت، کە جەنابت ئیدی قەناعەتێکت لا دروستبووە یاخود بۆیان

دروستکردوویت، یا فریوی قسەی کەسانێکت خواردبێت، کە گوایە هەولێر تەواو ئیدی با چەقۆڕێژی بکەین و بەم جۆرە پرسیارە بێ سەروبەرو بێ بنەمایانە کلۆری بکەین، خۆ مەسەلەی ڕۆشنبیریی شار شارانێ نییە ئەزیزم، مەسەلەی ڕۆشنبیری مەسەلەییێکی جیددی و هەزاران ڕەهەندە، خۆ ڕۆشنبیریی هەر لە مەدای ئەدەب و شیعردا نییە، تۆ وا تووشی ڕەشبینی و شۆك هاتووی؟ ئەدی ئەو هەزاران دوکتۆرو ئەندازیارو کیمیازان و بیرکاریست و فیزیاناس و مامۆستای دانشگاو قوتابیانی بەشی زانستی کۆمپیوتەریست و وەستای چاکی بیناکاری و باخچەوانی مۆدێرن و شەقامی جوان و تەلاری بەرزو دەزگای چاپەمەنی و هەتا دوایی نابینی؟ دیارە تۆ ئەوانەت بەبەرچاودا نایەت و پێت وایە هەموو ڕۆشنبیرییەکان لە شیعرو چیرۆك کۆتایی دێت، ڕۆشنبیری و ئەلقەکانی هەرهەموویان بەیەکەوە بەندن، من ڕۆشنبیرانی هەموو شارەکان هاوڕێمن هەرگیز رای بێ بنەمای وام نەبیستووە، کە هەولێر وا وێران بوو بێت، هەموو پرۆژە ئەدەبییەکانی پووکابێتەوە، کە تۆ لە پرسیارەکانت ئاوا وێرانی لە قەڵەم دەدەیت، زۆرانێك لە ڕۆشنبیرانی شارەکان لە هەولێر لە نێوەندی ئەدەبی هەولێردا گەشەیان کردووە و ژیاون و ماون، کە تەواو تێکەڵی کولتووری هەولێر بوون، ئێستەیش باسی دەکەن، لە هەولێریش بزاوتی ڕۆشنبیری هەیە، شیعر هەیە چیرۆك هەیە، ئاوەدانکردنەوە هەیە، تۆ بۆ وا چاوی خۆت نوقاندووەو بە دووربینیش سەیری شارەکانی دیکە دەکەیت، ئەمە جۆرێك لە بێ بایەخی تۆیە برادەری ئازیز، حەزدەکەم لە ژوورەکەی خۆت بێتە دەرەوە تا هەولێر ببینی، وەرە تێکەڵی ڕۆشنبیرەکانی بە.

*** لە بارەی دوا دیوانی شیعریتەوە؟**

دیوانی سکڵی ناو خۆڵەمێش کۆمەڵە شیعرێکی کورت کورتن، گوزارشت لە مەسەلەکانی خۆشەویستی و ئەوینی باڵا دەکات ئەو خۆشەویستی و ئەوینەی کە سەر هەموو ئەوینەکانی دیکە دەکەوێت و جۆرێك — سمو — دەنوێنێ، واتە پرۆسێسی بەرزبوونەوەی شیعرە تا ئاستی توانەوە، لە هەمان کاتدا نمایشی جۆرێك لە بورانەوەی مرۆژایەتی دەکات لە ئاست ئەشق و خۆشەویستی، کە تێکەڵی ناخ دەبێت، بەم مانایە ئەشق و ئەوین لە نێو ئەم شیعرانەدا هەستێکی ئەفسانەیی و لە هەمان کاتدا مۆدێرن نمایش دەکات، بۆیە زمان لەم کۆمەڵە شیعرەدا بە ڕادەیەك ناسك و سادەبۆتەوە، کە خوێنەر هەست بە هەڵمی وشەکانی دەکات،،

بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵگری مانا باڵاکانی شیعری پاڵاوتەیە، هەروەها فۆرمیش جۆرێك لە ڕەنگاورەنگی و هەندێ جار تەکرەنگی بە خۆیەوە دەبینێ، ئەوەیش بۆ ئەوەیە کە بتوانێ مانای قووڵ هەڵبگرێت، ئەوە بوو لە سوید کاری وەرگێڕانی بۆ کرا، رزگارشێخانی ئەو زەحمەتییەی قەبوڵ کرد بە پێشەکی دکتۆرێکی رەخنەگرو شاعیری سوێدی کە پێشەکی بۆ نووسیوە و هەروەها سەیری ئەو نامەیەی وەرگێڕ بکە لە بارەی نامەی کەسێکی پرۆفیسۆرە

Bäste Farhad

Tack för ditt brev och dina välgångsönskningar! Tack också för den fina diktsamlingen av Karim Dashty! Den låter verkligen bra också i svensk översättning. Jag måste hålla med John Swedenmark som i förordet säger att Rizgar Shekani har en särskild talang att översätta poesi. De här dikterna är ju mycket sufiska ،så jag antar att du tycker om dem. Dessutom klingar det mycket som Ekelöf. Jag vet inte om det härrör från översättarens eller poetens inspiration ،men det låter klingar fint.

*** لە بارەی رەخنەوە؟**

گووتاری رەخنەی ئەدەبی کوردی هەر ئەوە ناگرێتەوە کە دەچێتە ناو هەرێمی دەقە ئەدەبییەکانەوە و بەرهەمی تێزی خۆی نمایش دەکات، بەڵکو گوتاری رەخنەیی گوتارێکی سەراپاگیرە، جیهانبینی خۆی دادەمەزرێنێ لە ناو سەرجەمی بونیاتی سەرەوەیی ژیان، کە بریتین لە تەواوی فۆرمەکانی سۆسیۆلۆژی و سیاسی و یاسایی و لیتراتۆرو هەتا دوایی، واتە پرۆژەی ژیانییەتی، چونکە هەموو ئەوانەی لە بواری گوتاری رەخنەیی لەم جۆرەدا کاردەکەن، هەوڵدەدەن، دنیابینی خۆیان بگەیەننە ناوەندەکانی کاریگەرێتی، بۆیە ئەمە کارێکی قورس و پڕ ئاستەنگە، ناتوانم بڵێم کوردستان خاڵییە لەم تەرزە گوتارە، بەڵام زۆریش نییە، سەرەتایەك لەسەردەستی کۆمەڵێ رۆشنبیر دارێژراوە، بەڵام لەبەر کۆنترۆڵی بەهێزی ئەنتی ئەو گوتارانە، تەگەرەی تێدەکەوێ و لە هەندێ شوێندا سەرهەڵدەدات و لە هەندێ شوێندا دەپووکێتەوە، بەڵام

سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ گوتاری رەخنەی ئەدەبی شان لە شانی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەدات؟ بۆ ئەوەیان دەبێ سەیری پرۆسەکە بکەین، کە ئاخۆ ئەوانەی پرۆفیشنالن تەواو کەوتوونەتە سەر دارشتنی ئەو کارەی خۆیان و بەردەوام لەم رووەوە دەنووسن، من وای دەبینم کە بوارەکە لەم جۆرە کەسانەی کەم تیایە، ئەوەی هەمانە کۆمەڵە نووسینێکی خێرایە، کە بە دوای دەقە ئەدەبییەکاندا دەچێت و هەڵیدەسەنگێنێ و بەس، هەڵگری ئەو دیدە بەرهەمهێنەرەی مەعریفی نین، کە خوێنەر سوود لە نووسینەکانیان وەرگرێ و ببنە سەچاوەیەکی باش و پەندی لێ وەرگرن، یا بکەونە ژێر کاریگەرییەکانی دیدگای ئەوانەوە، ئەوەیش وایکردووە کە بەرهەمی باش و خراپ بەیەکەوە گوزەربکەن، جیاوازییەکی جەوهەریان نەبێت، هەڵبەت ئەوەیان متبوون و سڕبوونێکی گەورە لە نێو ئەدەبیاتدا دروستدەکات، زەمەنێك بۆ دەقی داهێنەرانە دەخولقێنێ، کە دەکرێ ناوی بنێم زەمەنی تراژیکی ئەو دەقانە.

## * لە بارەی شیعرو تازەگەری و فۆرم؟

هەموو ئەو یاریانە لە مێژووی ئەدەبی دنیادا ئەزموون کراوەو کۆتاییان هاتووە، تەنها ئەو بەرهەمانەش ماونەتەوە کە ناوەرۆکێکی هیومانیزمییان بەخشی بە ژیان، بەڵام ئەوانەی تر ئاسەوارێکیان دیار نییە، ئەدەبی راستەقینە کار لە ناو جەوهەری داهێنان دەکات و کار لە ناو دیاردەو گەمەکان ناکات، چونکە دیاردەکانی ناو ئەدەب، جۆرێك وەڵامدانەوەی ساتەوەختین، لە گەڵ کەشفبوونی دەست کۆتاییان دێت، بەڵام ئەوانەی کە هەوڵەکانی خۆیان بۆ بەرهەمهێنانی دەقی داهێنەرانە و مرۆیی دەدەن، ئەوانەن دەبن بە سەرمایەی مرۆڤایەتی، شیعر پارسەنگی بابەتی مرۆڤایەتییە، هەوڵی مرۆڤێکە بۆ رزگاربوون لە کۆت و پێوەندی ئازارەکانی ناوەوەی مرۆڤ و دروستکردنی جەدوایەك بۆ ژیان و مانەوە، پەڕینەوەیە لە مەدارەکانی زەجەری سەرزەوی، خۆ شیعر گێرمەو کێشەی شاعیر نییە، تا جەدەلی فۆرم هەڵیلووشی، شیعر غایەتی شاعیرە بۆ دارشتنی پرۆژەی دامەزراندنی خەیاڵ و ئەندێشەو مەعریفە، لە پێناوی ئارامبوونەوەی مرۆڤ لەو هەدادانە گیانییەی تێی کەوتووە، شەڕی فۆرم و فۆرمخوازی تەنها زاراوەی رەخنەیی دروستکردووە و بەجێهێشتووە، بەڵام ناوەرۆکی شیعر هەزاران بەرهەمی نایاب و دانسقەی وەك دانتی شیللەرو گۆتێ و پۆشکین و نالی و مەحوی و جزیری و ئەلیەت و مالارمێ و رامبۆ و فروغزاد و بودلێری بەجێهێشتووە، من لەمێژە باوەڕم

به جەوهەرو حیکمەتی شیعر هێناوە، بۆیە قسەکردن لەمەڕ فۆرمەکانی شیعرو ئاستی زمانەوانی زیاتر پەیوەستن بە پرۆسیسی رەخنەیی نەك شیعریی. ئەوەیش کە جاویدانی بە مالّی شیعرو سەری شاعیر دەبەخشێ خودی جەوهەری شیعرەکەیە، خودی منی شیعرەکەیە نەك منی شاعیر.

*** لە بارەی زمانەوە؟**

زمانی سادە لە ئەزموونی زمانی قورسەوە سەرچاوەدەگرێت، هەرواش زمانی قورس لەدایکبووی ئەزموونی زمانی سادەیە، تا ئەزموونی شیعری بەرەو هەلّکشان بچێت، زمان بۆ مندالّی شتەکان دەگەڕێتەوەو سادە خۆی دەنوێنێ، ئەزموونە بەرهەمهێنەری سادەیی و قورسی لە زماندا، ئەو سادەیەی من باسی دەکەم جەوهەرێکی ئالّۆزەو خۆی لە سادەیی لوولدەدات، نە پەشێو سادەیەو نە شێرکۆ ئالّۆزو قورسە، هەردووکیان بەرهەمی ئەزموونێکی درێژن لە شیعرو ئەدەبیاتدا، دوو شاعیری گەورەی کوردن، هەر یەکەو تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە لە مەودای شیعر، لە ناو کتێبی شیعری کوردیدا یەکتری تەواودەکەن، هەر یەکەو بەجۆرێ دنیا دەخوێننەوە. خۆ هەموو شاعیرەکان وەك یەك نانووسن، رەنگاوڕەنگی لە نووسین گرینگە و تەکتامی نەسلی شیعر دەکوژێ. نازانم فێرمین ئەوەی لە کوێ گوتووە، بەلاّم دلّنیام هەمان ئەو مەبەستەی هەبووە لەو گوتنەدا کە لە سەرەوە باسم کردووە، چونکە ئەگەر هەمووان وەك یەك بنووسن، ئافەتێکی گەورەیە. هیچ میللەتێك نییە بە تەنها بەیەك فۆرم و یەك ناوەرۆك و یەك زمان ئەدەبی خۆی داڕشتبی، هەزاران هەزار سەرچاوەی خوێندنەوە هەیە، ئەدەب و شیعریش لەو سەرچاوانەوە پەرەدەسێنی و مشتومالّ دەبێت. هەتا لە کلاسیکی کوردیشدا سەرەڕای کەمی سەرچاوەیان لەوان سەردەماندا، جیاوازی هەبووە، نالی جیاوازە لە خانی جەزیری جیاوازە لە مەحوی، ئەمەشە وادەکات بۆ تاهەتا بە زیندوویی بمێننەوە.

*** ئەم دیمانەیە لە ڕۆژنامەی: "باس" بلاّوبۆتەوە.**

# نووسەری کوردو ترس لە ڕەخنە

رۆژنامەی چاودێر

* بە گشتی بیرکردنەوەی کورد سەبارەت بە ڕەخنە چۆنە، واتە ڕەخنە لای کورد چییە؟ گەر سەرنجی بیری کورد بدەین، تا چەند هەست بە دیدو ڕوانینو هاندان دەکرێت بۆ ڕەخنەگرتنو پرسیارکردن؟

* کولتووری کورد تا چەند کولتوورێکی ڕەخنە بەرهەمهێنە؟ واتە ئایا لەناو فەرهەنگو کولتووری کورددا ڕەخنەو ڕەخنەگر چۆن لێیدەڕوانرێت؟ پێتوایە ئێمەی کورد ترس لە ڕەخنە بەشێك بێت لە فەرهەنگو ژیانمان؟

* ئێستای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ پێتوایە ڕەخنەی ئەدەبیمان لە چ ئاستێکدا بێت؟

* ئەو هۆکارانە چین وادەکەن ڕەخنەی ئەدەبیمان پێشنەکەوێت؟ چی بکرێت بۆ پێشخستنی؟

* ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لەنێوانو ئەدیبانو ڕەخنەگرانماندایە نەبووەتە هۆکاریی نازانستی کارکردنی ڕەخنەگر، یان ڕاستگۆیی ڕەخنەگرو زوویربوونی ئەدیبان؟ (بە گشتی مجامەلەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی گرفتێك نییە لەبەردەم پێشخستنی ڕەخنە، گەر نموونەت لایە تەنیا ئاماژەی پێبکە بێ ناوهێنان؟

* پێتوایە ڕەخنەگرانی کورد لەناو زانکۆکاندان یان لەدەرەوەی زانکۆ؟ بە واتایەکی تر ئایا زانکۆ ڕەخنەگری بەرهەمهێناوە؟ پێتوایە زانکۆ نەیتوانیوە ڕەخنە بەمانا زانستییەکەی دروستبکات؟

_ من به گشتی وەڵامی پرسیارەكان دەدەمەوە، چونكە لە چەندین بواری دیكە قسەم لە مەڕ ئەو باسانە كردووە، بەوەی كە ئێمە چۆن رەخنەی ئەمڕۆی كوردی هەڵدەسەنگێنین و قسەی لەبارەوە دەكەین، دەتوانین بگەینە ئەو راستییەی كە پرۆسێسی رەخنەیی لە ناو ئێمەدا پرۆسێسێكی سست و خاوە، تا ئێستا كەسانێك پەیدا نەبووینە كە تەواو بكەونە سەر كاری رەخنەی جیدییەوە، ئەم كارەش بكاتە بەشێكی سەرەكی لە تایبەتمەندێتی خۆی، واتە كار بۆ ئەوە بكات كە ببێتە كەسێكی پرۆفیشنال لەم بوارەدا، بۆ ماوەیەك دەست دەكات بە كاری رەخنەیی، بەڵام هەر زوو دادەمركێ و ئەزموونی خۆی لەم بوارە پەرە پێ نادات، ئاخر كاری رەخنەیی پێویستی بە مەعریفەی زۆرو خوێندنەوەی زۆرو شارەزابوونە لە ئەدەبیاتی دنیا و ئەدەبیاتی خۆماڵی، ئەمەش وایكردووە كە هەست بە بوونی ژانرێكی ئەدەبی نەكەین بە ناوی ژانری رەخنە، ئەوەشیان لە ئاستی بەرهەمهێنانی دەقی باش و شاكار دادەبەزێنێ، تا ئێستاش لە ناو ئێمەدا رەخنە ئەو لێكدانەوەی بۆ دەكرێت كە هۆكاری بێت بۆ لێككردنەوەی باش و خراپی بەرهەمە ئەدەبییەكان، كە ئەمە سادەترین جۆری رەخنەی كلاسیكییە، لەمێژە سەردەمی بەسەرچووە، رەخنەی هاوچەرخ و رەخنەی ئەم زەمەنە بەدوای ئەمەدا ناگەڕێ، بەڵكو هەوڵدەدا دەرگاكان بكاتەوە بۆ سەرچاوە مەعریفییەكانی خاوەن دەق و فەزاكانی بۆ ئاوەڵابكات، جۆرێ لە هێزی جوانی و هێزی رۆشنبیری و هێزی كەونی پێ ببەخشێ، واتە دەقی رەخنەیی بۆتە دەقێكی كراوەی مەعریفی.

كولتووری نەتەوایەتی هەڵگری بابەتگەلێكی زۆرە هەر لە خوورەوشتی تاك تا دەگاتە دوابەرهەمەكانی زانستیو سۆسیۆلۆژیو مێژوویی... تاد هەموو ئەو شتانە پێی دەڵێن كولتووری نەتەوە، رەخنە بەشێكی گرنگی كولتوورە، شیعر بەچاكو خراپییەوە دەبێتە بەشێك لە كولتووری نەتەوە، لەناو كولتووردا هەموو بەرهەمەكان یەكسانن، پێوەری چاكو خراپیان، رۆڵی كاریگەریان، بەرزیو نزمیان، دەچێتە ناو گوتاری ڕەخنە، ئەلێرەوەیە كە هەموو ئەو كولتوورانەی هەڵگری گوتاری رەخنەیی گرنگن زیندووترن لەوانەی كە پرۆسێسی رەخنەیان لاوازە، كە ئەوەش بەشێكی لێكدانەوەی كولتووری مرۆڤایەتییە، ناتوانین (ئەرستوڤانیس) لەناو كولتووری گریكدا جیابكەینەوە لە (سۆفۆكلیس) هەرواش ناتوانین لەناو كولتووری نەتەوەیی كوردیدا، (حەریق) جیاكەینەوە لە (جەزیری) هەموویان كولتووری نەتەوەن، تێكڕا دەبن بە كولتووری مرۆڤایەتی، دەستنیشانكردنی شوێنو پایەی ئەوانە ئەركی گوتاری رەخنەییە، مەبەستم ئەوەی لەناو كەوانەی كولتووری نەتەوەیی شوێنێك لە شوێنێكی دیكە بەرزتر نییە،

هەمووی کولتوورن، بەڵام جیابەندکردنی ئەمە ئەرکێکی دیکەی بەشێکی دیکەی کولتووره، کە دەکەوێتە ئەستۆی کاری رەخنەگرەکانەوە، شیعر بەتەنیا کولتووری نەتەوە دروست ناکات بەڵکو هەموو بابەتەکانی دیکە بەیەکەوە کولتوور دروستدەکەن. لە نێو ئەم کولتوورەدا رەخنە دامەزرێنەری گەورەترین ئاوێنەیە بۆ ئەوەی هەموو تاکێ خۆی لە نێو ئەم کولتووره بدۆزێتەوە، هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نەوەیەك، بە بێ بوونی رەخنە و پرۆسێسی رەخنەیی کارێکی بێهودەیە، بۆیە تەقیمکردنی بەرهەمی نەوەیەك هەروا کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە پشتی خۆیانەوە کۆمەڵێك هۆکارو دەرەنجامیان هەڵگرتووە، بە کۆمەڵێك داوی مێژوویی دوراوەتەوە، بە کۆمەڵێ تەقەڵی سیاسی تانوپۆ بووە، بەڵام وەك گۆشەنیگاییێکی لەدەرەوە بۆ نموونە دەکرێ بڵێم شیعری نەوەی ئێمە ئاسۆیەکی نادیاری نەتەوەیی سووری کردبوو، دێرەکانیان هەڵگری ترسو دڵەڕاوکی بوون، فۆرمەکانیان لەدایکبووی ناچاری بوون، بە گشتی شیعری نەوەی من شیعری دوای شکستێکی رۆحی گەوره بوو، کە هەموو بنەماکانی ژیانی وردوخاش کردبوو. ناکرێ نەوەیەك هەبووبێ شتێکی بۆ بەر لە خۆی نەکردبێ، من پێموایە هەموو نەوەیەکی تازە داهێنانێکی  زیادی هەبووە لەنەوەی پێش خۆی چ لەڕووی تێڕامان چ لەڕووی فۆرم، چونکە ئیقاعی ژیان دەگۆڕێ، کە نەوەیەك دەڕواو نەوەیەکی دیکە دێتە پێشەوە. بەڵام چ ژانرێ ئەم لێکدانەوەیە دەسەلمێنێ ئەگەر رەخنە نەبێ، بۆیە دەبێ ئەوە بڵێم، کە ئێمە لە حاڵەتێکی باش دانین سەبارەت بە داهێنان و رەخنە، لەم باسەدا دەبێ جیاوازی بکەین لەمیانی قۆناغی ئەدەبی رەوتی رەخنە، بەرهەمی ئەدەبی پەیوەست بە داهێنان نابێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی هەمیشە بگەڕێیتەوە سەری و سوودی لێوەرگری، تەنیا بۆ خوێندنەوەو چێژ لێوەرگرتنە، بەڵام دەکرێ مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر تەنزیری رەخنەییو سوود لە لێکدانەوەکانی وەرگرێت، بەداخەوە ئێمەی کورد بەرهەمێکی ئەوتۆی گوتاری رەخنەییمان لەناو کولتووری خۆمان دەست ناکەوێ تا وەکو سەرچاوەیەك بگەڕێینەوە سەری و لەگەڵ ئێستای گوتارەکاندا لێکی بدەینەوەو بەراوردیان بکەینو بایەخیان لێوەرگرین، ئەوەیان دەگمەنە، هەموو نەوەیێکی ئەدەبی پەروەردەی کۆمەڵێك مەرجەعییەتو کۆمەڵێك کەناڵی رۆشنبیرییە، کە ئەدەبی رەخنەش هەمان ئەو مەرجەعییەتو کەناڵە رۆشنبیرییە رەخنەییانەیە، بیروباوەڕێکی کۆنینە هەیە کە بەشێوەیەك پێناسەی رەخنە دەکات کە گوایە هەوڵێکە بۆ بەدواداچوونی دەقێکی ئەدەبیو رۆشنبیری، هەروا بەدیارخستنی لایەنی خراپو چاك، ئەمە بۆچوونێکی زۆر سەقەتی تەوژمی سەلەفیەتە، چونکە رەخنە جۆرێك داهێنانکاری دیکەیە، گوتارێکە هەڵگری کۆمەڵێك کەشفو

خەستبوونەوەیە بەسەر دنیا شاردراوەکانی ناو دەق، دەبێ گوتاری رەخنە گوتارێکی داهێنان ئامێزبێ، وەك چۆن دەقێکی شیعری دەخوێنینەوەو رامان دەکێشێتە ناو کۆمەڵێك رامانو لێوردبوونەوە ئاواش دەبێ رەخنە بخوێندرێتەوە، رەخنە رووبەرێکی فراوانی هەیەو بابەتی زۆری هەیە، هەر لەحەفتاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکان رەخنە لەناو جغزێکی تەسکدا بوو، بەڵام لەدوای هەشتاکانەوە رەخنە بە ئاراستەییێکی دیکەی فیکریو لێکۆڵینەوەدا چوو، کۆمەڵێك گەنج توانیان بنەماییێکی باشی رەخنە دابمەزرێنن وەك پڕۆژەییێکی گرنگی ناو ئەدەبیات. وەکو گوتم کولتوور سەرجەمی بەرهەمی ئەدەبیو رۆشنبیریو سیاسیو کۆمەڵایەتی میللەتانە، لەراستی وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئەوانە بیدەنەوە، کە بەکاری رەخنەوە خەریکن.

## به رادەیەك پووچگەرایی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە

*** ئەگەر باسێك لە دوائەزموونی شیعریت و "سکلی ناو خۆڵەمێش"بکەیت و شیعرەکانی بۆ کەی دەگەڕێنەوە؟**

_ سکڵی ناو خۆڵەمێش دوا دیوانی شیعری ئێستاکەی منە، کە هاتە چاپکردن، لە راستیدا تەواوی شیعرەکانی ئەم دیوانەم، کە هەوڵی چڕکردنەوەو خەستکردنەوەی بیرۆکەی شیعریم تیا داوە، هەوڵێکە بۆ بە باڵابردنی چەمکەکانی ئەوین و خۆشەویستی بە شێوەیەك کە بتوانم، ئەو چەمکانە بگەیەنمە ئاستی بە ئایین کردنیان، دەخوازم بڵێم، شیعر لە توانای دایە کە سرووتێ بخولقێنێ، هەڵگری هێزێکی زۆری ئەتراکتیف و پەیڕەو بێت، مرۆڤ بخاتە ناو پرۆسەی ئۆبلایجێشنێکی شیرین و لە هەمان کات حەسرەتبەخش، ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە دەست جەبریەتی وەڕەسی و بێهودەیی دەناڵێنێ، بەڵام شیعری بەهێزو هاوچەرخ دەتوانێ بۆ چەند ساتێك پەنایەك بۆ خوێنەر دروست بکات تیایدا بکەوێتە ناو رامانێکی قووڵ، بە کورتی پرۆسەی خولقاندنی شیعر بریتییە لە پرۆسەی بەهەندهەڵگرتنی هەستی ئینسان، ئەو شیعرانەی لە دەرەوەی هەستی مرۆیی کاردەکەن، شیعر گەلێکن لە ناو ئەفێکتی تەکنولۆژیادا لە دایك دەبن، کە رەنگە لەگەڵ ئامێرەکان جیاوازیان نەبێ لە رووی کاریگەرێتییەوە، بۆیە هێزی مانەوەو جاویدانییان نییە، من بە پێی ئەزموونی شیعری خۆم دوورکەوتوومەتەوە لەم جۆرە

نووسینه به ناو شیعریانەوە، من دەمەوێ جەدوایەك، هەنجەتێك بۆ مانەوەی ئینسان دروست بکەم، ئەمەش کارێکی سەختە، پێویستی بە خوێندنەوەی قووڵ و ئەزموونێکی پڕ هەیە.

*** لەم کتێبە شیعرییەتدا هەست دەکرێت کە گیرۆدەی ئەوی تری (واتە کەسی دووەمی تاك)، ئەم گیرۆدەبوونە، پەیوەستە بەو ویستییەوە یا گەرەکتە بە دوای نیوە بزربووەکەی خۆتدا بگەڕێیت؟**

_ وشەی تۆ لە سەرجەم ئەم دیوانە شیعرییەدا، وشەیەکی سەراپاگیرە، لە چەشنی با وایە کە هەڵدەکات تەواوی ئاسمان و سەرزەوی تەی دەکات، وشەیەك نییە سامۆرایی پەیوەست بێ بە شمشێرەکەی و بەس، بەڵکو پەیوەستە بە مەسەلەکانی هەبوون، گوزارشتکردنە لە پرسیارەکانی ئەگزیستیانسیالیزم، بۆیە لەم دیوانەدا شیعر هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارە لە جەستەی شیعرییەتێکی شیرین، قسەکردنە لە گەڵ غەیبی جوانی، دیالۆگە لە گەڵ پەیوار و نادیار، ئەو کاتە هێزی شیعر کاریگەرێتی دەبێت، بتوانێ خوێنەر هەڵوەشێنێ و بە نەزمی خۆی دروستی کاتەوە، واتە لە هەوڵی گەمەیەکی خالیقانە بێت، تۆ سەیری شیعرەکانی رومی بکە چۆن شیعری کردۆتە پارسەنگی وجود، تیایا هەموو کاراکتەرەکانی هەست و نەستی مرۆڤ دەسوڕێنەوەو نەویدی سرەوتن بە رۆحی ئەو سەرزەمینە ماندووە دەبەخشن، من ئەگەر توانیبێتم لە هەوڵی بە چەمککردنی هەموو وشەیەکم لەو شیعرانەدا، نەمهێشتووە وشە بە دیلی لە ناو شیعردا بژیت. چونکە مرۆڤ خۆی بزربوویێکی غەریبە لەم کەونەدا هەوڵدەدات خۆی بدۆزێتەوە، نیوەیەك نییە بزر بووبێ، بەڵکو کوللیەتێك لە ونبوونی کانگەی ئەوین و ئەشق هەیە.

*** هەر لەم کتێبە شیعرییەتدا هەست بەوە دەکرێت کە جۆرە پووچگەراییەك لە جەنابتدا هەیە، ئەم پووچگەراییە دەچێتەوە خانەی هەمان پووچگەرایی کامۆیانی، یا سادق هیدایەتانی یا بە جۆرێکی دیکە بریتییە لە پێناسکردنی ژیان؟**

_ ئەگەر دیققەت لە وەڵامەکانی پێشتر بکەیت، وەڵامێکی تاراپۆش بۆ ئەو پرسیارە هەیە، من لەمێژە ئەوە لەخۆمدا هەست پێدەکەم، بەڵام من زیاتر لەژێر کاریگەرێتی پرسیارەکانی ئەو

فەلسەفەیەم، بەو مانایە من ئەگەرچی مەحاڵە بە وەڵامەکانی بگەم، بەڵام شیعر جێگەی ئەو وەڵامانە دەگرێتەوە، من هەمیشە لە ساتە سەختەکانی بیرکردنەوەی پرسیارەکانی پووچگەرایی پەنام بۆ شیعر بردووە، لەوێدا بە مەنەلۆجێکی شیعری وەڵامی بانگ و هاوارەکانی ناخی خۆم دەدەمەوە، سادقی هیدایەت وەك کەسێکی کافکایی و ڕەشبین بە چیرۆك ئەمەی کردووە، کامۆ فەلسەفەی ئەم پووچگەراییەی داڕشتووە، بەڵام نەفەلسەفە نە چیرۆك هێزی شیعریان نییە لەمەر وەڵامی ئەو مەسەلانەوە. بۆ من شیعر پێناسەی ئاشکراکردنی بیروبۆچوونەکانمە، بۆیە شیعرو ژیان هاوکێشەی یەکترین بۆ من، بە ڕادەیەك پووچگەرایی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بە تایبەت ئەوانەی کە دیدگایان بۆ ئەم کەونە هەیەو بیری لێدەکەنەوە.

*** زۆر کەس وەها هەست دەکەن کە ئەوە موعانات و دەوروبەر و ژیانی تاکە کە شیعر بەرهەم دەهێنێت. ئایا شیعر خۆی ناتوانێت شیعر بەرهەم بهێنێتەوە بە تایبەت لە شاعیردا؟**

_ هیچ شتێ لە توانایدا نییە شیعری بەهێز دروست بکات یا بەرهەمهێنەری شیعر بێت، ئەوەی شیعری بەهێز بەرهەم دەهێنێت، پێویستی بە ئایدیاییێکی مرۆیی هەیە، کە وەکو ئاوێنە ژیانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕەنگە ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی لە قۆناخی کلاسیکدا ڕۆڵ و دەوری خۆیان هەبێ، بەڵام لە ئەدەبی هاوچەرخ ئەوەندەیان کاریگەریی نییە، من باوەڕم بەوە هەیە کە شیعر وەك بابەتگەلێکی وەهم و سیحراوی دەتوانێ بەرهەمهێنەری شیعر بێت، بۆ شاعیر، بەو مەبەستە کە شیعرەکە خۆی هەڵگری ئەو دیدگا مرۆییە بێت، بۆ نموونە شیعرەکانی ئەزرا پاوەند هۆیەکی گرنگ بوون بۆ بەرهەمی وێرانە خاکی تۆماس ستێرنیز ئەلیوت، شیعرە ئایینییەکانی سەردەمی کۆن هۆیەك بوون بۆ بەرهەمهێنانی کۆمیدیای دانتی، ئاواش کەلگەمیش بۆ شیعرە مەلحەمییەکانی ڕۆژهەڵاتی.

*** شیعر لای تۆ چییە؟ بۆ بووی بە شاعیر؟**

_ شیعر بۆ من پرۆسێسێکی فرە ڕەهەندە، جامی خەستکردنەوەی هەموو مەعریفەکانە، بە زمانی ویژدان، بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەك کە پێی دەگوترێ هاوسەنگی بابەتی، واتە ڕاگرتنی حەقیقەتەکانی دەرەکی لەگەڵ ویژداندا، ئەگەرچی پێناسەی من بۆ شیعر لەوەندەدا

کورت نابێتەوە چونکە لە بنەڕەتدا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییەو پەیوەستە بە ئەزموونی تاکە کەسەوە، بۆ بووم بە شاعیر ئەوەیان زەرورەتی چەمکەکانی ئازادییە.

*** پنتەکانی شیعری کوردی لە چیدا دەبینیێتەوە، واتە ئەگەر چەند شیعرێکت بدەنێ و بڵێن کامەیان شیعری کوردییە، بە چیدا دەیناسیتەوە؟**
**_ هەرچەندە زۆرێك دەڵێن شیعر زمانێکی گشتگیرە و پەیوەست نییە بە نەتەوە و خاك و زەمەنەوە؟**

_ برگەی دوایی دینامیکیەتی شیعر دادەڕێژێ، بەڵام من پێم وایە هەموو شیعرێ لە بەرداشی کۆتایی موڵکی مرۆڤایەتییە، بە مانایەکی دیکە تیمای شیعری بەرز تیماییێکی هیومانیزمییە، بۆ سەرەوەی هەموو بابەتەکان بەرز دەبێتەوە، لە گەڵ ئەوەش مادامەکی هەر جوگرافیایێ هەوای جیاوازی خۆی هەیە، دەبێ شیعریش سەرەڕای مرۆیی خۆی جیاوازی خۆی هەیە، شیعر زیاتر لەو دێرە شیعرەی سەعدی وەسفی بۆ ناکرێ، کە دەڵێت:

روی دریا خس نشیند     قعر دریا گوهراست

بەمجۆرە شیعرە گەورەکان لە قووڵایی مرۆڤایەتیدا دەژین، نەك لە نێو روخساردا.

*** ئەم دیمانەیە شۆڕش غەفوری لە رۆژنامەی هەولێردا سازیداوە.**

# بەشی دووەم

# دیدو دیدگا

# زەویینی داشۆڕاو

**ت.س. ئەلیوت**

هەر لەدوای بڵاوبوونەوەی چامە ناودارەکەی ئەلیوت، ئیدی هەربابا بوو وەردەگێڕدرایە زمانەکانی دیکە، ئەوە بوو لە رێگەی مەحمود زامدارەوە کرا بە کوردی، پاشان عەتا قەرەداغیش دووبارە وەریگێڕایەوە، هەڵبەت هیچ کارێ بێ کەموکوڕی نابێت، بە تایبەت لە بواری وەرگێڕاندا، نووسەرانی عەرەبیش، هەمان کاری وەرگێرانیان بۆ کردووە، سەبارەت بە ناونیشانی چامەکە لە وەرگێڕانێ بۆ وەرگێڕانێ جیاوازی هەیە، منیش دوای خوێندنەوەی زۆربەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانە، ئەو ناونیشانەم لا پەسەندتر بوو، چونکە تەواوی چامەکە باس لە سەرزەمینێ دەکات کە چۆن چۆنی لەسەردەستی مرۆڤ و جەنگەکان تەواو لە کەڵك کەوتووەو هێزی بەرهەمهێنان و ژیانی تێدا نەماوەو لە هەموو بڕستێکدا داشۆڕاوە، من ئەم وشەیەم بە مانای رەشکردنەوە و رەشبوونەوە بەکارهێناوە، کە پێم وایە لە زۆر شوێندا خەڵکی بە مانایەکی دیکەی جیا بەکاریانهێناوە، ئەم چامە شیعرییە لە ساڵی **١٩٢٢** دا نووسراوە، کە شەڵاڵی سیمبۆل و ئاماژەکانی ئەفسانەو ئایینە.

تۆماس ستیرنز ئەلیوت لە چامە خەمگین و پڕ لە واوەیلاکەی دەشتی نەزۆکدا، یا وێرانە خاك، یا سەرزەمینی نەهامەتیدا، یا زەوی بژۆك، چەقێن، هەنجەتێك بۆمانەوەی مرۆڤ و بەردەوامبوونی لەم سەرزەوییەدا دەهێڵێتەوە، بەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە خودان ئەقلە و دەتوانێ لەساتە پڕ نەهامەتییەکاندا، سەرەداوی تیشکە ژیانبەخشەکان بدۆزێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەوەش دەخاتەڕوو، کە دەبێ شاعیری بە توانا هێزی ئەوەی هەبێ هەمان ئەو داکۆکی و بەرگرییە بگوازێتەوە بۆ ناو شیعرەکانی، بەڵام بە هەموو هێزو گوڕو کاریگەرییەکانییەوە، لە بەشی یەکەمی ئەو چامەیەدا کە بە ناوی _ ناشتنی مردوانەوەیە _کە سوود لە ئەفسانەی سیبیلی یۆنانی وەردەگرێت، کاتی خۆی لە خوا پاڕایەوە تەمەنی جاویدانی کات و خوداش دوعاکەی قەبوڵ کرد، ئیدی رۆژ بە رۆژ بچووك دەبۆوە، ئەوەندە بێزاربوو بوو هەمیشە هاواری

مردنی دەکرد، ئەلیوت گوزارشت لە ئازاری بێ کۆتایی مرۆڤ دەکات، باس لە نائومێدی ئەو رۆحە شەکەتانە دەکات، کە بەردەوام لە راکردنان بەرەو ئەو کوانووەی ئاواتەکانیانی تیادا دەدرەوشێتەوە، بەڵام مەخابن قەت نایگەنێ، هەڵبەتە تەواوی ئەم بەشەی دەشتی نەهامەتی ئەلیوت، جۆرێك لە شین و شەپۆڕی داهێنان ئامێزە، کە خوێنەر ناچار بە جۆرێك لە نائومێدی دەکات، بەڵام لە فەزایەکی ئینسانی تژی وردبوونەوەو لێکدانەوەدا، بەکورتی ئەوەی لەم بەشەدا هاتووە، بریتییە لە(وێناکردنی جیهان وەك شوێنێکی بێ ئاوو و بێ گیا، یاخود جیهان وەهمێکی فریودەرە، مرۆڤەکانی مردووی زیندوون و سەرگەردانن، دیلی دەستی قەدەرن)١.

چەند بی رەحمە مانگی نیسان
کە گوڵی یاس لە خاکی مردوو دەردەکێشێ
ئارەزوو و یاد لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەکات
بە بارانی روون و بەهاری سەوز
جەستەی لەڕو لاوازی رەگە سستەکان
لە نێو خاکدا دەخاتە لەرزە

لە پاژی دووەمی ئەم چامەیەدا _ یاری شەترەنج _ باسێك دەخاتەڕوو، کە پەیوەستە بە زەمەنە کەونارەکان، هەمدیس سوودی لە ئەفسانەی فلوملی یۆنان وەرگرتووە، کە چۆن پاشای ئەڤینا عاشقی دەبێ و پاشان سکی پڕ دەکات و بۆ شاردنەوەی تاوانەکەی زمانی دەبڕێ، باس لە داستانی رەنج و ئازاری مرۆڤەکان دەکا، لە ژێر باری ستەمدا، هەموو ئەوانە لە رێگەی گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکان باس دەکات و هەندێ جار خۆی خەڵقی ئەو ئەفسانانە دەکات، هەر لەم بەشەدا ئەلیوت باسی جۆرێك لە فەلسەفەی پووچگەرایی و گیرۆدەبوونی مرۆڤ و موبتەلابوونی بە بنبەستەکان دەکات، دواجار دەبن بە قوربانی دەستی رەشبینی و دەوری جۆرێك لە سوڕانەوەی بێهودەی سیزیف دەبینن.

وابیر دەکەمەوە کە ئێمە لە نێو کوچەی جورجەکانین
کە مردووەکان ئێسك و پروسکی خۆیان ونکردووە

* * *

له یادمه ئەو مروارییانەم لە یادە
کە زەمانێ چاوەکانی ئەو بوون
تۆ زیندووی؟ یا نا؟

لەبەشی سێهەمی چامەکەی _ پەندی ئاگر _ گۆرانی بۆ رابردووەکانی خۆی دەڵێت، سوودی لە ئوگستین و دانپیانانەکانی وەرگرتووە، جۆرێك لە بیرکردنەوەی نۆستالژایی هەست پێدەکرێت، مرۆڤ لەوێدا گۆرانی بۆ رابردووە دوورەکانی خۆی دەڵێت، کە تژی ساتە شیرینەکان بووینەو ئێستا تێیەڕیون، بۆیە لەشیعرەکەدا بینای درامی هەڵدەکشێ تا دەگاتە ترۆپك و ئیدی تراژیدیای هاواری مرۆڤ دەست پێدەکات، ئەلەوێدا ئەلیوت بە پێچەوانەی ئەفلاتون پایەی مرۆڤی رزگارکەر دەدا بە شاعیر، شاعیر لەم بەشەی چامەکەی ئەلیوتدا مرۆڤێکی زاڵبووی سەر هەموو هەوەسەکانە.

**ئەی رووبار بە ئارامی گوزەربکە نەغمەی من نە بەرزەو نە درێژ**
**ئەی رووبار بە ئارامی گوزەربکە تا من نەغمەی خۆم تەواودەکەم**

لەبەشی چوارەمی وێرانەخاکی ئەلیوتدا کە بە_ ناوی مردن لە ئاودا_ یە سوودێکی زۆری لە ئینجیل وەرگرتووە، باس لە زاڵبوونی فەلسەفەی بێئومێدی بێهوودەیی دەکات، کە وا لە مرۆڤ دەکات، بڕیاری هەڵبژاردنی کۆتایی خۆی بدات، کە ئەویش خۆکوژییە، کاتێك مرۆڤ ناگاتە وەڵامی پرس و ئامانجەکانی ناچار بەو بڕیارە دەبێت، ئەوە دەق جۆرێك لە کامۆییە شیعرەکەی پی هەڵچنراوە،:

تۆ ئەی ئەو کەسەی دەستوو دەسووڕێنیێ و سەیری با دەکەی
لە فلیباست وردبەرەوە
کە رۆژێ لە رۆژان وەکو تۆ ئەویش باڵا زراڤ و جوان بوو

بەشی پێنجەمی چامەکەی وێرانەخاك_ ئەوەی هەورەتریشقە گووتی، سوودی لە هاملێتی شکسبیر وەرگرتووە، کە دوا بەشێتی قۆناخی سەرهەڵگەڕان دەگاتە ئاستی ئەوپەڕی ناچاربوون، کە لەوێدا ئینسان ئەوەندە لاواز دەبێت جگە لە پاڕانەوە لە خودا هیچی دیکەی پێ ناکرێت، ئەم چامەیە وەکو شانۆگەرییە ئەرستییەکان سەرەتاو ناوەندو کۆتایی هەیە، پڕێتی لە کۆمیدیاو

ترژیدیاو تراژیك، كه بەراستی ئەلیوتی شاعیر ویستوویّتی مەعریفەو فەلسەفە بداتە خوێنەرو لە هەمانكاتدا جۆرێك لە ئێستەتیكای شیعری بخولّقێنیّ:

ئەو دەنگە چییە لەم هەوایەدا سەرهەڵدەگریّ
ئەوە گریەو شینی دایكەكانە

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

هەر یەكەو لە زیندانی خۆمان
بیر لە كلیل دەكەینەوە
لە بیری كلیل
هەر یەك لە ئێمە لایەنگری ئەوەیە
كە لێرە زیندانی هەیە
تەنها لە كاتی شەودا تەنها بۆ ساتیّ
ئاوازەكانی ئاسمانی
شكستی كەریولانس زیندوودەكەنەوە

ئەم نووسینە بەرهەمی خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانەیە

**❋ ت س ئەلیوت_ الارض اليباب _ عبدالواحد لؤلؤ ه**

❋ وێرانە خاك، و: مەحمود زامدار / بەغدا

❋دشت سترون. د. شهریار شهیدی/ تاران

❋و. عەتا قەرەداغی. ت س ئەلیوت / سلێمانی

(THE WASTE LAND. 1922 T.S. ELIOUT)

## شەڕابی خراپ و شیعری خراپ:

یەکەمین جار سروشت بەو هەموو مەزنی و گەورەیی خۆیەوە، بەو هەموو جوانی و شکۆدارییەوە، گوێبیستی خۆشترین و نایابترین زەمزەمەی خولّقاوی خۆی بوو، ئەوە کاری ئەفسووناوی شەرابی ساغ و گەییوی ناو رەونەقدارترین ترمیسکی تری بوو، کە هێزو گوڕی بەخشییە، ئەو گەرووە ناسکەی کە لە رۆحی ئەوا، ناسکترین و نایابترین نەوای دروستکرد، ئەوە هێزی لە بن نەهاتووی شەرابی ساغ بوو، شەرابی کە تۆوی جوانترین و نایابترین جۆری سەرخۆشیی، لە ناخی خۆیدا شاردۆتەوە، شەرابی کە چمکێکی لە ئاسمانەکانەوەیە، چمکێکیشی لە ناو دڵی سروشتی جاویدانییە، هەر لەو رۆژەوە لە یەکەم قەترە شەرابی ناو ئەو دەنکە ترێیە، یەکەم زەمزەمەو خرۆشانی ئەویندارێ لە دەمی هوزارادا بەناو کەلێن و رەوەزی سروشتدا پەرش و بڵاوبۆوە، تاوەکو ئێستاش هەموو گۆرانی و سترانەکان هەموو نەوا خەمبارەکانی ئەم زەمینە، لە یادی ئەو قەترە شەرابەدا، بەرهەمهێنەری گەورەترین داهێنانن، ئەوە حیکمەتی شەرابی ساغە، بۆیەش هەر لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستەیش، دەنگی خۆش و زەمزەمەی پڕ لە جۆش، تەنها ئەو قەترە شەرابە باشە دروستی دەکات، کە ساغ و بیّ خەوشە، شەرابێکە لە پێناو بەرهەمهێنانی چریکەیەکی مەزن، دروستبووەو هاتۆتە کایەوە، کەواتە هەر شەرابیّ باش و ساغە بەرهەمهێنەری چریکەی خۆشە، شەرابی خراپیش بکوژی ئەو زەمزەمەیە، مەولانا دەڵێت:

**بلبلان را مست گردان مگریان را شیر گر**
**تــاکــه درسـازنـــد باهــم نغمــه داود را**

**********************

**می میاور زان بیاور که می از وی جوش کرد**
**انك جوشش در وجود اورد هر موجود را**

******************

**ساقیا گردان کن اخر ان شراب صاف را**

**محوکن هست و عدم را بر دران این لاف را**

ان ئەو شیعرە ئاماژە بە شەرابی جاویدانی ساغ و بێگەرد دەکات، کە بولبولان مەست کات و رۆحی جاویدانی دەبەخشێ بە موتریبان، تا بە یەکەوە نەغمەیەکی جاویدانی داود دروستکەن، ئەو دەڵێ بەدوای ئەو شەرابە ساغەدا بگەڕێ، کە هەرچی شەرابە، هەرچی مەیە لەودا جۆشی گرتووە، بۆیە تۆ ئەو مەیەم مەدەرێ، کە هەیە خالیقی ئەو مەیەم پی رەوا ببینە، ئەوەی کە بە جۆشی خۆی تەواوی بوونەوەرەکانی هێنایە بوونەوە، جا وەرە ساقی تۆ ئەم مەیە پاك و بێگەردو سافە وەگێرە، کە هەبوون و نەبوون مەحوکات، لێرەدا من دەمەوێ ئەو تیمایە بەیەکەوە بەراوردکەم، کە ئاخۆ شیعری خراپیش هەروەکو شەرابی خراپ وایە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چەند شتێ باس بکەین، هەر لە ئەزەلەوە شیعر بۆ ئەوە هاتۆتە وجود، کە رۆحی مرۆڤ لە ئازارەکان و مەینەتیدا بپەرێنێتەوە بۆ شوێنێکی ئارام، یاخود وەڵامی دەروونێکی تاساو لە وجوددا بداتەوە، یاخود هەوڵی ئەوە بدات، هاوکێشەیەکی ویژدانی بێت لە نێوان دەروونی شاعیرو ئەم وجودە پڕ لە نهێنییە، دەنا هۆیەکانی دیکە زۆرن کە مرۆڤ هانایان بۆ ببات، جا لە بەرئەوەی شیعر هێندە بە هێمنی و ماناوە رێدەکا، هێندە هەڵگری شووناسی لێکدانەوەی مرۆیە، بۆیە هەرزوو دەبێتە شا تیماری برینەکانی رۆحی مەخلوقات، تەمایەك هەیە کە گوزارشت لە راستی دەکات، ئەویش ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ سەرپشك بێت، لەوەی گۆشەنیگایەك دەربارەی شیعر بخاتەڕوو، ئەوە ناچار دەبێ بلێ شعری خراپ تێرمێکی راست نییە، چونکە یا ئەوەتە شیعری باش هەیە یا ئەوەتە نییە "قەت بە نووسینێکی خراپ ناگوترێ شیعر" ئەگەر ناوی شیعرمان لێنا ئەوە دەبێ باش بێت. چونکە پرۆسەی نووسینی شیعر پرۆسەیەکی هاکەزایی نییە. بەڵکو دەرەنجامی جوڵەی نەبینراوی چەندین وردەخانەی مێشك و دەمارەکانی خوێنە، دەرەنجامی بیرکردنەوە. دەرەنجامی ئەندێشەو خەیاڵی ئینسانێکە دەیەوێت گوزارشت لە ناوەوەی خۆی بکات، جا ئەگەر ئەو هەموو بزاوتە لە ناوەوەی مرۆڤدا یەك بگرێت، هەڵبەت ئەوە شیعرێکی باش لەگەڵ بابەتێکی باش دێتە کایەوە. دیارە ئەوەیش کە

پێی ناگوترێ شیعر، هەمان ئەو نووسینە کرچ و کاڵەیە، کە ناوەوەی مرۆڤ بەشداری لە بەرهەمهێنانی ناکات، ئاخر پرۆسەی شیعر وەکو ئەوە وایە کو تۆ بەرد بکەیت بە زێڕ هەر وەك شاعیری فارس دەڵێ:

**سالها باید کە سنگ اصلی زاب و گل**
**لعل گردد در بدخشان یا عقیق اندر یمن**

ئەوە گوزارشت لەو مانایە دەکات، کە بەردی ساغی ناو ئاو و گل، ساڵانێکی دوورودرێژی دەوێت تا ببێتە لەعل لە بەدەخشانی هیند و لە یەمەنیشدا ببێتە ئاقیق، رێك ئەوە گوزارشتکردنە لە پڕۆسێسی بەرهەمهێنانی شیعری باش و نایاب، ئاخر گەرمی و گوڕی و کوڵان و مانەوەی زۆری دەوێ، کە بەردی ناو ئاو ببێتە دوڕ و مەرجان و ئاقیق. هەرواش خوێن و دەمار و ئەندێشەو فکرێکی زۆری دەوێ، تا بیرۆکەی ناو مێشك ببێتە شیعر.

بەداخەوە لای ئێمە هونەری شیعر حیسابی ئەو بەرزییەی بۆ ناکرێت، هەوڵدانێکی بێ هودە هەیە بۆ نووسینی خراپ بە ناوی شیعر، ماوەتەوە بڵێم، کە شەڕابی خراپ و شیعری خراپ بە ئەندازەی یەك کار لە کوشتنی زەوقی خوێنەر و مێشکی خوێنەر دەکەن.

## شکاندنی بەستەڵەك

### ١

رۆشنگەریی هەڵگری چەمکەکانی خۆیەتی، کە هەرگیز ناتوانێ بە ئامانجی پێچەوانەی خۆی کاربکات یاخود کاری پێ بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر کارەکتەرەکانی ئەو پرۆسێسە لە کەوانەی سیاسەتیشدا کاری رۆشنگەریی خۆیان بکەن، ئەوا پابەندن بە چەمکە بنەڕەتییەکانی خۆیان، کە بریتییە لە تێکستە باڵادەستەکانی بەهای _ رۆشنبیریی — میتۆد و پرانسیپ _ هەر تێپەڕینی لە خانەی ئەم پرۆسێسەیان دەباتە دەرەوە، لەسەر تەختەی سیاسەتدا ساغیان

دەکاتەوە، دەخوازم بڵێم ڕۆشنگەریی، پرۆسێسی دروستکردنی ژیانە بەمانا پاڵاوتەکەی، من تەواو بە پێچەوانەی ئەوەم کە ڕۆشنگەریی لە ئەورووپا بە تێگەیشتنێکی نویٚ بۆ ئایین دەستی پێکردبیٚ، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە، کە ڕۆشنگەریی لە ئەورووپا بە تێگەیشتنێکی نوێوە کۆتایی بە میتۆدە سەلەفی و چەقبەستووەکانی کەلێساو ئایین هێنا، ئایین و سیاسەت بە درێژایی مێژوو دژ بەیەك بووینە، بۆ نموونە بزووتنەوە تەسەوفییەکانی ناو کەوانەی سیاسەت هەمیشە لە لایەن کاراکتەرە ئایینییەکانەوە لە سێدارە دراون، چونکە ئایین پەیوەندیی نێوان تاك و خودا ڕێکدەخات، سیاسەتیش پەیوەندیی نێوان زەویوانەکان  ڕێکدەخات، هەریەکەیشیان ئامادەن ئەوەی بەرامبەر لە ناو ببات، ئەگەر بە مەترسیان زانیبیٚ، هەربۆیەش نزیکبوونەوەی ئایین و سیاسەت، بە درێژایی مێژوو بەرهەمهێنەری توندوتیژی بووە، چونکە هەر یەکەو لە پێناو ئایدیای خۆی کاردەکات و ئامادەیە کۆتایی بە ئەوی دیکە بهێنیٚ، لەو باوەڕەدانیم، کە ئایین وەك کەوانەیەك کە کاراکتەرەکانی  لەناو تەمی غەیبانییەتەوە کاردەکەن و خەڵکی بۆ ژیانی ئاسمانی ئامادەدەکەن ڕۆژیٚ لە ڕۆژان بتوانیٚ بەتەواوی باوەڕەوە دەست لە ملی سیاسەت بکات، مەحاڵە ڕۆژی دێت یەکیان ئەوی تر پەلدەدات، سیاسەتیش کە درۆی ئەو پێکەوە هەڵکردنە دەخاتە ناو ماکینەی کارکردنی خۆیەوە، کە دواجار ئەو ژەهرێکە بۆ خۆی ئامادەی دەکات، لە موختەبەری زاکیرەی خۆیدا، بەکورتی نە سیاسەت راستدەکات لە تەبابوونی لە گەڵ ئایینداد، نە ئایین راستدەکات لە تەبابوونی لەگەڵ سیاسەتدا. هەربۆیەش هەموو پێکەوە بوونێك، لە نێوان ئەم دوو چەمکە هەزار فۆرمەوە، جگە لە توندوتیژی هیچی دیکە بەرهەم ناهێنیٚ، بۆیە واچاکە ئایین بچێتەوە ماڵەکەی خۆی، کە ماڵی گەورەی خوایەو سیاسەتیش بچێتەوە ماڵەکەی خۆی، کە ماڵی گەورەی زەوییە. بەکورتی تاکە چارەسەر ئەوەیە ئەم دوو چەمکە لەیەك جیابکرێتەوە، کە ئەوە سەرەتای سەرهەڵدانی عەلمانییەتە، ئەگینا توندوتیژی دەبێتە مۆدی ئەم دوو چەمکە. چونکە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی بەخێوکردنی ئایین و سیاسەتیان داوە لە ناو یەك قەڵای حوکمڕانێتیدا، هەمیشە وێرانی بە دوادا هاتووە.

پرۆسێسی ڕۆشنگەریی لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتەکایەوە کە یەکەم، ئاستێکی تازەی بیرو ڕۆشنبیریی هەمەلایەنە بهێنێتەکایەوە و دووەم تێکڕای دەسەڵاتی ئایینی، کە لە کەلێسادا گیری خواردبوو کۆتایی پیٚ بهێنیٚ، هەروەها کۆتایی بەو هەموو زوڵم و زۆرداری و نایەکسانی و نادادپەروەرییە بهێنیٚ، کە کاراکتەرەکانی پشتی دیواری کەلێساکان، دەرهەق بە مرۆڤی ئەوان سەردەمان ئەنجامیان دەدا، کە دەسەڵاتێکی ڕەهای پیرۆز بوو، یاخود وایان لە خەڵك گەیاندبوو

کەدەسەڵاتی ئەوان دەسەڵاتێکی پیرۆزی خوداوەندییە و لە رێگەی کارەکتەرەکانی کەلێساوە ئەنجام دەدرێت، هەڵبەت ئەوە سەردەمانێکی زۆری خایاند، هەر بۆیەش بزووتنەوەی رۆشنگەری کۆمەڵە کەسانێکی زۆری بەرهەمهێنا تا بتوانێ زەنگی سەرەتاییێکی تازەو ئومێدبەخش بۆ پرۆسێسی رۆشنگەریی لێبدات، کە لە ئەنجامدا چەقبەستووترین کولتووریی کەلێسایی لە شوێنی خۆی کپ کرد و دابڕانێکی مەعریفی دیاری هێنایە کایەوە، یاساکانی کەلێسایان خستە ژێرباری پرسیاری مان و نەمانەوە.

## ٢

هەموو ئەو نووسینانەی کە لە رەگەوە هەڵگری تۆوی داهێنان نین، سووك و سانا لە ناو دڵۆپی رەخنە دەتوێنەوە، هەڵبەت ئەو رەخنانەی کە هەڵگری خەونی شیکردنەوەی جیهانن، هەڵگری پێناسەی جیهانبینین، بە کورتی رەخنە دەقێکی زیندووە بەسەر هەموو بابەتەکاندا درێژدەبێتەوە، شیری ژیان دەبەخشێتە هەموو ئەو تێکستانەی کە بەر مەمکی دەکەون، یەکێ لە گرفتەکانی هەموو ژانرە ئەدەبییەکان، هەرواش هونەرییەکان، رەخنەیە، گرفتەکەش لەوەدا سەرهەڵدەدات، ئەوانەی کە پرسێك دەورووژێنن، بۆ ئەوە ناچن کە خودی رەخنەش سوپەرتێکستێکی داهێنەرانەی فرە رەهەندە، هەندێ جاریش هەمان ئەو تێکستە سەختتر خۆی دەنوێنێ، لەوانی دیکە، بەو پێیەی تێکستێکی باڵادەستەو مافی هەیە بچێتە ناو هەموو شوفرەکانی دەقەوە.

## ٣

هونەری شیعر بەدەوری هەموو هونەرەکاندا دەسوڕێتەوە، بەو پێیەی کە گوزارشت لە سەرتاپای مرۆڤەکان دەکات، لە ژێر تارای هەرشێوەیێکی شیعردا، سیمای مرۆڤ دەبریقێتەوە، بۆیە هەر دیدگاییێکی رەخنەیی سەبارەت بە شیعر پێویستی بە هەڵکۆڵینێکی مەعریفی هەیە، واتە رەخنەگر ئارکیولۆژیستێکی بەهێزە، دەچێتەوە سەر رەگەزی شتەکان و نهێنییەکان بەرمەلا دەکات، دەبێ دانی پێ بنێین کە رەخنەی شیعری لای ئێمە دەگمەنە، چونکە هێزی ئێستەتیکاو تیمای ئێستەیکا دەگمەنە، جا ئەو هێزە هەم بۆ شیعر هەم بۆ رەخنەگر

پێداویستییێکی گرینگە، جا لەبری ئەوەی شاعیران بە ئاسانی هێزی وەشانی قەڵەمی خۆیان نادەن بە دەستەوە، بە تایبەت زۆربەیان لە مۆدی سەردەم کاردەکەن و لە ئاوی ئەبستراکت دەخۆنەوە، بۆیە دەبێ رەخنەگر هێزی کەشفکردنی بنەماکانی ئێستەتیکای هەبێ.

سەبارەت بە تابلۆی ژێرنیکای پیکاسۆ، یاخود شیعرەکانی ئێلیوت و سان جۆن پێرس و مالارمێ و شیعرەکانی نالی و جزیری یا تابلۆکانی کاندنسکی و گۆیا، کە هەریەکەو خودانی دیدگای خۆیەتی، پێویستی بە مەعریفەی ئێستەتیکایی و ئەفسانەیی و ئەبیستیمی زمانەزانی و هیستۆریکاڵی هەیە، پێویستی بە لایەنی رووداویی ئەکسیدێنتی هەمان ئەو دەقانەوە هەیە، بۆیە ئەگەر سەیری تابلۆکانی ڤانکوخ و شیعرەکانی والت وایتمان بکەین دەبینین رەخنەی ئینتباعیان دروستکردووەو بەرهەمهێناوە، بەڵام هی کاندنیسکی و پیکاسۆ و شیعرەکانی ئەلیوت و نالی، رەخنەیەکی مەعریفی و هاوچەرخیان بەرهەمهێناوە، هەڵبەت گرفتی نەبوونی رەخنەیەك لەو جۆرە هەر بە تەنها لای ئێمە نییە، بەڵکو ئەورووپاشی گرتۆتەوە.

من وای دەبینم ئاستی رەخنەی شیعریی راستەوخۆ پەیوەستە بە رۆشنبیریی خودی شاعیرەکانەوە، زۆربەی شاعیرەکان بە دەگمەن نەبێ، هیچ بەشدارییەك لە کاری رەخنەی شیعری و تەنزیری ناکەن، بە شێوەیێ کە جەدەلێکی وا دروست بکەن داینەمۆیەکی رەخنەیی دروست بکات، لەلایەکی دیکەوە رەخنە دەرەنجامی ململانێی نەوەکانە، بەو مانایەی کە دایەلۆگی بەهێز بەرهەمدەهێنن، ئەم دایەلۆگە دەبێ رەخنە بەرهەم بهێنێ بەو ئاستەی کە ئاسۆی بیرکردنەوەی نەوەکان بەهێزبکات، نەوەکانی پێشوو نابێ لە هاتنی نەوەی نوێ بترسێن، بەڵام نەوەی نوێش نابێ وابزانی، کە ئەوانەی پێش خۆی کەوتوون، چونکە ئەدەب و رۆشنبیریی بە تەمەن نییە، ئەوە وەرزشە کە رەچاوی تەمەن دەکات، بە گشتی مرۆڤی داهێنەر گەنج بێ یا بەتەمەن رێز لە داهێنانی ئەوانی دیکە دەگرێت.

## لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی:

## ١

**لیرەیەکی زۆر کۆدەکەمەوە رۆشنایی پێ دەکڕم** ل١٥

شیعر حیکمەتی مانەوەی رۆحی مرۆڤە، ئەو حیکمەتەی پارێزەری شەرابێکی موقەددەسە، ریلکە گووتەنی شاعیرەکان چەند لوولەیەکی موقەددەسن ئاوی ژیانیان تێدا دەپارێزرێ، ئەو شەرابەی کە مرۆڤ لەو سەری وەڕەسی و بێزارییەوە، لەوسەری مانەوە لە ناو سکونێکی ئەبەدیدا، رزگاردەکات و دەستی دەگرێ و دەڵێ ئەی مرۆڤ، لە زەمەنێك و هەموو زەمەنەکانی دیکە، تۆی باڵبەستەو چاوبەستەو زوڵملێکراوی هەموو قەدەرەکان، تاکە سەلوای تۆ کە برینەکانت هێوربکاتەوەو دڵت بداتەوە، تەنها هەر شیعرە، ئەو شیعرانەی تەواو گۆرانی بۆ ناخی ماندوو دەڵێن، گۆرانی بۆ ئەو تەڵە گیایە دەڵێن کە لە مێژە تێنووی بارانن:

**رۆژێ لە رۆژان بەلەمێك دەدزم**
**برادەرە نزیکەکانم دەبەمە پیاسە**
**سێبەری هەورێ بە کرێ دەگرین** ل٢٥

بەڵام ئاخ لەناو هەزاران هەزار باراندا تەنها ئەگەر بایێ لای لێ بکاتەوەو بەسەریدا هەڵڕژێنێ، هەر بۆیەش کاتێ کۆمەڵە شیعرێ یا شیعرێ دەخوێنمەوە، کە بەڕاستی ناخم دەهەژێنێ، دەزانم کە شاعیرەکەی ئارەقەی بۆ شیری گەنم ڕشتووە، یا کوزری کوتیوە، کەس ئەوەندەی من کەیفی بە داهێنانی ئەوانی دیکە نایێ، زۆر جار کە شیعرێکی ناوازە

دەخوێنمەوە دەڵێم: چەند باش بوو من نووسیبام و یەکسەر شیعر و شاعیرەکە لە چەقی بیرکردنەوەم دەوەستیٚ و وەك بڵێی بانگم بکات و بڵێت ئەها ئەوە منم.

## ٢

**مەخابن نووسین تۆڕێکی درشتە وردە وشەی پیٚ ناگیریٚ** ل٥٧

بە درێژایی ئەو بیست و پێنج ساڵەی رابردوو، من و تەلعەت قسەمان دەربارەی زۆر لە بابەتەکانی شیعر کردووە، مشت و مڕمان هەبووە، گریان و پێکەنینمان هەبووە، سەرباری هەمووش شیعر بابەتی پارسەنگمان بووە، هاوڕێیەتی گەنجانێکی زۆرم کردووە، کە شیعریان نووسیوە، زۆریان بەگووڕ دەهاتن و سکڵیٚ لە ناخیاندا دەتروسکایەوە، بەڵام بە داخەوە نەیانتوانی شنەی کتێب و بیرکردنەوەو تەئەمول و رامانیان بەسەر ئەو سکڵەی ناخیاندا هەڵبکەن، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە داهێنانی شیعری خۆیان بدەن و هەرزوو لە سەرەتای رێدا دامرکانەوەو رێگەیەکی تریان گرت، هەندێکیشیان دەیانزانی کاری نووسینی شیعر هەڵکۆڵینی بەردەو گرتنی باو لە باوەشکردنی ئاوە، زانییان کە داهێنانی شیعری ناخی ئینسانی گەرەکە، دڵی ئینسانی گەرەکە، کوشتنی نەوس و لەززەتەکانی رۆژانەیە، رۆیشتنە بە سەر لێوارەکانی دۆزەخ و دەمی چەقۆ، بۆیە کۆڵیان نەداو تێپەڕین، هەندیٚ جاریش وا تێدەپەڕین، کە خودانی ئەزموونەکانیشیان تێپەڕدەکرد، بەڵام چونکە بە حیکمەتەوە هاتبوونە ناو مەعبەدی شیعر، بۆیە ئاوڕێکی گران و سەنگینی دواوەیان دەدا.

## ٣

**زمان بە ماچ شوێن بە وێنە** ل١٠٢

من زۆر بە وردی گەنجەکان دەخوێنمەوەو  رێزی بەرهەمەکانیان دەگرم، چونکە من دەزانم کە ئێمە گەنج بووین ئەو بایەخەیان بە ئێمە نەدەدا، لەو گەنجانەی کە هەمیشە  لەگەڵ نەوەی ئێمە بوون و هەمیشە لە جەدەل و گفتوگۆدابوون و تەواو لە ناو بابەتە گرینگەکانی شیعرو مەعریفەو ئاسۆکانی ئەدەبدا بوون و بەشدارییێکی زیرەکانەیان دەکرد، زۆربوون، بە نموونە، یەکێك لەوانە تەلعەت تاهیر بوو، هەروەها زانا خەلیل کە یەکێکە لەو شاعیرە گەنجانەی کە

لەمەودای ئەو بەرهەمانەی بە چاپی گەیاندوون، توانیوێتی سەرنجی خوێنەرانێکی زۆر بەلای خۆیدا راکێشێت، ئەمەو جگە لە شیعر تا ئێستا چەندین رۆمانی بە چاپ گەیاندووەو هەروەها بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە بلاوبوونەوەی بزاوتی —زناك_ جگە لەوەی کە بەردەوام وەك بەشدارێکی زیرەك ئامادەیی خۆی سەلماندووە لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکان و گفتوگۆی نێوەندی ئەدەبی.

## ٤

**هاوارێ هەیە نابێتە گۆرانی** ل٩٦

بەراستی سەرەتای دەست پێکردنی ئەوانە سەرەتایەکی موژدەبەخش بوو، من بۆ خۆم دەمزانی کە ئەو دووانە هەڵگری ئاماژەیێکی گرنگن لەناو گێژاوی ئەدەبی کوردیدا، کە بەرهەمەکانی ئەو دووە لە نووسین لە ناو چواچێوەی ئەدەبی کوردیدا دیارو بەرچاون، لە هەمووی گرینگتر ئە دووە زمانیان دەزانی، تەلعەت عەرەبیزان بوو زانا خەلیل فێری ئەڵمانی بوو، کە ئەوە بۆ ئەو گەنجانەی کە لەوان سەردەمان دەستیان پێکرد، سەرچاوەیەکی گرینگ بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە نێو ئەدەبی کوردیدا، ئەمڕۆکەش کە دوا بەرهەمی_لەبەر ئاوازێك نایەوێ ببێتە گۆرانی_ تەلعەت تاهیری شاعیر دەخوێنمەوە دەزانم ئەو قسانەی دەیکەم راستن و من ئەو حوکمانە لە خۆڕا دانارێژم.

## ٥

**هەتاویان وەك لیرەیەکی ئاڵتوون خستۆتە قاسەوە** ل٨٩

تەلعەت تاهیر بە پاشخانێکی گرینگی دەوروبەری ئەدەبی تەسەوفی هاوچەرخ بیرۆکەی شیعرەکانی خۆی بۆ بەردەم زمان هەڵدەڕێژێ، بەو مانایە نا کە ئەدەبێکی شیعری سۆفیگەرێتی بنووسێ نا، بەڵکو بەو مانایەی کە هەموو نەوسەکانی خۆی بۆ شیعر دەکوژێ بۆ ئەوەی هەندێ شیعر بنووسێ، ئەو یاوەڕی بە گوتەزاکەی نیفەری هەیە کە دەڵێت: "کلما اتسعت الرویە صاقت العبارە" واتە: کاتێك دیدگای مرۆڤ فراوان دەبێ دەستەواژەکان کورت و تەنگ دەبنەوە، ئەوەشیان بە خەرجنەدانێکی سوفیگەرانەی گرینگە لە مەودای شیعردا، جا بۆ تەواوکردنی ئەو

چەشنە نووسینە تەلعەتی شاعیر پشت بە زمانێك دەبەستێ، کە هەڵگری ئاماژەی تەفروتووناکردنی دیاردەکانە، بە گوفتاری ئەو زمانە دێت و ماناکان دەسڕێتەوە، ئەو مانایانەی کە — بە قسەکانیان بەهار دێنن_ ئەو بەرەو مانایەك دەڕوا، کە لەمێژە هەوڵی بۆ دەداو سەفەری خۆی بۆ ئەم مەبەستە دەست پێکردووە:

**ڕۆژی دادێ.........**

**درێژە بە گەشتی یەکەمم دەدەم بەرەو مانا**

هەڵبەت ئەو مانایەیە کە تەلعەت دەیەوێ پێیەوە خۆی بدۆزێتەوە ڕێگەیەکە دەدۆزمەوە بۆ دۆزینەوەی خۆی.

ئەو نایەوێ بە چراکەی دیوژین بگەڕێ و خۆی لە ونبووندا بدۆزێتەوە، ئەو دەیەوێ خۆی ئەو چرایە بێت، کە چرای مانایە، کەواتە مانا فۆرمی یەکەمی شاعیرە، کە دەیەوێت پێیەوە دەست بە داڕشتننی جوانییەکانی خۆی بکات. وەك گوتم ئەو بە هەمان ئەو دوو کۆڵەگەیە — ماناو زمان_ دەکات بە دارهزری خۆی.

فۆرمی دووەمی شاعیر پرۆسەی خۆ داتەکاندن و گۆڕانە هەروەها خۆگوڕینە، چونکە ئەو ناتوانێ لە ناو یەك قاوغدا کاربکات _ دەگۆڕێم تێدەکۆشم نان ئینکاریم نەکات _ هەر بۆیەش لە ڕێگەی زمان و ماناو خۆگۆڕیندا گەرەکێتی هەتا لەمپەرەکانی گوناهیش بشکێنێ و ئیدی سنوور لەبەردەمیدا نەمێنێ:

**ڕۆژێ لە ڕۆژان بەلەمێك دەدزم**

**برادەرە نزیکەکانم دەبەمە پیاسە**

**سێبەری هەورێ بە کرێ دەگرین**

**تا پشتمان دەشکێ..**

## ٦

**جوانیی دوورترە لە تەماشام** ل٦٨

تەڵعەتی شاعیر هەوڵێکی بێسنووری داوە، تا لەناو جوانییەکاند کاربکات، واتە ئێستەتیك ئامادەییەکی زۆری هەیە لەناو شیعرەکانیدا، _ پەنجەی پێچراو بە گەڵای مێو_ گەردەنی تەڕ بە ئاوی شووتی_ تکەی تەنووری تەماشا_ و بە دەیان رستەی دیکەی ئاوا، کە دەکرێ بڵێم مادامەکی ئەو راوی مانا دەکاو زمان هەویربەند دەکاو دەیەوێت بگۆڕێ، ئەوە دەبێ بەدوای ئەو گەمەکردنە سوفیگەرێتییەدا بگەڕێ، کە هەم لە ئاوی سوریالیزم بخواتەوەو هەم لە ئاوی تەسەوف.

سەراپای شیعرەکانی ناو ئەو دیوانە هەڵگری پرسیارگەلێکی زۆرە، ئەو پرسیارانەی کە گوزارشتن لە نەبوونی پرسیار لای مرۆڤی ئەو چاخە: بەزەیی مرۆڤ بۆ دنیا لەوەدایە بێ پرسیارە_ لەبەرئەوەی کاك تەلعەت ئەدۆنیس دەخوێنێتەوەو بەردەوامیش کار لە نێو دەقەکانی دەکات، بێئەوەی ئاگای لێبێت دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ستایل و شیعرییەتی ئەو شاعیرە، بەڵام ئەو کاریگەرێتییە بەو مانایە نا، کە کاری گواستنەوە بکات، بەڵکو بەو مانایەی کە بەو ئاراستەیە پەرە بە شیعرەکانی خۆی دەدات، کە من پێوایە دیدگای فراوان دەکات:

**منداڵی حەرفێکە**

**تامی هەموو ئەبجەدییەت دەدات**

ئەمە وێنەیەکی زۆر جوانی ناو ئەم دیوانە شیعرەیە، کە لێوردبوونەوەی زۆری دەوێت، یاخود:

**خۆشەویستی تاکە زمانە**

**کە مانای پەنجەرە بداتە دیواریش**

وەکو گوتم ئەوە ئەو جۆرە ستایلەیە، کە موڵکی خودی کاك تەلعەتن، لە مەداری کورتبڕی و پڕبڕیدا دەسووڕێتەوە.

وەك گووتم شاعیریێتی تەلعەت لەمەودای ئەم دیوانە شیعرەو هەموو نووسینەکانی گەڕانە بە دوای ئەو مانایانەی کە بە زەحمەت دێنە ناو شیعرو راودەکرێن:

**دەبێتە ئاو بەڵام بە شایەتی سەراب**
**دەبێتە هەور بەڵام بۆ خزمایەتی لم**
**دەبێتە باران بەڵام بۆ کوژاندنەوەی هەور**

ئەم جۆرە وێنە شیعریانە جۆرێك پارادۆکسی تیایە، کە خوێنەر دەتوانێ تا دواتەمەنی درێژیان کاتەوەو خوێنەر بە هەموو لایەکدا ببات، کە ئەم جۆرە دارِشتنە بیرکردنەوەی دەوێت و یاریکردنی دەوێت بە گۆڕینی زەین و زمان، زیاتر لای شانۆکارە ئەلیزابیسییەکان بە تایبەت لای شەکسپیر هەیە، من پێوایە کاك تەلعەت تیایا سەرکەوتووە. کاك تەلعەت تژی شیعرییەت و وێنەی دژبەندی و فۆرمی جیا جیای زمان و ماناو ئێستەتیکن، پێویستی بە تیڕوانینێکی رەخنەیی وردە.

## ٧

**ماستی ناو مەنجەڵ، باینجانی ناو نایلۆن** ل٣٧

ئەوەی من تێبینیم کردووە لە شیعرکانی تەلعەت و بەردەوام بەرچاوم کەوتووە، هەبوونی برێکی زۆر لەو وشانەیە کە پەیوەستن بە فەرهەنگی رووەکەکان، بە تایبەت ئەو تەڕەو میوانەی کە وەك چەند کریستاڵێکی جوان لە شانەشینی شیعری ئەودا نمایشی خۆیان دەکەن، هەر هەموو ئەوانە دەخزێنێتە ناو فۆرمێکی شیعری و جوانی دیکەیان پێدەبەخشێ، وەك پاقلە، شووتی، باینجان، گەڵا مێو، کونجی، پەنیر، ماست، ترێ، ئەناناس،... هتد، ئەرێ بەراست بەشیعرانەی کاك تەلعەت گێلاسم بیرکەوتەوە، دەمم پڕ ئاو بووە، لە نووسین بوومەوە، دەبێ فریای گێلاس بکەوم.

# ئەزموونێکی بۆلیڤۆنی

قسەکردن لەمەڕ ئەزموونی ئەو شاعیرانەی تەواوی تەمەنی خۆیان بۆ شیعرو خەمەکانی شیعر تەرخانکردووە، لەم ڕووەشەوە تووشی گەلێ ڕێگەی تژی هەڵەموت و سەختەنداز بوونەتەوە، بە ڕاستی کارێکی ئەستەم و تا ڕادەیەکی زۆر ئاسان نییە، من هەوڵدەدەم لەم بەدوداچوونەمدا زۆر بە چڕی شتێك دەربارەی ئەو ئەزموونە بڵێم، وەك فارس دەڵێن دلۆپێکە لە دەریا.

ئەزموونی شاعیری بە توانا کاك شێرکۆ بێکەس لە سەر چەند بنەمایێکی گرنگ داڕێژراوە، دەکرێ بڵێم ئەو بنەمایانە هەندێکیان بنەمای مەعریفی شیعرن و هەندێکیان بنەمای ئێستێتیکین و هەندێکیشیان بنەمای مێژوویین، کە دەڵێم بنەمای مەعریفی شیعرین، مەبەستمە بڵێم کاك شێرکۆ بەدرێژایی تەمەنی شیعری خۆی هەوڵی داوە، شیعر بکاتە پارسەنگی بابەتی داهێنان و لە کاتی داڕشتنی شیعردا، بەهای نووسین بۆ مانا باڵاکان بەرزکاتەوەو شیعر لە هەموو ئاستەکانی نووسین و گووتن و گەیاندن جیابکاتەوە، دەسەڵاتێکی خالیقانەی پێ ببەخشێ، لێرەدا شیعر لای ئەو خەسڵەتی ئاییینێکی سەربەخۆی هەیە، بەمجۆرە هەموو هەوڵەکانی شیعری کاك شێرکۆ، هەر لە هەشتاکانەوە بۆ سەرەوە هەوڵدان بووە بۆ داڕشتنی ئەم فەرمۆلەی بیرکردنەوە، دەکرێ بڵێم ئەوە سەختترین بەشی ئەزموونی کاك شێرکۆ بووە، کە من ناوی دەنێم قۆناخی حسسی پاڵاوتە لە شیعردا، هەر لەگەڵ ئەم قۆناخەی شیعری شێرکۆ بێکەسدا بە دیققەت لە دوای نەوەدەکانەوە، هەوڵێکی دیکەی کاك شێرکۆ لە ئەزموونی شیعر لە ئارادایە، ئەویش قووڵکردنەوەی چەمکی ئێستەتیکە، بە مانا گەورەکەیەوە واتا دروستکردنی باڵانسی نێوان وێنەو نموونە یاخود **الصورة والمثال،** ئەمەش تەنها لای ئەوانە سەرهەڵدەدا کە زۆر بە ئەزموونی خۆیاندا روودەچن، ئەلێرەوەش شێرکۆ بێکەس گەلێ نموونەی شیعری دەگمەنی لە کێڵگەی ئەدەبی کوردیدا چاندووە. کاتێکیش دەڵێم لە سەر بنەمای مێژوویی ئەم ئەزموونە داڕێژراوە، دەخوازم بڵێم کاك شێرکۆ هەر لەسەرەتای شیعری خۆیەوە،

هەڵگری شووناسێکی نەتەوەیی بریندار بووە، هەڵگری پەیامێکی پیرۆزی نەتەوەیی بووە، کە هەمیشە هەوڵی داوە لە ڕێگەی شیعرەوە گوزارشت لە تەنهایی و برینداری و ژێرەستایەتی نەتەوەکەی خۆی بکات، ئەمەش هێندە تێکەڵ بووە بە شیعرەکانی کاك شێرکۆ کە هەندێ جار هیچ سنووری لە میانی شیعرەکانی و نەتەوە نامێنێ، ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە شێرکۆ داڕێژەری شیعری تازەو مۆدێرنی کوردە، بەشدارییێکی گرینگی هەبووە لە گەورەکردنی شیعرو پەڕاندنەوەی بۆ مەدارەکانی مەدەنیەت.

ئەگەرچی زەمەنێکی زۆر بەسەر ئەزموونی ئەو شاعیرە تێپەڕیوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی زۆر بە پیتە و بەردەوام جوانییەکان دەدۆزێتەوە، هیوای تەمەندرێژی بۆ دەخوازم.

## کۆکردنەوەی یاقووت و وردوخاشکردنیان

چی لەوە ناخۆشتر نییە، تۆ تەواوی هەوڵەکانی خۆت بخەیتە گەڕ، لە پێناوی گرتنی مەحاڵ و پاشان هەرخۆت، هەمان ئەو مەحاڵە ڕەهاکەیت و بیدەیەوە دەست قەدەر و هەمدیس بەدوایدا ڕاکەیتەوە، ئەمە دەق لە پڕۆسێسی سیزیف دەچێ، بەڵام بەدەر لە ناوەڕۆکی گرنگی ئەفسانەی سیزیفدا، بۆیە ئەو ئەنجامانەی لە ڕەفتارێکی کەم ئەزموونی ئاوادا، دەستمان دەکەوێ، چەند ئەنجامێکی کەمبایەخن، بەڵام هەوڵی لەو جۆرە شایانی پاراستنن، بۆیە دەبێ شوورەی ڕۆحییان بۆ هەڵێن و بە دڵ بیانپارێزین، نابێ کارێکی وابکەین، کە بە فوویێك بە فیڕۆیان بدەین.

لێرەدا مەبەستم کاری کۆکردنەوەی بیرۆکەی شیعرە، ئەو بیرۆکەیەی کە لە ناو هەزاران هەزار کەلێن و ڕەوەزی سەختەندازو قووڵاییدا خۆیان حەشارداوە، شاعیرانی بەتوانا، بەدوای وەدەست هێنانیاندا، خانەکانی زەین و بلێسەی ئەندێشەیان بۆ دادەگیرسێنن، بۆئەوەی لە ڕێگەی قەڵەمەکانیان، دایانڕێژن و شاکاری پڕ فیگەری زیندوویان لێ بخولقێنن، کە هەر بە ڕاستی هەمان ئەو خولقاندنەیە، شوناسی ئەو قەڵەمانە دیاریدەکات، ئەمە لە کارە هەرە سەخت و دژوارەکانی، پرۆسێسی داڕشتنی شیعرە، دۆزینەوەی گەوهەرەکانی ناو دەریاو زێڕی ناو لیتەو بیرۆکەی ناو ئەستەمییەکان، کاری وەستا داهێنەرەکان و زێڕدۆزە بلیمەتەکان و

شاعیرە بە تواناکانە، بەڵام هێشتا لە سەختی و نادیاری و نەبینراویدا، هیچیان ناگەنە قوولەپێی ئەو شاعیرانەی لە نەبووندا، بوونێکی بە رۆح و خوێن دەخولقێنن، کەواتە کاری شاعیر لە دۆزینەوەی بیرۆکەی شیعردا، کاری دارشتنی ئەفسانەیە، کاری خولقاندنە، بۆیە لە ئاستی مامەڵەکردن، لە گەڵ ئەم ئەفسانەیەو ئەم خولقاندنەدا، دەبێ ئاگاداری قەڵەم بین، جڵەوی ئەم پرۆسێسە سەختە، بەلای بێ ناوەرۆکیدا نەبات، چونکە روودانی لاخوارییی، لە دارشتنی شیعردا، دەچێتە ئاستی گوناه، شاعیر نابێ بە نووسینەوەی گوناه تاوانباربکرێ، چونکە شاعیران، لەتۆوێکی پاکدا، حیکمەتی ژیان دروستدەکەن.دەخوازم بڵێم، زۆر جاران کە دەپرژێمە سەر ئەوەی شیعرێك بخوێنمەوە، تووشی هەڵگیرسان و کوژانەوە دێم، هەڵگیرسان ئەو کاتە دەست پێدەکات، کە شیعر بە ناوەرۆکێکی هێندە بە هێز و جوان دەست پێدەکات، کە خوێنەر لە ئاستیدا، تووشی برێکی هێجگار زۆر لە سەرسامی و هەڵچوون دەبێ، ئەوکاتەش دەکوژێتەوە، کە دەبینی شاعیر لەو ئاستە جوانە ناوەرۆکی شیعر دادەبەزێ و شیعرەکە بە ئاقارێکی تردا دەبات، ئەم کارە لە ئەدەبیاتی شیعردا، پێی دەڵێن _ وردوخاشکردنی ئەقڵی ناوەرۆك _ چونکە خوێنەر لە سەرەتای شیعرەکە دێرەکانی، دەکەوێتە سەر کوپەڵە زێرەکانی بیرۆکەی بەهادار، پاشان لە هیکەوە، رۆحی پردەبێ لە خۆڵەمێش، بە گووتنێکی دیکە، لەسەرەتادا شاعیر دنیای ئەندێشەت پڕ لە جوانی دەکات، بەڵام پاشان هەموو جوانییەکانت لێ دەسێنێتەوە، دەکەوێتە شەڕ لەگەڵ خوێنەردا، کە ئەمەش سەرەتای ئەنجامدانی ئەو گوناهەیە، کە لەسەرەوە باسم کردووە.

جزیری لە شیعری نەوایا موتریب و چەنگی_دا دەڵێت: :

کو کاتب دێمی جەدوەل کت شکستە خەت موسەلسەل کت
ژ یەك حەرفان موفەسەل کت کیە ڤـی موشکلـی حەل کت

# مەفیستۆ لیپۆکی شەیتان

مێژوو ئازمایشگای مرۆڤایەتییە، تاك و کۆمەڵ بەیەکەوە ئاشی ئەم ئازمایشگایە بەڕێوەدەبەن، وەك شانە هەنگێکی ئەکتیڤ  لە دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانیدا پارادۆکس بەرهەم دێنن، ئەدەب و ڕۆشنبیریش، ئەدیبان ڕۆشنبیرانیش لە کورە ڕێی ئەم ئازمایشگایەدا دەربازیان نابێ و دەبن بە تەیری مردن لەم ڕێگایەدا، فاوست کە شاکاری هەرە بە ناوبانگی گۆتێیە گوزارشت لە حەقیقەتی ئەم بابەتەو لە فاکتی مرۆڤایەتی دەکات، وەك کائینێکی دەسەڵاتدار، بە تایبەت کاتێ کە دەسەڵاتی خۆی دەکات بە پەیژەی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئیدی جڵەوی ئەقڵی خۆی لە دەست دەداو دەکەوێتە ناو هەڵدێرەکانەوە، هەندێ جار ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی سیاسییە و هەندێ جاریش دەسەڵاتێکی ڕۆشنبیرییە و هەندێ جاری دیکەش دەسەڵاتی مزگەوت و کلێساکانە.

ئەوەی ئەز مەبەستمە هەمان ئەو بابەتە ئەدەبییانەیە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ڕۆشنبیریدا ڕوودەدات، بەوەی کە بۆچی گۆتی بابەتێکی ئاوەهای لە فاوستدا خەملاندووە؟ هەڵبەت ئەویش بوونەوەری ئەم بوویەرە بووە، کە لەوان سەردەماندا تیایدا ژیاوە، کورتەی فاوستی گۆتێ بریتییە لە غەریبترین و تازەترین چەمکی گرێبەست دەگەڵ شەیتاندا، کە ئەم گرێبەستەش لە ڕێگەی کارێکتەری سەرەکییەوە و لە سەرهەڵگەڕانێکی درامی هەم کۆمیدی و هەم تراژیدیدا بەرجەستەدەبێ، ئەنجامەکەشی لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە ئایا مرۆڤ دەتوانێ تا سەر لە نێو ئەم شکستە ڕۆحییەوە خۆ شەیتان فرۆشی بکات و بچێتە قاڵبی شەیتانەوە؟ یا ئایا مرۆڤ لە سروشتدا هەڵپەو ڕارایە و ناتوانێ کۆنترۆڵی ئەقڵی باتینی خۆی بکات؟ یا ئایا مرۆڤ لە بەلاداچووی خۆیەوە لایەنگری هێزە شەیتانییەکانە و بەرەو ئەوان دادەبەزێ و تەوقە لە گەڵ هێزە نەیارەکانی ناو خودی خۆی دەکاو دەستلەملانێی شەیتان دەبێت؟ شەیتان لە فاوستی گۆتێدا هەمان چەمکە ئایینییەکەی نییە، بەڵکو چەمکێکی مۆدێرن و مرۆیی هەیە نەرێنی هەیە، کە مامەڵە لە گەڵ بوویەر دەکات، دوای تێپەڕینی زەمەنێکی زۆر بە سەر فاوست، مێژوو هەمان ڕووداو دووبارە دەکاتەوە، کلاوس مان هەمان بابەت بە تان و پۆیەکی دیکەوە دەخاتەڕوو، کلاوس مان یەکێکە لە ڕۆماننووسە

باشەکانی دنیا، کوڕی تۆماس مانە، ڕۆمانی مەفیستۆی نووسیوە، سوودێکی زۆری لە فاوستی گۆتی وەرگرتووە، لەو سەردەمەی کە ئەو ڕۆمانەی بڵاوکردەوە، هەراوزەنایەکی زۆری بۆ نێوەندی ڕۆشنبیری هێنایە کایەوە، کە گەورەترین لێدانی ڕۆحی بوو بۆ ڕۆشنبیرەکانی هاوسۆز لە گەڵ نازییەت، کلاوس مان جگە لە ڕۆمانی مەفیستۆ ڕۆمانی دیکەشی هەن، وەك — ڕاکردن لە ژیان_ سیرەی زاتی_ ڕۆمانی مەفیستۆ لە ئەسڵدا باس لە گۆڕانی زەینی گۆستاف گروندجز دەکات، کە چۆن چۆنی لە دەرهێنەرێکی بلیمەتەوە بەرەو ئەوە چووە، کە ڕۆحی خۆی بفرۆشێتە شەیتانەکانی نازییەت، تەواو بەناو هەموو بازنەکاندا ڕەتبوو، کە حەلاج لە کتێبی تەواسیندا باسی لێدەکات، حەلاج باس لە ئیبلیس دەکات، کەخودی فاوست ڕەنگدانەوەی چەمکی ئیبلیسی حەلاجە، کلاوس مان لە هەمان ئەو ڕۆمانەدا بە ناوی هنریك هۆفمان بونیاتی ڕووداوەکانی خۆی لە سەردەمی نازییەت داڕشتووە، ئەوەش لە ساڵانی ١٩٢٦_١٩٣٦_ واتە لەو کاتەی کە ئەڵمانیا وەك دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕەوتی حوکمڕانێتیدا گۆڕانی بەسەرداهات و لە جۆری حوکمی دەستورییەوە، بەرەو دیکتاتۆرییەتی نازییەت چوو، ڕۆمانی کلاوس مان لە ساڵی ١٩٣٦ دا لە ئەمستردام بڵاوبۆوە، لە ئەسڵدا بە ناوی _ حیکایەتی ڕەوتێکی پیشەیی_ بوو، کاراکتەری سەرەکی مەفیستۆ کەسێکی دیاری ئەو سەردەمی ئەڵمانیایە، دوای ئەوەی کە خۆی دایە دەست ئیرادەی نازییەکان بڵاوی کردەوەو نووسی — من خۆم و سومعەی خۆم بۆ ئەبەد فرۆشت — و ڕۆحی خۆم دا بە شەیتان، ئیدی بوو بە لیپۆکی شەیتان و دیکتاتۆر، کلاوس لەگەڵ هاینرش ماندا لە مانا بە تایبەت هاینریش لە کتێبی — فریشتەی شین — یەکتری دەگرنەوەو هەم ڕازو هەم دەردو هەم ئازار بووینە، ئەم ڕۆمانە گوزارشتە لە هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی، کە ڕۆحی خۆیان فرۆشتۆتە شەیتانەوە و بۆ ئەبەد تووشی بەدگۆڕانی دەبن و مێژوو هەڵیاندەداتە ناو قاوغی نەفرەتەوە، شەیتان لە هەموو ئەدەبیاتی ئاسمانیدا چەمکێکی ئایینی و غەیبانی هەبووە، کە لە بنەڕەتدا گوزارشت لە یاخیبوون دەکات، بەڵام لە نێوەندی نووسین و ئەدەبیاتدا گوزارشت لە بوویەرێکی دیکە دەکات. ئەلێرەوە دەمەوێ بڵێم داهێنانە ئەدەبییەکان دەتوانن گیانی ڕۆژگارەکانی خۆیان لە دووتوێی نووسیندا بکەنە ئاوێنەی ویژدان و نەوەکانی داهاتووی پێ گۆش بکەن.

* بۆ قسەکردن لە مەڕ کلاوس مان سوودم لە ماڵپەڕێکی ئەنتەرنێت وەرگرتووە.

# چەند سەرەقەڵەمێك سەبارەت بە نالی

## ١

دەقی شەلاّلْ بە عەتری داهێنان دەبێ بە زەینی شەلاّلْ بە ئاوی چەمکە زیندووەکان بخوێندرێتەوە، چونکە هەموو دەقێکی لەم جۆرە هەڵگری ئاستی جیاجیای ئیحایە. لە هەمان کاتدا هەڵگری شووناسی جیاجیای مەعریفەیە، بۆیە دەبێ زەین لە ئاستی ئەم بەرامبەرە پڕەدا ئامادەگی تەواوی هەبێ، دەقەکانی شیعری نالی لە ئاستی جوانکاری و بەلاغەت و گەمەی زمانەوانیدا چەندین تخوبی شیعری سەردەمی خۆی بەزاندووەو خۆی لەناو زانستی_ بەدیع_ دا ساغ کردۆتەوە. بۆیە شێوەی خوێندنەوەی جیادەبێ لەگەڵ ئەوانی دیکە، واتە خوێندنەوە دەبێ لە سێ رەهەندی جیادا کاری خۆی بکات_ چەمك_ زمان_ گەمە_ ئەوسا دەتوانێ دەرك بە نهێنییەکانی شیعری نالی بکرێت، جگە لە ئەو تارا ئایدیالییەی سەرجەم شیعرەکانی نالی داپۆشیوە، ئەو خوێندنەوانەی بۆ نالی کراوە لە رێبازەکانی راڤەیی‌و واقیعی‌و مۆتیڤی زمان رەتیان نەکردووە، بە واتایەکی دیکە تاوەکو ئێستا خوێندنەوە بۆ چەمکەکانی شیعرییەت لە شیعری نالی نەکراوە، واتە کولتوورێکی رەخنەیی پەیوەست بە جوانییەکان یاخود ئێستێتیکای نالی لە ئارادانییە.

## ٢

نالی لەسەر ئاستی سیمبۆلی شیعر پیرۆزکراوە، کە ئاستێکی گۆڕاوەو هەمیشە لە گۆڕاندایە، واتە هەڵگری شووناسی چەمکی جیاوازییە لەشیعر، بۆیە بایەخێکی زیاتری پێدراوە، پیرۆزکردنی نالی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو ئایینیو کاریزمی نییە، یا هەڵگری خاچ نییە، ئەو پیرۆزیی خۆی لەرێگەی زانستە شیعرییەکان وەدەستهێناوە، لەرێگەی مەلەکردن لەنێو چەمکەکانی شیعرییەت گەورەیی خۆی سەلماندووە، پیرۆزیی ئەو دوورە لە ئاستی پەرستن یا بە تارا داپۆشین، نالیش وەکو هەموو شاعیرانی گەورەی دنیا مەودای ئەوەی هەیە ڕەخنە لە شیعرەکانی بگیرێت، بەڵام ئەو ڕەخنە لێگرتنەش وەك گوتم ئاستی جیاجیای مەعریفی دەوێ لەڕووی ئایینی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە.

## ٣

جیاوازی نالی لە شاعیرانی سەردەمی خۆی جیاوازییەك بووە لە ڕووی: دەربڕین، زمان، شیعرییەت، لەهەمووان گرنگتر نالی توانیویێتی هێزێکی گەورەی_سەرسامکردن، ئەندێشەبازی، خەیاڵ تاڕادەی فانتازیاو وەهم دروست بکات، هێزی شیعریش لەوەدایە کە برێکی زۆر لە خەیاڵو وەهم بۆ خوێنەر دروست بکەیت، لە ئەرزی واقیعدا دایبڕێنی، شیعر وەك من بۆی دەچم لەلای نالی خەڵقکردنێکی خواوەندییە بۆ مانا، گەڕانێکی ئایینی بووە بۆ گێڕانەوە حیکایەتەکانی جوانی، جوانی بەو مانایەی کە بەرزدەبێتەوە و سمودەکاتە ئاستی تەبەقەکانی ئاسمان، نالی دەیەوێت قیامەتی جوانی لە شیعرەکانیدا لەبەرامبەر قیامەتی کۆتایی دروست بکات، کە ببێتە پارسەنگی بابەتی لە پەڕینەوەدا.

## ٤

مەرج نییە ئێمە جارێکی دیکە نالیمان بەهەمان خەیاڵو ئەندێشەو وەهمەوە هەبێت، ئەمە لە مێژووی تێگەیشتنی مرۆڤ رووینەداوە، دەکرێ نالیمان لە ئاستێکی دیکەدا هەبێت، دەقی شیعری حوکمی ئەم پرۆسێسە دەکات، مێژوو خۆی لە ڕەهەندە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێ خۆی لە ڕەهەندە زەینیو داهێنانەکاندا دووبارەبکاتەوە، دووبارەبوونەوەی نالی بە هەمان تەوژمو جیهانبینی بەڵگەی وەستانە نەك پێشکەوتنو سەرهەڵدانی جیاوازی.

ئەمڕۆ ئاستی جیاجیای شیعر سەریهەڵداوە، جیاوازە لە نالیو زروفی نالی، ئەمە ڕووە گەشەکەی پەرەسەندنی فیکری مرۆڤە، بۆیە دەبێ وردبین لەمەڕ ئەم مەسەلەیە. من پێم وایە خوێندنەوەکانی_ ڕێبوار سیوەیلی_ بۆ نالی سەرەتایێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە شیعرییەتی نالی، کە بە جیهانبینێکی نالیانە باس لە شیعرەکانی دەکات، نەك بە ڕێبازێکی تەفسیری کە ئەمە زۆر گرینگە لە لێتوژینەوەی شیعریدا.

## ٥

ماوەتەوە بڵێم تا ئێستا پێویستیمان بە خوێندنەوەو تازە چاپکردنەوەی_کلاسیك_هەیە، تێگەیشتن و وەرگرتنی کلاسیك نەبۆتە پایەکی بەهێزی ئەدەبیاتی هاوچەرخمان، کە ئەمە زۆر دیاردەی دروستکردووە و بۆتە هۆی بێ هێزی شیعری هاوچەرخی کوردی.

## ناونیشانیٚ له ئۆقیانووس

**– ئەو شارە چەند لە دنیا گەورەترە –**
دڵی گەردوون، ئەی ڕۆحی پیرۆز لە گەڵیبە
لەدوای بەو بیپارێزە
لە ڕێگاکان
لە زەریاکان
لە ئاسمان و لە نێو چیاکان
ڕۆحی جیهان ئەی خودا لە گەڵیبە
چونکە ئەویش کوڕی تۆیە
چونکە ئەویش لە خوێنی تۆیە
چونکە ئەویش لە ڕۆحی تۆیە
(لە سەرووی عاشقبوون: زانا خەلیل)

***

دەخوازم بڵێم، زۆر جاران شاعیر دەبێتە دیلی ئەو ناونیشانەی کە بە دوایدا دەگەڕێ، چونکە هەندێ ناونیشان هەن، ناوەڕۆکی دەقەکەی خۆیان قووت دەدەن، ئەو ناوەڕۆکەی، کە شاعیر دەیەوێ دایڕێژێتە ناو فۆرمەکانی بیرکردنەوەی خۆیەوە، بۆیە ناونیشان لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بێت، بەهاییێکی پوخت و گرینگ دەبەخشێ، بە ناوەڕۆکی ئەو دەقانەوە، هیچ شتێ ئەوەندەی شیعر فریوی شاعیر نادات، چونکە تاکە سەرمایەی بیرکردنەوەیە لای شاعیر، لە سەروەختی نووسیندا، تاکە سەرمایەو هێزی ئەوە لە بوونی مەعنەوی ئەودا، کە ڕۆحی برینداری ئەو سارێژدەکا، دڵی توندی هێوردەکاتەوە و بینایی و جیهانبینی پێدەبەخشێ: **هەر لەبەر چالاکی نوری تۆیە، کوێرەکان هەموویان دەبینن، هەر لە تاو خۆشی ڕێگەی تۆیە تەواوی**

**لەنگەرەکان راستەڕێ دەبن، بۆ ئەوەی لوتفی تۆ قەهرو تووڕەیی تێك بشکێنێ، ئاشتەوایی هەموو لایەك دابگرێ و جەنگەڵەکان لە بێن بچن،** ئەوە هێزو ئەوینی شاعیرە بۆ شیعر، کە ئەو مەحاڵە تێکدەشکێنێ و لەمپەرەکان وردوخاش دەکات.

چون از **نشاط** نور تو کوران همی بینا شوند
تـا از خـــوشی راه تـــو رهـــوار گـــردد لنگرهـــا
تا قهر را برهـم زنـد ان **لطف** انـدر **لطف** تو
تا صلح گیرد هر **طرف**، تا محو گردد جنگلهـا

**(جەلالەدینی رومی)**

بۆیە زۆرجاران و زۆر شاعیری بەتواناش، ناتوانن خۆیان لە پرۆسێسی فریودانی شیعر بپارێزن، ئەمە راستییێکە من لە ژیانی ئەدەبی و ئەزموونی شیعری خۆمدا تووشی هاتووم، وەکو ئەوە وایە کە تۆ لەسەر ئاوێکی روونڕدا دەوەستی، ماسی دەبینی، بەبەرچاوتەوە ئەوەندە نزیك دیارە، کە تۆ وا هەست دەکەی، دەستی بۆ ببەیت دەیگریت، کاتێکیش کە دەست دەخەیتە ئاوەکەوە، هەوڵدەدەیت بیگریت ناتوانی، دەبینی ئەمە فریوەکەیەو دووبارە هەوڵدەدەیتەوە، هەمدیس خیت دەبیتەوە، چەند جارێ ئەم کارە دووبارەدەکەیتەوە، تا لە دواجار دەخزێیتە ناو ئاوەکەو هەرچی روونی ئەم ئاوە هەیە، شێلووی دەکەیت و هەموو ئەو ماسییە جوانانەش لە نیگای خۆت دەتۆرێنی، ئەمە دەق وەك بیرۆکەی شیعر وایە، کە سەرەتا هەموو ئەقنومەکانی ئەو بیرۆکەیەت لەلا روونە، وا خەیاڵ دەکەیت ئێستا نا ئێستا، هەر هەموو ئەو ئەقنوومانە راو دەکەیت و دەیخەیتە بەر تۆڕی دارشتنی خۆتەوە، بەڵام دواجار کە دەست بۆ میدادەکەت دەبەی، لە ئەنجامی ئەو پەلەکردن و سەرخۆشبوون بەو بیرۆکانەوە، هەر لە دێری یەکەمەوە تووشی شکستی نەتوانین و مەحرومییەت دێیت، جا یا ناتوانی بینووسیت، یا ئەگەر بشینووسیت کاڵ و کرچ دەبێت، شیعر بۆ ئەوانە کارێکی ئاسانە، بەڵام بۆ ئەوانە زۆر سەخت و ئەستەمە کە تووشی ئەو فریوە نایەن.

**ئەو شارە چەند لە دنیا گەورەترە**، ناونیشانی شیعرێکە فرە بابەت و فرە بیرۆکە، فرە فۆرم و فرە شکستە کاری، کە خۆی بریتییە لە پێنج وشە، (ئەو شارە ) ئێمە نازانین یاخود خوێنەر لە سەرەتاوە ناتوانێ پەی بەوە ببات، کە ئەو شارە، شارە دێرینەکانی گریکن، یا شارە

نادیارەکانی ئیتالۆن؟ یا شارە نغرۆبووەکانی دەریاچەی وانن، یا شارە سووتاوەکانی جەنگەکانن؟ یا هەمان ئەو شارانەن کە رامبۆ پێیانەوە تێپەڕیوە، هەندێ جاریش وا خەیاڵ دەکات، کە دەبێ شارە غەیبییەکانی عەدەن بن، یاخود هەمان ئەو شارانە بن کە مارکۆ پۆلۆ زیارەتی کردوون، ئەوەشمان لەیادنەچێت کە رەنگە خوێنەر وابیر بکاتەوە کە ئەو شارانەبن خودی شاعیر بینیوێتی، دڵی شیعری لێ جێمابێ، چەمکی ئەو شارە بەرهەمهێنەری خەیاڵێکی زۆرە، خەیاڵێك تا سەر ئێسقان دەڕوات و دەگاتە ئاستی فەنتازیایەکی قووڵ، من بۆ خۆم خەیاڵ دەمباتەوە سەر ئەوەی، رەنگە شاعیر مەبەستی ئەو شارانە بن، کە نالی لە هیجرەتی خۆیدا، لە ئەنجامی شەڕی ئیمارەتەکانەوە رووی تێکردبن و بەو داخەوە کوردستانی جێهێشتبێ، ئەوە بۆ من گرینگییەکی پڕ مانا دەبەخشێ بە ناوەرۆکە شیعرییەکەش، هەندێ جار بۆ ئەوە دەچم، کە نا رەنگە مەبەستی شاعیر حاجی قادر بێت، کە لە داخی ناسۆری و جەهلی نەتەوەو ناخۆشی ژیانەوە، رووی لەو شارانە کردبێ، سەیرکە دوو وشەی ____ئەم شارە_ چ فەرتەنەیەکی لە خەیاڵ بەرهەم هێناوەو چ هێماو بزاڤ و بەلاڕێ دابردنێکی دروستکردووە، کە هیچ یەکێك لەو خەیاڵانە ناچنەوە سەر یەکتری و هەر یەکێکیان بناغەی تەلاری دەیان نووسینی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمە کارێکی شاعیرانەیە، کە بتوانێ بە چەند وشەیەکی سادە جیهانێکی ئاڵۆزو پڕ مانا و ئێستەتیك بخولقێنێ، خۆ مەرج نییە هیچ یەك لەو خەیاڵانەی خوێنەر راست بێت، بەڵام وشە هێزی داوەتە بەرخۆو خەیاڵی خوێنەری ورووژاندووە، بۆیە شیعر بریتی نییە لە رستەسازی و بەس، چونکە بیناسازەکان کە تەلار دروستدەکەن، هەر بۆ ئەوە نییە دیوارەکان بخەنە سەر یەك، بۆ ئەوە نییە کە شارەکان دروست بکەن، یا هەر بۆ دیمەن سازی بێت، بەڵکو تیمای سەرەکی ئەوان ئەوەیە کە چۆن ژیانی تیا فەراهەم بکەن و نەوەکانی تیادا بخەنە سەرپێ، شیعریش هەر بۆ ئەوە نانووسرێ، فۆرمی وشك و رستەسازی بۆ ریز بکەیت، بەڵکو بۆ ئەوە دەنووسرێ، جوانییەکانی تیادا بپارێزێن و بەها ماناادارەکانی تیا دارێژین، ئیفێکتیفی تیادا بخولقێنین و سەرسامی دروست بکەین:

**شاعیرەکان چەند لوولەیەکی موقەدەسن**
**ئاوی ژیانیان تیادا دەپارێزرێ**
**ـ هلدرلن ـ**

شارەگی دووەمی ناوونیشانی ئەم شیعرە _چەند لە دنیا گەورەترە_ رەگاژۆی ناو شانازیی بووە، هەولێکە بۆ دروستکردنی یوتۆپیا، بە سوننەتی تۆماس مۆر یا هەولێکە بۆ دروستکردنی شارێکی پیرۆز، لەسەر رێوشوێنی فارابی، لە هەمان کات دەمانباتەوە سەر خەیالە زیندووەکانی دنیا، کە شاکاریان پێ نووسیوە، خەیالی وەك ئەوەی کە دانتی کۆمیدیای پێ نووسیوە، یا موعەرِی میعراجی پێ دارِشتووە، ئاخۆ دەبێ ئەو شارە چی بێ؟ کوێ بێ ؟چۆن بێ؟ کەی بێ؟، کە لە دنیا گەورەترە، ئایا ئەو شارە هەمان ئەو شارانەیە کە هەموو هێزێکی زانستی و ئارکیولۆژی لە زەوی و ئاسماندا بۆی دەگەرِێن؟ یا ئەو شارە رماوەی **_ارم ذات العماد_**ی فیرعەونییەکان بێت، کەوا بەخەیال لە هەموو دنیا گەورەترە؟ هەمان ئەو شارە لە نێو ئەفسانەکاندایە یا لە ناو لەپی دێوەکاندایە؟ شاعیر بۆ ئەوەی خۆی بهێڵێتەوە وەلام ناداتەوە، بەڵکو ئەو مەودایە بۆ خوێنەر جێدەهێڵی. ئەدی شاعیر بۆ ئەوە نانووسێ، کە خوێنەریش بباتە ناو دنیای ئەندێشە و حیکمەتی وشەوە؟ سەیرکە ناونیشان چی لە خوێنەر دەکات، نیچە دەڵێت:

**ئێمەی شاعیران، ئەوانەی فێڵ لە شەرابی خۆیان ناکەن، چەندین ئەو کەسانەمان لە نێواندایە، کە لە ژێر گومەزی ئێمەوە، ژەهری ئاوێتە دروستدەکەن؟**

ئەو شاعیرانەی فێڵ لە شەرابی خۆیان دەکەن ئەوانەن، کە هێزی دارِشتنی شیعریان ناگاتە ئاستی دروستکردنی مانای بەهادار، بێهودە کار لە ناو شیعر دەکەن، ئەوانەیش کە ژەهری ئاوێتە دروستدەکەن هەمان ئەو رەخنەگرە سەلەفییانەن، کە بێ ئەوەی لە مانای شیعر بگەن، خزاونەتە ناو ئەدەبیاتی زیندوو.

چۆن هەلی ئەوەمان هەبێ، کە پێ لە جگەری خۆمان بنێین و باس لە شێوە دیارو نادیارەکانی پرۆسێسی داهێنان بکەین؟ بەوەی کە نەرسۆس واز لە ئاوێنەی ئاو بهێنێ، خودی خۆی لە ئەندێشەکردنی جوانی و خودپەسنی ئازادبکات، هەوڵ بدات ئەو هێزە بدات بە قەدەرو لێی بپارێتەوە کە بیپارێزێ؟ **دڵی گەردوون ئەی رۆحی پیرۆز لە گەڵیبە،** یا بە شێوەییێکی سادەتر چۆن بتوانین ئەو دەرگایە بکەینەوە، کە بۆ قەڵەمرەوی ئەوین و لێکدانەوەی نادیارمان ببات، بە تایبەت لە ناونیشانێکی تاقانەدا؟ نادیارێك کە لێورِێژی جوانییە دیارەکان بێت، ئەو دیارانەی لە ژێر دیدو پەنجەو پلی ئێمەدان و ساویان هێندە خۆشە وامان لێدەکەن، هەرگیز پەیان پێ نەبەین، ئەمانە هەمووی پرسیاری پلاستیکای جەستەیین، کە رەنگە ئەکتەرێك لە تەختەی شانۆدا بیری بکەوێتەوە و دەستەپاچە بێت، بۆ قسەکردن لەمەرِ داهێنانی ئەوانەی

قەدەرێك لە ئەوینیان هەیە، ئەو ئەوینەی وەك رۆمی شاعیر دەڵێت: **_ئێمە کێین لە نێو ئەم دنیا ئاڵۆزەدا_** کە باس لە ئەوینێکی ئاوەها بکەین؟ کە مەجازی رەها حوکمی ئەبەدی خۆی تێدا بکات؟ بەو پێیەی کە هەرخۆی دەڵێت: **_تووڕەبوونی ئێمە هەورەبروسکەی خودایە _ ئەوینیشمان میهرەبانی و سۆزی ئەوە_** هەربۆیە شاعیر پەنادەباتە بەر ئەو هێزە رەهایە، چونکە دەزانێ ئەو هێزی پاراستنی ئەوینی هەیە، کە هێزێکە لە دەرەوەی شیعرەو لە ناوەوەی شیعر حوکم دەکات، **رۆحی جیهان ئەی خودا لە گەڵێبە**، جا ئایا شاعیر دەتوانێ بگاتە ئاستی ئەم میهرەبانی و سۆزە؟ ئەلێرەوە شاعیر دەبێ کارە نادیارەکانی خۆی لە ناو شیعر ئەنجام بدات، بەو شێوەی کە جەلالەدینی رۆمی بە پێچەوانەی هەموو شاعیرانی کلاسیك لە مەداری رەهای خودان هێزی رەها، دەچێتە دەرەوەو کار لە ناو هێزی رەهای شیعر دەکات، دەیکات بە پارسەنگی بابەتی ژیانی خودێتی شاعیر، ئەم جێدەستە بۆ ئەوە دەنووسمەوە، کە بڵێم نووسینەوەی شیعری پەیوەستە بە نووسینەوەی دیدگاو جیهانبینی، لە کاتێکدا باوەڕم وایە کە مەرج نییە هەموو شاعیرێ جیهانبینی تایبەتی خۆی هەبێ، بەڵام بێ هیچ دوودڵییەك ئەوە دەڵێم ئەوەی بە تەنها یەك وشە لە مەودای شیعر دەنووسێ، بەشێك لە دیدگاو جیهانبینی ئاسایی ژیانی رۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە، هەر بەو پێیەش زانا خەلیلی شاعیر لە قەصیدەی — ئەو شارە چەند لە دنیا گەورەترە_هەولێکی لەو جۆرە دەداو قەدەرێك ئەندێشەی خۆی بۆ ئەو جۆرە ئەوینە تەرخاندەکا، ئۆدنی شاعیر گووتوویێتی کاتێ کە_جوانیی دەبینم وەك تاکە کەسێ، دەمەوێ ببم بە دووان_ دانتی لە سێ چارەگی سەفەری خۆی دوای زیاتر لە تێپەڕینی نیو سەدە بە سەر ئەوینی خۆی لە بەشێکی کۆمیدیاکەی بۆ پیاتریسی نووسی_ کە ئەوین ناچێتە ناو رەهەندەکانی زەمەن و خۆی پایەی داڕێژەری زەمەنە، کەچی هایدگەر دەڵێ هەموو ئەوینەکان بە پێی رێورەسمی چەمکەکانیان زیندانیی نێو زەمەنن، قسە زۆرە بۆ ئەوەی باس لە شیعر بکەین، بۆیە هەر لێرەوە دەوەستم و باس لە شیعری دەکەم کە لەبەردەستمایە، بۆئەوەی بتوانم لە نێو وشەو رستەکانی تۆزێ راوی ئاسکی ئەو جوانیانە بکەم، کە شاعیر شەلاڵی هێزی راوکردنی کردوون، هی شاعیرێکە جگە لە دیوانە شیعرییەکانی، شیعری دیکەی ئەو شاعیرەم خوێندۆتەوە، ئەویش زانا خەلیلی شاعیرە، ئەوەندەی من بەدواداچوونی خۆم هەبێ و شیعرەکان بخوێنمەوە، ئاگاداری خۆم کردۆتەوە کە جیاوازی لە میانی رستەسازی و نووسینی شیعر بکەم، رستەسازی بەو مانایەی کە زۆربەی ئەوانەی بە ناوی شیعرەوە دەنووسرێن داڕشتنی رستەن، نەك خولْقاندنی چەمکێکی شیعریی کە هێزی ئەوەی هەبێت خوێنەر بخاتە ناو بورکانی ناوەوەی

شاعیر، بۆیه به تەکەزەوە دەڵێم ئەو گەنجە مەبەستم شاعیرە، سەرچاوەی خوێندنەوەکانی سەرچاوەیەکی سازگارە، بۆ هەڵڕژانی زەینی، شیعری ئەو شاعیرە هەڵڕژانێکی بێهودە نییە، ئەوینێکی تەنك و کاریگەرەو سووتانێ هەیە هەڵیدەسورێنێ، مەبەستم ئەوینێ نییە لە ئافرەتی وردبێتەوە، ئیدی هەموو هێزو چەمکی شیعری خۆی بەسەر ئەو بوونەوەرە جوانییە دارێژێ، چونکە ئەو جۆرە ئەوینە ئەو شیعرانە دەخولقێنێ، بە ونبوونی ئافرەتەکە شیعرەکە کۆتایی بێت، بەڵکو مەبەستم ئەوینێکە کە کەون هەڵدەسوورێنێ، کەون بە هەموو جوانییەکانی دەوروبەرمانیشەوە، جا لەخودی رەگەزی ئافرەتەوە بێت، یا لە بوویەری دەورەمان، مەبەستمە بڵێم شاعیر دەبێ بە هەڵڕژانی زەینییەوە شیعرناس بێت، نەك بە بینین و دیدکارییەوە، ئەو دەزانێ بۆ رستەکانی خۆی دادەرێژێ، شیعر ئاگرێکی کپە تەنها ئەوانە دەتوانن دایگیرسێنن، کە خۆیان پێیەوە سووتاون، ئەوەی پەی پێ نەبات لە حەسرەتی نووسینەوەیدا قەڵەمی وشکدەکات، کارێکە پابەندە بە رشتنی خوێنێك، کە لە دەمارەکانەوە نایەت، بەڵکو پابەندە بە دروستکردنی ئەو دەمارانەی کە بێ خوێن دەژین، تەنها دارشتنی جوانی خوێنیانە، چونکە شاعیر هی ئەوانی دیکەیە —شاعیرێکی فارس هەیە دەڵێت:

شانه کمتر زن ترسم تار زلفت بشکنه

تار زولف توست اما رشته جان منه _ من است_

ئیدی هەموو شتەکانی مەعشوق هی شاعیرە، مولکی خودی مەعشوق نین. وەك چۆن عاشقیش مولکی مەعشوقییەتی، نالی کە دەڵێت:

شـەو هات و ئـەمن مەستـی خـەیاڵاتـی کەسێکم

مەشغولی نەفەس کوشتنی موشکین نەفەسێکم

کەواتە دەمارەکانی خوێن لای نالی ئەو دەمارانە نین، کە خوێنی ئاساییان پیادا هەڵدەرژێ، ئەو دەمارانەن کە ئەو خەیاڵیان بۆ دەکات، زانا لە ناو مەئلوفییەتا جۆرێك لە نامەئلوف دروستدەکات و شتێ دەڵێت لە ئەسڵدا هەروایە، بەڵام ئەو روویێکی شیعری پێدەبەخشێ:

**تازە پێچەوانــەی ڕۆیشتن هــەر ڕۆیشتنە**
**پێچەوانەی نەدیتنەوەش، نەدیتنەوەیە**

*****************

**پێچـــەوانـــەی تـــرازان هـــەر ترازانـــە**
**پێچەوانەی ونبوونیش تەنیا ونبوون**

زانا هەوڵدەدات وەکو شاعیرێکی تازەو هاوچەرخ، لە نێو پانتایی شیعری کوردی، ئەو حەقیقەتە ڕەسم بکات، کە باوانیی لە شیعردا ڕەسمیان کردووە، کە بەلای خەڵکی سادە ئەوە کارێکی ئاسانە، بەڵام من دەڵێم ئەوە دۆزینەوەی نهێنییەکانە لە شیعر، دۆزینەوەی ئەو ئایەتە شیعرییانەیە  کە مینا ئاقیقی شکاو بریقەیان لێ دروستدەکات. ڕەنگە ئەوەیش تەواو ڕاست بێت، کە ناونیشانی شیعرەکە پێوەندییێکی ناڕاستەوخۆی بە شیعرەکەیەوە هەیە، کاتێ والت وایتمان کۆمەڵە شیعرێکی بۆ خودی ئەمریکا نووسی ناوی نا_ گیا _ بەڵام کە شیعرەکان دەخوێنیتەوە، هچ پەیوەندییەکیان بەو گیایە نییە، کە ئێمە لە سەر پشتی تاشەبەردەکان و لە پاوانەکان  و لە مەیدانی بەهاری حاجی قادرا دەیبینین، بەڵکو پەیوەستە بە گیای ڕۆحی مرۆڤی ئامریکایی، پەیوەستە بەو پەلکە گیایە ڕۆژهەڵاتیانەی شاعیرانی خۆراوا خەونی سەفەریان بۆ دەبینن، پەیوەستە بەو ئایدیایەی وەك چۆن هیرمان هیسە لە ڕۆمانی سەفەرێ بۆ خۆرهەڵات بە دوایدا گەڕاوە.

بەمجۆرە زانای شاعیر  باس لە سەمەرەی سەرهەڵدانی ئەوینی گەنجگەلێ دەکات، کە پەیوەست نییە بە ئەوینی تاکە کەسی، ئەوینێکە بەرز بەسەرسەرماندا دەسوڕێتەوە،  کار لەناو ئەو هەموو خەمە دەکات، کە کۆی تولانەوەی هەمو گەنجەکانی دوورگەی شیعرە.

# نیکرۆفیلیا _ مەرگدۆستی

لە بنەڕەتدا چەمکی نیکرۆفیلیا لەسەر بنەمای تیۆرەکانی سایکۆلۆژی بۆ رەفتاری نابەجێی ئەو کەسانە بەکاردێت، کە نەخۆشن و ئارەزووی ئەوەیان هەیە و بە تاسوقی ئەوەوە دەژین، کە ئاگری شەبەق و ئارەزووی سێکسی خۆیان، دەگەڵ ئافرەتە مردووەکاندا بەتاڵ کەن و دامرکێنن، تیۆرەکانی سایکۆلۆژی دەڵێن هەمان ئەوکەسانە نەخۆشن، بۆیە ئەم خووەیان گرتووە، چونکە لە رووی دروستکردنی پەیوەندیی خۆشەویستیدا بێ هێزن و دەترسن لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هەڵوێستی بەرامبەر، یا ئەوەتا لە ژیانی عاتیفی خۆیاندا فەشەلیان هێناوە، بۆیە ئارەزوویانە کە هەمیشە بەرەو تەرمەکان بچن، تا شەبەقی خۆیان بشکێنن، ئەوەش رەنگدانەوەی حەزی کۆنترۆڵکردن و دەست بەسەرداگرتنی ئەوانە.

بەکورتی ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی، کە مەرگیان لە ژیان خۆشتر دەوێت، ئێستاکە نەخۆشی نیکرۆفیلیا هەر بە چەمکە دەروونییەکەیەوە راڤە ناکرێت، بەڵکو لە هەموو بوارەکاندا، ناوەرۆکی ئەم چەمکە گڕوتینی خۆی هەیە، وەکو هێما بۆ گەلێ دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بەکاردێت، دەکرێ بە هەموو رژێمە تۆتالیتارییەکان بڵێین، کە تووشی نیکرۆفیلیا هاتوون، واتە حەزیان بە کوشت و بڕی خەڵکە، دژی مانەوەی جوانی ژیان و مرۆڤ و ئازادین، دژی ئەوەن کە تاکە ئازادەکان بە زیندوێتی ببینن و مامەڵەی لە گەڵدا بکەن، بەڵکو هەمیشە دەیانەوێ بەمردوویی بیانبینن، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی تیرۆرو کوشتنندان، هەمیشە ژەهری لەززەتەکانی خۆیان بەسەر خوارەوە هەڵدەڕێژن، لە بواری ئەدەبیشدا چیرۆکی زۆر هەن کە نووسراون، باس لە دیاردەی نیکرۆفیلیا دەکەن.

گرینگە بۆ هەموو تاکێ جڵەوی هەوەس و هێزی خۆی راگرێ و وەکو کەسێکی هۆشمەند ڕووبەرووی بێ هێزییە دەروونییەکانی خۆی ببێتەوە و کۆنترۆڵی ناوەوەی خۆی بکات، چونکە بە

دڵنیاییەوە هەمان ئەو نەخۆشییە لە ئەنجامی ئەوەوە دێت، کە تاك هێزی ڕووبەڕووبوونەوە و دیالۆگی خۆشەویستانەی نامێنێ و بەرگەی ئەوە ناگرێت، کە دان بە بیروڕای ئەوانی تردابنێت، ئێمە دەبێ بەرامبەر قبوڵ و ڕەتکردنەوە خۆمان رابهێنین و هەموو کردارو ڕەفتارەکانی بەرامبەر، چ لە مەودای خۆشەویستی و ئەوین بێت چ لە مەودای سیاسی یا کۆمەڵایەتی بێت بە هەند هەڵگرین، نەك بیرورای خۆمان بسەپێنین.

ناوەرۆکی مەرگدۆستی، لە هەموو بوارەکانی نووسینیشدا هەیە، ئەو نووسەرانەی دیدگاییێکی ئاشکراو روون و خۆشەویستیان هەیە نووسینەکانیشیان هەڵگری شووناسی ژیاندۆستین، هەموو ئەوانەیش لە رووی رق و هەڵچوون و نیەتی پووچ و دیدگای زبرەوە نووسینەکانی خۆیان هەڵدەڕێژن، لە ئەنجامدا دڵیان بە مردنی ئەوانی دیکە خۆش دەبێت و ئەوانیش دەچنە ناو خانەی ئەوانەی، کە تووشی نیکرۆفیلیا هاتوون.

# ئارکیۆلۆژیای هونەری گەورە

## ١

خاڵی وەرچەرخانی هەموو هونەرێك ڕووەو نیشتمانی داهێنان بەرهەمهێنانی ئاگرە، بەزێدەکردنی ئاگرێکی گەش و بە دیدگاییێکی یەزدانی، نور و ڕۆناهی زێدەتر دەبێ، لەم هەمووەشدا ئەو مانا لاهوتییە دەدۆزێتەوە، کە وەردەچەرخێتە سەر وێنەیەکی شیعری تژی گەرم و گوڕی و ڕەنگ (١)، ڕەنگێ کە مایەی مانەوە بێت یا تابلۆیەکی دەگمەن.

ئەمە پرۆسێسی ڕەنگرێژی و سارێژی هەموو کارێکی هونەری و ئەدەبییە، ڕەنگرێژی و سارێژی دوو زاراوەی هاومۆزیکن، لە ئەمانجدا جیان و لە ئەنجامدا یەکن، کە شێوەکار پەڕەکاری (٢) ڕەنگرێژی دەکات لە ڕێگەی وەشاندنی فرشەدا، دەق وەکو پەڕەکاری ئەو حەکیمە وایە، کە برینێ سارێژدەکات، ئەگەر هونەرمەند لە ئاستی وەشان و ڕەنگرێژی و هارمۆنییەتی تابلۆیەکەیدا نەبێت، کارێکی مردوو بەرهەمدەهێنێ، هەرواش حەکیمیش لە گرتنەوەی هەتوانی بۆ سارێژ ئەزموونێکی مەترسیدار ئەنجام دەدات، ئەگەر شارەزا نەبێت، کەواتە ڕەنگرێژی و سارێژی مۆسیقای جاویدانین لە دوو ئامانجی جیادا، هونەرمەندی شێوەکار لە دواجاردا تێکەڵی حیکایەتەکان دەبێ و دەچێتە ماڵی داهێنان و لە چەند ڕەگ و ڕیشاڵێکدا خزمایەتی خۆیان تازە دەکەنەوە، وەك چۆن زمان دەبێتە بڕبڕەی پشتی شیعر، ڕەنگیش دەبێتە ڕۆحی تابلۆ. ڕەنگ سیمای هەرە زیندووی هونەرمەندی شێوەکارە و دژوارترین کەرەستەی خولْقاندنی دەقەکەیەتی، بۆیە زۆر لە هونەرمەندان لەبەر نەبوونی هەوەسی دەستبەسەرداگرتنێکی هەمەلایەنە (Topophilia) بوونەتە قۆچی قوربانی ڕەنگرێژی، تابلۆکانیان و هێزی مانەوەیان نامێنێ و دەچنەوە دۆخی کاڵبوونەوە، ئەو هونەرەش کە زەمەن ڕەنگەکانی کاڵ دەکاتەوە هونەرێکی زیندوو نییە، ڕێك بە پێچەوانەی تابلۆکانی سەدەی

نۆزدەهەم کە تاوەکو ئێستاش ڕەنگ نهێنی هێزی هونەرمەندی پاراستووە، هەمیشە تازە دەبنەوە، ئیدی هونەر هۆیێکە بۆ بەپیت ڕاگرتنی ژیان. لە نەزەری (لیسکۆ) هونەرمەند شێوازی ژیانی خۆی دادەهێنێ و بەو شێوازەش دەژی کە دایدەهێنێ (٣)، جا لە هەر کاتێ ڕەنگەکان نەبنە هاوسەنگی ئەو شێوازە، لەو کاتەوە کارەساتی کاری هونەری دەست پێدەکات، خۆشکردنی ڕەنگ لەسەر سینگی تابلۆدا وەك خۆشکردنی ئاگر وایە، هەرچەندە ئەو ئاگرە خۆشتربێت، هێزی بەرهەمهێنانی پۆڵابەندکردنی کەڤاڵ بەهێزدەبێت، ئاواش هەرچەندە ڕەنگ جوڵەی خۆشکردنی هەڵگرتبێ ئەوەندە بەهێزی نیشاندانی داهێنانی پێ ڕەواتر دەبێ، بۆیە ڕەنگ کەرەسە و ڕوحی هونەرمەندە.

## ٢

چۆن دەتوانین لەناو تابلۆیەکی هونەریدا ڕەنگی ئەبەدی بخولقێنین، هێزێکی نادیار؟ کاتێك کە پیرۆ پۆلا پۆلۆ ١٤٤١_١٤٩٦وێنەی رافایلی نەخش کرد، ئێستا لە ئەنتیکای تۆرینۆ دایە هەروەها رامبرانت کە پۆرترێتی تۆبیاسی نەخشاند، لە رەنگێدا نەخشیان کردووە، کە پێدەچێ ڕەنگی ئەبەدی بن (٤)، چونکە دانتی پێی وابوو رۆحی مرۆڤەکان دوای مردنیان دەچنە ناو مانگ، بۆیە دەبێ پۆرترێتی ئەوان لە ڕەنگی جاویدانی مانگ بن، بۆ پارستنی رۆحی مانگ، هەر بۆیەش هەمان ئەو ڕەنگە وەك چەمك و پێناسەی هونەرمەند هێزی مانەوەیەتی، ئەو هێزەی خالیقی جیهانبینی هونەرمەندە، خالیقی ئێستێتیکای شوێنە، لە هەمان کاتدا ژیانی هونەرمەندە، وەك (ئیڤان جول) دەڵێت:

هێلانەیەکم لە گیای لاولاو دۆزییەوە
لە قەوزەی گوندان
لە گیای خەونێکی عەتراوی (٥)

پەیوەستی نێوان ڕەنگی تابلۆ و ڕەنگی شوێن کە هێلانەیە، لە ڕاڤەکردندا دەمانباتەوە سەر هونەر لە دۆزینەوە و شێوازدا، شیعر کە بۆ خۆی هێلانە لە ناو ڕەحمی وشەدا هەڵدەکۆڵێ شێوازە، هونەریش کە هێلانە لە ناو رەنگدا دەدۆزێتەوە شێوازە، هەردوو ئەو پرۆسێسەش پەڕکارکردنی جۆرێك لە ئێستێتیکای جاویدانییە، سەیرکە شاعیر دەڵێت:

بــەیــەك زەربەی قەڵــەم
دەبم بە گەورەی جیهان (٦)

جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی هونەرمەندێك بڵێی بە یەك زەربەی وەشاندنی فرشە دەبم بە گەورەی سەر تابلۆکەم. هەر بۆیەش دانتی لە سروودی چواردەهەمدا دەڵێت: بۆئەوەی دیدگەمان زیاتر بێت یا جیهانبینینمان زیاتر بێت دەبێ ئەو ئاگرە توندتربێت، کە بەهۆیەوە مەشخەڵ دەبەشێتەوە و ئەو تیشکانە مەزنتربێت، کە لەو ئاگرەوە هەڵدەستی. (٧)

## ٣

پەیوەندیی نێوان ئاگری هەڵچوونی هونەرمەند سەبارەت بەو ڕەنگەی کە تێکەڵی رۆحی خۆی دەکات لەناو چەقی تابلۆکانیدا، پەیوەندییەکی ئەزەلییە، هەر کپبوونەوەیەك لە ساتی دارشتنی بیرۆکەی خۆی لە ڕێگەی ڕەنگەوە، مانای کوژانەوەی ئەو هەوەسە مەزنەیە، کە تابلۆ لە ترۆپکەکانیدا لە دایك دەبێ، بەمەش تابلۆ بەرجەستە بووی ناو بۆچوونێکی نیچەوییە، کە کتومت ئاگر و ڕەنگ دەخاتە سەر یەك ڕەگەز.

ئەوە لە کەیەکەوە سروشت لە تابلۆدا نەماوە
تاکۆتایی بچووکترین بەشی دنیایە
لە کۆتایی دا ئەوەی تێدا وێنە دەکات
کە پێیەوە سەرسامە
ئەی بەچی سەرسامە؟
بەوەی کە دەزانی وێنەی بکا (٨)

ئاگر و ڕەنگ لە ناو هەرێمێکی غەیبانی ئاسیدا حوکمی هونەر دەکەن، هەموو ئەو تابلۆیانەی وەك گۆیا، ماتیس، رامبرانت..تادوایی، پەیوەستن بە رۆحی ئاگراوی مرۆڤی هونەرمەند، ترۆپکی داهێنانیان لە ناو سەختەندازی ئەو ئاگر و ڕەنگەدا بەرزکردۆتەوە، کاتێکیش ئەو ئاگرە لە هەوەسی هونەرمەندا دەکوژێتەوە، هیچ چەمکێك بۆ تابلۆ نامێنێ و نەمریی بەدەست ناهێنی، کەواتە ئاگر و ڕەنگ فەرمولی سەرەکی هونەرمەندن.

## ٤

به تێڕامان له‌ هه‌ر تابلۆیه‌ك ده‌چینه‌وه‌ ناو ئاگر و ڕه‌نگ و بیرۆكه‌، واته‌ ئه‌و سێ ئه‌قنومه‌ ده‌رگای تابلۆ له‌سه‌ر هه‌موو هه‌ڵكشانێكی رۆحی ده‌كاته‌وه‌، هیچ هونه‌رمه‌ندێ نییه‌ بتوانێ به‌بێ دروستكردنی بیرۆكه‌یه‌ك، یا به‌بێ بوونی پرۆژیه‌كی فیكری، تابلۆیه‌كی هونه‌ری جیدی به‌رهه‌م بهێنێ، زه‌مه‌نی ئه‌وه‌ به‌سه‌رچوو، كه‌ (تأمل) تاكه‌ هێزی تابلۆ بێت، تابلۆیه‌ك هه‌ڵگری قه‌ده‌رێكی زۆر له‌ سیحر و وه‌هم و سه‌رسامی بێت، هه‌مان ئه‌و پرۆسێسه‌ش ئه‌و كاته‌ هه‌ڵده‌كشێ و داهێنان دروستده‌كات، كاتێ هونه‌رمه‌ندی شێوه‌كار به‌دوای ئه‌و هه‌رێمه‌ و نانه‌دا ده‌گه‌ڕێت، كه‌ له‌ وجوودی خۆیدا هه‌یه‌ و كه‌شفی نه‌كردوون. (میلۆز) له‌ كتێبی پرۆڤه‌ی كچه‌ عاشقی ده‌نووسێ و ده‌ڵێت: (كه‌ به‌ ڕامانه‌وه‌ له‌ناو باخچه‌ی شته‌ سه‌رسامكه‌ره‌كانی فه‌زادا وه‌ستام، هه‌ستم كرد ئه‌وپه‌ری قووڵاییه‌كان ده‌خوێنمه‌وه‌، ونترین هه‌رێمه‌كانی وجودم ده‌خوێنمه‌وه‌، بزه‌یه‌كم هاتێ، چونكه‌ قه‌ت به‌ خه‌یاڵمدا نه‌هاتووه‌ بتوانم هێنده‌ ساف و مه‌زن و جوان بم به‌هه‌مان ئه‌و ڕاده‌یه‌). (٩)

كه‌واته‌ بوونی ئاگرێكی وه‌ها مه‌زن و چه‌مكی ڕه‌نگێكی وه‌ها بته‌و و بیرۆكه‌یه‌كی مه‌زن ته‌نها له‌و كاتانه‌دا بۆ هونه‌رمه‌ند له‌دایكده‌بێ، كه‌ له‌ ئانی داڕشتنی تابلۆی خۆیدا ڕۆچێته‌ ناو قۆڵاییه‌كانی وجودی خۆی. چونكه‌ هه‌مان ئه‌و گه‌مه‌یه‌، گه‌مه‌ی خه‌ڵقكردنی داهێنانێكی هونه‌ری گه‌وره‌یه‌، به‌ هه‌موو شفره‌ و نهێنی و به‌رهه‌مهێنانی وه‌هم و دامه‌زراندنی پرۆژه‌یه‌كی سه‌رسامی له‌ ناو سینه‌ی تابلۆدا، كه‌ تابلۆش دوا نیشتمانی هونه‌رمه‌نده‌، له‌وێدا ده‌توانێ جاویدانی خۆی به‌ده‌ست بهێنێ.

## ٥

هەمیشە پرسیارەکان لەگەڵماندا دەژین، رۆحی داهێنانی هونەری بەرهەم دەهێنن، بەڵی پرسیار، ئایا هونەرمەند تا چەند شێوەکانی خۆی، تارماییەکانی وجودی خۆی لە نێو تابلۆکانیدا بەدەست دەهێنیّ، ئەو شێوانەی کە ڕەنگە لە ناو تەپ و تۆزی ڕۆژگاردا لە دەستی داون ونی کردوون؟ ئایا ئەو کاتەی هونەرمەند لە بەرامبەر تابلۆی خۆیدا دەوەستیّ و ئامادەی وەشان و گورزەکانی خۆی دەبێت، تا چەند لە ناو شەبەنگی هەزار ڕەنگی شێوەی ناوەوەی خۆیدا کاردەکات، بۆ ئەوەی شێوەی ڕاستەقینەی خۆی لەناو تابلۆدا وێنابکات، وەك چۆن میکێل ئانجلۆ لە بەرامبەر پەیکەری دەست خودی خۆیدا وەستا و گووتی، کەواتە قسە بکە؟ لەم ڕووەوە کاتێك ئەم دەستەواژەیەی شەکسپیر لە (مەلیك لیر)دا دەخوێنینەوە، پۆرترێتی کارکردن و هونەرمەندی گەورەمان لا بەرجەستە دەبیّ.

" من ئەو شێوەیە وەدەست دەهێنمەوە

کە تۆ وا هەست دەکەیت من بۆ ئەبەد لە خۆم بەدوورخستۆتەوە(١٠)

کەواتە ڕۆچوون بە ناو قووڵایی شێوەکانی ناوەوە لە کاتی کارکردنی هونەریدا، کە بە هەزاران جۆر دەگۆڕێن، هۆیەکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی شێوازی تایبەت بە هونەرمەند، ماکسیم گۆرکی دوای خوێندنەوەی رۆمانی (رۆدین)ی تورژینێف گوتی رودین ڕوخسارێکی (شێوازێکی زیندووی جیهانە) دیارە هەر لەبەر ئەوەبوو، کە ئەو توانیوییێتی هەموو هەرێمەکانی ناوەوەی خۆی کەشف بکات.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

(١) دانتی/ پاکستان _ فیردەوس
(٢) پەرکاری: مومارەسە
(٣) جماليات المكان/ باشلار
(٤) دانتی_ پاکستان
(٥) الروايه الروسيه/ د.مكارم الغمری
(٦) جماليات المكان/ باشلار
(٧) دانتی پاکستان/ سروودی چواردەهەم
(٨) ديوان نيتشه
(٩) جماليات المكان/ باشلار
(١٠) شكسپير ملك لير

## ئاو لە بن تاشە سەختەندازەکاندا

ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت، هونەرێك وەکو یادەوەرییەکی پڕ لە هەراو زەنای منالّی، لە تەکمەوەیەوە، هونەرێك وەك سێبەر لەگەڵمدا بەرێوەیە، لەکوچەکاندا، لە سەرمێزی قوتابخانەکاندا، لەناو یاریگاکانی منداڵیدا، لە بازاڕەکاندا، لەپەنا بەردو شاخەکاندا، بانگم دەکات، بە رەنگە ئاوییەکانی دامدەپۆشی و لە مانەوە لە ناو وەستان و سڕیدا دەمپارێزێ، هەمیشە لەگەڵمایە، دەنگی ئەو هونەرە لە قووڵاییەکانەوە دێت، وەك ئەوە وایە، کە لە ناو چاخە بەردینەکانەوە، بانگم بکاتە خەڵوەتیێ، کە هەمووی رەنگ و فرشە و پۆرترێت و بابەتە، هەمووی سیحرو وەهم و حەقیقەتە، هەندێ جار وەك دەنگدانەوەی هاوارێکە، لە ئاوەکان هەڵبسێ، ئەو ئاوانەی سەردەمانێك لەبن هەموو تاشە و کەڤرێکەوە هەڵدەقوڵان، بینای مرۆڤیان لە رەنگی ئاو و سامانڵ دەگرت، هەمیشە دەپڕژێنە ناو تەواوی وردە دەمارەکانمەوە، هێندە ئاشنان، هەر دەڵێی رۆحی خۆمن هەڵدەپژێنە ناو گیانمەوەو شەلاّلی ژیانم دەکەن، ئەو هونەرە هونەرێکی راستەقینەیە، کە لەگەڵ پرۆسەی داهێناندا، شادەماری بزووتنەوەی ئێستەتیکن، هەر لە گەڵ دروستبوونی هونەرمەندەکەوە خەڵق بووە، سەرەتا لە کوچەو کۆڵانەکانی تەیراوەدا، بە تەنکە شەرمێکی هەرزەکارییەوە، راوی ئاسکەکانی جوانی دەکرد، بناغەی تەلارێکی ئێستەتیکی دادەڕشت، لەگەڵ کتێبەکاندا، سۆراغی جیهانبینی دەکرد، هەمیشە هاودەمی گۆماوەکان بوو، ئەو گۆماوانەی بۆ ئەو ئاسۆیەك بوو، رەهایی تیادا دەدۆزییەوە، ئەو گۆماوانەی، کە باران خەڵقی دەکردن، ئاو و گیا بووبوو بە خولیایەکی هێجگار دەگمەنی ئەو هونەرمەندە، پاشان هەمان ئەو خولیایە گەورە بوو، بەرەو شارە گەورەکان چوو، تێکەڵ بە ئایدیالوژیاو کێشەکان بوو، تێکەڵ بە تەم و هەورو تاشە بەردەکان بوو، تا تێکەڵی دەریاکانی جیهان بوو، مەدای جیهانبینی و چەمکەکان، ئەو هونەرمەندەیان هاڕی، تا لە دواجاردا، لە گەڵ ئاودا تێکەڵ بوو، بوو بە هونەرمەندێکی ئاویی، ئاو بە مانای حیکمەتەکان، بە مانا هونەرییە باڵاکان، لە ئاودا هەموو رەنگەکانی دۆزییەوە، ئەو هونەرمەندە خاکییە، قەرەنی جەمیلە، کە ئێستەیش وەك چۆن لە سەرتاوە هونەرەکەی لەگەڵمایە، هەروا لەگەڵما رێدەکا.

لەم نووسینەمدا رامانكێشییەك، سەبارەت بە یەكێ لە تابلۆكانی دەكەم، ئەویش تابلۆی ئاوە لە شاخ شاخانێی دەگەڵ كەڵدا.

هەموو تابلۆیەكی شێوەكاری نا، بەڵكو هەموو تابلۆیەكی هونەریی باڵا، كۆكراوەی خودو بوویەرو بابەت و مەعریفەی هونەرمەندە، بە مانایەكی دیكە، هونەرمەند بریتییە لە بوونی خوودی و لەدایكبووی واقیعی خۆی و لە بابەتی هەڵبژێردراوی خۆی و لەو مەعریفەیەی، كە ئەزموونی خۆی پێی دەبەخشێ، كە ئەمانە بەرهەمهێنەری پارادۆكسین لە هونەردا، واتە شتێك بەرهەم ناهێنن، مەئلوف بێت یا بچێتە ناو تەمی كارە باوەكان، یا لە ناو راڕەوی سەلەفییەت كاربكات، بەڵكو ئاسۆی بوونەوە رەچاودەكەن، بۆیە لە بەرامبەر ئەو جۆرە تابلۆ یا كەفالآنە، پێویستیمان بە بینینی هەیە، كە پارسەنگی بابەتی لەگەڵ هەمان ئەو خودو بوویەرو بابەت و مەعریفەیە دروست بكات، پێویستیمان لە خودی هونەرمەند بە بینینی قووڵ و ئاگری رەنگەكان هەیە، لە بوویەری هونەرمەندا پێویستیمان بە لێكدانەوەو رامان هەیە، لە بابەتەكەشیدا پێویستیمان بەو چەمكانە هەیە، كە پرسیار خەڵق بكەن، بەڵام لە مەعریفەكەیدا پێویستیمان بە دایەلۆگ هەیە، واتە خودی هونەرمەند پێویستی بە بینینی قووڵی بینەر هەیە، تا ئاسۆ بیرو كاری هونەرمەند بخوێنێتەوە، پێویستی بە رامانی بینەر هەیە تا ئەندێشەی كارە هونەرییەكەی ئاشكرابكات، پێویستی بە پرسیاری بینەر هەیە، دواجار پێویستی بە دایەلۆگی بینەر هەیە، تا لە تولانەوەكانی بگەن، هەركاتێكیش ئەو بەرامبەر بوونە، فیت كرانە سەر یەكەوە، ئەوا پەیوەندییەكی قووڵی تێگەیشتن لە ماهیەتی یەكتری دێتە كایەوە، واتە ماهییەتی هونەری هونەرمەندو ماهیەتی بینینی بینەر، كە ئەمە زور پێویستە، تا بتوانین لەبەرامبەر تابلۆی هونەرمەندێكدا بوەستین و قسە بكەین.

ئەگەر تابلۆ لە ئەدەبی كرستیانیدا، بریتی بێ لە تابلۆی كەون و هەبوون، كە لە پەسلآنەوە سەرچاوەدەگرێ و باس لە ڕۆژی لێپرسینەوە دەكات، پاشان باس لە مێژووی تراژیدی مەسیح و شەوق و مردنی بكات، كە هەمووی لە ئەنجامی بە _ یەكداچوونی فۆلكلۆرو فەلسەفەی كۆنەوە بوو_ ئەوە لە ئەدەب و هونەری سەدەی ناوەڕاستدا، تێكەڵاوبوونی ژیانی كۆمەڵایەتی، ژیانی رۆژانە بوو، بەڵام لە ئەدەبی ئەورووپیدا، بریتی بووە لە لەبەریەكترازان و گونجان، بە مانایەكی دیكە _تراژیدیاو كۆمیدیا_ بەڵام لە سەردەمی رێنیسانسدا، تابلۆ لە تاك كورتكرایەوە، بەو پێیەی تاك نەیاری كۆمەڵ نییە، بەڵكو كورتەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە، بەم جۆرە تابلۆ

بوو بە بەرهەمی کێشەی مرۆڤ، لەگەڵ ڕۆژانی پەسلان و ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەو ترازان و گونجان و کێشەکانی تاك.

هەموو ئەوانەی گووتم بۆ ئەوەبوو، بچمە سەرباسی ئەو تابلۆیەی هونەرمەند قەرەنی جەمیل_کەڵ و ئاو_ کە رووبەرێکی لە رەنگ داگیرکردووە، بەڵام رووبەرێك کە هەمووی جووڵەو بزاڤ و سەرسامییە، چەندین هاندەری هونەری تێدایە، کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمەکانی رابردوو، ئەو سەردەمانەی کە ئاو سەر زەوی داگیرکردبوو، لە هەموو لایەکدا رۆحی ئاو زاڵی سەر زەوی بووبوو، گەورەترین جەنگی نێوان سروشتی ئاو و سروشتی بوونەوەرو هەندێ لە شەڕە شاخی کەڵەکان، لەگەڵ شەپۆلی ئاودا، بەرجەستە دەبوو، لە هەمان کاتدا ئەو تابلۆیە، دەمانهێنێتەوە سەر ئێستای رۆحە ونبووەکانی ئاو، جۆرێك نۆستالگیامان بۆ خودی رۆحی ئاو، بۆ دروستدەکات، بەو پێیەی کە _وێنە ئەمانەتی هونەرە _ لای هونەرمەند، بۆیە دەبێت فرشەی هونەرمەند، فرشەیەکی پڕ لە ترس و حیکمەت بێت، لەکاتی وێنەکێشاندا، حیکمەتی قەرەنی جەمیل لەوەدایە، کە حیکمەتی ئاو زیندوودەکاتەوە، لەکاتی کەمبوونەوەو کەمبوودی ئاودا، ناچارمان دەکات کە ئاو بکەین بە نموونەی باڵای ژیانمان، کاتێك مرۆڤ بەدیار ئەم تابلۆیەوە دەوەستێت، سەیری شاخی کەڵ و شەپۆلی ئاو دەکات، لەکاتی بەیەکداچوونیاندا، راستەخۆ ئەو پرسیارە لای بینەر دروست دەبێت، کە ئاخۆ دەروونی هونەرمەند چەند پڕبووە لە مانا گەورەکانی ئاو، بۆ ئەوەی هەمان ئەو هەندە زۆرە لە بینینی قووڵ لای بینەر دروست بکات؟ لە هەمان کاتدا بە سەیرکردنی ئەم تابلۆیە، چەند دەچینەوە ناو بوویەری هونەرمەند، تا تێبگەین کە ئەو، چەندی پرسیار کردووە، تا لەم بوویەرە بگات؟ بۆ ئەوەی ئەم هەموو رامانە لای بینەر بێتەکایەوە، لە بابەتەکەشیدا ئەو هەموو پرسیارە بۆ بینەر دروست بکات، ئاوێك کە سپی بچێتەوە لەناو شەپۆلدا، چاوچاوێنی بکات لە بەرامبەر شاخی کەڵێکدا، ئەوسا وردوخاش بێت، دەبێت چ دیمەنێك هەڵڕژێنێتە سەر رۆحی بینەرەوە، ئاو لای هونەرمەند رەنگە، رۆحە، بزاوتێکی ئەبەدییە، ترسە، هەڵگری هەزاران بیرۆکەی هونەرییە، کاتێکیش کە من لەبەرابەریدا دەوەستم، رەنگەکان دەبن بەهێشووی پرسیار، رۆحی ئاوەکان دەبن بە چەپکێ لەترسی با، بزاوتی ئەبەدی هەمان ئەو ئاوەش، دەبێتە هەڵگری من و بە دنیادا دەمسوڕێنێ، سەیرکە ئاو لەژێر شاخی کەڵدا، لە جەنگێکی پڕ لە خۆشەویستیدا، بینەر بۆ کام دەرەتان دەباتەوەو چی بۆ دروستدەکات.

شاخی کەڵ، سیمبولی هێزە، بەڵام هێزی شەڕانگێزی و کوشتن نا، بەڵکو هێزی جوانی، هێزی ئێستەتیکا، هێزی جەوهەر، هێزی ڕۆحیکی کوژران بە جوانی ئاو و لەناوچوونی نا، هێزێکی پرۆمیتۆسی لە دزینی ئاگری خوداوەندەکاندا، هێزی شاخی کەڵێ لە گەڕان بە دوای دزینی ئاودا، کەواتە هونەرمەند لە شاخی کەڵدا، بەرهەمهێنەری جوانی هێزە لای بینەر و بوویەری هونەرمەند لە شەپۆلی ئاوی سپیدا دروستکەری رامانە لای بینەر و بابەتی هونەرمەند لە بەیەکداچوونی کەڵ و شەپۆلدا جێی دایەلۆگی بینەرە.

بەمجۆرە لە تابلۆی کەڵ و شەپۆلی قەرەنی جەمیلدا، بینەرو هونەرمەند دەبن بە یەك قەبارەی شێلگیر و جۆرێك لە دۆناودۆنی سۆفیگەریتی دەخولقی و بینەر دەچێتەوە سەر هەزاران بیرۆکەی رابردوو، بە دەیان بیرۆکەی ئێستا بونیاددەنێت، باشە تۆزێ لە تابلۆکە وردبەرەوە، ئەوە جگە لە ئاو هیچ شتێکی دیکە چەمکی نامێنێ، چونکە _تەنها ئاو وەك ئاو وایە _

# کوشتنی مۆتێفی خود لە ئەدەبییاتدا

**منم ئەو ئاگرین تەیرەی کە دەرحاڵ**
**هەموو دنیا دەسووتێنم ئەگەر لێکدەم پەڕو باڵ**
**ـ بابە تاهیری هەمەدانی ـ**

لە ئەندێشەی ئانتۆنان ئارتۆدا، هەموو ئێش و ئازارێك، لە ناو دڵی منی وشیارو پڕ ئاگاهیدا کاری خۆی دەکات، بۆیە دیاردەی بەکارهێنانی کەسی یەکەمی تاك لە نێو هەڵکشانی زەینی ئەدەبیدا و لە نێو ئەوانەی بە دوای حەقیقەتی ڕەهای ئەدەبیدا دەگەڕێن، بۆتە ئایینێکی گەورەی ئەو دڵانە، هەرگیز ناتوانن خۆیان لێ ڕزگاربکەن، چونکە بۆتە ڕوانگەی ئەوان بۆ دیتنی دنیا و تەواوی ئەوانی دیکە، هەروەها بوونەوە بە سەر دنیادا.

گلەیی ئەوە دەکرێ کە بۆچی ئەدیبان یا شاعیران، هەمیشە خۆیان بەو ڕاناوە سەرەتاییەوە گرێداوەو هەرگیز ناتوانن دەربازییان _ببێ؟ ئایا لە ناو شانشینی ئەو منەدا پەنجەرەیەك هەیە بۆ جیهانبینی؟

ئایا ئەوە منی ئەوینە یا منی ئەدەبییاتی باڵایە؟ ئایا دەکرێ هەمان ئەو منە، بخەینە قاڵبی خودپەرستی و منایەتییەوەو هەڵیدەینە دەروازەی دەروونێکی نەخۆش بەم ڕاناوە و ئاوا لێکی دەینەوە؟ لەم چەند دێرەی خوارەوەدا هەوڵدەدەم، قسەیەك لەسەر منی ئەدەبییاتدا یاخود منی نووسەر یان خودی نووسەر بکەم.

گەلێ جار پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم، کە ئاخۆ چ ئەدەبێك هێزی مانەوەی هەتا هەتایی لە ڕۆحی خۆیدا دەپارێزێ، یا چ ئەدەبێك هەڵگری شووناسی جاویدانییە؟ ئایا ئەو ئەدەبەی پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە؟ ئەو خودەی کە هەرگیز ناتوانێ، خۆی لە ڕاناوی من ڕزگار بکات، لەو کاتەی کە خودی مرۆڤ، تەنها لە مندا دادەگیرسێ و کۆدەکرێتەوە، هیچ ڕۆحێك نییە بە بێ من بوونی هەبێ، ئەو بوونەی کە تەنها مەینەتی و ئەوین و سووتان و کێشەکانی

پەیوەست بە هیومانیزم، هێزی داهێنانی پێدەبەخشێ و بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە، یاخود ئەدەبیات دەتوانێ خۆی لە هەیبەتی شادەمارەی _من_ رزگار بکات؟ ئەلێرەدا مەبەستمە بڵێم، ئایا ئەدەبیات دەتوانێ لە کۆت و پێوەندی منی نووسەر _خودی نووسەر_ دەربازی _ببێ و دەقێکی گەورە بدا بەدەستەوە؟ کە ئەو دەقە وەکو شاکارێ لە دنیای ئەدەبیاتدا خۆی بنوێنێ و جیلوە بدات؟ یاخود بۆ زیاتر وەنزیك کەوتنەوە، لە کرۆکی بابەتەکە دەڵێم، ئایا ئەدەبێکی وەکو رۆمانەکانی **دایستوفیسکی یا شاکارە درامییەکانی شێکسپیر، یا شیعرە مەزنەکانی بۆدلێرو رامبۆو گۆران ونالی و حافز،** یا ئەدەبە گەورەکانی دنیا، لە چیرۆك و شیعرو هونەر، ئەوانە لە راناوی منەوە کاریان کردووە و مرۆڤایەتیان بە خۆیانەوە خەریك کردووە، یاخود وەکو _منی نووسەر_ دەقەکانی خۆیان دارِشتووە؟ یا خۆیان لەو خودە رزگارکردووەو کەوتوونەتە سەر شووناسی ئەوانی دیکەوە؟ هەموو ئەوانە دەمانێکە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ و تا ئێستەیش جێ بایەخی نێوەندی ئەدەبیاتی ئێمەیە، بۆیە دەبێ بە دیققەتەوە کاریان لەسەر بکرێ و بەدوای بەردی بناغەیان بگەرِێین و سۆراغی ریشەی پتەویان بکەین، لە زانستی سایکۆلۆژیدا ئەگەر من و منی باڵا _ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ_ لە خودێکدا لە یەك بترازێنین، ئەوە بەتەواوی مانای مردنی ئەو خودە دەدات، کە تەواو بەسەر بابەتەکەی ئێمەدا فیت دەبێت و ساغی دەکاتەوە، بۆ نموونە کاتێ کە **دۆنکیخۆتی** روو لە **سانشو** دەکات و پێی دەڵێت: **سەیرکە سانشو سوێندم بەو خودایەی کە تۆ سوێندت پێ خواردووە، ئەوە ئەقڵی تۆ تەنگترین ئەقڵی خەربەندەکانە لە دنیادا، ئایا دەکرێ هەر لەو کاتەوەی لەگەڵ خۆتت هێناوم، دەرکت بەوە نەکردبێ، تەواوی کاری سوارچاکە گەرِۆکەکان، وا بەدیاردەکەوێت، وەك بڵێی خەیاڵ و ئەفسانە بێت، هەموویان سەرەوگێرِ بەدیاردەکەون؟ هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە واقعیدا وان،** دونکیخۆتە ل ٢٣٧، ئەگەر بەرِێکی لەم چەند دێرِەی دونکیخۆتی وردبینەوە، ئەو چەند چەمکەمان لە خودی _من _ نووسەرەکە بۆ بەدیاردەکەوێ:

_منی نووسەر_ خود_ باوەرِی بەوەیە کە هەموو ئەوانەی ئەو دەیانبینێ خەیاڵە. هەمان ئەو خەیاڵە مولْکی زەینی ئەوە.

_ منی نووسەر _خود_ پێی وایە کە هەرچەند وەکو خەیاڵ وان، بەلاّم لە واقیعیشدا وان. واتە خەیاڵ و واقیع لای ئەو وەك یەك وان.

ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ناو رۆحی خودی نووسەرن، لە ناو زەینی خودی نووسەر هەڵقوولاون، جا ئایا دەکرێ یا دەتوانین منی نووسەر لەو پەرەگرافە دابڕیکەین؟ کە لە پای چییە بە زمانی کۆ نەینووسیوە؟ یاخود دەکرێ هەمان ئەو پەرەگرافە وەها بخەینەڕوو، کە رۆحێکی ئێمەیی، یاخود راناوی ئێمەی بۆ بەکاربهێنین؟ بە شێوەیەکی دیکە ئایا دەکرێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە نابێ دونکیخۆتی بە چەمکی منی نووسەر بنووسێ و بیربکاتەوە، چونکە دوو پیتی من لە ئەدەبیاتدا گوزارشت لە ئەنانیەت دەکات؟ هەڵبەت قسەیەك لەمجۆرە، شێتییێکی تەواوە، کەواتە هیچ دەقێکی هیومانیزمی بەدەر نییە لە ناوەڕۆکی من، خۆ دەبێ ئەوە بزانین، دەروونی مرۆڤ، دەروونێکی رەهایە پەیوەستە بە چەمکەکانی جوانی کە لە ئەوین سەرچاوەدەگرێت، جوانی و هەمیشە هەڵگری شووناسێکی نادیاری یادەوەرییەکانی جوانی رەهایە، بۆیە هەمیشە دەوروخولی دەروونی خۆی دەدات و دەیەوێت گوزارشتی لێ بکات، با نموونەیەکی دیکە بۆ زیاتر روونکردنەوە، بخەینەڕوو لە شاکارە مەزنەکەی **ئەحمەدی خانی،** کە دەڵێت"

**حیکمەت ئەوە ئەو ژ داری دنیا**
**چون سەیرکـرن سەرایی عوقبا**
**وان تـەرك نـەداجیبیللەتا خوە**
**هەریەك خولقێن ل خیلقەتا خوە**
**ــ مەم و زین ــ مام هەژار**

ئەگەر بە دوای خوددا بگەڕێین، کە تەواو لە بەرابەر پێکهاتەی مندا هاتووە، تەواو ئاشکرای دەکات، کە هیچ خیڵقەتێك بە بێ بوونی خود نابێ، هەموو خەڵقبوونی پەیوەستە بە خیڵقەتی خودی خۆی، بەدەر لە چەمکە فەلسەفییەکەو تەسەوفییەکەی خودی ئەحمەدی خانی شاعیر، ئەمەش هەمان پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە ئەدەبییات پەیوەستە بە زاتی مرۆڤ، مرۆڤیش بەبێ جولاندنی ئەو زاتە ناتوانێ گوزارشت لە کێشە مرۆییەکان و ویژدانییەکاندا بکات.

کەواتە مۆتیڤەی من لە ناو دەقە ئەدەبییەکاندا، بریتی نییە لە نۆستالجیای مرۆڤ، بۆ نەهێنییە دوورەکانی خۆی و گوزارشت نییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکە بە سایکۆلۆژییەتی ناخی خۆی و نیشاندانی منایەتی خۆی، بەڵکو هەمان ئەو مۆتیڤەیە تاکە رێگەی داهێنەرەکان بێت، پێیەوە بتوانن تێکستێك بدەن بە ئەوانی دیکە، مایەی تێڕامان بێت بۆ هەمووان، چونکە

من دڵنیام تیمای ئێمە لە ئەدەبیاتدا، تێکست بەرەو حەماسەتی کۆ کاری دەبات و ڕۆحی ئێستەتیکایان لێ دەسەنێتەوە، حەلاج دەڵێت:_ **تۆ منی لە هەموو حاڵێکدا_** چونکە ئەدەب لە پێناسەی بنەڕەتی خۆیدا هەڵقوولاوی زاتی مرۆیە و بەس، ئەوانی دیکە ئەدەب بەرەو دروشم و دروشم سازی دەبات و داهێنان دەکوژێت. ئەلێرەوە پرسیاری دێتە ئاشکرابوون، کە ئەگەر وا بڕیارە کە نابێ من لە ئەدەبدا بەکاربێت، یا من لە نەخشەی داهێناندا بکوژین، دەبێ چ بڵێین سەبارەت بە هونەری شێوەکاری و هونەری سینەماو شانۆ؟ بیروراکانم بەم شیعرەی مەنسوری حەلاج کۆتایی پێدێنم، کە دەڵێت:_ **تۆ ڕۆحی خۆت تێکەڵی ڕۆحی من کردووە، وەك چۆن ئاو و مەی تێکەڵی یەکتر دەبن، هەرچییەك تووشی تۆ بێت ئەوە تووشی منیش دەبێت، لە هەموو حاڵێکدا تۆ هەر منی.**

**کەواتە هەمووڕێگاکان دەچنەوە سەر – منی نووسەر _.**

# ئەدیداس

## ١

دیارە هەن و لەم ساتە وەختەدا هەوڵدەدەن دووبارە ئەدیداسی شاخ لە پێی گەنجانی کورد بکەن و هەمدیس هەڵیاندەنەوە شاخ و سروودی سەردەمانی شۆڕشی شاخیان پێ بڵێنەوە، بێ ئاگا لەوەی کە کورد قۆناخی شاخی بڕیوەو لەم رێگەیەشدا قوربانییێکی زۆری داوە، ئێستاکە لە ناو قۆناخێکی نوێی ژیانی سیاسی دا دەژێت، کە قۆناخی پەرەپێدانی دامەزراوە مەدەنی و مەعریفی و دامەزراوە سیاسی و سوسیولوژیەکانی خۆیەتی، بە تەواوی لە قۆناخی شاردا دەژێت و بڕیاری داوە کە ئیدی گەڕانەوە بۆ قۆناخی شاخ و گەڕانەوە بۆ قۆناخی چەك و خەباتی چەکداری لە شاخ، مەحاڵەو دەبێ ئەزموونی ئەم قۆناخ شارییە بپارێزرێت، بە هەر وەسیلەیەکەوە بێت، واتە پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ دوا، راگەیاندنی مەرگی یەکجارەکی نەتەوەی کوردە لەم بەشەداو، کاریگەرێتی خۆشی دەکاتە سەر هەموو بەشەکانی دیکەی کورستانی گەورە،، بۆیە ئەم هەڵوێستەی کە ئەمڕۆ بەرچاودەکەوێ، ئەگەرچی بە شێوەیەکی راستەوخۆ نییە، بەڵام لەدواجاردا هەروا دەکەوێتەوە، هەڵوێستێکە دەبێ مرۆڤ لە ئاستیدا بوەستێ و وردی کاتەوە، چونکە هەڵگری دوو ئاستی جیاوازو دژ بە یەکی نێوەندی رۆشنبیری و سیاسییە، یەکەم لەوەدایە، کە دوای ئەم هەموو ئەزموونە تاڵەی سەردەمانی پێشوو، سوود لە مێژوو وەرنەگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نێوەندەکە هەڵگری شووناسێکی

مەعریفی و مێژوویی گەورەی تیایە، بەو مانایەی کە مێژوویان ناسی بێت، هی دووەمیش کە کارەساتەکەیە لە ئەنجامی یەکەمەوە سەرهەڵدەگرێ، ئەوەیە کە ئەم شووناسە بۆ فریودانی گەنجەکان بە کاربهێندرێ و بە ئاقاری توندوتیژیاندا ببەن، لە هەردوو حاڵەتیشدا جۆرێك لە رێبەرایەتی کردن بە خۆیانەوە رەوا ببینن، کە ئەو رێبەرایەتی کردنە بەوان ناکرێت. ونکە ئەوان کاریان لەناو کایەی رۆشنبیریدا کاریگەر دەبێت. هەندێ لەوانە هەڵگری دیدگای فەلسەفین و بایەخ بە بڵاوکردنەوەی بابەتی فەلسەفی دەدەن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە فەلسەفە کاریگەر بێت لە ناو چوارچێوەی سیاسەتدا، ئەگەرچی فەلسەفە هەر لە سەردەمی ئەفلاتون و سوکراتیشدا نەیتوانیوە ئەو سەرکەوتنە لە ئەخلاقی سیاسیدا بەدەست بهێنێ، چونکە لە دوو جیهانی جیاوازەوە کاردەکەن کە هی فەلسەفە کەونییە و بیر و ئەندێشە دەخاتە گەڕ بۆ تێگەیشتن، لە هۆیەکانی دروستبوونی کەون و پرسیارکردن لە ماهیەتی وجودو ئەو جۆرە پرسیارانەوە، بەڵام سیاسەت کار بۆ دنیا و دەوڵەت ئیدۆلۆژیا دەکات، کە مەودای هەموو جۆرە فێڵێکی تیایە، بۆیە لەسەردەمی گریکیش ئەم دوو ژانرە لەیەك بە دوور کەوتنەوە، کەچی لای ئێمە تازە بەتازە دەیانەوێ لە رێگەی فەلسەفییەوە سیاسەت بەربۆە ببەن، ئەگەر کاری بزووتنەوەکان موقاوەمەت بووبی بۆ لەناو نەچوونی قەوارەی نەتەوەکەمان ئەوە کارو پڕۆژەی رۆشنبیران، ئەوە بووە کە ئەم ئەرکە پیرۆزو چارەنووسسازە بگرنە ئەستۆ، ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان رووندەبێتەوە کەئێستاشی لەگەڵدابی بەداخەوە هێزی چەك کاریگەرترە لە هێزی بیرو باوەڕوفیکرو رۆشنبیریی، تاکی کورد وابیردەکاتەوە هەرکاتێ چەکی لەدەست نەما و لەهەر سات و کاتی بی، ئەوە ترسی رمان و شکستخواردن وێرانی دەکات، ئەمە داخوازی ئەوەمان لێدەکات کە لەم دیاردەیە هەڵوەستەیەك بکەین و بەخۆمان دابچینەوە

# ٢

من ئەوە وەبیر خوێنەران دەهێنمەوە، کە هربرت مارکوزەی هونەرمەند، لە ناکاو کەوتە بەر تیشکی رۆناهی‌و لە شەستەکانیشدا بوو بە مۆدی گەنجەکانی ئەورووپا، ئەو ئەورووپایە سەرسام و دوودڵەی، کە هەموو خواکانی خۆی لەدەست دابوو، گەنجەکانیشی هەموو شتێکیان لە دەست چووبوو، لەژێر کاریگەریێتی ئەو ئێش‌و ئازارەی لەواندا رەنگی دابووەوە، دژ بە شارستانێتی رۆژئاوایی‌و هەموو ئەگەرە کارەسات ئامێزەکانی، مارکوزە فەیلەسوفی رەتکردنەوەو نامۆیی بوو، گەنجەکان بۆ خۆیان هەڵیانبژاردبوو، موریدەکانی ئەو فەیلەسوفە لە جادەو شارەکانی ئەورووپادا، بە جلی دڕاوو شەپڕێوەوە دەسووڕانەوە، رەتی ئەوەیان دەکردەوە کە خۆیان بدەنە دەست ژیانێ، هەموو ماناو ناوەرۆکێکی خۆی لە دەست دابێ. تا ئەو ئەقڵەش کە بە پێی زەوق‌و هەوەسی خۆیان راڤەیان کردبوو، گەرەکیان بوو مارکوزە بکەن بە پەیامبەری چاخی رەتکردنەوەو سەرکێشی، دژی چوونە ژێرباری بێهوودەیی سروشت‌و کۆمەڵگە. لایەنگرانی مارکوزە تاجی رێبەرایەتیان بەخشی بەو، بۆ ئەوەی رابەرایەتی کۆڕەوی ئەوان بکات، بەبێ ئەوەی هیچ یەك لەو گەنجە سەرسام‌و دوودڵانە رێنمایی بکات، چونکە ئەو ناوەرۆکەی بۆ ئەوانی هێنابوو، نموونەیەکی عەمەلی نەبوو، بۆ وەرچەرخانێکی ئەورووپی مەزن.

جا ئایا ئەم بەیەك گەیشتنەوەیە بەپێی وادەیەك بوو، یا سوتفەیەك لە سوتفەکانی قەدەر؟ کە دوور لە ئیرادەی مرۆڤ ونەخشە هۆشمەندییەکانیدا دەیچێنێ؟ ئێمە ناتوانین لەمەدا بیروڕایەك بخەینەڕوو، بەڵام ئەوەندەی پێمان دەکرێ بڵێین ئەوەیە، کە بزاوتە عەبەسییەکان‌و سەرکێشییەکانی کۆمەڵگەو شەقامەکانی ئەورووپا، لە شەستەکان‌و سەرەتای هەفتاکان، بە خۆیانەوەیان بینی کە نابێ میراتێك بێ بەربەندی فیکری مارکوزە بێ‌و بەس، کە توانیبێتی هەموو ئەو کوتلە چڕانەی گەنجەکانی ناو شەقامی بەلای خۆیدا راکێشابێ، بۆیە پرسیارەکە هەروا دەمێنێتەوەو وەڵامیش هەیە. دانیشگای (سان دیگۆ) رەتی کردەوە کە ببێ بە مامۆستای فەلسەفە، هۆیەکەشیان بەوە دەستنیشان کردبوو، گوایە پیاوێکە عەقڵی گەنجەکان تێکدەدات، بەر لەوەی بگات بە تەمەنی یاسایی هەر زوو خانە نشینیان کرد. هەر چۆنێ بێ هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە مارکوزە، کەوتبووە سەر فەلسەفەی هیگڵی، بە هەموو لایەنە

راسترەو و چەپڕەوەکەیدا، بەرهەمی ئەو لێکۆلینەوەیەش کتێبی ئەقڵو شۆڕش بوو، کە باشترین بەرهەمی مارکوزە بوو، لە ساڵی ١٩٤١ دا، هەر چەند لە سەرەتای ژیانیدا لەژێر کاریگەرێتی کانتیەتی نوێدا بوو، بەڵام لە جەوهەردا هەر بە هیگڵی مایەوە، جگە لە چەند کاریگەرێتی دیکە، کە لە تیۆزەکانی زانای دەروونی یەهودی (سیگمۆند فرۆید)ەوە بۆی هاتبوو. کتێبی ئەقڵ و شۆڕش، ئەو تیۆرانەی مارکوزە دەگرێتە خۆ، کە سەبارەت بە فەلسەفەی هیگڵیو جەدەلیەتی مارکسین، بەڵام ئەو کتێبەی دیکە کە کاریگەرێتی فرۆیدی بەسەرەوەیە ناوی ئیروس‌و شارستانییەتە، کە لە ساڵی ١٩٥٥ بڵاوبۆتەوە، هەروەها کتێبەکەی دیکەی کە سەبارەت بە شێوازەکەی رەواجێکی باشی هەبوو، ناوی _ مرۆڤی تاك رەهەندە_ و لە ساڵی ١٩٦٤ بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام کتێبی ئەقڵو شۆڕش، گرنگترین کتێبی مارکوزەیە، کە تیایا هەڵوێستی خۆی کورت کردۆتەوە، سەبارەت بە تەوژمی هیگلییو جەدەلیەتی مارکسیزم‌و زۆر لە ئاقارە هزرییەکانی جیهانی دی، مارکوزە لەم کتێبەدا باس لە پایەی ئەقڵ دەکات، لە فەلسەفەی هیگڵیو ژیانی ئەقڵ کە لەلای هیگڵدا راستگۆیانە، تەجەلا دەکات، راستر لەوەی کە لە گێرمەو کێشەی هەمیشەیی مرۆڤ لە پێناوی دەرککردن، بە بوون و فۆرماندنی ئەو بوونە، بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەقیقەتدا بەدیاردەکەوێ، وەك چۆن مرۆڤ دەرکی پێدەکات، ئەقڵ لای هیگڵ هێزێکی مەزنە، چونکە هێزێکی دیرۆکیو مێژووییە، لە جەوهەریدا، ئەو ئەقڵەی کە لە جەدەلییەتی هیگڵی دێتەکایەوە بریتییە لەو پرۆسە پەرەسەندووی نێو کاشوێن —شوێن و کات_، بە وشەیەکی دیکە سیاقی پەرەسەندنی ئەقڵ بریتییە، لە خودی مێژوو نەك شتێکی دیکە جگە لەوە، مێژووش بە چەند قۆناغێ تێپەڕدەبێ، هەر قۆناغێ لەم قۆناغانە، هێمای ئاستێکی دەست نیشانکراوی پەرەسەندن دەکات، جا ئەگەر ویستمان لەم هەموو قۆناغانە بگەین، دەبێ لە رێگەی بیرۆکەی باوی ئەم قۆناغانەوە دەرکی پێ بکەین، هەروەها لە رێگەی ئەوەی لێمان بە دەست هێناوە، لە بوویەری دەزگا سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەقیدەییو ئایینیو فەلسەفییەکانەوە، ئەقڵ هەر یەکە، بەڵام بە پرۆسیسی بەرهەمهێنانی هێنانەدیدا تێپەڕدەبێت، لە چەند قۆناغێکدا، وەك چۆن ئەقڵ هەر یەکە و هەقیقەتیشی هەریەکە، ناتوانین لێکی بترازێنین‌و بەش بەشی بکەین. ئێمە ئاگاداری ئەوە نین چونکە فەلسەفەی کەوتن و داڕمان بۆتە کەتەگۆریای رۆژانەی ئێمە، بۆتە ترسێکی لەمێژینەی سەرجەم، سەرجەلەی ئەم واهیمەیە دەگەڕێتەوە بۆمێژوییێکی دووردرێژ، مێژوویێك تژی شکست و نەهامەتی و تژی باوەڕ بەخۆنەبوون و تژی بە بەهێززانین و بە زەبەلاح زانینی دوژمن، لەبەرامبەر ئەوەدا هیچ تەوژمی

نەبووە کە ببێتە هۆکاری وردوخاشکردنی ئەم واهیمەیە جا ئەو تەوژمە چ لەسەر ئاستی بزووتنەوە سیاسی و ئایدلۆژیەکان بی چ لەسەر ئاستی رۆڵی ئەنتلجینسیای کورد بی، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە کاتێك ئەو گەنجانە مارکۆزەیان کرد بە رێبەری خۆیان، چاك دەیانزانی کە بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفە رێك گوزارشتی لە ماهیەت و تێگەیشتنی ئەوان دەکرد، گوزارشتی لە داوا حەقیقی رەواکانی ئەوان دەکرد لە ناو دنیایەکی وێران و رماودا، لەناو دنیایەك کە دەرگای لەسەر هەموو ئاواتەکانی ئەو گەنجانە داخستبوو، واتە ماکۆزە هات لەناو ئەو بۆشاییەدا کاری کرد، بۆیە گەنجان هەموو سیاستوانەکانیان جێهێشت و بە دوای بیروراکانی ئەو کەوتن، بەڵام ئایا لەو سەردەمەی حوکمڕانێتی کورد لە کوردستان، دنیا ئاوەها گەیشتۆتە ئەو وێرانییەی سەردەمی ئەو؟ ئایا بەڕاستی گەنجەکانی کورد لە ناو وێرانەیەکی تاریکیدا دەژین؟ من خۆم چاك دەزانم لە کوردستانی ئێمە گەندەڵی و نادادی و نایەکسانی هێندە زۆرە هەموو رۆشنبیرانی ئێمەی تووشی شۆك کردووە، من دەزانم دەسەڵاتی کوردی چۆن چۆنی لە رێگەی کاری نادروستەوە رۆحی داهێنانی کووشتووە؟ بەڵام دەبێ زۆر زۆر بیربکەینەوە کە چۆن بتوانین ئەم پاشاگەردنییە چارەسەر بکەین، بەشێوەیەك کە مانەوەی ئەم کیانەی ئێستا بپارێزین؟ دەبێ بەیەکەوە هەوڵ بدەین ئەو ئەقلە زیانبەخشەی کە هەیە بگۆڕین، بەڵام لەرێگەی ئەو شێوازانەی کە مانەوەمان زامن دەکات، کە گەنجان بەدوای مارکۆزە کەوتبوون لەبەر ئەوە بوو کە تێی دەگەیەشتن. ەڵام مارکۆزە خەمی خۆی هەبوو لە هەمان کاتدا نیشتیمان رووگەی دڵ و پاوو ئەقڵی ئەو بوو.

## ٢

لێرەدا من دووبارە نموونەی میرلوبونتی دەهێنمەوە، لە هێزو توانای فەلسەفەدا، کە چۆن چۆنی کاریگەر بووە بەسەر گەنجەکاندا، میرلوبونتی یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی لەو چاخە بگەین، کە ئێستاکە تیایا دەژین، ئەوەشیان لە ڕێگەی ئەو گۆشەنیگایە روونو ئاشکرایەی کە باس لە مرۆڤو مێژوو دەکات، ئەو گۆشەنیگایەی کە کەمتر لای فەیلەسوفەکانی دیکە دەیدۆزینەوە، میرلوبونتی بەنێو هەموو بوارەکانی فیکرو هەموو مەوداکانی مەعریفەدا گەڕا، هەولێدا ئەوە روون بکاتەوە کە فەلسەفە چۆن چۆنی دنیای دنیا و بیریاران دەوڵەمەند دەکات هەروەها چۆن چۆنیش زانست دەوڵەمەند دەکات.

میرلوبونتی لە ماوەیەکی تژی لە رووداودا ژیا، چ لەناو فەرەنسا، کە نیشتمانی خۆی بوو، چ لە دەرەوەیدا، وەك تەماشەکەرێکی نێگەتیڤو گۆشەگیر نەوەستا، بەڵکو وەك کەسێکی خودان بیروڕای سەربەخۆ یا وەك رەخنەگرێکی هۆشمەند بەشداری تێدا کرد.

میرلوبونتی لە ساڵی ١٩٠٨و لە چواردەی مارسدا لە شاری رۆشفو لە فەرەنسا لە دایك بووە، لە خانەوادەیەکی سەر بە چینی مامناوەند، قۆناغی منداڵێتیو هەرزەکاری بێ هیچ تەگەرەیەك لەژێر سێبەری باوەڕی مەسیحی دەگوزەراند، دوای ئەوەی لە ئەزموونی (ئەگرگاسیۆن)دا لە ساڵی ١٩٢٠ سەرکەوت بۆ ماوەیك بوو بە مامۆستای قوتابخانەکانی (لیسیە)و لە ساڵانی ١٩٣١_١٩٣٨ دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی خۆیو هەندێ لێکۆڵینەوەی دەروونیشی دەست پێکرد.

لە ساڵی ١٩٣٨دا یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی (بونیادی سلوك) ئامادە کرد، پاشان لە قوتابخانەی باڵای مامۆستایاندا کاری دەکرد، ئینجا لەساڵی ١٩٣٩دا بوو بە سەرباز لە تیمی پێنجەمی پیادە. پاشان لەگەڵ جان پۆل سارتەردا چوونە ریزی (بزاوتی سوسیالیزمو ئازادی) کە لە ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی دژ بە نازییەت پێکهاتبوو.

میرلوبونتی لە ساڵی ١٩٤٤دا دکتۆرای دەوڵەتی بە دەست هێنا، کە بریتی بوو لە دوو نامە پێشکەشی سۆربۆنی کرد، یەکەمیان (فینۆمینۆلۆژیای دەرك پێکردنی هەستەکی) دووەمیان (بونیادی سلوك) یەکەمیان کە لە کارە گرنگەکانی ئەو بوون، لە ساڵی ١٩٤٥دا

بڵاوبۆوه، له هه‌مان ئه‌و ساڵه‌دا له‌گه‌ڵ سارته‌ر گۆڤاری (زه‌مانی نوێ)ی دامه‌زراندو به وانه‌بێژ له دانیشگای لیۆن دامه‌زرا، پاشان له ساڵی ١٩٤٨ بوو به ئوستادی هه‌مان ئه‌و دانیشگایه. له‌و ماوه‌یه‌دا زۆر وتارو کاری خۆی له گۆڤاری زه‌مانی نوێدا بڵاوکرده‌وه. پاشان به کتێبێك به ناونیشانی (مرۆڤایه‌تیو تیرۆر) هه‌موویانی بڵاو کرده‌وه.

له ساڵی ١٩٤٨دا کتێبی (ماناو نامانا)ی بڵاو کرده‌وه، پاشان ژماره‌یه‌ك له موحازه‌راتی گوته‌وه له قوتابخانه‌ی باڵای مامۆستایان که تایبه‌تی کردبوو به زانای زمان — فردینان دی سۆسیر_ ئینجا له ساڵی ١٩٥٤_١٩٥٥ کۆمه‌ڵێك وتاری بڵاوکرده‌وه له‌وانه (ئایا فه‌یله‌سوف فه‌رمانبه‌ره)و (ئایا مارکسییه‌ت له یاڵتا مردووه‌و (ئۆپۆزسیۆنی کۆمۆنیستی بۆ کوێ ده‌چێ)و (ئاینده‌ی شۆڕش)...هه‌روه‌ها له هه‌مان ئه‌و سه‌رده‌مه‌دا کتێبی (سه‌رکێشییه‌کانی جه‌ده‌ل)و (زناکه‌کان)ی بڵاو کرده‌وه، واته ساڵێك به‌ر له مردنی.

له ساڵی ١٩٦٤ کتێبی (چاوو ئه‌قڵ)ی بڵاو کرده‌وه وێڕای کتێبی (بینراوو نه‌بینراو) میرلوبونتی له فینۆمینۆلۆژیاوه ده‌ستی پێکردو به ئه‌نتۆلۆژیا کۆتایی هات، ئه‌وه‌شیان له رێگه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی له په‌یوه‌ندیی نێوان مرۆڤو هه‌بوون به شێوه‌یه‌کی گشتی هه‌روه‌ها رۆڵێکی گرنگی گێڕاوه، له مه‌یدانی زمانه‌وانیو شیکردنه‌وه‌ی ده‌روونیو سایکۆلۆژیای منداڵانو ئه‌نترۆپۆلۆژیاوه، هه‌ورها بایه‌خی به بواری زانسته ورده‌کانی، وه‌ك بیۆلۆژیاو گرفته‌کانی مێژوو سیاسه‌ت داوه.

دوا کتێبی میرلوبونتی بریتی بوو له (نا ئاماده‌گی فه‌لسه‌فه هه‌ر له هیگله‌وه) که ده‌ره‌نجامی وه‌عییێکی نوێ بوو به‌رامبه‌ر زمان که رێباز بۆ فیکر دروستده‌کات. به‌مجۆره ئه‌و توانی ته‌واوی گه‌نجه‌کان به‌لای خۆیدا رابکێشی. هه‌مان ئه‌وگه‌نجانه‌ی بوونه رابه‌ری شۆڕشه‌کانی ئه‌وان سه‌رده‌م. کاریگه‌رێتی میرلۆبۆنتی هێنده به‌هێز بوو به‌سه‌ر گه‌نجانه‌وه تا راده‌ی ئه‌وه‌ی هه‌ر شتێکی ویستبا له رێگه‌ی گه‌نجانه‌وه ئه‌نجامی ده‌دا، به‌ڵام ه‌و هه‌وڵی دا رۆحی مه‌عریفه‌و فه‌لسه‌فه‌ی به‌هێز له ناو گیانی گه‌نجان زیندووکاته‌وه.

بۆیه ده‌بێ ئه‌وه بڵێم ئێمه کۆمه‌ڵگاییێکی گومانسازو عاشق به ڕاڕایین، هه‌میشه‌و بێ وچان جه‌سته‌ییێکی والآیین بۆڕم و کاردی ئه‌و گومانه و زه‌ینێکی کراوه‌ین بۆ مۆرانه‌ی ئه‌م ڕاڕاییه، هه‌ربۆیه‌ش زوو زوو ده‌که‌وینه ژێر کاریگه‌رێتی وه‌همی که‌وتن و داڕمان، به‌درێژایی مێژوو ئه‌گه‌ر هیممه‌تی رۆڵی به تینی تاك نه‌بوایه، ئێستا کرمی ئه‌و گومانه‌و داسی ئه‌م رارایيه په‌لی دابووین و به چڵه‌پۆپه‌ی ونبوون و له بیرچوونه‌وه‌ی هه‌ڵواسیبووین. فه‌لسه‌فه‌ی که‌وتن و داڕمان

بۆتە کەتەگۆریای ڕۆژانەی ئێمە، بۆتە ترسێکی لەمێژینەی سەرجەم، سەرجەلەی ئەم واهیمەیە دەگەڕێتەوە بۆمێژوییێکی دووورودرێژ، مێژوویێك تژی شکست و نەهامەتی و تژی باوەڕ بەخۆنەبوون و تژی بە بەهێززانین و بە زەبەلاح زانینی دوژمن، لەبەرامبەر ئەوەدا هیچ تەوژمێ نەبووە، کە ببێتە هۆکاری وردوخاشکردنی ئەم واهیمەیە جا ئەو تەوژمە چ لەسەر ئاستی بزووتنەوە، سیاسی و ئایدلۆژییەکان بێ چ لەسەر ئاستی ڕۆڵی ئەنتلجینسیای کورد بێ.

لە شەستەکاندا شڵەژانی چینی ئەنتلحنسیا لە گوتارو پڕۆژەکانی فەرەنسای دیگۆلی وەدیار کەوت کاتێ کە لە ساڵی ١٩٦٦جان جینە (مەرگی شانۆی) ڕاگەیاند چیدیکەی نەنووسی، ئەم ڕاگەیاندنەش سەرەتای فیکری ڕاستی ڕووداوی مایۆی ١٩٦٨ بوو کە بە ڕاپەڕینی قوتابیانەوە ناودێرکرا، هەر ئەو کاتەش جان جینە خۆشەویستی خۆی لە شانۆوە گۆڕی بۆ بەرگریکردن لە گەنجەکان و چەوساوەکانی دنیاو کێشە عادیلەکانیان، پێشتر شانۆگەری (ساترەکان) کە بەرهەمی ڕووداوەکانی جەنگی ڕزگاری جەزائیر بوو هەراو وەنای نابۆوە کە لە پاریس پێشکەشکرا لە ساڵی (١٩٦٠) چەندین هەوڵدرا بۆ ڕاگرتنی لەلایەن سوپای فەرەنسی کە لایەنگری جەنگ بوون، جان جینە دەگەڵ هەمان کۆمەڵە بە پەراوێزکراوەکاندا وەستا کە خۆی باسی دەکردن، لە گەڵ زنجییەکان (پڵنگە ڕەشەکان)و (شۆڕشگێڕانی ڤێتنامو یابانییەکانو کرێکارە ڕاگوێزکراوەکانی فەرەنسا هاوسۆز بوو، دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی باشووری ئەفریقیا بوو.

لە ساڵی (١٩٨٣)دا (جاك لانج)ی وەزیری ڕۆشنبیری فەرەنسا (جائیزەی گەورەی نیشتمانی بۆ ئەدەب) دەدات بە جان جینە بەڵام لەبەر نەخۆشی نەیتوانی بچێو زنجێکی لە دوورگەی ئەنتیلدا دەنێرێ تا میدالیاکە وەرگرێ، لە ساڵی (١٩٨٥)دا سەرەتانی گەورەی زیاد دەکات کە پازدە ساڵانی خایاند ئەو کات بەشی یەکەمی کتێبی (عاشقێکی دیل) چاپ دەکات.

لە ١٥ی ئیپریلی ١٩٨٦و دوای کۆچی دوایی سیمۆن دی بۆڤوار بە ڕۆژێك تەرمی جان جینە لە ژووری هوتێلێ لە پاریس دەدۆزنەوە، تەنها مرد بەبێ ناونیشان، قەت لە ژیانیدا ناونیشانێکی هەمیشەیی نەبوو هەر لەو ڕۆژەوە کە دایکی لە سەر یەکێ لە شۆستەکانی شەقامدا فڕێیدا.. ە ڕێبواری ژیاو لەهوتێلێکەوە دەچوو بۆ هوتێلی..تەمەنی لە ٧٥ ساڵ تێپەڕی کردبوو، هەموو شتە خۆشەویستەکانی خۆیو ئەو کابوسانەی کە قەت ئارام نەدەبوونەوە بەجێهێشت.. قاشوانێمان پێکردوو بەسەر چوو، ئێمەی بەبێ هیچ شەرمێك بەجێهێشت وەك بڵێی هەمیشە پیلەی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەهێزتر بێ لە شکایەتێ کە بەدرێژایی ژیان نەیکرد.. بەڵی جان جینە واکاری کرد

تاوەکو گەنجەکانی لەدەوروبەری خۆی کۆکردەوەو ئا بەجۆرە جان جینە قسەی خۆی کرد..وای لە ئێمە کرد کە رووبەرووی پرسیارە داخراوەکانمان ببینەوە، پرسیارەکانی خۆمان دادگایی بکەین بۆی بگرین یان بۆخۆمان بگرینو لەبیر بکەین، ئەگەر لەبیرکردنی زاکیرەی هەبێ، ئەو جان جینە بوو، کە سرووتەکانی خیانەتمان لێدەکاتو دڵی پڕلە زەیفمان داگیر دەکات، ئەو کەشفی هەڵەی ئەو شتانەی دەکات کە پێی دەڵێن حەقیقەتو گوناهەکانمان هەر ئەوانەبوو کە تەواوی گەنجەکان دەورو خولی ئەم شاعیرەیان دا

لەدواجاردا مێژوی هەموو نەتەوەییێك بایی ئەوەندەی نەهامەتی تیایە کاردی رەخنە وەشانەکانی خۆی لەناو جەستەی دا ئەنجام بدات، بەڵام مێژووی ئێمە خاڵییە لە وێناکانی رەخنەو فۆرمەکانی بیروبۆچوون، هەربۆیەش ئێمە نەتەوەیێکین هەتا لەو رەخنەیەش دەترسین کەدەمانخاتەوە سەرپی و دروستمان دەکاتەوە تا بۆ زەمەنێکی تریش بژین، ئێمە تا ئێستاش دەرکمان بەوە نەکردووە، کە درەختی رەخنە جوانترین سیما دەبەخشێ بە کۆمەڵگا و بزاوت و رۆشنبیری، هێزێکی لەبن نەهاتووی کولتووری جیاوازی قبووڵکردنی یەکترییەوە، هێزی مانەوەی نەتەوەیە، هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئیمرۆکە پێشکەوتووترین نە تەوەن، ئەو نەتەوانەن کە خودانی کولتوورێکی رەنگاورەنگی رەخنەن.

ئەورووپا بەدرێژایی چاخی بەر لە رۆشنگەری لەناو تاییێکی ئەبەدی

ئایینیدا هەموو سەرجەلەکانی رەخنەی لەسێبەری دەسەڵاتێکی ئاسنیندا کردبوو بە تابۆو کەس توخنی چەمکێکی ئاوا نەدەکەوت و تەواوی رۆناکبیران لەژێر کۆنترۆلی ئاوازێکی ئایینی گینگلیان دەخوارد، هەربۆیەش ئەورووپا بۆ ماوەییێکی دوورو درێژ نەیتوانی ئەو رۆڵەی خۆی ببینی لە مەودای سیاسی و رۆشنبیری، چونکە دامودەزگاکانی کەلێسا و باندە سیحرییەکانی هەموو دەرگاکانی دەنگ و رەنگی رەخنەو رۆحی ئەستەتیکایان لە خەڵکی داخستبوو، بەڵام رۆشنبیران تەکانێکی ئەوتۆیان دابەخۆو شووناسیی هۆش و بیری خۆیان بەرزکردەوەو تەخت و تاراجی هێزی فیکری کەلێسایان تارومار کردو هەموو بەهاکانی رەخنەو فیکریان گەڕاندەوەو کەوەتنە سەر چاخی زێڕینی رۆشنگەری.

رۆشنبیران لەکوردستان ئەوحەقیقەتە باش ناس دەکەن کە ئەمڕۆی نەتەوەکەیان بەچ هەل ومەرجێکی دژوار هاتۆتە کایەوە و لە هەمان کاتدا بەچ هەلو مەرجێکی دژواریشدا تێدەپەڕی، بۆیە هەندێ جار دەکەوێتە میانی دوو بەرداشی سەختی تێڕامان و بیرکردنەوە، ئەو کاتەی کەدەیەوێ رەخنەی عاشق بە راستییەکانی خۆی ئاڕاستەی ئەو هەل و مەرجە بکات لە ناخەوە

هاواری رۆحی ئاگادار دەکاتەوەو هەموو ئەو نەهامەتییەی وەبیردێنێتەوە کەرابردوی ئەویان تژی یادەوەری تاڵ کردووە و ئێستای لا شیرین دەکەن، بۆیە بە ناچار جلەوی قەڵەمەکەی دەگرێت تۆزێکی تێدا دەهێڵێتەوە، ئەمانە ئەو رۆشنبیرانەن کە لەسەردەمە ناخۆشەکانی خەباتی گەلی کورددا بەشی شێری ئازارەکانیان هەبووە، کاتێکیش کە قەڵەمەکەی لە جوولە دەخات و دەنگی رەخنەی خۆی کپ دەکات، دیسانەوە لەناخەوە ئاوازیکی خەمگین گیانی دادەگرێ بەوەی کە بۆ دەبێ وابێ.

ئەمە وایکردووە جۆرێك لە دڵەڕاوکێ لای ئەم نەمەتە لە رۆشنبیران بێتەکایەوە کە هەم ئازار دەخوات و هەم دەتلێتەوە.

بەمجۆرە رۆشنبرو رۆناکبیری کورد تاوەکو ئێستا هەڵگری شووناسێکی دیارو بەرجەستە کاری رەخنەییێکی جیددی نییە، تا بتوانێ ببێتە هێزێکی گەورە و دیار لە گۆڕەپانەکەدا، واتە کایگەر بێت بە سەر سەرجەم ئەو بڕیارو رووداوانەی ئەمڕۆ لە کوردستان هەن و کاری خۆیان دەکەن، ئەوەی هەیە هەڵچوونێکی ساتەوەختەو هەڵگری هێزی مانەوەی نییە، واتە هەڵچوونێکە تەنها بە هاوار و ناڵین گوزارشت لە خۆی دەکات بەبێ ئەوەی هەڵگری گوتارێکی رەخنەیی کاریگەر بێت و ببێتە سەرمەشقی چاولێکردن، هەڵبەت ئەم جۆرە هاتوهاوارو هەڵچوونەش لە نێو بایە توندەکانی سیاسەتی باودا گوم دەبێت و ماندووبوونێکی زۆر بۆ خاوەنەکەی جێدەهێڵی.

هەڵبەتە جۆرێکی دیکە لە رۆناکبیران وەك ئەوەی کە لە فەرەنساو شۆڕشی فەرەنسادا روویدا هەوڵی ئەوە دەدەن کە ببنە رێبەری گەنجەکان و شۆڕشێکی تازەو پڕ لە جونبوجۆش بەرپاکەن و دەسەڵاتی کوردی بەوە رابهێنن کە دەبێ گوێ لەداخوازییەکانی گەنجان رابگرن و جێبەجێکاری داواکارییەکانی ئەوان بن، ئەمەیان جاحیڵترین شێوەی خەباتکردنە لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی گەنجان، ئەگەر بێو بە شێوازێکی مۆدێرن دوور لە هەڵپەی وردوخاشکردنی ئەو دام ودەزگایانە بێت کە لە کۆتایی دا هەرخۆیان دەبنە خاوەنی و ئەگەر وردوخاشیشیان بکەن بەناچار هەرخۆیان دەبێ بونیاتی بنێنەوە.

بەهەرحاڵ ئێستای رەخنەی رۆشنبیران وا پێدەچێ زیاتر بەرەو شێوازی خۆپشاندانەکاندا بچی نەك بەرەو قووڵکردنەوەی کولتوورکی رەخنەیی سەراپاگیر وەك ئەوەی، کە لە شۆڕشی فیکری ئەورووپیدا هاتەکایەوە و تاوەکو ئێستاش کاریگەرێتی خۆی هەرماوە، جیاوازی ئەم شێوەخەباتە رەخنەییە کەخۆی لە تەدوینکردن و تۆمارکردن دەبنێتەوە لەگەڵ شێوازی پێشوو

که خۆی له خۆپێشاندن و هاوار دەبینێتەوە و هەندێ جاریش توندو تیژی لێدەکەوێتەوە، ئەوەیە که هی یەکەم ئاسەوارەکەی بۆ نەوەکانی داهاتووش دەبێتە مایەی سوودو فەرێکی زۆرو دینامیکیەتی دەبێ، بەڵام بە تێکەڵکردنی هەردوو ئەم شێوازە بە ستایلێکی هاوچەرخ و دوور لەسۆزو عاتیفە دەتوانین گۆڕانێکی چارەنووسساز لەژیانی سیاسی نەتەوەکەمان بخولقێنین.

## ئێمە و ئەدەبی کلاسیك

ئایا رەوایە بۆ دام و دەزگاکانی کوردستان بە تایبەت، ئەو دام و دەزگایانەی که خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و رۆشنبیریی و هەونەرییەکانن، بەردەوام بن لە کارەکانی خۆیان، بەبێ چاپکردنەوەی ساڵانەی ئەدەبی کلاسیکی، وەك چۆن باوە لە وڵاتە دراوسێکان، ئایا دەبێ ئەو دام و دەزگایانە ئەوەندە کەمتەرخەم بن لە ئاست چاپکردنەوەی ساڵانەی بەرهەمەکانی شاعیرانی کلاسیك؟ ئەوەتا لە نزیك ئێمەوە وڵاتی ئێرانە، که دەبینین چۆن چۆنی هەموو ساڵێك بە قەشەنگترین و رازاوەترین و نایابترین ستایلەوە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی خۆیان چاپدەکەنەوە، که ئەوەش لە رێگەی دەوڵەتەوە بەسەریاندا کراوە بە ئەرك، یا ئایا ئەو دام و دەزگایانە پێیان وایە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەسەرچووەو نابێ ئەوەندەی بایەخی پێ بدرێ؟ خۆ ئەگەر بە وردی بەراوردی لە میانی گەنجانی کورد و گەنجانی فارس بکەین لە رووی ئەوەی که ئاخۆ کامیان شارەزای ئەدەبی کلاسیکی نەتەوەکەی خۆیانن، گەنجە کوردەکە یا گەنجە فارسەکە؟ هەڵبەت گەنجە فارسەکە، دەزانن بۆ؟ چونکە لە وڵاتی ئەوان پەروەردەی ئەدەبی هەیە، سترتیژییەتی ئەوان وەها داڕێژراوە که گەنجانیان هەمیشە ئاگاداری کلاسیکی خۆیان بن، لە رێگەی چاپکردنی ساڵانەی ئەو بەرهەمانەوە، بەو شێوە جوان و نایابانەوە، وایان لێدەکەن کەباوانیان لەناو زەین و مێشك و دڵیاندا بە زیندوویی بمێننەوە، چونکە لەمێژە تێبینی ئەوە دەکەم، که لاوان و گەنجی ئێمە، خەریکن هێندە نەبان بن، که نەزانن کولتووری پڕ گەنجینەی کلاسکی خۆیان چییە و چۆنە، خۆ ئەگەر حاڵ وابڕواتن، ئەوە تا چەند ساڵێکی دیکە، مێژویك لەبیر بکەن، کەمێژووی زیندوو مانەوەی ئەوانە، خەونێك لە بیر بکەن که خەونی زیندووی مانەوەی ئەوانە لەسەر زەوی، بەراستی کارەساتێکی گەورەیە که ئێمە تێیکەوتووین، بە داخەوە ئێمە لە ناو نێوەندێك بیر دەکەینەوە، که کارەکتەرەکانی بونیاتنانی رۆشنبیریی، بیر لە هیچ ناکەنەوە، ئایا ئەوە قەدەری نەتەوەی کوردە که قەدری

ئەو هەموو جۆگەلە خوێنە نەزانی، کە لە پێناوی هەمان ئەو شتانەوە لەبەری چووەو بەردی نەماوە سوور نەبێ؟ یا ئەو بڕیار بەدەستانەی کوردستان خۆیان هۆکاری کوشتنی نەتەوەی خۆیانن؟ لەمێژە حاجی قادری کۆیی فەرموویێتی:

**بەشیرو خامە دەوڵەت پایەدارە**
**ئەمن خامەم هەیەو شیر نادیارە**

بەڵێ ئەگەر شیری عەدالەت و دادپەروەری و دڵسۆزی لە ئارادانەبێ، ئەوە بەو رۆژە دەگەین، کە نەوەکانمان نەتەوەی خۆیان بە تەواوی لەبیردەکەن و ناچنەوە سەر رەگ و ریشەو ئەسڵ و فەسڵی خۆیان، ئەوانەیش کە کاری بە ئەنجامدانی پیرۆزییەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ، تەنها بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوەو تەخت و تاراجی ئامانجەکانی نەتەوە تارومار دەکەن. بۆیە کەشیری دادوەریی ون بوو، یاساو رێسا ون دەبێ و کەس بەو ئامانجە کارناکات کە بۆ ئەوە کورسی دراوەتی؟ خامەی مەبەستیش جگە لە نووسینەوەی گریان هیچی دیکەی بۆ ناکرێ.

ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە ئەدەبی کلاسیك رۆڵێکی فرە رەهەند لە بونیاتنانی پڕۆژەی نەتەوییی دەگێڕی، تاوەکو ئێستاش ئەدەبی شکسپیر لە وڵاتی ئینگلیز و ئەدەبی گریك لە یۆنان و ئەدەبی دانتی لە ئیتالیا و ئەدەبی سیرفنتیس لە فەرەنساو ئەدەبی حافزو فیردەوسی لە وڵاتی فارس، بەردی بناغەی سەرهەڵدانی فەرهەنگ و کولتوورن، بەڵام بە داخەوە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە، کلاسیکی خۆمان وەك گەوهەرێکی هەمیشە درەوشاوە لەبەرچاوی نەوە تازەکاندا بە درەوشاوەیی بنوێنین، بۆیە هەر لێرەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەتا زووە وەزارەتی رۆشنبیریی، بەر لە هەموو شتێ هەرچی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە، کۆکاتەوەو لیژنەیەکی دلسۆزی بۆ دروست بکات و پاك خاوێنیان بکەن و ساغیان بکەنەوە، ئینجا بە نایابترین شێوە سەرلەنوێ چاپیان بکەنەوە، هەروەها بەتیراژو دیزانێکی سەرنج راکێش، بیانخەنە بەردەستی نەوەکان، بەمەش کارێکی پیرۆز ئەنجام دەدەن، ئەگەرچی دڵنیام تەقەی سەریان دێت و گوی بە هیچ نادەن، چونکە ئەوانە زۆر لە مێژە گوێیان گران بووە، تازەش چارەسەر ناکرێ مەگەر بە یەکجاری پڕ بکرێنەوە.

**روانگە و ئەزموونی خۆم**

لەدوای سالآنی شەستەکان شیعر پێویستی بە جۆرێك گۆڕان بوو، لە رووی وشە و فۆرم و ناوەرۆك، هەروەها لە رووی زمانەوە، هەڵبەت ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی ویست و ئارەزوێکی بە تینەوە هەیە، تا بتوانێ ئەم بارە قورسە هەڵگرێت، ئەوەبوو لە سەرەتای هەفتاکانەوە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو گۆڕانە دەستی پێکرد، کە من پێم وایە سەرەتای گۆڕانی سیاسی و فەرهەنگی بووە، کۆمەڵێك لەوانەی کە ئەزموونی ئەدەبیان هەبوو، رێبەرایەتی ئەم گۆڕانەیان دەکرد، کە سەرجەمی ئەو هەوڵ و تەقەلایانە لە ژێر ناوی روانگە بوو، رۆلێکی باشیان گێڕا لە تازەکردنەوەی ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا، کە خۆی لەم خالآنەدا دەبینییەوە:

_لەرووی فۆرم و ناوەرۆکەوە بە تەواوی لە کلاسیك دوورکەوتنەوە.

_ بایەخێکی گرنگیان بە زمان و ئەدەبی کوردیدا

_ بەرجەستەکردنی ویستی تازەگەریی بوو لە کوردستان

_ گەڕان بوو بە دوای بابەتی تازەو کتێبی تازەو دیدگای تازە لە ئەدەب و رۆشنبیریی

_ رووبەرووبوونەوەی سەلەفییەت و کۆنە خوازی بوو

_ دەست پێکردنی پرۆژەی دامەزراندنی گوتارێکی رەخنەیی هاوچەرخ بوو

_ گۆڤاری روانگە زمانحالّی تازەگەریی بوو

_ ئەوانەی کە زۆر دیار بوون لەم بزووتنەوەیە حسین عارف، شێرکۆ بێکەس کاکەمەم بۆتانی سامی شۆڕش و جەمال شارباژێڕی

ئەمە حالّی ئەو سەردەمەی سەرهەڵدانی روانگە بوو، کە بیررای جیاجیایان هەبوو لە مەڕ شیعر بەلآم کاریگەرییان زۆر بوو بەسەر نەوەکانی دوای خۆیان، کە تاوەکو ئەمڕۆش هەرماوە، بەلآم

پێم باشە بلّێم شیعر لە ئەمڕۆکەدا زیاتر بۆچوونە ناو مانا گرینگەکانە ئەو مانایانەی کە خۆیان لە شوێنە قایمەکان حەشار داوە، ئەو مانایانەی هەموو کەسێ پەییان پێ نابات، واتە شیعر دەبێ شۆڕ بێتەوە ناو ئەو کەلێنو شەقارانەی کە کۆدی مانا بەرزەکانی تێدا وون بووە، ئەمڕۆکە شیعر ئەگەر وێڵی واتا نهێنییەکانو واتا دامەزرێنەرەکان نەبێت ناتوانێت لەناو دنیای پڕ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا هاوشان لەگەڵ داهێنانەکانیدا بژیت، بۆیە شیعر لە رۆژی ئەمڕۆکە

جیاوازە لەگەڵ شیعری رابردوو، شاعیرانی ئەمڕۆکە رێگە بە خۆیان نادەن هەموو شتێك کە هاتە بەرقەڵەمیان بینووسنەوە، بەڵکو ئەو شتانە دەنووسنەوە کە هەندێ جار قەڵەم دەشکێنێ، زەمەنی ئەوە بەسەرچوو لەناو ئایدیای شیعردا یاری بە قژو چاو بکەیت، بەڵکو زەمەنی ئەوە هاتووە تۆ قژێکی جوانتر دروست بکەیت، پەیکەرێ دابتاشیو رۆحی وەبەربێنی، ئەمڕۆکە شیعر دەچێتە ناو هاوکێشە فەلسەفییەکان، بەڵام فەلسەفە نانووسێتەوە، رەنگە فەیلەسوفەکان بۆ نووسینی فەلسەفەی خۆیان سوود لەو جۆرە شیعرانە وەرگرن کە من گوزارشتیان لێدەکەم و لە بارەیانەوە دەدوێم، بەڵام شیعر ناتوانێ فەلسەفە بکات بەسەرچاوە بۆ خۆی، چونکە شیعر لە دەرەوەی دیوارەکانی فەلسەفەو حەقیقەتە فەرزکراوەکانیاندا دەوەستێو مانایەك بۆ ژیانو بوون دروستدەکا، هەموو ژانرەکانی فەلسەفە لە پێناوی ئیقناعکردنی بەرامبەر کاردەکەن، بەڵام شیعر لە پێناوی دروستکردنی واهیمییەك کاردەکات کە مانایەك بدا بە ژیانو مرۆڤـــ لە هەڵدێرەکانی پرسیاری ترسناك رزگار بکات، شیعری ئەمڕۆکە هۆیێکی گرینگە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە رارەوەکانی بێهوودەییو نائومێدی لەم سەر زەمینە نەجات بداو بتوانێ بە سواری پشتی گەلایێ گەورەترین حووتی وەڕسیو بێزاری راو بکات، ئەگەر رابردووی شیعری کوردیو هەتا ئێستاش لەبەر پەنجەرەوە سەیری مانگی دەکردو رایدەکێشایە سەر زەوی، ئێستا شیعر لەسەر زەوییەوە رەگوریشەی مانگێکی جوان دروستدەکات، مانگی لە هەزاران پارچەی ماناو واتا خۆی شووشتبێ، بە کورتی شیعر دەبێ پارسەنگی مانەوە بێو جەدوایێك بۆ رۆژانەمان دروست بکاتو نەهێڵێت بخنکێین. ئەمە دیاردەی هەموو چاخەکانە کە خوێندنەوە لە بڕگەیێك لە بڕگەکانی مێژوو کز دەبێ، مێژوو هەمیشە هەڵگری خاڵە پۆزیتیفەکان نییە، چونکە تژی هۆکاری جیاجیایە، خوێندنەوە کارێکی ئەستەمو دژوارە بۆ ئەوانەی دەزانن بخوێننەوە، خوێنەر دەبێ خوێندنەوەییێکی قووڵو بڕشتئامێزی هەبێو دیقەتدار بێ بۆ سەرجەم بابەتەکانی داهێنانو کەرەستەکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ ناو هزرو زەینو تێڕامان، خوێندنەوە پرۆسێسکی مەعریفی گەورەیە دەستووری دژواری خۆی هەیە، من لە شوێنی تر باسم کردووە، خوێندنەوە وەك ئەوەی من باسی دەکەم بریتی نییە لە کردنەوەی کتێبو بەس، بەڵکو بریتییە لە وەرگرتنو گەمەی واتاکان، پەیبردن بە هەزمکردنی چەمکەکان، ئاشکراکردن، بێ ئەو هاوکێشەیە خوێندنەوە دەبێتە رەوتی ناو پۆلەکان، لەو رووەوە سەیری خوێندنەوەکانی ئەدۆنیس بکە بۆ کولتووری ئەدەبیو شیعری عەرەب لە (التابت والمتحول)دا هەورەها خوێندنەوە ئیدوارد سەعید بۆ کاری رۆژهەڵاتناسیو خوێندنەوەی صادق جلال العڤم) بۆ کولتووری ئایینیو

خوێندنەوەی (ت. س. ئەلیوت) بۆ رەخنەی میتافیزیکی. کاتێك قەڵەم دەگرمەدەست ودەچمە ئاوایی شیعر تەکانێکی بەهێز دەدەمە بەر خۆم وخوێنێکی هێجگار زۆری جەستەم دەخەمە خرۆش، بۆ ئەوەی بتوانم بەرگەی ئەو هەموو پۆلییە ئاگرانە بگرم کە لە نادیارەوە دەبارێتە سەر رۆحم زۆر جار لەخۆم دەپرسم و بە نێو کتێبەکانەوە دەگەڕێم، دەچمە قووڵایی هەمووکێشەکان، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەم هەموو ئاگرە لە کوێوە دی و هێندە بە لەززەت هەڵدەپڕژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودەن، مەحاڵە دەرك بەو سەرچاوانە بکەین، کە ئاگری نووسین بەرپا دەکەن، چونکەدڵنیام بە دۆزینەوەی ئەم سەرچاوانە هەرچی بەهاو ئیستەتیکای نووسین هەن وردوخاش دەبن و هیچ بەهایێك بۆ نووسین نامێنێتەوە، ئەلێرەوەیە پرۆسێسی نووسین بۆ من چۆنێتی پێشوازیکردن لەم ئاگرانە، یاخود پرۆسێسی دووبارە خەڵقکردنەوەی پرۆمیتۆس وکاری ئاگردزینە لە خوداوەندەکان، کە ئەمەشیان قوربانیدان و چوونەژێر باری قەدەرە.

هەفتاکان کانگەی بەڵاو کانگەی سەرهەڵدانی فەوزاییێکی ئێستەتیکی ئەوبەڵایە بوو، بۆیە دەڵێم بەڵا، چونکە ئەودەم هەمان ئەو بەڵایە خەرەندێك بوو دەبوایە ئەدەبی کوردی بەخۆهەڵدانە ناوییەوە پرۆسێسی خۆکوژی نمایش بکات، کەیسی سیاسی لەلایەك کەلەناو چارەنووسیکی نادیاردا هەنگاوی دەهاوێشت وهێشتاکەش لەناومنداڵێتی خۆیدا دەژیا و هێزی بڕیاردان ودابڕانی نەبوو، لەلاییێکی دیکەدا کۆمەڵگەی کوردی لەنێوئەوپەڕی دواکەوتوویی دەژیاو لەهەموو روێکەوە نەشارەزایی و دوورەپەرێزی لەژێدەرە بەرهەمهێنەرەکانی مەعریفی و فیکری پەنگاوەی دابۆوە، بەتایبەت رەوتێکی زمانەوانی واهەڵێدەسوڕاند، کە هیچ پەیوەندییێکی نە بە زمانی داڕشتنەوە هەبوو نە بە زمانی دیالۆگەوە، بەمجۆرە گوتاری سیاسی و گوتاری سۆسیۆلۆژی گوتاری زمان سێ بەربەست و سێ زیرۆی بێ بونیادی هەوڵەکانی تازەگەریی بوون، بۆیە نەیانتوانی بەدرێژایی ئەزموونی دە ساڵ بن بە پڕۆژەییێکی زیندوو کەداهاتوو ئێستای لەسەر بونیاد بنێن. ئەوەی ئاشکراو بەڵگە نەویستە ئەوەیە تێکستی پەیوەست بە داهێنانی تاك، کە بەری رەنجی بیرکردنەوەو داهێنانی تاکەکەسییە بەتەنها ناتوانێ پرۆسەی دروستکردنی کولتوور بەرێوە ببات ئەگەر هاتووکاری تیوربەندی و تیوریزەکردنی لەگەڵدا نەبێت، ئەوە بیروڕایەکی کوشندەیە کەتێکەز لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەئێمە پێویستیمان بە پرۆسێسی تیوریزەکردن نییە، هەر ئەوەشە وایکردووە، کە زۆربەی داهێنەرەکان لە هەموو بوارەکانی تێکستدا دوورەپەرێز بوەستن، لەمەڕ مەسەلەکانی خستنەرووی بیروبۆچونەکانییان،

بۆیە گۆشەی ئەم جۆرە نووسینانە لە نێوپانتایی ئەدەبی کوردیدا خالییەو رەنگە رۆژانێك دابێت نەوەکانی داهاتوو پرسیاری ئەوە بکەن بۆچی نەوەکانی پێش ئەوان لەمڕووەوە کەمتەرخەمبووینە؟ بۆیە ئەلێرەوە دەڵێم بەداخەوە شاعیرەکان جگە لە شیعر چیرۆکنووسەکان جگەلە چیرۆك شتێکی دیکەیان نەداوەتە دەست، کە رەنگەئەمەش ئەوە بسەلمێنێ ئەوان بە سوتفە چووبنەتە سەر ئەم دوو ژانرە ئەدەبییەوە، رەنگە هەمدیس ئەوە بسەلمێنێ کەهۆی نەبوونی شاکاری زۆر هەر ئەو دوورەپەرێزییە بێت لە کاری بەرهەمهێنانی تیوربەندی. بە درێژایی چەندین دەیەساڵ شیعریی کوردی نەیتوانیوە کاریگەرێتی خۆی ئەکتیف بکات، بەو مانایەی کە بڕێکی کەم بە تەنها ناتوانێ بە ئەکتیفکردنی کاریگەرێتی شیعری کوردیی بگرێتە ئەستۆ، داهێنانی شیعری کارێکی تاکخوازە، بەڵام کارایی ئەم کاریگەرێتییە پەیوەستە بە چەندێکی زۆرەوە، شیعری کلاسیکی کوردی بە درێژایی چوارسەد ساڵ و بەبوونی چەندین شاعیری گەورەی وەك جزیری و ئەحمەدی خانی ونالی و مەحوی و وەفایی وحاجی قادرو مەولەوی و تەیران و نەوەی دووەمیان، ئەنجا توانییان کاریگەریی خۆیان زاڵ بکەن و جاویدانی ببەخشن بە تێکستەکانی خۆیان، هەرواش نەوەی سێهەمی دوای ئەوان، کە توانییان لە کاری نوێکردنەوەدا جۆرێك بەشوێن پێی رەوتی چۆنییەتی کارکردنی ئەواندا بڕۆن. هەر بۆیەش ئەو تۆزە داهێنانەی کە بۆ ماوەی ئەو سی ساڵەی دواییە هەیە رەنگە لەنێو تەپوتۆزی ئەو بێهودەییەوە کاریگەرێتی نەمێنێ و لەبیر بچن. دەخوازم بڵێم شیعری ئەم سی ساڵی دوایی نەیتوانیوە بەردەوام لە بەر دیدوبۆچونی خوێنەرانێکی زۆر بێت وەك شیعری کلاسیك کەتاوەکوئێستاش شوێنێکی زۆری لە زەینی خوێنەر دروستکردووە و هەمیشە دەخوێندرێنەوە.

ئەمەی رابردوو نائومیدمان ناکات چونکە داهاتوو کاری ئارکیولۆژی خۆی دەکات، رەنگە ئەوەپەنجا ساڵ بێت شیعر کەوتبێتە ژێر باری وەڵامدانەوەی هەندێ پێداویستی رۆحی وکۆمەڵایەتی وسیاسییەوە، کە ئەمە هەڵەیێکی گەورەیە دەرهەق بە شیعر، چونکەشیعر بەدوای خولقاندنی فەزای جوانی ومەعریفەی وون وفەلسەفەی کاریگەرێتیدا دەگەڕێ و ئالۆزییەکانی دەنووسیتەوە کە پەیوەستن بە هەراسانکردنی رۆحی مرۆڤی هاوچەرخ وهەرگیز رێنیشاندەر نەبووە، ئەم حاڵەتە بەهەمان ئاراستەوبەهەمان شێوە بەردەوام بوو بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکان شێوەی بیروبۆچوون ولێکدانەوەی شاعیران خوێنێکی تازەی هەڵسوڕاندە ناوجەستەی شیعری کوردی وبابەتەکان بەرەو مەعالیمی تازە دەچوو بەڵام بەداخەوە لەوێش

هەمدیس نەچووە ناو قوماشی تۆمارکردن ئەگەرچی فۆرمی جیا جیاو قسەو جیهانبینی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو کە دەکرێ لەچەندخاڵێکی گرینگ گەڵاڵەی بکەین

- سەرهەڵدانی کۆدەنگی لە رووی چوون بەرەوهەرێمە شاردراوەکانی شیعر
- بەجێهێشتنی قۆناخی لالانەوەو شین وشەپۆڕ
- سەرهەڵدانی دیالۆگێکی رۆژانەی گەرم وگوڕ لە مەر مەسەلە گرینگەکانی شیعر
- پەیوەستدانی هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان بە تەوژمی تازەکردنەوە
- سەرهەڵدانی ترس لە بڵاوکردنەوەی شیعر بە شێوەییێك کە شاعیران لەبەر خوێندنەوەی زیرەکانەی ئەوانی دی زۆر بە وریایی وئاگا لە خۆبوونەوە شیعریان بڵاودەکردەوە
- هاتنەکایەوەی رەخنەی تازە کەبابەت وبۆچوونەکان و هەڵگری جیاوازی بوو
- شاعیرەکان کەوتنە ئەوەی کە جیهانبینی تایبەت بەخۆیان هەبێ.
- لەهەمووی گرینگتر دارمانی میتۆدی سەلەفیەت بوو لە شیعر

هەر لەدوای کۆتایی هاتنی هەشتاکانەوە و سەرهەڵدانی قۆناخی رزگاری نەتەوەیی، وەك چۆن لەسەرەتای ساڵانی هەفتاوە کە قۆناخی وچانی سیاسی وەستانی کاتی تفەنگ بوو شیعری کوردی کەوتەسەر ئاوازی حەماسەت و دروودو لالانەوەو پیاهەڵگوتن دووبارە شیعری کوردی تازە کەوتە سەر ئاوازی مۆد و پۆرترێتی رابردوو و لاسایی و گەمەی سەقەتی زمان و رەتابەتەوە، زۆربەی شاعیرەکان خۆیان گۆشەگیرکردو نەوەی تازە دەستی بە نمایشی گەنجانەی خۆی کرد، بێ ئەوەی زەحمەتییەك بدەنە بەر خۆو هەوڵێك بدەن بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی تازەی خۆیان، لەمەشدا تێکڕای میدیاکان و رۆژنامەکان رۆڵێکی نێگەتیفیان بینی لە کوژاندنەوەی سەرهەڵدانی شیعرێکی بەهێزی هیومانیزمی کەهاوشان بی لەگەڵ تەواوی پەرە سەندنەکانی ئەوقۆناخە، بۆیە هەمدیس ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی بەر لەوەی گەورە بی پیربوو، بەجۆرە لە نێو ئەم قۆناخە شیعرییەدا دەنگی جیا جیا ودوور لەیەکگەیشتن سەریهەڵدا، نەوەییێك لەسەرەتای زەحمەتی و خۆ رۆشنبیرکردن و بەشداریکردنێکی ئەکتیف لە قۆناخی خەباتی چەکداری دا، لەگەڵ نەوەییێك کە بەرهەمی شکست و تێکشکانی شۆڕش و نائومێدییەکانی نەتەوەو رووبەرووبوونەوە لەگەڵ دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم وهەڵگری شووناسێکی رۆشنبیری و کتێب، لە گەڵ نەوەییێك کەبەرهەمی ئەودوونەوەیە بووە و نەوەییێکی کەمئەزموون وگەرم کەچی گەورەترین کتێبخانەوبڵاوکراوەو میدیای لە بەردەستایە، هەرسی ئەم نەوەیەلە ناو

ڕەوتێکی خاوی دوور لەگەرموگوڕی سالانی پێشوولەجولەدان بێ ئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆ لەبوارەکانی تۆمارکردنی شاکارو داهێنانی بەپێز لە ئارادابێ، جگە لە هەوڵی چەندانێك نەبێ کە ئەوانیش لە ناوهەراوزەنای ئەم ڕەوتە سڕبووەدا خەریکە دەخنکێن یا ئەوەتا بە ناچار پەناگیر دەبن.

_ئایا لەنێوکۆمەڵگەییێکی دواکەوتوودا داهێنەری گەورە دروستدەبێ تا ئێمە باس لە تازەبوونەوەو تازەگەرایی بکەین ؟

_ئایا ئێمە دەتوانین باس لە پرۆژەی مودێرنیزم و پۆست مۆدیرنیزم ومۆدێرنێتە بکەین لە سەر زەمینێك کەتا تەوقی سەری نوقمی حەکایەتە گەورەکانی پیرۆزی و قودسییەت بووە ؟

_ئایا هاتنەکایەوەی شاکاری گەورە گەورە بەندە بە پەرەسەندنی باری سوسیولوژی وئابووری وسیاسی وسەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەبوونی کولتوورێکی لە پێشینەی لێوانلێو لە داهێنان و شاکار یاخود داهێنان بەندە بە هەوڵی تاکەکەسی و بەس یا هەبوونی کولتوور و هەوڵی تاکە کەسی بەیەکەوە بەندن؟

_ئایا پێشکەوتن و سەرهەڵگرانی بزاوتی شیعریی پەیوەستە بە فرێدانی هەمیشەیی پرسیار یا بە شێوەییێکی دیکە ئایا شیعری کوردی بەدرێژایی سالانی هەفتاکانەوە بەرهەمهێنەری پرسیار بووە ؟

ئەمانە هەمووی کۆمەڵە پرسیارێکن دەبێ وەلامیان بدرێتەوە، بەلام بەداخەوە لە سی دەیەی ڕابردووە تاوەکو ئێستا هیچ کارێك لە سەر خودی ئەم پرسیارانە نەکراوە، هەربۆیەش تا ئێستا هیچ کولتوورێکی ڕەخنەییمان لە بەردەستدا نییە تا ئەوانەی دواییش کاری لە سەر بکەن.

لە بنەڕەتدا شیعر هەڵگری دیدگاییێکی پێچەوانەو جیاوازخوازییە لەگەڵ جیهان واتە_ هاوکێشەکانی خۆی لەسەر پیلەکردن لەگەڵ جیهان و ژیان دادەڕێژێ، هەر کاتێ شیعر لەگەڵ بوویەر و جیهاندا کۆك و تەبا بێ ئەوە مەرگی جیهانبینی شاعیر ئاشکرادەبێ، بۆیە شیعر هەمیشە لەململانی و کێشەو پرسە لە گەڵ دەوروبەر، هەمیشە هەوڵدەدات خوێنەر بەو ئاقارانەدا پەلکێش بکات، کە تژی گومان و نیگەرانییە، لەراستیدا شیعر جگە لە خولقێنەری گومان هیچی دیکە نییە، گومانێك کە بەرهەمهێنەری سەرسامی و پرسیار بێ لە خودی مرۆڤ و گەردوون و شاراوەکان و وەدۆزی هەمان ئەو گینگلانە بێ، کە بەدرێژایی بوون ڕۆحی مرۆڤیان هەراسان کردووە، هەرگیز شاعیر ناتوانێ بەبێ جیاوازبوون لە گەڵ جیهان شیعر بنووسێ ئەگەر

هەوڵی ئەوە نەدا کە شیعر بەناو شەبەنگی هەزار رەنگی دژەرێسای جیهاندا نەبات، چونکە لەوی دەتوانێ قسە لەگەڵ نهێنییەکانی خۆی بکات و لەوێ دەتوانێ تیما مرۆییەکانی شیعر بدۆزێتەوە، ئەگینا شیعری کوردی هەر لەو سێبەرە تۆخەی خۆی دەمێنێتەوەو ناتوانێ شاکاری رەنگرێژ بکات.

هەموو ئەو گروپ و گروپکارییەی بەر لە راپەڕین هەبوو، کاریگەری خۆیان هەبووە، چونکە ئەو سەردەم نووسەران و نەوەی تازە بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا و بازاڕی ئەدەب و رۆشنبیری گەرم بوو، هەروەها ئەدەب و رۆشنبیری ببووە پەنجەرەیەك بۆ ئاشکراکردنی داهێنانەکان لە رووی زمان و شێواز و تیمە و فۆرم و ناوەڕۆکەوە، ئیدی گەنجەکان دەپرژانە سەر خۆ بەهێزکردن لەم بابەتانەدا و هەمیشە بە دوای ئەو بەرهەمانە دەچوون، کە نەوەی پێش خۆیان بۆ ئەوانی بەرهەم دەهێنا.. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە ئێستا کە هەموو شتەکان گۆڕاوە، ئەدەب و رۆشنبیری وەکو جاران بابەتێکی سەرەکی نەوەی تازە نییە و گەلێ داهێنراوی دیکە جێگایانی گرتۆتەوە، بە تایبەتی دەرهاوێشتەکانی جیهانگەرایی کە هێجگار پەرش و بڵاوبوونەتەوەو سەراپای هێزو تواناکانی گەنجانی بەلای خۆیدا پەلکێش کردووەو لە زۆر جومگەی ئەو دەرهاوێشتانەدا گەنجەکانی دیل کردووەو لە هەندێ شوێندا سڕی کردوون، بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە گروپەکانی سەردەمی خۆی هەیانبووە، ئێستا وا نییە، جاری بایەخدان بە زمان زۆر کەم بۆتەوە، ئەمەو جگە لەوەی نەوەی تازە عەوداڵی زمانی تازەنە و لە هەمان کاتدا عەوداڵی فێربوونی زمانی بیانین، کە پێشتر ئەم دیاردانە کەم بوون، هەروەها گەنجی ئێستا کەمتر بیر لە مەسەلە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، کە ئۆباڵی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە هیچ کارێکی پەروەردەیی نەتەوەییان لەناو هزری گەنجان نەکردووە تا بایەخ بە بەرهەم و کولتووری سەردەمی خۆیان و نەتەوەکەیان بدەن، بۆیەش کاریگەری ئێمەش کەم بووە بەسەر نەوەکانی داهاتوو و ئەوانیش لەگەڵماندا دەژین بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش تا ئێستا بەرهەمی باش لە هەر بوارێك بێت کاریگەری خۆی هەیە، هەرچەند لە نێوەندێکی کەمیش بێت.

دیوانی ( خاك و هەڵۆ) یەکەم ئەزموونی خۆشەویستی منە، هەموو شیعرەکانی لەو چرکانەدا نووسراون کە نەتەوەکەم لەژێر تەپ و تۆزی هێزی بی رەحمیدا غەرق بوو بوو. بۆیە هەر پارچەیەك لەو شیعرانە وەرگریت لەنێو نائومێدییەکی گەورەدا غەرق بووە، نا ئومێدییەك لەوەدا سەری هەڵداوە کە رۆحی نەتەوە بە پۆلای داگیرکەران گەمارۆدراوەو مەودای یەك تاکە

جڕیوەی نەماوە. من گوزارشت لەو بێدەنگییە مێژووییە دەکەم کە نەتەوەکەمی نوقمی ونبوون کردووە... باس لەو هاوارە دەکەم کە لەسەدەکانی زۆر دوورەوە دەگاتە گوێم و هیچ وەڵامێکمان بۆ نییە، باس لەکۆشتنی جوانی دەکەم. باس لەمەرگی مرۆڤ دەکەم، بەڵام نەهاتووم دروشم دابڕێژم... بەڵکو شیعرم داڕشتووە و لەژێر پەردەی ئێستەیك تانوپۆم پێداوە، من پێموایە دروشم لەشیعردا چ جیاوازییەکی لەگەڵ خودی داگیرکەر نییە. هەر ئەو دروشمەو دروشمکارییە بوو ساڵانێکی دوورودرێژ ئەدەب و شیعری کوردی کوشت و توڕی هەڵدانە ناو مەرگ، خەباتکردن لەپێناو داهێنانی پوختی شیعری سەختە وەکو خەبات لەپێناو رزگاربوون... رزگارکردنی شیعر لە پۆخلی رزگارکردنی نەتەوەیە نابێ بە کەمبایەخی وەرگرین، من لەدیوانی خاك و هەڵۆدا وامکردووە، هەڵبەت ئەزموونی سەرەتاییە نالێم کاملە، بەڵام بۆ ئەو سەردەم کە هەمووی دروشم بوو من توانیم ئەو دروشمانە بەدوورخەمەوە لەخۆم.

شیعر خۆی جۆرێك لەسۆفێگەریتی هەڵدەگرێ و تاڕادەیەکی باش سۆفیگەریتی شووناسێکی سۆفیزمی هەیە بەو مانایەی کە گێرمەو کێشەیەك هەیە لەنێو رۆحی مرۆڤدا کە باسی کەشفکردنی نهێنییەکان دەکات، بەڵام بە دیدگایەکی جوانئامێز، ئێمە نابێ کە باس لەجوانی دەکەین پێمان وابێ جوانی هەر لە ئافرەت و سروشت هەیە، جوانییەکان هێجگار زۆرن، هەندێکیان خۆیان لەناو دەریاکان حەشارداوە، هەندێکیان لەنێو گاشەبەردەکان و هەندێك لەناو ددانەکانی فیل و هەندێکیش لەناو دڵۆپەکانی مەی... من لەدیوانی (سیفری ئاگردا) کەوتومەتە داوی ئەڤینێکی پرسیارکارو وەژدێکی بێ کۆتایی سەبارەت بەشتە نادیارەکان جا مامەڵەکردن بی لەگەڵ ئەو هێزەی فەلسەفە بەدوایدا دەگەڕێ یا مامەڵەکردن بێ لەگەڵ غەیب، دەکرێ ئەو هێزە بخەیتە ناو شیعرو دەسەڵاتەکانیان لێ بسەنیتەوەو بیکەیت بەدەسەڵاتی شیعری خۆت، شیعر دەتوانێ هەڵگری گەورەترین کاری کەشفبێ، بەڵام لەنێو رۆحێکی ئەشقامێزدا، حەللاج هەوڵیداوە دەسەڵات لەو هێزە بسەنێتەوەو بیداتە بەر شیعر، کە جوانی لێ بتکێتەوە، هەرواش سوفیستەکان... مەولانا جەلالەدین رۆحی بەرۆحێکی پڕ لەتەسەوفەوە جوانترین شیعری بۆ دەسەڵاتی مەعریفی شەمس تەبریزی نووسیوەو هەموو زانست مەعریفەکانی ئەو مرۆڤەی کەشف کردووەو لەشیعری( بشنوازنی چون حیکایت می کند) دایڕشتووە، ئەم شیعرەی بە عیشقی شەمس نووسیوە بەفیراقی خۆی شەتەك داوە، کەواتە جوانی لەپیاوێکی پیری شەست ساڵیش هەیە وەك چۆن مەولانا نووسیوێتی بۆیە سۆڤیگەریتی پانتاییەکی زۆر لە شیعر بەوکۆنسێپتە داگیر دەکات... زۆربەی سۆفییەکان شەهیدی عەشقن و گەمەیان لەنێو رۆح و

ئاگردا کردووە، گەمەیان لەنێو هێز لی سەندنەوەی دەسەلآت کردووە تا دەسەلآتی شیعر دروست بکەن.

دیوانی (پیانۆی رۆژهەلآت) بە کتێبی تاقانەی رۆژهەلآتی دەزانم، نەك لەڕووی پیاهەلّدانەوە بەلّکو لەڕووی هەلّبژاردنی بابەتی شیعرەکانی ناو ئەم دیوانەوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانە_ تەئموولین_ واتە رامان ئامێزن، شاعیر لەم دیوانەدا لەژێر کاریگەرێتی سروشتەکانی وەحیدا کاردەکات و دوور دوور دەڕوانی، هەولّدەدا ئەوەی کە خەونی پێوە دەبینێ لەشیعردا ساغی بکاتەوەو داخی بۆ هەلّبکێشی شیعر لەم دیوانە روخساری ژێر تەپوتۆزی رۆژگارو غوربەتی شاعیر دەنوێنێ و نمایشی حالّەتەکانی گریانی ناخەوەی شاعیر دەکات، هەموو شیعرەکانی ئەم دیوانە بەکەرەستەی رۆح نووسراون، بەو مانایەی کە لەسەر زەمین دوورکەوتۆتەوە لەحالّەتی فڕێندایە، لەوەدایە کە ئایا مرۆڤ چۆن لەسەر زەوییەك هەلّدەکات کە هەموو حەسانەوەیەکی رۆحی تێدا مەحالّە... شیعر وەلآمی ئەم پرسیار لەخۆی دەکا، بەدوای یوتیپەکاندا دەگەڕێ، بەلآم بەداخەوە هەرگیز تیشکی لەوەلآمی پێ نادۆزرێتەوە بۆیە هەمیشە لەحالّەتی سووڕانەوەدایە.

هەروەك گوتم شاعیر گەمەکانی خۆی لە بەردەم وەبەرهێنانی مەحالّدا ئەنجامدەدا، واتە شاعیر سەرسامە لەبەرامبەر سەرکێشییەك کە ئەنجامیدەدا نازانی دەکەوێتە کوێی ئەو دەهالیزەوە، ئەو بەردەوام دەبێت لەرۆچوون بەناو ئەو نادیارییە، بەلآم کە لەو سەرەوە دێتەوە یەك کۆمەلّ جاویدانی دەهێنێتەوە، ئیدی دەقیان لێ بەرهەمدەهێنێ، هەربۆیەش شاعیرانی داهێنەر لەهەر دەقێك کە بەرهەمی دەهێنن سەیردەکەی دنیایەکی تازە دەبەخشنە خوێنەر، هەموو ئەو شیعرانەی بەم سەختییەوە دەنووسرێن سەرسامی بۆ خوێنەر دروستدەکەن، ئەمە یەکێ لەخاسییەتەکانی دەقی شیعری مەحالّخوازە، هەلّبەت ئەگەر ئەمە لەبەرچاو نەکریو جاویدانی نابێ، بەرهەم شیعریشی توانای نەمریو جاویدانی نابێ، بەرهەمێکی زۆری شیعر هەیە لە کوردستان، بەلآم دیدگاییێکی کەم هەیە بەم پێودانگە بۆ شیعر بچی، هەلّبەت هەموو شاعیرێکیش ناتوانێ بچێتە ناو ئەم پرۆسێسە، چونکە پێویستی بەقەدەرێکی زۆر لەهیلاکیو خودنخونی هەیە، پێویستی بەتاوانەوەو عەشقێکی زۆر هەیە، پێویستی بەفرێدانی کتێبێکی زۆر هەیە لەدوای خۆیەوە، شیعری چاك هەلّگرتنەوە شتە جوانەکانی ناز زەینە لەدوای خوێندنەوە ئەوشتە جوانانەی، دەقە جوانەکان لەناو زەینو بیری شاعیر دروستدەکەن، جا ئایا ئێمە لەنێو سەختدارێتی نووسینی شیعر بەهەمان ئەو شێوەیەی من باسی دەکەم چۆن دەتوانین بالانسی

بکەین لەگەڵ کاتو چەمکی کات، چونکە کاتێ نووسینی دەقە شیعرییەکانی کە سەرسامی بەرهەم دێنن هێند تیژپەڕە زۆرجاران قودرەتی ئەوەمان نییە بەم تیژپەرییە رابگەین، بۆیە زۆر جاران ئەو هەموو مەعالیمە جوانیانەمان لەدەست دەچێو ئەو هەموو مەرجانە رەنگاوڕەنگەکانەی بیرۆکەی شیعریو شەقو جوانی ئەو رستانەمان لەکیس دەچێو بۆ ئەبەد جارێکی دیکە نایدۆزینەوە، هەرکاتێك ئەم کاتە تیژپەڕەی شیعرمان بۆ راو نەکرا ئێدی بۆ ئەبەد ناوەرۆکی دەقەکانیشمان لەگەڵ خۆیان دەباو دووبارە بە تەنها دەمێنینەوە، تەنهاییو دەستەپاچەیی لەبەرامبەر ئەم کاتە تیژپەڕانەی، کە مەحاڵ پێمان دەبەخشێ.

لەچوارچێوەیەکی زەمەنی دەست نیشانکراودا، سەخت ترینو نائومێدترین ساتن بۆ ئەو شاعیرانەی کەرەچاوی هاتنی ئەم کاتە خوداییە دەکەن، هەربۆیەش شاعیر ئەگەر مەرحەمەتی مەحاڵ بەهەند هەڵنەگری دەقی چاك بەرهەم ناهێنێ، کەواتە پرۆسێسی دەستگیرکردنی مەحاڵ پەیوەستە بەبۆسە دانانەوە بۆ ئەو پارچە کات تیژپەڕانەی مەحاڵ لەبەرامبەر شاعیری راستەقینە لەدەستیدەدا باشتر لەدەستی دێتە دەرەوە، من پێم باشە کێشەیەك دروست نەکەین بۆ شیعر لەنێوانی ئەم باسە سەختەدا، دەبێ خودی شاعیر ئەمە بۆ خۆی لەبەرچاوبگرێ، نەك بۆ خوێنەر، چونکە خوێنەر باشی شیعر لەکاتی خوێندنەوەی دەقی شیعری بەدوای سەرسامییەك دەگەڕێ دڵو دەروونی ئاوبدات، مەوجوداتی زەینی پەرشو بڵاوبکاتەوەو رۆحی بخاتە سایەدییەوە، چونکە شاعیر تاکە پەیوەندسازە لەمیانی مەحاڵو کاتو خوێنەردا، ئەو وەستای ناو ئەو هەموو بوویەرە نادیارەیە، کە یەکەمجار لەزەینی خۆی دروستی دەکاو پاشان لەزەینی خوێنەر، بەمجۆرە ئەو سێ ئەقنومە قەبارەیەکی لێکدانەپچڕاون.

ئەمە پێویستی بەکارێکی ئارکیولۆژی هەیە، پێویستی بەهەڵدانەوەی تەبەقەکانە... یاخود جوانتر پێویستی بەخۆهەڵگردنو شۆڕبوونەوە هەیە، ئێمە لەم کەونە پانو بەرینەدا شتێکمان لی ون بووە، نازانین کەوتۆتە کوێی ئەم کەونە بەرینە، چۆن بۆی بگەڕێین ئەم شتە بچووکە بۆ ئێمەی شاعیر مایەی مانەوەو زیندووبوونە، مایەی خۆسەڵماندنو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی رۆحە کە ئەویش شیعرە، کەسێك هەیە، هەڵبەت هەیە دەپرسی، ئەم هەموو کوێرەوەرییە بۆچی؟ بەڵام وەڵامەکەی زۆر سادەیە سەبارەت بە شاعیر نەك ئەوانی دیکە، ئەویش دڵدانەوەی خودە، سەلوایەکە بۆ رۆحی شاعیر، دەمێنێتەوە جوانی... ئاخ دنیاش بی جوانی شتێکی ناشیرینە چ جای شیعر، جا لەنێو ئەم پرۆسە سەختە چۆن بۆ شیعر دروست بکەین، ئێستاتێکا بەخشین بەشیعر سەخت ترە لەخودی ئەم پرۆسێسە، کارەکانی مەحاڵ سەختو دژوارن جوانیان

لەنێوان درزە عاسێکانی خۆیدا شاردۆتەوە، پێویستیان بەکەسێکە مەلە لەناو ئەو درزە عاسێیانە بکات.

بیرمە شیعرێکم خوێندەوە کەهی_ ئەلفرێد دی موسیە_ بوو، شاعیر باس لەگەڕانو سورانی مەلێك دەکا بۆ ئەوەی خۆراکێك پەیدا بکات بۆ بێچوەکانی دیارە مەلەکە دەریایی بووە، بۆیە هەموو دەریاکان گەڕا... یا دەریا گەڕا بەلاّم هیچی دەست نەکەوت، بەناچاری لەبەرامبەر بێچووەکانی چووە سەر بەردێك دەنووکی خۆی لەدلّیدا بردە خوارەوەو دلّی خۆی بەخشی بە بێچووەکانی، دروستکردنی ئێستەتیکاش لە شیعردا هەروایە شاعیر دەبیّ خوێنی دلّی خۆی ببەخشێتە دەق بۆ ئەوەی رەنگڕێژی ئیستەتیکا بکات، ت. س. ئەلیوت لەنووسینی شیعری وێرانە خاکدا جگە لە راڤەکردنی کۆمەلێك دەقی پیرۆزی مەسیحیان هیچی دیکەی نەکردووە، بەلاّم کاتێك شیعرەکە دەخوێنێتەوە جوانییێکی ئەوتۆی بەخشیوە بەشیعرەکانی ئەم دەقە، هەست دەکەی تازە لەسەفەری مەحالّ گەڕاوەتەوەو یەکە یەکە ئەو درزانەمان بۆ باس دەکا کە هەریەکەو شەوقێکی لێدزیوە، ئێستەتیکا وشەو رستە دروستی ناکەن، بەلّکو مەلەکردن لەنێو ئەو مانایانە دروستی دەکات کە وشەو رستە هەلّیان دەگریّ، پەیوەندیی نێوان وشەو رستەو هەلّگرتنی ماناکان ئیستەتیکا دروستدەکات.

شکسپیر لە (تیمونی ئەسینی) هەمان ئەو تەکنیکەی بەکارهێناوە، وشەو رستەمان دەداتی، بەلاّم لەگەلّ هەر وشەو رستەیی دەمانگەڕێنێتەوە ناو هەزاران مانای سەردەمی رووداوەکەی خۆی، هەمان ئەم شانۆگەرییە درامایێکی شیعری تراژیکە، کە گەورەترین قەبارەی ئیستەتێکی دروستکردووە زیاتد لەهەموو بەرهەمەکانی، هەتا لەکاتی وەرگێڕانیشیدا ئەو ئیستەتیکایەی لەگەلّ خۆی هێناوە... ماوەتەوە ئەوە بلّێم، ئیستەتیکای ئەم تەرزە دەقە شیعرییەی من باسی دەکەم، جیاوازە لەگەلّ ئیستەتیکای شیعرێکی رۆمانسی کە بەتەنکی بەسەر شیعرەکەدا دراوە، بەلاّم ئیستەتیکای شیعری مەحالّ لەناو خوێنو ئێسقاتەکانیدا لێدەداو لەقوولاّییەوە بەرەو زەینی خوێنەر هەلّدەچیّو شەلاّلّی پرسیارمان دەکات.

گومانی شیعر پێداویستییە بۆ رێکخستنەوەو دووبارە دروستکردنەوەی رۆحی پەرشو بلاّوبووی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کەوتۆتە ژێر باری هیلاکییەکانی ژیان، ئەو مرۆڤەی ژیان بەرەو مەرگو نائومێدی راوی دەنێت، هەرواش هۆیەکی گرنگە بۆ جیّ پیّ لەقکردنی ئەو یەقینەی هەزاران سالّە لەناخو بیری مرۆڤدا رسکاوەو هانی دەدات قبوولّی ئەو ژیانە بکات بەوەی کە ژیان شیرینە، گومانی شیعر بۆ بەڕاستی شیرینکردنی ژیانە کەیەقینە سەلەفیو چەسپاوەکان

قورسیان کردووه، به دهستهواژهیهکی دیکه شیعر لهنێو فهزای ئهگزیستانسیالیزمی دهژیتو هەڵگری کۆمەڵێك پرسیارەن، ئەو پرسیارانەی یەقینەکان هەڵدەتەکێنن، وا لەمرۆڤ دەکەن بیربکەنەوە... بەڵام شیعر نایەت بەزمانێکی فەلسەفی هەمان ئەو پرسیارانە ئاراستەی مرۆڤ بکات، بەڵکو بەزمانێکی ئیستەتیکی قسە لەگەڵ ئەو مرۆڤە دەکات، جۆرێك لەسەر سامیو حیرەتی بۆ دروستدەکات، ختوکەی دەدات بۆ ئەوەی تەمولی بۆ دروست بکاتو تۆزی دوورکەوێتەوە لەو هیلاکیانەو بکەوێتەوە سەر ئەسڵی جارانی کە مرۆڤێکی رووتبووە، گۆران پرسیاری فەلسەفی کردووە بەڵام لەرێگەی جوانترین دەقی شیعری (چییە ئەی رۆحی بی لێوارو بی پەی لەتۆ ناشارەزایی من هەتاکەی؟).

تەواوی فەلسەفەی وجودیش لەچەمکی ئەم دوو دێرەدایە، بەڵام گۆرانکاری لەناو جوانیو ماناو مەحاڵ کردووە فەلسەفەی دانەرِشتووە، ئەمە خەملاندنی گومانی شیعرە لەناو دەقدا، کوشتنی هەموو ئەو وەڵامانەیە کەسەلەفیەکان دایانرِشتووە، هەربۆیەش گومان هۆیەکە بۆ ئیزافەکردنی جۆرێك لەئیستەتیکا بۆ شیعر.. هەڵبەت بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، هەموو ئەو شیعرانەی هەوڵدەدەن مرۆڤ لەرێگەی بە یەقینکردنی ناوەرۆکی شیعر ئاسودە بکەن، خۆیان دەکوژنو کوتایی بەشیعر دەهێننو ئاسەوارێك لەرِووی جوانیو بیرکردنەوە جی ناهێڵن..

نیچە فەلسەفەی نەنووسیوتەوە، کۆمەڵێك دەقی پەخشان ئامێزی نووسیوە کە هەڵگری بنەماکانی فەلسەفەن، زیاتریش راڤیارەکان نیچەیان خستۆتە قاڵبی فەلسەفەوە. ئەگینا لەکتێبی (بەڵی زەردەشت ئاوەهای گوتوە) من پێم وایە هەمووی لەپەنا بەردو درەختەکانەوە خستۆتەرِوو، لەپەنا کاریگەرێتی سروشتییەکانەوە فرێی داونەتە ناو دڵی مرۆڤ.. نووسینەکانی نیچە ئەوەندەی دەچنەوە ناو دڵ ئەوەندە ناچنەوە ناو ئەقڵ بەو پێیەی، کە رۆحی گومانی شیعر بەسەریاندا زاڵە، قسە لەگەڵ خوێنو دڵ دەکاتو قسە لەگەڵ زەینو سەرناکات...

قسەکردن لەمەرِ شیعر پێویستی بەدوورخستنەوەی چەمکی حەقیقەتە، کاری شیعر بەرهەمهێنانی حەقیقەت نییە، ئەوە لە مەودایەکی دیکە کاری بۆ دەکرێت، بەڵام پەیوەندیی نێوان شیعرو وەهم پەیوەندییەکی ئەزەلییە، شیعر جگە لەوەهم شتێکی دیکە نییە، وەهمێك، بتوانێ حەسانەوە بدا بەرۆحو پێیەوە بژیتو بەردەوام بێت، میللتن لە_ فیردەوسی ون_ جگە لەدارِشتنی ئەو وەهمە هیچی دیکە نالێت، وەهم لەمناڵدانی هەمان ئەو مەحاڵە لەدایك دەبێت کە پێشتر باسمان لێوەکرد، لەهەمان ئەو چرکە خێرایەکە زەینی شاعیر بەرهەمی دەهێنێ، هەموو شاعیرەکان ئەگەر بەرِاستی دەقی

زیندووی شیعر بەرهەم دەهێنن، ئەوە هەڵگری گەورەترین بڕی وەهمن، هەمان ئەو شاعیرانەی پێیان وایە شیعر وەهم نییە هەوڵی بەرهەمهێنانی حەقیقەت دەدەن لەشیعر بۆیە دەقەکانیان هەموو شتێك بێت شیعر نییە، سیحری شیعر لە بە وەهمکردنی ناوەرۆکییەتی، هەمان ئەو رایە نەك هەر بەسەر شیعرەوە دەچەسپی بەڵکو تەواوی ژانرەکانی دیکەش دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر دانتی بەهەمان ئەو وەهمەوە نەچووبایە ژێر باری باسکردنی هەقیقەتەکانی ئەو میحراجەی کە کردی_ دۆزەخو فیردەوسو پاکستان_ مگهر_ ئەوا هەموو ئەو دەقانەی کە لەو کتێبەدا نووسیویێتی دەبوون بە شتێکی دیکەی دەرەوەی دەقی ئەبەدی، بەڵام قەدەرێکی گەورەی لەهونەری وەهم بەخشیوە بەم شاکارەی خۆی بۆیە تائێستاش جاویدانی بەخۆیەوە گرتووە، وەهم کاری وەهم بەرهەمهێنانی میوزمێنتە لەشیعر، کە خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێ، شیعر حەقیقەت نادا بەدستەوە بەڵکو لەهەقیقەتەکانی رادەکاتو دەشتارییەکانی هەڵدەبژێری، سەنتەرەکان جێدەهێڵێو پەراوێزەکان دەکاتە موڵکی خۆی، کاری شیعر چ لەخۆێندنەوەو چ لەنووسیندا کە کردنێکی سیحراوییە لەناو ساتەوەختەکان، مەودای هەڵگرتنی حەقیقەتی نییە، سووربوونی گوڵە کێوییەکان حەقیقەتی سروشتە لەشیعر باسی بکەیتو باسی نەکەیت هەیە، بەڵام کاتێك گوڵێك لەبن تاشە بەردی لەتاو سەدان هەزاران باراندا یەکجار نمە بارانێکی بەردەکەوێ، بەڵام لەهەموو گوڵەکان جوانتر دەبێ ئەمە کاری شیعرە، چونکە تێپەڕی حەقیقەت دەکاتو سەرسامی وەبەردێنێ، ئەو وەهمی شیعرە.

هەڵبەت سیحر گەمەیەکی جوانەو بەرامبەر، بەرەو سەرسامی دەبات، گەمەی پەنجەکانی ساحیر هێندە خێراو تیژپەڕن مەودایەك بۆ چاو ناهێڵنو هێزی موگناتیسی پەنجەکانی ساحیر بەهێزترە لەهێزی تێڕوانینی چاو بۆیە وەهمێك لەلای بینەر خەڵق دەکات، جا خەڵقکردنی ئەم وەهمە لەلای ساحیرەوە زۆر پەیوەندیدارە بەخەلقکردنی شیعر لەلایەن شاعیرەوە لەوکاتە تیژپەڕەی، کە لەناو مەحاڵدا دەیگرین وەك چۆن باسمان کرد، ئەو جادو ئەفسونەی سیحر بەرهەمی دەهێنێ شاعیر بەهەمان ستایل بەرهەمی دەهێنێ، بۆیە پەیوەندییەکی زۆر هەیە لەمیانی سیحرو شیعر، من بەر لەحەقدە ساڵ لەیەك لەچاوپێکەوتنەکان گوتوومە کە شیعر ئایینی شاعیرە، بۆیە شاعیری راستەقینە هەمیشە هەوڵدەدا قودسییەتێك بداتە پرۆسێسی نووسینی شیعر لەئاستیدا سەردانەوێنیو نزاکانی خۆی بەرێکات شیعر بەر لەئایینەکان هەبووە، ئایینی شیعر کاریگەرێتی خۆی خزاندۆتە سەر ئایینە ئاسمانییەکانیش، تەنانەت

پەیامی ئایینییەکان زمانێکی پەخشانی شیعریان بەسەردا زاڵە خۆ ئەگەر سەیری مەزامیرەکانی داوود بکەین، شیعر بەهەمووو مەعالیمەکانییەوە لەو دەقانە رەنگدەداتەوە، بەڵام پەیامی ئایینی شیعر جیاوازە لەگەڵ پەیامی ئایینییە ئاسمانییەکان، ئاینی شیعر پەیوەندییە رۆحییەکان لەمیانی مرۆڤ دروستدەکاتو خەونو خەیاڵیان جۆشدەداو تەڕەدەکاتەوە.. رەخنەو پرۆسێسی گرنگی هەموو سەردەمە شیعرییەکان بووە، نەبوونی رەخنە وایکردووە کەمتر شاکارەکان بەدیاربکەون، بەداخەوە رەخنەگرەکانمان خوێندنەوەیەکی رەخنەییان نییە بۆ سەرجەم شیعری کلاسیکی، چ جای شیعری هاوچەرخی کوردی، خۆئەگەر هەشبووبێ ئەوا رەخنەیەکی بێ فیکر بووە، واتە فیکر رەخنەکانی ئێمە هەڵناسووڕێنێ، هەندێ میزاجی تایبەت رەخنەکانمان گینگل دەدات، ئەمەش ئافەتێکی ناو ئەدەبی کوردییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەندێ رەخنەگری گەنجی باش لە کوردستان سەریانهەڵداوە کە توانیویانە کار لەناو دەقە شیعرییەکان بکەن، بەتایبەتی رەخنەکانی (عەتا قەرەداغی) کە کارێکی باش لەناو دەقە شیعرییەکان دەکات، هەروەها (نەجات حەمید) کە بەدیدگایەکی تازە کار لەناو شیعر دەکات، من پێم باشە بڵێم کە (مەریوان وریا قانع) رەخنەگرێکی سەنگینی بواری شیعرە ئەگەر بیکات، وەك چۆن کاری لەناو هەندێ دەق کردووە، لە راستیشدا کاری رەخنە زۆر قورسە پێویستی بە باکگراوەندی رۆشنبیری فرەلایەن هەیە، تا بتوانێ بەناو دەقەکاندا قووڵ بێتەوە ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستیمان بە رەخنەگر هەیە. بتوانێ بەرگەی دیکتاتۆرییەتی بیروبۆچوونە سەلەفییەکان بگرێتو وردوخاشیان بکات. کە گوتمان شیعر یانی خۆداماڵین لەهەمووو شڕوشیتاڵی واقیع. دەرباز بوون لە شووشەی واقیع، وردوخاشکردنی واقیع، لای ئێمە تەوژمی سەلەفی گوتاری رەخنە لەوەدایە لەناو واقیع بژیو واقیع لای ئەوان پیرۆزە، هیچ واقیعێکی شیعری پیرۆز نییە، هەموو واقعیەتێکی شیعری، زیندانێکی گەورە، بۆ هەموو ئەو موفرەداتانەی شیعری نایاب دەخولقێنن، دوواکەوتنی شاکاری گەورە لە شیعری کوردی لەسەر ئەوەهات کە یەك چارەگەسەدە شیعری واقیعی نووسرایەوە پێمان وابوو بەو دروشمانە دەتوانین نەوەیەك رزگارکەین، بەڵام دەبوایە بیر لەوە بکەینەوە کە جوانترین رزگارکەر

## دکتۆر هوجۆ تیشکی درەوشاوەی مرۆڤایەتی

بەر لە هەموو شتیٚ دەبیٚ هەموومان، زۆر سوپاسی ئەوانە بکەین کە لە پشتی بەرهەمهێنان و وەرگێڕان و نواندن و دۆبلاژکاریی و ریزبەندکاریی و کاراکتەرەکانی ئەم زنجیرە بەهادارەی دوکتۆر هورەوە وەستاون، من خۆم سەری رێزو نەوازشیان بۆ دادەنوێنم، بەراستی کارێکی هێجگار گرینگ و بایەخداریان پێشکەش بە مییللەتە هەژارەکەی خۆیان کرد، کە گوزارشت لە فەرهەنگی ساغی ئەوان دەکات، من کە بە درێژایی هەموو ئەلقەکان جگە لە جوانی و چێژو حیکمەت و فێربوونی شتیٚ ناوازەو پاك، هیچی دیکەم لەم زنجیرەدا نەبینی، بۆیە من ناوی لێدەنێم شای هەموو زنجیرە دراماییە پێشاندراوەکان، دەك دەست و دڵ و دەروونتان خۆش بێت، خۆ ئەگەر لە وڵاتی ئێمەدا باوەڕێك هەبێتن بە رۆڵی رۆشنبیری و هەستێك هەبیٚ بەرامبەر عەزەمەتی هونەر، ئەوا دەبوا تەواوی حوکمرانێتی کوردستان شانازییان بەو کارە هونەرییە بکردایەو بە رێزو بەرپرسێتییەوە سەیری ئەم دیاردەیان بکردایە، میللەتان ئاوەها کولتووری خۆیان لەبیرناکەن و ئاوەها مێژووی خۆیان لە هەموو رووێکەوە زیندوودەکەنەوە، ئەم زنجیرەیە دەکریٚ وانەیەکی پڕ بەهاو پڕ لە پەند بێت بۆ سەراپای ئەو ئازیزانەی لە بواری پیشەی پزیشکیدا کاردەکەن، لێیەوە فێری ئەو زوهد و رەحم و مرۆڤایەتی و بەزەییە بن سەبارەت بە نەخۆشەکانی خۆیان، وەك چۆن دکتۆر هور لە رۆلی خۆیدا وەك شارەزایەکی بەرجەستە نواندی، حەقیقەتێك هەیە کە دەڵێت، نەخۆشەکان لە کاتی کەوتنیان پێیان وایە تەنها دکتۆرە، فریاد رەسی ئەوان بێت، بۆیە بە چاوێکی زۆر بەرزەوە سەیری دوکتۆر دەکەن، تا هیممەتی ئەوەیان بۆ بکات، چارەسەریان بکات و بە چاوێکی هێجگار پڕ لە بەزەییەوە سەیریان بکات، دکتورە بەرێزەکان چاك دەزانن کە کەس و هاوڕێ و کەسی بێکەسانی نەخۆشەکانن لەم بوارەدا، یەك تۆز بایەخی دوکتۆر بە نەخوشی خۆی، مایەی دڵنەوایی نەخۆشەکەن، تۆزی توورەیی و توندی و کەمبایەخی دوکتۆر بۆ نەخۆشەکانی، دەبێتە مایەی گرانبوونی دەروونی نەخۆشەکان، لەم زنجیرە دۆبلاژکراوەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان نموونەیەك لە جەوهەری کاریی پزیشکی پێشاندرا، کە مرۆڤ لە بەرامبەر گەورەیی کارەکە سەرسام دەبیٚ، بە تایبەت لە رۆڵی دوکتۆر هوردا، کە بەراستی مایەی سەرسامی گەورەیی ئەو

دوکتۆرە بووە، لە مێژووی میللەتەکە خۆیدا، دەبێ ببێتە سەرمەشقی هەموو دوکتۆرەکانی دنیا نەك بەتەنها ئەوانەی کوردستان، ئاخر دوکتۆری دەمی بنێت بە کێم و زوخاوی برینی نەخۆشی بۆ هەڵمژینی هەوکردنەکانی، دەبێ ئەو دوکتۆرە چەند مرۆدۆست بێت؟ من خۆم لە کوردستانی خۆماندا بینیومە، چەند بە بێزەوە سەیری نەخۆش دەکرێت، کە هاتۆتە بەردەستی چارەبەخشییەوە، من پێم وایە دوکتۆرەکانی کوردستان هەموویان مرۆڤی پاك پڕ بەزەیین، دەبێ کولتووری بەزەیی و مامەڵەی جوان لەگەڵ نەخۆش، بکەن بە کولتوورێکی سەرتاسەری لە کوردستان، دەبێ پەیوەندیی نێوان دوکتورو نەخۆش، پەیوەندیی مرۆڤایەتی بێت، من رۆژێ لە رۆژان لە سەرەی چوونە ژوورەوە بووم بۆ لای دوکتۆر، نەخۆشی زۆر وەزع خراپ وەستابوون، کە دەقیقەیی بۆ ئەوان مایەی ئازارێکی یەکجار زۆر بوو، بەڵام بە داخەوە، بی پەروا دوکتۆرەکە رۆیشت و هەموو ئەو نەخۆشانەی جێهێشتن، بێ ئەوەی ئاوڕێکیان لێ بداتەوە، کە ئەوە زۆر برینداری کردم و هەستی ورووژاندم، لە ناخی خۆمدا گووتم کەی دی ئەم جۆرە نمونانە باویان نەمێنێ و هەست بە بەزەیی بکەن بۆ نەخۆشەکان، هەڵبەت کە ئەوە دەڵێم مەبەستم ناوزڕاندنی هیچ دوکتۆرێکی بەرێز نییە، ئەوان مایەی شانازی من و وڵاتەکەمن، بەڵام چی دەکەی دیاردەی واش بەرچاودەکەوێ، بە هەرحاڵ زنجیرەی دوکتۆر هۆر چ لە رووی حیکمەت و پەندەکانییەوە چ لە رووی هونەری دوبلاژکردنییەوە، یەکێکە لەو زنجیرە زانستیانەی کە دەبێ دام و دەزگاکانی تەلەفزیۆنەکان، بایەخێکی گرینگی پێ بدەن و بە دواییدا بگەڕێن، دواجار من تەواو لەگەڵ ئەم زنجیرەدا، گەیشتمە ئەو راستییەی کە ئێمە کاری باشمان پێدەکرێ، بەڵام بۆ نایکەین بە کولتوورێکی هەمیشەیی؟ئەوەبان جێگەی لێوردبوونەوەیە.

## خودایە ڕێم پێ بدە لە ئازادی بگەم

**١**

ئایا مرۆڤی ئازاد لە کوێی کردارو ڕەفتارەکانیدا ئازادی ڕاستەقینە دەنوێنێ؟ ئایا ڕەهاکردنی دەستەواژەی ئازادی لە هەموو بوارێکدا، مانای ئازادی ڕاستەقینە دەگەیەنێ؟ یاخود دەمانباتەوە سەر تخووبەکانی ئازاد بوونی تاك و کۆمەڵ؟ ئایا تا چەند پێویستیمان بەدیلکردنی بیروڕا بودەڵەکان هەیە؟ تا بتوانین ئازادی لە زەینی وێرانی خودانی ئەم بیروڕایانە زیندووکەینەوە و ماناو چەمکی ڕاستەقینەی ئازادییان پێ ببەخشین، کە خۆیان لە ڕەهەندی بیروڕاکانی خۆیان ناگەن و بوونەتە دیلی دەستی نەفامی خۆیان! ئەمانە پرسیارگەلێکن پێویستیان بە تاوتوێکردن هەیە.

**٢**

نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤی خودان هزر ئازادییە، لە هەمان کاتیشدا زیندانی هەمیشەیی مرۆڤی بی هزر ئازادییە، بەم چەمکەوە ئازادی تیغێکی دووسەرەی هەیە، لەگەڵ فیکرو بیرکردنەوەو هزرو تێگەیشتنی ڕاستەقینەدا بەرەو ئاسۆیەکی پڕ لە بەهرەو داهێنانت دەبات، ڕێگەی بوونەوە بە سەر دنیات بۆ واڵا دەکات و دەرگاکانی ژیانی سەرفیرازیت بۆ دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ نەزانیونەفامی و پوکیدا، لەگەڵ تێنەگەیشتن لە حوکمی مێژوودا، بەرەو هەڵدێرێکی ترسناکت دەبات، دووبارە بەرەو قەفەزی دیلێتدا ڕاپێچت دەکاتەوە، لە هی یەکەمدا ئازادی تیغەییێکی گەورەی خەباتی مرۆڤەو هەر بەو تیغەشەوەیە، ئامانجەکانی خۆی

پێکاوەو  پایەی خۆی لە نێو قوولایی مێژوودا پاراستووە، لە هی دووەمیشدا چونکە هاوزای نەزانی و نەشارەزایی بووە،، هاوزای دەرکنەکردن بووە لە بوویەری خۆی، هاودەمی بیرورای نەخۆش بووە، بۆتە نەفرەتێکی قێزەون و جۆرێك لە کۆیلێتی، هەر بەو هۆیەشەوە بووە، کە مرۆڤ لە تەنکاییەکانی مێژوودا بە دەستەپاچەیی ماوەتەوەو بە تەنهایی سەرگەردان بووە، لێپا خەباتکردن لە پێناوی ئازادبوون لەو جۆرە ئازادییە بێ چەمك و  نەفامییەدا رەوایە، بۆ ئەوی بگەینە ئازادی حەقیقی، جۆری یەکەم ترۆپکی ئازادبوونی یەکجاریی ئینسانە،  لە پەککەوتەیی فیکری و هەلێکی گرنگە بۆ ئەو تاکانەی دەیانەوێ رزگاریان بێت، لە کۆت و پێوەندی ئەسارەت و بەرەو ئاسۆیەکی پڕ لە ئازادی راستەقینە هەنگاو بنێن.

## ٣

بەجۆرە ئازادی لە پێناسەی حەقیقی خۆیدا بریتییە لە مەسئولیەت، ئازادی و بەرپرسێتی دوو چەمکی بەرابەرن بۆ تەیارکردنی مرۆڤ بە دروشمەکانی پێشکەوتن‌و بنیاتنان‌و بەرهەمهێنانی فیکری و  شاکارە ئەدەبییەکان، هەبوونی ئازادی بەبێ تێگەیشتن لە چەمکەکانی مەسئولیەت، هەبوونێکی بی ناوەرۆکەو هەبوونی مەسئولیەتیش بەبێ چەمکەکانی ئازادی هەبوونێکی ئیفلیجە _ ئازادی دەرککردنە بە زەروورەت — بۆیە بە هیچ جۆرێ ناتوانین ئازادی لە هەستی بەرپرسێتی بەرامبەر بە کێشە چارەنووسسازەکانی میللەت دابڕین. هەر دەربڕینێکی لەم جۆرە کلۆڵکردنی کۆمەڵگەو لەکەدارکردنی پێناسەکەیەتی، خۆ ئەگەر لە نێوەندی ئەدەب و رۆشنبیریشەوە بێت، ئەوە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە دەقێکی مردوو، ئەگەر لە بواری سیاسەتیش بێت مایەی بەرهەمهێانی گوتارێکە شەلە.

## ٤

پەیوەندیی نێوان ئازادیو رەفتاری ئینسان، پەیوەندییێکی دیالکتیکی بەهێزەو پارسەنگێکی بەهێزی یەکتری دەکەن، من باس لە چەمکەکانی ئازادی دەکەم لەناو چینی کە خۆیان بە رابەری فیکرو ئەندێشە دەزانن، ئەگینا شێوەی قسەکردنم لە ئازادی، چەمکێکی ئالۆز دەنوێنیّ. قسەکردن لە ئازادی راستەقینە قسەکردنە لە وێرانکردنو تارومارکردنی هەموو ئەو بیروکانەی کە پێیان وایە ئازادی بە مانای گوتنێکی رەها ئازادییەو سنوور لە ئاسمانی ئازادیدا نییە. لە کاتێکدا خودی چەمکەکانی ئازادی راستەقینە سنووورە بۆ ئەم جۆرە ئازادییە. بە مانایەکی دیکە، ئازادی هۆییێکی مەزنە بۆ داماڵینی ماسکی هەموو ئەو ماسك پۆشانەی دەیانەویّ لەرێی ئەو ئەو فێڵ و تەڵەکانەی بە ناوی ئازادییەوە دەینوێنن تاك و کۆمەڵ فریو بدەن.

## ٥

من ناتوانم ئازادبم لە کاتێکدا رەوتی رەفتارەکانم بە پێچەوانەی ئاراستەی پێشخستنی کۆمەڵگا بێت، من ناتوانم ئەدیبێکی ئازادبم، لە کاتێکدا هەموو دەقەکانم هەڵگری رۆحێکی ئەنارشیستی راسیزمی بێت، کاتێکیش رەفتارەکانم بەو ئاراستەیە ناوزەد دەکریّ، کە دەرك بە زەرووورەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا نەکەم، ئازادی راستەقینە هەموو ئەو رەفتارانە رەت دەکاتەوە، کە هەمیشە پێیان وایە حەقیقەت مولکی ئەوانە، پێیان وایە ئەوان بە تەنها بەرهەمهێنەری راستین، کە لە راستیدا حەقیقەت مولکی کەس نییەو مولکی هەموو کەسێکیشە، لە کاتێکدا مولکی هەموو کەس نییە، کە نەتوانیّ لە ئاستی هەڵگرتنی ئەرکەکانی حەقیقەت بیّو بەکاری نەهێنیّ لە شوێنی خۆیدا، هەر ئەو کاتەش حەقیقەت مولکی هەموو کەسێکە، کەلە رێگەی ئازادییەکانی خۆی ئەو حەقیقەتە بە ئەركو زەروورەت لە قەڵەم دەدات، خەڵکی بەشداری پێدەکاتو لەئاستی هەموویاندا بەیەکسانی و بە پێوانەیەکی ئێستەتیکی رێك بەکاری دێنی، ئەلێرەوەیە پەیوەندیی نێوان ئازادیو رەفتار بەدیاردەکەویّ، پەیوەندیی نێوان ئازادیو حەقیقەت دەبێتە سەنگی مەحەك، واتە ئازادی

بەرهەمهێنەری ئەو رەفتارانەیە، کە حەقیقەت بەرهەم دێنن، ئازادی بە پێی ئەمەوە مۆراڵ و ئیتیکێکە سەر بە هیچ مەزهەبو مەدەرسەیەك نییە، بەڵکو ئەوە کە ئەو مەزهەبو ئەقیدەو ئاین و تیمایانە بەرهەم دەهێنێ.

## ٦

زۆرن ئەوانەی رەهاکردنی دەستەواژەی ئازادی لە بوارەکانی نووسیندا بە مافێکی رەوای خۆیان دەزانن، بێ ئەوەی لە مانای گەرمی ئەو رەهاکردنە شارەزابن، ئەوانە پێویستیان بە لاواندنە وە هەیە، ئایا دەکرێ لە پێوەندییەکانی کۆمەڵگادا رەفتارێك یا حەقیقەتێك بەناوی ئازادی رەگاژۆ بکەیت، لە کاتێکدا ئاکامی ئەو رەفتارە یا ئەو حەقیقەتەی بانگەشەی بۆ دەکەی و بە رەهایی هەڵی داوێیتە نێوەندی کۆمەڵگاوە، کە بریتییە لە وێرانکردنی هزرو زەینی خەڵك و بۆگەنی کردنی نێوەندەکە ژەهر بێت؟

لە کاتێکدا ژەهر دەبێ بە دەرمان کە حەقیقەتی چارەسەرکردن بێت، بەڵام ژەهر پرۆسێسێکی کوشندەیە، ئەو چەمکەی کە من باسی لێوەدەکەم جیاوازی هەیە، ژەهر دەتوانێ نیشتمانی لە نەخۆشی رزگار بکاتو ژەهریش هەیە نیشتمانی مرۆڤ لەبەین دەبات، بەکارهێنانی ئازادی بەو رەهاییە بی چەمکە ژەهرێکی کوشندەیە.

# ٧

ئەلێرەوەیە کە دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین کە ئاخۆ ئێمە تا چەند پێویستیمان بە دیلکردنی هەندێ بیروڕای قەڵپ هەیە، دیلکردن بەو مانایە نا کە هێمای تیرۆر ببەخشێت، بەڵکو بەو مانایەی کە بتوانین ماناکانیان بەتاڵ بکەینەوە، لەناو خودی مانای خۆیاندا، مانا بۆ خاوەنەکانیان بەرهەم بهێنن، یا بەشێوەیەکی روونتر شووناسی ئەم بیروڕایانە لە ناوەرۆك بەتاڵ کەینەوەو شووناسێکی ئینسانیان پێ ببەخشین، کە ئەمەش جەنگێکە دوو جەمسەری جیاواز لە رووی فیکرو مەعریفە و لە رووی بۆچوونیان بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە هەڵیاندەسووڕێنێ، جەنگێکە یەکەمجار لە پێناو بنیاتنانی ئازادی راستەقینەو دووەم جاریش بۆ بەتاڵکردنی ئازادییەك لە ماناکانی خۆی، کە جۆرێك لە دیلێتیو کۆتو پێوەند بە کۆمەڵگا دەبەخشێ.. هەوڵدان بۆ دیلکردنی ئەم جۆرە بیروباوەڕانە هەوڵدانە بۆ ساردکردنەوەیان لە قاوغی خۆیاندا، چونکە ئێمە ناتوانین لە پشتی دیوارەکانی باستیلەوە قسە لەگەڵ ئەواندا بکەین، کە لە دەرەوەی دیواری باستیلەکەوە خۆمان بە مرۆڤی ئازاد دەزانین، لە کاتێکدا دیلین، دیلێتی ئێمە زۆر خەمەنگیزترە لە دیلێتی ئەوانەی لە ژوورەوەن، چونکە هی یەکەم بەرهەمی زوڵمو جەهالەتە، هی دووەم بەرهەمی جۆرێك بیرکردنەوەی ناتەواوە لە رەوتی ژیانو سیاسەتو کۆمەڵگاو، تێنەگەیشتنە لە چەمکەکانی ئازادی.

## ٨

بەم جۆرە ماناو چەمکی ئازادی لەناو ئەو مروارییانەدا خۆی دەنوێنێ، کە لە بنی ئاوەوە شەوقی خۆیان دەبەخشنە ئەو تۆڕچیانەی دەیانەوێ راوی حەقیقەت بکەن، بەڵام هەرگیز مانای شەوق‌و روونایی چاوی ئەو ماسیانە ناگەیەنێ، کە راوچییە بەتاڵەکان پێیان وایە لە رووی ئاوەوە نزیکن، کاتێکیش دەستیان بۆ دەبەن، ئەوسا دەزانن ئەو ئاقیق و شەوقانە  زۆر دوورن، بۆیە خۆیان و تۆڕەکانیان دەبن بە نێچیری قیرشەکان و خەون و خەیاڵیان لە ئاوێ دەکەن، لە راستیدا ئەو میللەتانەی کە هێشتا نەیانتوانیوە دەزگا مەدەنییەکانی خۆیان بەتەواوی ئەکتیڤ بکەن، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەکەونە گرفتی ئەو جۆرە راوچییە نەفامانەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوانەشەوە جۆرێکی دیکە هەن، کە هەڵگری سەتارەکانی مەعریفین‌و دەتوانن هێمنانە رووبەڕووی ئەو جۆرە هەوەسبازانە ببنەوە، کە بۆچوونەکانیان بە قسەی گەورە گەورە دەردەبڕن‌و لە ناوەرۆکیشدا دلۆپێکن‌و روودەچکێن.

## ٩

دەخوازم بلێم مرۆڤی ئازاد، بەدرێژایی مێژوو،  مرۆڤێکی خاوەن شووناسێکی مەعریفی بووە، مرۆڤی هێمن‌و بێدەنگ‌و پڕ بەرهەم بووە، شاکاری نووسینەکانی خۆی بە شێوەییێك دەدا بە دەستەوە، کە کۆمەڵگە سەرسام بکات، بە رادەیەك دەتوانین بەوە پێناسەی مرۆڤی ئازادبکەین، کە سەرسامکەری کۆمەڵگەن. بەڵام کێن ئەوانەی مرۆ سەرسامدەکەن؟ خوێنەرانی ئازیز بگەڕێوە بۆ سەرەتا، ئەوەی تێبگات پێدەگات.

## خۆت بناسه:

هەر لەو رۆژەوەی کە کۆمەڵی مرۆیی هاتۆتەکایەوەو نەشونمای کردووە، هەمیشە هەوڵیداوە، کە لە هەموو بوارەکان پەرەبسێنیّ و پێشکەوتن وەدەست بهێنیّ، بەڵام هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، گەیشتوونەتە ئەو راستییە، کە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانیّ خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەو پێشکەوتن تەیار بکات، ئەگەر تاکەکانی هەوڵی ئەوە نەدەن خۆیان بناسن، جا هەر لەو ساتەوەختەی فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ دەستەواژە بە نرخەکەی خۆی لە زمان ترازاندو گووتی — **خۆت بناسە** _ ئیدی ئەو کۆمەڵگە سیفیلانە، لە نهێنی ئەم رستە پڕ لە چەمك و مانایەی ئەرستۆ گەیشتن و هەوڵی جیدییان داوە، تاکەکانی خۆیان لە رێگەی رۆشنبیرییەوە، پیّ بگەیەنن و بە کولتوورێکی ئەقلانی تەیاریان بکەن، هەر بۆیەش بایەخێکی گرنگیان داوە بە زانستی سوسیۆلۆژی، بۆ ئیمەی کورد هەمان ئەو خۆناسینە زۆر گرنگە، کە دەبیّ چەمکەکانی  لە ناو دڵ و دەروون و بیری نەوەکانمان دارێژین، بە داخەوە دەستەواژەی خۆناسین لای ئێمە بە دەردی چەند چەمکێکی تەقلیدی و کلاسی چووە، کە هەرگیز گوزارشت لە رووی دەرەوشاوەی ئەم دەستەواژەیە ناکات، ئەگەرچی دەبوا هەر لە سالآنی زووی خوێندندا، هەمان ئەو زانستەی سوسیۆلۆژی وەکو دەرس بخوێندرایە، بەڵام بە داخەوە نەك هەر نەخوێنراوە، بەڵکو زۆریش پشتگوی خراوە، چونکە خوێندکار ئەگەر لە سەرەتاوە هەندیّ گۆشەنیگای بنەڕەتی ئەو زانستە فێر کرابا، یاخود ئاگای لەو هەموو زانست و زانیاری و راستیانە بوایە، کەلە بواری سۆسیۆلۆژیی و نهێنییەکانی کەشف کراون، یا هەندیّ لە تێڕوانین و شێوازی بیرکردنەوەی زاناکانی ئەو بوارەیان خوێندبا، ئیدی ئەوانە هەموویان دەبوونە بناغەیەکی باش بۆ ئەوەی تاك لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا خۆی ناسیبا، بەڵام هەمدیس هیچ شتیّ لەم بارەوە ئەنجام نەدراوە، چونکە پرۆسێسی پەرەسەندن و گەشەی کۆمەڵایەتی، ئەو دەمە

دەکەوێتە سەر سکەی بەڕاستی خۆی، کە لەسەرەتای کاری ئەقڵ دارِشتندا، هەوڵی خۆناسکردنی تاکەکان بدرابوایە، جا لە بەرئەوەی زانستی سۆسیۆلوژی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێ هۆکاری گرینگ، تاکەکانی کۆمەڵیش لە گەڵ خۆیاندا راپێچدەکەن و بە هەوای خۆیان، لەڕووی هزرییەوە هەڵیاندەسوڕێنن، خۆ ئەگەر ئەو تاکانە بە چەمکی خۆناسین گۆش نەکرابن، ئەوە تەنها بەهرەمەندی لایەنە نێگەتیفەکە دەبن، کە پەیوەستە بە مێژوو و فامیل و شوێنگەو گوندو شارو ئایین و سیاسەت و یاساو پیشەسازی و لایەنی دەروونی، زانستی سۆسیۆلۆژی مێژوویی، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی لەوە گەیاندووە، **کە بەبێ ئەو خۆناسینە مەحاڵە نەتەوەکان بە زیندوویی بمێننەوە، هەربۆیەش زۆر لە نەتەوەو هۆزەکان لەبەر ئەو خۆنەناسینە لە بێن چوون ئاسەواریان نەماوە، کەواتە گۆران و پێشکەوتن راستەو خۆ پەیوەستە بە هەوڵی تاکەکان بۆ ناسینی خۆیان و پێگەو پایەی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا.**

# ژیاندۆستی لە گۆرانییەکانی هاملێتدا

بە درێژایی ئەزموونی ئەدەبی خۆم، گەلێ شاکاری گەورەی گەورەی جیهانی و خۆمانەییم خوێندۆتەوە، فیلم و شانۆگەریی و نواندنی زۆرم بینیوە، بەڵام هەرگیز هەندێ کتێب و هەندێ لاپەڕەو بینینی هەندێ فیلم و شانۆگەریم لەبیرناچێتەوە، یەکێ لەوانەی کە باسی دەکەم، شانۆگەریی هاملێتە، کە بە درێژایی چەندین سەدەیە، تاوەکو ئێستاش هەر دەخوێندرێتەوە و کاری بەسەرەوە دەکرێت، بە تایبەت دیالۆگی نێوان هاملێت و لیپۆکەکان، بۆیە نووسینی ئەمجارەم تەرخان دەکەم بۆ باسکردنی مەسەلەکانی ژیاندۆستی لە گەرمەی کارەساتەکاندا، کە لەوێدا مەبەستم هاملێتە، هەستم پێکردووە، ئەز لەو باوەڕەدانیم، کە لە بڕست و هێزی هیچ کارەساتێکدا نییە، خۆشەویستی ژیان لە بیر مرۆڤ بباتەوە، چونکە مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا زۆر بە تاسووقەوە شەیدای مانەوەیە، شەیدای داکۆکیکردنە لە ژیان، شەیدای داهێنان و بونیاتنانە، لە گۆشەی رابردوو چووینەوە سەر ئەو هەوەسە کوشندانەی، کە هەندێ مرۆڤی نەخۆش لە ئەنجامی شکستە رۆحییەکانی خۆیان تووشی دێن و بەرەو هەڵدێریان دەبات، ئیدی لە دەرەوەی کەوانەی مرۆڤایەتیدا، هەناسەی ساردی پەشیمانی هەڵدەکێشن، باسی ئەوەشمان کرد کە مرۆڤ هێزێکی لەبن نەهاتووی لە ناخی خۆیدا شاردۆتەوە و دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر هەموو ئەو هەست و نەستانەی کە بەرەو کاری نامرۆڤانەی دەبەن، ئەلێرەوە لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی کە دژی ژیان و خۆشەویستی ئەشق و ئەوینن، دژی هەوڵ و تەقەلای ئەوانەن کە دەیانەوێ کۆمەڵگەی خۆیان بەرەو شارستانییەت و بەرەو ئایندەیەکی گەش ببەن، هێزێکی دیکەی مرۆڤ هەیە، کە هێزی ئەشق و خۆشەویستییە، هێزی مانەوەی وەچەی مرۆڤە لەم سەر زەمینەدا، ئەویش لەو مرۆڤانەدا بەرجەستە دەبێت و ئەوانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری شووناسی مرۆڤدۆستی و ژیان دۆستین، تێرمی **بیوفیلیا** کە بە مانای سروشتدۆستی و ژیاندۆستی دێت، لە بنەڕەتدا لەسەر ئەوە هاتووە، کە تەواوی بوونەوەرەکانی سەر زەوی بەتایبەت خودی مرۆڤ، لە پەیوەندییێکی بەهێزی خۆشەویستی دان، لە گەڵ سروشتدا واتە سروشتدۆستن، پێیان وایە سروشتە دەتوانێ، بالانسی هەموو شتەکانی مرۆڤ بکات، هێزو وزەی مانەوە دەبەخشێ بە مرۆڤ، هەر بۆیەشە هەمیشە دەیەوێ بگەڕێتەوە ناخی سروشت، بە تایبەت لە کاتە ناهەموارەکاندا، ئەم پەیوەندییەش لە ناهەستی هەموو بوونەوەرەکاندا هەیە، واتە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ سروشت خۆشەویستییەکی دەسکرد نییە، بەڵکو خۆشەویستییەکە لە ناهەستی مرۆڤەوە ڕاهاتووە،

ئەم خۆشەویستییەی مرۆڤیش بۆ سروشت، لە بناغەدا لە مەدارەکانی یەکێتی بوونەوە دێت، نموونەی ئەوەی کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی ژیاندۆستە لە زۆر دەقی ئەدەبی و شاکارەکاندا رەنگی داوەتەوە، دەتوانین ئاماژە بە دوو گۆرانی ناو شانۆگەری هاملێت بکەین، کە لە بەشی پێنجەم و لە دیمەنی یەکەمدا بلاوبۆتەوە، کاتێك هاملێت بەرامبەر ئەو پیاوەی کە رۆڵی لیپۆکی یەکەم دەبینی راوەستاوەو ئەویش خەریکی گۆڕ لێدانە و لەهەمان کاتیشدا، گۆرانی دەڵێت:

ئای بۆ ئەوینی سەردەمی گەنجیم، وای چەند شیرین بوون
هیوام ئەوە بوو کە بەیەك بگەین
بەڵکو خەم و ئازارەکانم چارەسەر بووانە
* * * * * * * * * * * *
خودایە رۆژەکانم بەسەرچوون
پیریی پەرش و بلاوی ناو ئێسقانم بووە
زەمانی من بۆ کوێ چوو
خۆی و گەنجێتی و ئەوینم

ئا لەو کاتەدا کە گۆڕهەڵکەن گۆڕی هەڵدەکەن و ئەو گۆرانییەی دەگووت، هاملێت گووتی: ئەرێ ئەو کابرایە نازانی دەستەکانی خەریکی چین؟ گۆرانی دەڵێت لەو کاتەی گۆڕ هەڵدەکەنی؟

دیسانەوە لیپۆکی یەکەم دەست بە گۆرانی دەکاتەوە
بێنن پێمەڕە و تەور بێنن
وردوخاش بوویمە و بێ کفن بکەن
گۆڕێکم بۆ هەڵکەنن، گۆڕی بێ کە تێژی هێمنیم بێ

پارادۆکسی ئەم دیمەنە، بەو دیالۆگە گرینگەی نێوان هاملێت و لیپۆکەکان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە شکسپیر بە خۆی بڵێ، ژیان بەهێزترو خۆشەویستترە لەوەی کە من بە دوای کارەساتەکاندا بکەوم و بە پەیژەی گومانەکانمدا هەڵگەڕێم، چونکە لە شانۆگەریی هاملێتدا گومان گەورەترین تێمای سەرەکی شانۆگەرییەکەیە و هەر لەوێدا هاملێت بڕیاری جەبریەتی سروشت و ژیان دەدات، کە دەڵێت: ببین یا نەبین، ئەوەیان پرسەکەیە، یاخود کێشەکەیە، واتە هێزی لەبن نەهاتووی بیوفیلیا هێزی هاملێت بۆ ژیان، مرۆڤەکان ناچار دەکات، بە دوای خۆشەویستی و ئەڤیندا بگەڕێن و هەر ژیاندۆستیش بکەن بە سەرمەشقی خۆیان.

# پۆل ڤالێری

لە نێوەندی ئەدەبی دنیادا، بەرهەمی ناوازەو ناوەرۆك پڕ لە بەهای مرۆیی و بەهای چێژ زۆرە، بەڵام بەداخەوە هەندێ جار زمان لە ئاست ئەو هەموو بەرهەمە بە پێزانە کورتی دێنێ، نەك هەر خوێنەر بگرە خودی داهێنەرەکانیش، ناتوانن پەی بە رازو نهێنی ئەو بەرهەمانە ببەن، ئەمەش وایکردووە، کە دابڕانێك دروست ببێت و جۆرێك لە بێ ئاگاهی بێتە کایەوە، لەو شیعرە زۆر بە ناوبانگانەی جیهانی کە، بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە مێژووی ئەدەبیاتدا، دەنگی دایەوەو نووسین و باسێکی زۆری لە مەڕ هاتووە، شیعری گۆڕستانی دەریایی شاعیری بە ناوبانگی فەرەنسی پۆل ڤالیرییە، پۆل ڤالیری دەکرێ بە یەکێ لە شاعیرە نیمچە فۆرمالیستییەکان لە قەڵەم بدرێت، لە هەمان کاتدا بە یەکێك لە شاعیرە هەرە سیمبولیزمییەکان بخرێتەڕوو، ئەگەرچی رەخنەگرەکان تاوەکو ئێستاش لەسەر ئەوە کۆك نین، کە شیعرەکانی پۆل ڤالیری دەبێ لە چ قوتابخانەیەکی ئەدەبیدا ساغ بکرێنەوە، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن، کە شاعیرێکی بە تواناو خاوەن ئەزموونێکی مەعریفی گەورە بووە لە مەوداکانی شیعر و دیدگاییێکی بەهێزو هیومانیزمی هەبووە، لە پاڵ خەیاڵ و ئەندێشەییێکی قووڵ، هەروەها توانیوێتی جۆرێك لە ئەفسانە بخولقێنێ و مەدای شیعرەکانی بەرفراوان بکات، پۆل ڤالیری لە ئەزموونی شیعری خۆیدا تەواو لە ژێر کاریگەرێتی شاعیری ناودار مالارمێ بووە و هەر لە گەڵ ئەویشدا بە هاوکاری شاعیرانی دیکەی ناودار، هەوڵیان داوە کار لە فەزای دەرەوەی جیهانی شاعیر بکەن، جۆرێك لە شیعر بنووسن، کە رەنگدانەوەی دنیای دەرەوەی شاعیر بێت و ئەو شتانە لە شیعردا کەشفبکەن، کە لە دەرووندا دەیدۆزنەوە، ئەویش ئارەزووەکانی مرۆڤە، هەروەها ئەو چەمکانە لە زەیندا کەشفبکەن، کە بریتییە لە خەون و خولیا، لە هەمان کاتدا ئەو هەستانە تۆماربکەن، کە لە دڵدا هەیە، بەمجۆرە سێینەی زەین و دڵ و دەروون مەبەستی سەرەکی ئەو شاعیرانە بووە، لە داڕشتنی پارسەنگی بابەتیدا، پۆل ڤالیری هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کە_ **شیعر دەبێ ئاهەنگی ئەقڵ بێت**_ ڤالیری ئاشق

بوو، هێندە لە ئەویندا ڕۆچوو بوو، ویستوویێتی ئەوینی خۆی و هیومانیزمییەتی خۆی تێکەڵ بەیەك بکات، لە پێناوی مانەوەی مرۆڤ لە دەرەوەی کێشە دژوارەکان و پەیوەستبوونی بە ئەوین و ژیان، لە یەکێ لە شیعرەکانیدا سەبارەت بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: **هیوام وایە کە ببمە ئەو گۆڕەی کە تۆ لەناویدا دەخەوی، بۆ ئەوەی تا ئەبەد لە باوەشت بگرم، ڤالیری شیعری بە ناوبانگی زۆرە،** جگە لە گۆڕستانی دەریایی، شەرابی جاویدانی یەکێکە لەو شیعرە پڕ حیکمەت ئەزموونانەی ئەو، کە تیایدا هەوڵیداوە مەسەلەکانی عەشق و خۆشەویستی لە ناو پەردەکانی ناهەستی و ناهوشیاریدا وێنابکات، شیعری گۆڕستانی دەریاییدا کە گوزارشتە لە شێوەی رامان و ئەندێشەی ڤالیری بۆ مەرگ و ژیان و چارەنووسی مرۆڤ، لەسەر زەوی، باوەکو ڤالیری خودانی دیدگاییێکی نیهلیستی یا بوونگەرایی نەبووە، بەڵام لە خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا مرۆڤ هەست بەوەش دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو هەڵگری بیرۆکەی ئاگزیسستی بووە، یەکێ لە خەسڵەتەکانی شیعری پۆل ڤالیری ئەوەیە، خوێنەر دەتوانێ شرۆڤەی گەلێ لایەنی فیکری تێدا بورووژێنێ، بەڵام من ڤالیری بە یەکێك لە شاعیرە هەرە رەمزییەکانی دنیا دەزانم، بەڵام رەمزییەك کە وەکو ئاوێنە ژیانی تێدا لە جونب و جۆشدا بێ، مرۆڤ کاتێك شیعرەکانی دەخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات ژیان ئامادەییەکی تەواوی هەیە لە ناو دێرەکانیدا، هەر ئەوەشە وای کردووە بە یەکێ لە گرنگترین شاعیرانی ژیاندۆست و خۆشەویستی بژمێردرێت، جگە لەو بابەتانەی سەرەوە کە باسم کردوون، پۆل ڤالیری لەرووی ئەزموونی شیعرییەوە پڕ حیکمەتترین شاعیر بووە، کە زۆر لە بۆچوونەکانی بوونەتە کەتەگۆریا و نموونە، کە پەیوەست دەکرێن بە ڕووداوەکان و باس دەکرێن، بە هەرحاڵ ئێمە لە ئەدەبی کوردیدا هێشتا ئەم شاعیرە مەزنەمان نەناسیوە، بەرهەمەکانیمان بە زۆری نەبینیوە، ئەگەر هەشبووبێت، بە شێوەیەکی شەپرێو بووە، بۆیە نەمانتوانیوە سوودی لێ وەرگرین، هیوادارم لە داهاتوودا بەرهەمی ئەو شاعیرەمان بکەوێتە بەردەست.

# بەرد بەرد ئەی زێڕی بێنازی وڵاتەکەم

راستی فەرموەوە ئەو پاشا دێرینەی یەکێ لە هەرێمەکانی وڵاتی چین، بەر لە دروستبوونی ئەو چینە گەورەیەی کە ئێستا هەیە، کاتی تووڕەیی خۆی هەڵڕشتبووە سەر گیانی یەکێ لە هاووڵاتییەکانی خۆی و گووتبووی: هەی ئەو دوو چاوانەت کوێر بێت، ئاخر چۆن لێگەڕای ئەو میوانە، ئەو بەردە لە خاکی تۆ هەڵگری و لە گەڵ خۆی بیباتەوە وڵاتەکەی؟ دەك هەردوو چاوت کوێر بێت؟ ئاخر کەس هەیە رێگە بەوە بدات پارچەیەك لە جگەری لێکەنەوەو بیبەن؟ ئەمە قسەی پاشایەکی چینی بوو.

زۆر راستتری فەرموەوە گەدایەك، کە نانی شەوو رۆژی نەبووە بیخوات، لە بەرابەر پاشایەك گووتوویێتی، خودا تەخت و تاراجت تارومار کات، ئاخر کە تۆ من تێرناکەیت چۆن ئەو پارچە بەردە بە نرخەت دا بەو میوانە، کە زۆر چاك دەزانی ئەو بەردە چ نهێنییەکی خاکی تۆی شاردۆتەوە؟ ئەمە قسەی گەدایەك بوو.

فیرعەونییەکان ئەهرامەکانی خۆیان بۆیە هێندە بە گەورەو بلیمەتی و عەزەمەتییەوە دروستکرد، چونکە دەیانگووت ئەو بەردانە لە رۆحی خاك دابڕدەکرێن دەبێ قەرزی خاك بدەنەوە لە جوانی و شاکاری، ئەمە قسەی فیرعەونییەکان بوو.

لە هێرشی زەینەفون بۆ شاخەکانی کوردستان، خەڵکی هەموو کوپە شەرابەکانی خۆیان جێهێشت و بەردبارانی لەشکریان کرد، چونکە ئەو کات کورد جگە لە کوپەی شەراب و بەرد هیچی دیکەی نەبووە، بەرد یەکەم چەکی ئێمە بووە.

لای داود چونکە بەرد بەنرخ بوو، گەورەترین سەرمایەی ئاوازی بەتین بووە و هەمیشە بەردەقانی هەڵگرتووە. سجیل بەنرخترین و پیرۆزترین بەرد بووە، کە هێمای ئایینێکە، ئێستا گەورەترین وڵاتی دنیای خستۆتە لەرزەوە نەبادا دۆگماو بەرد هەمان کارەسات بەسەر تەکنۆلۆژیا بهێنن. لە مێژوودا هەر بەرد بووە کۆشکی بلورینی پاشا زۆردارەکانی رووخاندووە، لە رۆمانی "موبی دیك"ی "هرمان ملفل"دا بەرد نەهەنگی دەریای پاراستووە، چونکە نەهەنگەکان تەنها بەردی بنی دەریایان هێلین بووە، لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندا بەرد وەکو

هەموو شتەکانی دیکە مەگەڕ بە کڕین دەست بکەویٚ، لە کتێبی: "داغستانی من"ی هەمزەتۆڤدا هەر بەردەو حوکمی جوانی داهێنانی کردووە و شێخ شامیل بەردی کۆدەکردنەوە، لە راپەڕینی فەلەستینییەکاندا بەرد ئەدگاری ئەو میللەتەی نەخشاند، مایکڵ ئەنجیلۆ جگە لە بەرد چی دەست نەکەوت لە بەرجەستەکردنی گەورەترین پەیکەری خۆی کە داوود بوو، ئێستاش بۆتە نمایشگای کولتووری ئەو وڵاتە.

بەڵام بە داخەوە لە وڵاتەکەی من شەو و رۆژ، لەیل و نەهار، بە بەرچاوی گەورەو بچووك، بە بەرچاوی قەرەج و دۆمەکان، بە بەرچاووی دەوڵەمەندو هەژارەکان، بە بەرچاوی گەنج و پیر، بە بەرچاوی دەسەڵات و بەردەسەڵات، بە بەرچاوی سەرکردەو بنکردە، بە بەرچاوی شاعیران و ئەدیبان، بە بەرچاوی خوێنەرو نووسەر، بە بەرچاوی پەرلەمان و حکومەت، بە بەرچاوی هەرچی مرۆڤە لەو کوردستانە، خۆتان بڕۆن سەیرکەن چۆن ئەو بیٚ ویژدانانە لە بەیانییەوە تاوەکو نیوەشەوان، ناو دڵ و جگەری ئەو شاخانەیان داوەتە بەر دۆزەرو گرێندایزەرو چەکووش و کوتك و ئەلغام و تی ئێن تی، ئەو بەردە جوانانە، ئەو زێڕە مەزنە، ئەو گەوهەرە بەنرخەو ئەو نەوتە بەردینانە دەگوازنەوە بۆ دەرەوەی هەرێم و وەك شانە مێرووله دەیانکێشنەوە بۆ فرۆشتن.

ئەمە فرۆشتنی وڵاتە وڵات، ئەمە فرۆشتنی خاکە خاك، ئاخر بووە لە دنیادا بە رۆژی روون، کەسیٚ بە ئاشکرا پێکهاتەی وڵاتی خۆی بفرۆشیٚ؟ هەی هاوار ئێوە ئەم خاکە بۆ هەڵدەدڕن؟ ئاخر کەس دیویەتی ئەو شاخە جوانانە هەنجن بە هەنجن بکریٚ؟ کەس دیویەتی بەردی وڵات بەم بیٚ سەروبەرییەوە بفرۆشریٚ؟

توخوا بەسە، توخوا بەسە ئەو بەردە جوانانە لە ناو دڵی ئەم خاکە جوانە دەرمەهێنن، کوڕە بەرد زۆر بە نرخە، بۆ بیرێك ناکەنەوە ئەی ئەو کەسانەی خۆتان بە خاوەنی ئەو خاکە دەزانن، شورەییە شوورەیی.